# نووسینەکان

بەشی یەکەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

سەلام عەبدوڵا

# نووسینەکان

بەشی یەکەم

ناوی کتێب: نووسینەکان – بەرگی یەکەم
نووسینی: سەلام عەبدوڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٧٠
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٣١ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز.! ئەم کۆمەڵە بابەتە، نووسینەکانی ناو هەفتەنامەی "گولآن"ن کە لە ساڵەکانی نەوەدا و هەندێکی لەمەو دواش هەر لەو گۆڤارەدا بڵاو کراونەتەوە.

لە ڕاستیدا نووسینەکان زۆر لەوە زیاتربوون، بەڵام خۆم لام بردن؛ چونکە هەندێکیان، لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا نووسرابوون کە وا بزانم بەزمانێکی زبر داڕێژرابوون و بۆ ئەم کاتە نەدەگونجان، ئەگەرچی ئێستا و ئەوساشی لەسەر بێت من هەر شەڕە قەڵەمم، لە شەڕی ناوخۆ پێ باشتر بوو، چونکە لەویاندا، مەرەکەب و لەمیانیش خوێن دەڕژا...

هیوادارم لە داهاتوودا، نووسینەکانی تریش لە دوو توێی بەرگێکی تردا بڵاو بکەمەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

سەلام عەبدوڵا

# پێشنیار

لە ڕاستیدا نازانم ئەم وشەیە لە چییەوە هاتووە، چونکە ئەگەر وشەکە لێکدراو بێ، واتە (پێش) و (نیـار) ئەوا دەزانرێت (پێش) مـانای چییـە، بەڵام ئەی (نیار)؟ بەهەرحاڵ ئەم مەسەلە زمانەوانییە بابەتی ئەم باسە نییە و ئەوە بۆ پسپۆڕ و زمانەوان و یان هەرنەبێ خودی گۆڤاری (گـوڵان) کە قەت "هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی داڕشتن" ناکات بەجێ دەهێڵین.

هەر چۆنێک بێت، ئێمە (پێشنیار) بەرامبەر (اقتراح)ی عەرەبی بەکار دەهێنین، پێشنیار، بریتییە لە ڕاوبۆچوونێکی جیاواز کە دەخرێتە بەردەم بەرپرسـان، یان میللەت، یان خەڵکانی شـارەزا کـە تاوتوێی بکەن و گـەر بەچاکیش زانرا ئەوا پەیڕەویی بکەن. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەرج نییە هەموو پێشنیارێک بەجێ و بەکەڵک یان سوودبەخش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هاووڵاتییان و دانیشتووان، مافی پێشنیاریان هەبێت و ئەو مافەیان لێ زەوت نەکرێت و ئەوەی بەشیاو زانرا و گونجا، ئەوا پەیڕەوی بکرێ. ئەوی تریش ڕەت بکرێتەوە، یان پاساوی نەگونجانی بۆ بهێنرێتەوە، دیارە ئەو شوێنەش کە ئەم تاوتوێیەی تێدا دەکرێ لە وڵاتی دیموکراتیدا پەرلەمانە و لەوێ ئەو پێشنیارانە چاکتر گەڵاڵە دەکرێن و دەخرێنە بەر وتووێژ و پاشان ڕای کۆتاییان لەسەر دەدرێ و ئەوسا ئەو پێشنیارانە دەبنە یاسا و دەبێ پەیڕەوییان لێ بکرێت. لە وڵاتانی دیموکراتی هەر بۆ نموونە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ساڵانە ئەندامانی پەرلەمان زیاد لە سێ چوار هەزار پێشنیاری گەڵاڵە کراو و نووسراو کە زۆربەیان پێشنیاری خەڵکن دەخرێنە بەردەم پەرلەمان و مشتومڕییان لەسەر دەکرێ، لە ڕاستیدا یاسا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمە میللەتێکین بەڕاستی حەز لە دیموکراسی دەکەین، جا هۆکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئێمە لە مێژوودا هەمیشە سەرکوتکراو و مافخوراو و

زوڵملێکراو بووین، یان هەر ئەوەتا وەکو میللەتێک لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووی دوورودرێژ، هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان و شێوە ژیانی کۆمەڵگای کوردی و گوشاری داگیرکەران و زەوتکردنی ئازادی و سەربەخۆیی لێمان گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییەی کە دیموکراسی چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکات و دەبێ هەموو کێشەکان بەشێوازێکی دیموکراتی چارەسەر بکەین و یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی ئازادیی ڕا دەربڕینە کە چارەسەری هەموو کێشەیەک دەکات و کە ئەویش بەشێکی زۆری لە مافی پێشنیارکردندا خۆی دەنوێنێ، هەربۆیەش من لەم نووسینەدا ئەم پێشنیارە وەک سەرەتایەک دەخەمە بەردەم بەرپرسان و پەرلەمان و خەڵکی بۆ تاوتوێکردنی، جا وەک گوتم گەر شیاو و گونجاو بوو، ئەوا بڕیاری لەسەر بدرێ و گەر نەگونجاو و نەشیاویش بوو، ئەوا با فڕێ بدرێتە (سەبەتەی دیموکراسی)یەوە.

پێشنیارەکەشم ئەمەیە:

ئێمە یەکەمین میللەت نین لە مێژوودا کە دووچاری کەرتبوون و تووشی شەڕی ناوخۆش بووبین، شەڕی ناوخۆ لە ئەمەریکا، لە ئیسپانیا، لە رووسیا، لە ڤێتنام و کۆریا و فەرەنسا و لە زۆر جێگەی تر ڕووی داوە، هەروەها زۆر گەلی زیندووش وەک ئەڵمان کە ٤٠ ساڵ دوو کەرت بوو، یان ڤێتنام کە دەیان ساڵ دوو ڤێتنام بوو، یاخۆ یەمەن یان دۆخی ئەمڕۆی وڵاتە عەرەبییەکان کە زیاتر لە (٢٢) دەوڵەت و ئەمارەتن.

دیارە مەسەلەی یەکگرتنەوەی گەلێک، پرۆسەیەکی مێژووییە و کۆمەڵێک فاکتەر رۆڵی تێدا دەگێڕن و تەنیا بەخواستی گەلەکە خۆی نابێ و هەندێ جار بارودۆخی سیاسی، گەلێک ناچار دەکات کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەدوو پارچەیی بمێنێتەوە، کۆریای سەروو و کۆریای خواروو نموونەیەکی زیندووە، بەڵام ئەوە ئیدی ئەوە ناگەیەنێت کە پێوەندی لە نێوان ئەو دوو پارچەیەدا نەمێنێ و لە حاڵەتی ئێمەدا کە لە ڕاستیدا هیچ نیشتمانپەروەرێک خوازیاری ئەم دوو پارچەییەی ئیدارەی کوردی نییە، دەتوانرێ تا ئەو ڕۆژەی بەیەکجارەکی ئەم دوو پارچەیە یەک دەگرێتەوە کە هیوای هەموو کوردێکی

دڵسۆزە، دەڵێم تا ئەو کاتە با ئێمەش بەپێی ئەم واقیعەی ئێستا هەڵسوکەوت و رەفتار لەگەڵ یەکتر بکەین.

جا بەکورتی پێشنیارەکەم وا دەڵێ:

با هاتوچۆ لە نێوان هەردوو لادا ئازاد و سەربەست بێ و هیچ لەمپەر و کۆسپێک نەهێنرێتە بەردەم ئەو جۆرە هاتوچۆ و سەردانانە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم سەردانانەی یەکتر دەبێتە، مایەی ڕەوینەوەی تەمی گومان لە یەکتر و زەمینە سازانێکی لە بارتریش بۆ بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەی ئاشتی و نەهێشتنی گرژی، چونکە هەردوولا خزم و کەسوکار و دۆست و برادەریان هەیە لە دەڤەری یەکتر و لەو دیدارە ناڕەسمییانەدا دەتوانرێ باسی زرووفی ناسکی کوردستان و مەترسییەکان و بەرژەوەندی بالای گەلەکەمان کە خۆی لە پەرلەمانێکی یەکگرتوو و هەڵبژێردراو لەلایەن تێکڕای مەلەوانانی زۆنگاوی بەرژەوەندی و بازرگانیی سیاسی و گرووپ و حزبۆکە و خەڵکی کورسیخواز و سوودمەند لەم دوورە پەرێزییە بگیرێ، وەک سەرەتایەکیش با ئەو دیدار و هاتوچۆیانە لە نێوان ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە وەکو قوتابییان، مامۆستایان، ئەندازیاران، ئافرەتان و کاسبکاران و فەرمانبەران و... هتد، دەست پێ بکات، ئاشتی تەنیا بەڕێککەوتننامە بەرقەرار نابێت، دانیشتووانی ئەم دوو دەڤەرە دەبێت باوەش بەیەکتردا بکەن و دەست بخەنەوە ناو دەستی یەکترەوە. ئێمە یەک گەلین بۆ مەحرووم بین لە زیارەتی یەکتر.

گوڵان ٢٩٤ لە ٢٠٠٠/٨/٣١

# ترسی بەجێ

لە یەکێک لە پارکەکانی شاردا- لێرە لە پایتەخت- لەگەڵ هاوەڵەکمدا، لەسەر کورسییەکی -تاڕادەیەک- شەق و شڕ دانیشتبووین. ئەو - با هەر لە سەرەتاوە پێتان بناسێنم- مامۆستای ماتماتیکە و لە ساڵەکانی حەفتاوە خەریکی وانە گوتنەوەیە، لە ڕاستیدا بووەتە شارەزایەکی ناسراو کە خەڵکی لە هەموو شوێنێک دەیناسن و دوور نییە - خۆی گوتەنی- وانەی بەنیوەی گەنجی ئەم شارە نەگوتبێت، منیش- باخۆم بناسێنم- پێویست دەکات؟ هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە یان ڕاستر وایە بڵێم لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە کەوتوومەتە نێو ئەم شاخ و داخە و وەک دەڵێن، لەگەڵ هەموو هەوراز و نشێوەکانی گەلەکەمدا بووم و تا ئێرەشم ڕاکێشاوە. ئێستاش لە سایەی خواوە بێکارم، بەڵام وەک دەڵێ مورتاحم، چونکە خاوەن هەڵویستم. ئەم پێشەکییە پێویست بوو؟ بەهەرحاڵ هاوەڵەکەم هەر بەپشوودانی یەکسەر جانتاکەی دەستی کردەوە و بەشێنەیی چاویلکەیەکی زەڕەبینیی دەرهێنا و نایە بان چاوی و پاشان هەر بەشێنەیی بڕێ کاغەز و لەتە ڕۆژنامەی دەرهێنا و کەوتە تێڕوانینی. من بەبێ دەنگی تەماشام دەکرد. مامۆستا وەک باسێکی پچڕاوم بۆ تەواو بکات گوتی:

«حاڵ وا بڕوا، لە داهاتوویەکی نزیکدا کوردستان چۆڵ دەبێ!»

سەری لەسەر کاغەزەکانی هەڵبڕی و بڕێ بەوردی سەیری کردم و پاشان ئیشارەتی بۆ لەتە ڕۆژنامەکە کرد و گوتی: (پرۆسەیەکی مەترسیدارە)

لە ڕاستیدا من هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام ئارامم بەخۆم گرت، ئەم مامۆستایانە هەمیشە وا دەست پێ دەکەن و وەک خۆیان دەڵێن ئەمە نهێنیی کارە، هەر بۆیە من بە بێدەنگی سەیری کاغەزەکانم دەکرد و دەمویست پێشەکی بزانم دەتوانم شتێک لە باسەکەی تێ بگەم. بەداخەوە هێندە

تێبینییەکانی بەتێکەڵوپێکەڵی نووسیبوو، سەرەڕای ئەوەش چەندین ژمارە و عەمەلیاتی حسابی لەملا و لەولای کاغەزەکانی نووسیبوو، کە هێندەی تر مەسەلەکەی، لای من، ئاڵۆزتر کردبوو و سەری لێ دەشێواندم.

مامۆستا لەتە ڕۆژنامەکەی لە کاغەزەکانی جیا کردەوە و گوتی: (فەرموو سەیر بکە، دوێنێ سەد و چل و یەک کەس سنوورداش کراونەتەوە).

لای من ئەوە کارێکی نامۆ نەبوو، چونکە ڕۆژانە ڕۆژنامەکان باسی سنوورداشکردنیان تێدابوو، بۆیە گوتم: (تەقریبەن هەموو ڕۆژێک شتی وا دەنووسرێت)

مامۆستا چاویلکەکەی بەپەنجەی هێنایە سەر سەری لووتی و لەژێر چاویلکەکەیەوە سەیرێکی قووڵی کردم کە سەرزەنشت و لۆمەی لێ دەتکا، گوتی:

(دەزانم دەزانم، بەڵام سەیرکە، سەدوچل و یەک کەس لە ڕۆژێکدا...)

قسەکانیم پێ بڕی و گوتم: (جا ئەوە چی دەگەیەنێت؟)

مامۆستا هەناسەیەکی درێژی دایەوە، دیار بوو خۆشحاڵ بوو بەو پرسیارەم کە ڕادەی نەزانیی منی دەنواند، هەر بۆیە کاغەزەکانی لەسەر پشتی جانتاکەی بڵاو کردەوە و بەنووکی پەنجەی ئاماژەی بۆ ژمارەکان کرد و گوتی:

(خۆ ئەوانە تەنیا سەد و چل و یەک کەس نەبوون بەلایەنی کەمەوە دەبێ هەزار کەس بووبن بۆیە وا سەد و چل و یەک کەسیان لێ گیراوە و سنوورداش کراوە).

مەنتیقی تێدا بوو، بۆیە گوتم:

(دەشێ وابێ، بەلایەنی کەمەوە سەدی دەیان سنوورداش دەکرێن، دەبێ وابێ)

مامۆستا خۆشحاڵ بوو بەتێبینییەکەم بۆیە گوتی:

(جا کەوابێ ڕۆژێ هەزار کەس بەرەو هەندەران مل بنێت واتە مانگی سی هەزار..)

قـەڵەمـێکـی دەرهێنا و کـەوتە دابەشـکردن و لێکدان و پـاشـان گـوتـی: (واتە ساڵی سێ سەد و شەست هەزار، جا تۆ بڵێی شەست هەزارمان بدەنەوە، واتە سنووورداشیان بکەنەوە خۆ ساڵانە سێ سەد هەزارمان لێ دەڕوا).

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند، بەڵام بێدەنگ بووم. مامۆستا گوتی:

واتە بەپێنج ساڵ ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار)

ژمارەیەکی ترسناک بوو، مامۆستا چاویلکەکەی داگرت و کاغەزەکانی گرد کردەوە و گوتی: (بۆیە دەڵێم حاڵ وا بڕوا کوردستان چۆڵ دەبێ).

خەریک بوو پرسیار بکەم کە مامۆستا هەستایە سەرپێ و وەک ماوەی وانەکەی تەواو بووبێت گوتی: (گەر ئەمانەش هەر یەکی هەزار دۆلار لەگەڵ خۆی بەرێت، دەزانی دەکاتە چەند و چی لە سامانی نەتەوەیی دێت.)

پرسیارێکی گەلێک گران بوو، بەتایبەتی بۆ ماتماتیک نەزانێکی وەکو من، سەرم تەقەی دەهات، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەمەترسییەکی گەورەش دەکرد.

خوا حافیزیمان لە یەکتر کرد، لەسەر شۆستەی شەقامی پارکەکە چاوەڕێی پاسێکم دەکرد، لە دڵی خۆمدا گوتم:

(مامۆستایەک بەتەنیا دەرک بەو پرۆسە ترسناکە بکات، ئەی تۆ بڵێی دەزگا پێوەندارەکان؟)

پاسێک لە بەردەممدا ڕاوەستا. ئیدی مۆڵەتی بیرکردنەوە نەما، منیش هەر خێرا لەگەڵ چاوەڕوانکەراندا بەپەلە- لە تاو گەرما- خۆمم تێ فڕێ دا.

گوڵان ٢٩١ لە ٢٠٠٠/٨/١٠

# ٤٢ جەژن و ٢٥ دۆڵ

بەم جەژنەوە، چل و دوو جەژنە لە ماڵەوە نیم. ناشزانم چەند جەژنی تریش لە ماڵەوە نابم، ئەوەندەی بیرمە لە ساڵی ١٩٧٧ دا کە ملی شاخم گرت، ئیتر نەگەڕامەوە سلێمانی تا دوای ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش شەڕی ناوخۆ نەیهێشت جەژنەکەمان لەگەڵ کەسوکارمدا بکەم. بەهەرحاڵ تازە بووە بە ڕاهاتن. جا مرۆڤ دوای ٤٢ جەژن ڕانەیەت کەی ڕادێت.

ئەم حسابکردنی جەژنە ڕووداوێکم یاد دەخاتەوە. کاتی خۆی لە سلێمانی عوسە ڕەش و فەتحولا(*) (خوا عافووی بکات) دەگیرێن (خۆیان دەیانگوت لەسەر پارتایەتی بوو) پاش چەند ڕۆژێک هاوولاتییەکی قەلادزەیی دێتە لایان و کاتێک لێی دەپرسن لەسەر چی گیراوە؟ ڕاستەوخۆ دەڵێت: "قەتڵ".

قەتڵیش ئەوسا و- ڕەنگە ئێستەش- حوکمی لە ٢٠ ساڵ کەمتر نەدەدرا.

کابرای قەلادزەیی بەتانییەکەی بن هەنگڵی ڕادەخات و پاش ئەوەی یەک دوو جام ئاو دەخواتەوە و پشوویەک دەدا یەکسەر سەیری مەچەکی چەپی دەکا کە سەیر دەکا سەعاتی پێ نییە ڕوو دەکاتە عوسە ڕەش و دەپرسێ:

زەحمەت نەبێ سەعات چەندە؟

عوسە ڕەش و فەتحولا سەیری یەکتر دەکەن و بەپێکەنینەوە دەڵێن: سەعاتی چی؟

کابرا هەروا بەواق ورماوی سەیریان دەکات بۆیە فەتحولا دەڵێت:

(مردووت مرێ سەعاتی چی تۆ بیست ساڵ حوکمی! تۆ بڵێ چەند جار حاجی لەق لەق دەگەڕێتەوە و چەند جەژن لە بەندیخانەدا دەمێنیتەوە، لێرە حساب بەجەژن دەکرێت، نەک بەسەعات!

کابرا هەروا تێیان دەڕوانێت، بۆیە عوسە ڕەش بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

گەر حسـاباتی عەفوات، ڕۆژی لەدایکبـوونی سـەرەک کۆمار و بەخـشینی ڕۆژی عارفەکان بکەین، تۆ بڵـێ پازدە ساڵی تێدا دەبیت.

دەزانی پازدە ساڵ یانی چی؟

کابرا خەریکە بەپەنجە حسابی ساڵ بکات کە فەتحولا دەڵێت:

"حسابی ناوێت.(٣٠) جەژن سی... سی جەژن لە بەندیخانەدا دەبیت"

کابرای قـەلادزەیی داوای سـەرینێک دەکا و ئاخێک هەڵدەکێشێ و شانی لێ دادەدات.

نازانم ئەو کـابـرایە بەڕاسـتی سی جـەژنی لە بەندیخـانـە بەسـەر برد و دوور بوو لە ماڵی.. یان نا.

ئەم حساباتەی خـوالێخۆشبوو فـەتحولا و عوسە رەش کە زەمـەنیان بەجەژن حساب دەکرد، نەک بەسەعـات و ڕۆژ، یادێکی تری وەبیرهێنامەوە! لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٧دا لەگەڵ کۆمەڵێک (پ.م) دا یەکەم وەجبەی چەکمان لە سووریاوە بەڕێی تورکیادا بۆ کوردستـان دەهێنا، کـاتێک سـێگۆشـەی سنووری ئێران، عێراق، تورکیـامـان بـەدیوی ئێراندا بڕی و هـاتینە نێو دۆڵی (گادەر)، کـەریمی دادەمـەنە(**) (خـوا عـافووی کـات) بەدەنگی بەرز لە برادەرەکـەی تەنیـشـتی پرسی: (چەند سەعاتمان ماوە بۆ شنۆ)

برادەرەکەی ئیشارەتی بۆ من کرد و گوتی:

(ئەوە دەزانێ)

من لە پشـت وەلاخێکەوە کـە دوو شـەڵتـە کـلاشـینکۆفی تێدا بوو، خـەریکی نەقـیـزە ژەنـین بووم، لێـتـان نـاشـارمـەوە ولاخـدارێکی زۆر فـاشـیـل بووم. نەشارەزاییم لە شـەتەکدانی شەڵتـەکاندا و شل و شێـواویی گوریسـەکە سـەری لە ولاخەکەش شێواندبوو.

لە وەلامدا رووم کردە کەریمی دادەمەنە و گوتم:

کاکە لەم ناوچانە ماوە بەسەعات حساب ناکرێ. تۆ بڵـێ چەند دۆڵی ماوە بۆ دەشتی (شنۆ)؟

بەپەلە خۆی گەیاندە لام گوتی: (چەند دۆڵ؟)

ولاخەکەم راگرت، پێم لە سکی گیر کرد و گوریسەکەم جارێکی تر شەتەک دایەوە. هاوسەنگیی ئەم دوو شەڵتەیەم هەر بۆ نەکرا. هەمیشە لایەکیان لاسەنگ بوو. لە وەلامدا گوتم:

(٢٥) دۆڵ

پاش تۆزێ گوتم:

(هەر یەک (دۆڵ) بەدوو سەعات دەبڕین).

کەوتمە رێ.. و (دۆڵەکانم دەژمارد. دە دۆڵمان بڕیبوو کە جارێکی تر کەریم هاتەوە لام و بەچرپە پێی گوتم: (دەزانی دوو سەعاتی تر دەگەینە دار!)

سەیری بارە لارەکەی ولاخەکەم دەکرد، بەچاوی بەزەییەوە روانیمە کەریم و هیچم نەگوت. لە دڵی خۆمدا گوتم:

(لە جیهانی شارستانیدا خەڵکی دەڵێت دوو سەعاتی تر بەفڕۆکە دەگەینە کۆبنهاگن و ئێمەش دڵمان بەوە خۆشە کە دە (دۆڵ) مان ماوە و پاش دوو سەعاتی تر دەگەینە دار.. بەڵێ دار.

کات و ماوە بیست ساڵ لەمەوبەر وا دەپێورا.

بەهەرحاڵ من (٤٢) جەژنم دوور لە کەسوکار تەواو کرد، بۆیە هیوادارم پرۆسەی ئاشتی، ئەمجارە، بەتەواوی سەربگرێ و جەژنی داهاتوو. کە دەکاتە جەژنی چل و سێیەمین، لە سلێمانی، لە نێو کەسوکارمدا بگێرم. لە کۆتاییدا دەڵێم: جەژنی سەرۆک بارزانی و خوێنەریش پیرۆز.

گولان ١٦٩ لە ١١/ ٤/ ١٩٩٨

---

* دوو هاوولاتیی، دانیشتووی سلێمانی، کوردپەروەر بوون.

** لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩٧٦ بوو. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە بانە بەبۆمبای فڕۆکە شەهید بوو.

## بۆشاییی دەسەڵات

ئەمە چەند جارێکە سەرەک وەزیرانی تورکیا بلَنت ئیچاڤید باسی بۆشاییی دەسەڵات دەکات لە (سەرووی عێراق) کە دیارە مەبەستی کوردستانی عێراقە و لە پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی کە بڵاوی کردەوە و لەمەودواش هەندێ دەستکاریی کرد، تێیدا بەجۆرێک باسی کوردستانی عێراق دەکات کە هیچ دەسەڵاتێکی تێدا نەبێ و کوردستانیش بووبێتە مۆڵگای تیرۆریستان و لێرەوە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا بکرێ.

لە ڕاستیشدا ئەم بۆچوونەی بەڕێز ئیچاڤید پێچەوانەی واقیعە و زۆریش دوورە لە ڕاستییەوە. ڕاستە Pkk ماوەیەک بنەو بنکەیان لە کوردستان و لە هەندێ شوێنی عاسی و دوورەدەست هەبوو، بەڵام ئەم بوونەیان– کە بەخواستی حکوومەتی هەرێم نەبووە و لە سەرەتای بوونیانیشەوە – دژی بووین و تەنانەت شەڕو پێکدادانیش لەگەڵ هێزەکانیاندا کراوە کە کوردستانی عێراق بەجێ بهێڵن و چەندین جاریش پێیان وتراوە کە شوێنی ئەوان لە کوردستانی عێراق نییە و پێویستە چالاکی و جموجۆڵی چەکداری یان سیاسییان بگوێزنەوە خاکی خۆیان یان ئەو شوێنەی کە خۆیان دەیانەوێ.

بوونی هێزەکانی PKK لەو ناوچە سنووری و دوورەدەستانە پتر بەپشتگیری و پشتیوانیی وڵاتەکانی دراوسێی تورکیایە، بۆیە تورکیا یان بەڕێز ئیچاڤید، دەبوو بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێی خۆیدا بگەڕێ، نەک بیانووەکە بخاتە سەر حکوومەتی هەرێم و کوردستانی عێراق.

لە ڕاستیدا ئەمە یەکەمین جار نییە کە ئەو سیاسەتمەدارە چ لە دەسەڵاتدا و چ لە ئۆپۆزیسیۆندا ڕای خۆی نیشان دابێ کە دەیەوێ بەهەر جۆرێک بێت، کوردستانی عێراق بلکێنرێتەوە بەڕژێمی مەرکەزییەوە لە بەغدا، کە ئەم

داوایەش تەواو پێچەوانەی بڕیاری خەڵکی کوردستانە، کە لە ڕێی پەرلەمانی هەڵبژێراویەوە لە ١٩٩٢ وە رای گەیاندووە کە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق تەنیا لە رێگەی فیدراڵییەوە دەبێت، ئەگەر چی ئەم فیدراڵییەتەش هیچ دژی سەروەریی خاکی عێراق و یەکپارچەیی عێراق نییە.

سیاسەتمەدارانی تورکیا پێویستە لەو ڕاستییە بگەن، کە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا- کە خەڵکی کورد بە فیدراڵیی دەزانی- نەک دژی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەقامگیربوونی ئەم ئەزموونە، لە کوردستانی عێراق دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ئاسایش و هێمنی لە ناوچەکەدا، چونکە کە لە کوردستان شەڕو شۆڕ نەمێنێ و خەڵکەکەی خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان و بیناکردنەوە و ژیانی دیموکراتی بن، ئیتر ئەو ڕاستییە هیچ مۆڵەتێک بەکاردەستانی بێگانە و ئاژاوە گێڕان نادا، کە لە خاکی ئێمەوە، ناوچەکە بشێوێنن و لێرەوە دەستدرێژی بکەنە سەر خاکی دراوسێکانمان.

دەوڵەتی تورکیا چەندین ساڵە هەوڵ دەدا کە بچێتە نێو کۆمەڵگەی ئەورووپییەوە، بۆیە یەک لە سەرەتاییترین داواکانی دەوڵەتانی ئەوروپا ئەوەیە، کە تورکیا پێویستە بڕوای بەمافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ڕای خەڵکی بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێت.

پشتگیریی تورکیا، بۆ حکوومەتی فیدراڵ، لە کوردستاندا هەنگاوێکی مەزنە، بەرەو پێشەوە چوونی دەوڵەتی تورکیا، بەرەو کۆمەڵگای ئەورووپی.

گوڵان ٢١٣ لە ١٩٩٩/٢/١٣

# هەنگاوێکی درەنگوەخت

ماوەیەکە لە تورکیا بەگشتی و لە پەرلەمانی تورکی بەتایبەتی باس لە مۆڵەتدانی تەلەفزیۆنێکی کوردی بۆ کوردەکانی نێو کوردستانی تورکیا دەکرێ و ئێستا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، هەندێک لایەنی ئەوە دەگرن، کە ئەو هەنگاوە خزمەت بەدیموکراتیەت لە تورکیا دەکاو، ڕوخسارێکی شارستانی بەدەوڵەتی تورکیا دەدات و هەندێک بەتەواوەتی دژی ئەو هەنگاوەن و بەمەترسییەکی گەورەی بۆ سەر- وەک دەڵێن- یەکپارچەییی تورکیا لە قەڵەم دەدەن ئەوانەی لایەنگرن بریتین لە حزبە دیموکراتخوازەکان و دژەکانیش حزبە توندڕەوە نەتەوەگەرییەکان و هەندێک لە سەرانی سوپای تورک. ئەم کێشەیەش ئێستا بەگەرمی باس دەکرێت، بەتایبەتی کە تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات کە لە کۆمەلگەی ئەوروپیدا وەکو ئەندام وەربگیرێت.

لە ڕاستیدا، ئەم هەنگاوەی کۆمەڵگەی تورکی کەوا بەئاشکرا مەسەلەی گەلی کورد و بوونی- و پێویستی دابینکردنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بەزمانی کوردی- کە تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، هەر دانیان بەبوونیشیدا نەدەنا- بەهەنگاوێکی دەسپێشخەرانە لە قەڵەم دەدرێ، ئەگەرچی ئەم هەنگاوە زۆر دواخراو، لە کاتێکدا دەنرێ کە ڕەنگە ئەو کاریگەرییەی نەبێت وەک دە ساڵ لەمەو پێش، چونکە ئەمڕۆ بەهۆی پەرەسەندنی یەکجار پێشکەوتووی ئامێرەکانی پێوەندی، بەتایبەتی ئەنتەرنێت، جیهانی وا بچکۆڵە کردووەتەوە و پێوەندیی بەهەموو شێوەکانی، وا ئاسان کردووەتەوە، کە کەمترینیان، توانای بینینی سەدان کەناڵی تەلەڤزیۆنیی ئاسمانییە، کە مرۆڤ، لە ماڵی خۆیدا، زۆر بەئاسانی دەتوانێ تەماشایان بکات، لەوانەش ئەمڕۆ چوار کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی کوردی وەک Med, Kurdsat, Kurdstan TV و سەحەر کە بەزمانی کوردی - و هەندێ زمانی تر- پرۆگرامەکانیان بڵاو دەکەنەوە کە هەموو

کەسێک، کە خاوەن سەتەلایتێک بێت، لەوانەش برا کوردەکانی تورکیا، دەتوانن، شەوانە بەئارەزووی خۆیان سەیرو تەماشای ئەو کەناڵە کوردییانە بکەن.

بەو پێیەش ڕەنگە کوردەکانی تورکیا، ئەمڕۆ، وەک چەند ساڵێک لەمەوبەر هێندە پابەندی ئەو داوایە نەبن و ئەو بڕیارەش، ئەمڕۆ بەمنەتێکی گەورە حیساب نەکەن و ئەو هەنگاوەش- گەر ببێ بەبڕیارو جێبەجێش بکرێ- بەچارەسەرێکی یەکجارەکی و گشتگیری، بۆ کێشەی کورد، لە تورکیا حساب نەکەن، ئەگەر چی هەموو هەنگاوێکی ئیجابی لەو بابەتەش دەبێ بەچاوی بایەخەوە لێی بڕواندرێ، بەڵام ئەوە تەواوی کێشەکە چارەسەر ناکات، بۆیە گەر دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، بەو پێیەش ڕێگە خۆش بکات، بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی ئەورووپی، دەبێ وەک داوای لێ دەکرێ، کە دەبێ سەرتاسەری وڵاتەکەی لە بارودۆخێکدا بێت و هاوسەنگییەک لە جۆری گوزەران و شێوە ژیان و باری داهات و کۆمەڵایەتییان نزیک لە یەکتر بێت، نەک نیوەی وڵاتەکە هەنگاو بەرەو سەدەی بیست و یەک بنێت و نیوەکەی تریش کە ڕۆژهەڵاتی ئەو دەوڵەتەیە، کە کوردستانی تورکیایە، لە سەدەکانی پێش ناوەڕاستدا بژی؛ چونکە هەر مرۆڤێکی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا تێ پەڕێ، ئەوسا دەزانێ جیاوازیی ئەو دوو شێوە ژیان و ئاستی شارستانییە چەندە، کە هیچ هاووڵاتییەکی ئەورووپی، بەتایبەتی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەورووپی، پێی قبووڵ ناکرێ و هیچ دەوڵەتێکی ئەندامیش بەو جۆرە دەوڵەتە رازی نابێت کە بیکاتە شەریکە بەشی ژیانی ئابووری و، کۆمەڵایەتی و کلتووریی خۆی.

هەر بۆیە تورکیا گەر دەیەوێ ببێت بەئەندام لەو کۆمەڵگەیەدا، کە دەیەوێت، ئەوا دەبێ چەند هەنگاوێکی تریش لەو بوارەدا، بواری دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ، بنێت، ئەوا پێویستە رێز، بەکردار، لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی تری نێو تورکیا، کە کورد هەرە گرینگترینیانە، چونکە زیاد لە ٧٥ ساڵە لەو مافانە بێبەشە، بگرێ و دان بەبوونی نەتەوەی کورد و زمانی و کولتوورو

مێژوو و تایبەتمەندییەکانی تری ئەو گەلەدا بنێت، بۆ ئەوەی، لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا، قبووڵ بکرێت. بەهەرحاڵ هەموو هەنگاوێکی ئیجابی دەرهەق چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی کوردی، دەبێت پشتیوانیی لێ بکرێ و ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی تورکیش پێویستە بەچاوی بایەخەوە تێی بڕواندرێ، بەو هیوایەی هەنگاوی پێشکەوتووتری لەدوا بێت. داننان بەیەکتردا چارەسەری ئاشتییانە تەنیا رێگەیە بۆ پێشکەوتنی سەرجەم گەلانی تورکیا و لەمەودواش قبووڵکردنی لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا.

گوڵان ٣٠٧ لە ٢٠٠٠/١١/٣٠

# هەواڵ

بۆت نووسیبووم هەواڵەکانی ئێرە – سوید– ت، بۆ بنووسم، نازانم چیت بۆ بنووسم، بڵێم ئێرە هەمیشە هەورە، بارانە، بەفرە، تاریکییە و ئاسمانیش خۆڵە مێشێکی ئەزەڵییە، ڕۆژ بەدەگمەن دەبیندرێ و ئەستێرەش، هەر لە شیعردا، یا بڵێم سەراپای سوید دوورگەیەکی نامۆ و سەرزەمینی بێدەنگییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕووداوە (گرینگانەی) ئەمڕۆت بۆ دەنووسم:

سەرلەبەیانی، دوای بەرچایی، دەستی کوڕە بچکۆڵەکەم گرت و بۆ قوتابخانەم دەبرد، لە ناو ئەسانسۆرەکەدا، خاتوو (مۆنیکا)م دی. هیچی نەگوت، زەردەخەنەیەک گرتی، زۆر خۆشحاڵ بووم، ئەمە یەکەمین جارە (مۆنیکا) بەرامبەرمان رووخۆشی نیشان بدات، چونکە لە ڕاستیدا (٥) ساڵ مۆڕ بووەوە لێمان و (٥) ساڵیش، پشتگوێی خستین، وەک هەر نەبین، ئێستە کە زەردەخەنە دەیگرێ، مانای قووڵی خۆی هەیە. هیوادارم ئەم زەردەخەنەیە پەرە بستێنێ و ببێ بەپێکەنین، کە ئەویش (٥) ساڵی تری هەر دەوێت کێ دەڵێ لە دوایین قۆناغدا ناشیکات بە سەلام!. (مۆنیکا) تەمەنی ئێستە (٨٥) ساڵە، خوا تەمەنی درێژتر بکات، بۆ ئەوەی ئەو مەرحەمەتەمان لەگەڵدا ئەنجام بدات. کوڕەکەم لە قوتابخانەکەی دانا، لەگەڕانەوەمدا، لای (سۆپەرمارکتێک) بۆ شیر کڕین، لام دا، کەسانێکی زۆر لە دەوری مێزێک لە بەردەم فرۆشگەکەدا گردبووبوونەوە و سەرقاڵی تاقیکردنەوەی گۆشت بوون، بەگەورەیی نووسرابوو (هەفتەی گۆشتی بەراز).

کوڕێکی ئێرانی، تازە هاتووە و ناوی (عەلی)یە، پرچی وەک قوتابییەکی پۆلی یەکەمی ناوەندی کچان، لە پشتەوە، بەتەوقە– بەڵێ بەتەوقە– دەبەستێ، دەمناسێ و بانگی کردم و فەرمووی تاقیکردنەوەی گۆشتی لێ کردم و گوتی:

(فەرموو، بەلاشە!)

لە وەڵامدا گوتم ڕەنگە هێشتە سویدی باش فێر نەبووبێت – پێم گوت:

– بەڵام عەلی، بەرازە؟

وەک گوناهێکی گەورەم کردبێ، سەری سوڕما و لێی پرسیم:

– بۆ تۆ بەراز ناخۆیت؟

لە وەڵامدا گوتم:

– گەر بەراز بخۆم، سەگیش دەخۆم!.

وەڵامەکەم تۆزێ رەق نەبوو؟.

چوومە ناو سۆپەرمارکێتەکەوە، تابلۆی ڕاگەیاندنی فرۆشگەکە، سەرنجی ڕاکێشام.

ئەم ئاگەدارییە نووسرابوو. ئەمە دەقەکەیەتی، بەوەرگێڕانێکی سەربەست:

(من (دیک)م – کەڵەشێر نا، لێت تێک نەچێت. ناوی پیاوە دانیشتووی خانوی (٥٨ب)، (دەیناسم).

پشیلەکەم لە دوێنێ ئێوارەوە نەگەڕاوەتەوە تکایە هەر کەسێک سۆراغی دەزانێ، با ئاگەدارم بکات. پاداشتێکی گەورەی دەدەمێ).

لە ڕاستیدا، دوای شیرکڕینەکەم، منیش چاوم، بۆ پشیلەکەی (دیک) دەگێڕا.

بەداخەوە بەدیم نەکرد.

هەر ئەم سەرلەبەیانییە، خاتوو (گون)م دی – بۆ زانیاریت لێرە (گون) ناوی ئافرەتە!. سەگە تووکنە کەڕەکەی، دابووە پێش خۆی، خەڵکی گەڕەکە و من دەیناسم، مەرحەبای کەس ناکات، ئەوە بێگانە هەر هیچ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەبەردەوامی لەگەڵ سەگەکەیدا قسە دەکات.

فرسەتم لێ هێنا و بەدەنگی بەرز پێم گوت:

(خاتوو (گون) ئاگەداری سەگەکەت بە، باوەکو پشیلەکەی (دیک) ی بەسەر نەیەت!).

وەڵامی نەدامەوە و لە باتی سەگەکەی کردە باوەشی، دیاربوو ئەویش بەسەرهاتی پشیلەکەی (دیک)ی بیستبوو.

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ- ئەمەش هەواڵێکی گرینگە- کەوتمە قاپ شتن.

قاپ شتن، بۆ ژن، لێرە، نیشانەی شارستانییە، گاڵتەت لێ نەیە، لێرە وایە.

عەسر هاتمە دەرێ، لە باخچەی گەڕەکدا (رۆبرت)م دی، ئەویش تا تەواو نەخواتەوە و خەست مەست نەبێ، قسە لەگەڵ کەسدا ناکات. کە خواردیشیەوە کەس لێی تێ ناگات، بەپچڕپچڕ باسی پشیلەکەی (دیک)ی دەکرد، وابزانم ئەویش، کە سەرلەبەیانی مەی بەری دابوو، کارەساتی ونبوونی پشیلەکەی (دیک)ی بۆ باس کرابوو.

دوا هەواڵی گرینگیش ئەمەیە:

(کلێتە! بەڵێ کلێتە! (ناوێکی ئەریترییە). خەڵکی ئەفریقایە. ئەو وەزعی لە ئێمە شڕترە، چونکە سەرەڕای ئەوەی بێگانەیە، پێستیشی رەشە، بۆ ئەوەی خەڵکی بیدوێنێ، پەنجەرەکانی- بەم سەرمایە- دەکاتەوە و رێکۆردەکەی دەخاتە سەر ئاخرین دەنگ، ئەویش هەر بۆ ئەوەی دراوسێکان سەرزەنشتی بکەن و بەو پێیەش قسەی لەگەڵ بکەن.

جاروباریش- کلێتە- بۆ چەند ڕۆژێک بەگرت دەدەن، بەڵام ئەم هیچ گوێ ناداتێ، گەر وانەبێ- بە منی گوت- لە تەنیاییدا بەتەواوی شێت دەبێت.

بیرم چوو.. ئەی لای ئێوە هیچ روو دەدات؟!!

گوڵان ٩٨ لە ١٩٩٦/٢/٧

# نیوەی کۆمەڵ!

ڕەنگە دووبارە کردنەوە بێت گەر بڵێین ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک بیرخستنەوەیەک دەڵێین کە لە هەندێک وڵاتدا، بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەم ڕێژەیە پترە و لە هەندێک وڵاتیشدا کە دووچاری کارەساتی جەنگ و شەڕ بوون ئەوە گەلێ پترە، بۆ نموونە ڕێژەی ئافرەت بەرامبەر بەڕێژەی پیاو لە ئەڵمانیا دوای هەردوو جەنگ، جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بەڕادەیەک زۆر بوو کە بەئاسانی لە ژیانی ڕۆژانە و لەسەر جادەو کۆلاندا هەستی پێ دەکرا، هەروەها لە یەکێتیی سۆڤیەت پاش جەنگی جیهانیی دووەم، کە پتر لە (٢٠) بیست ملیۆن مرۆڤ لە ئەنجامی سەرەڕۆیی هیتلەری دیکتاتۆر گیانی لە دەست دا، وەزعی لە ئەڵمانیا چاتر نەبوو، نوێترین نموونەش جەنگی عێراق-ئێران بوو کە ئەنجامی لای هەمووان ئاشکرایە.

لە کوردستانیشدا بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و لەوە و دواش بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئەو ڕێژەیەی بەڕادەیەک لەنگ کردووە کە لەناو خۆماندا بەئاسانی درکی پێ دەکەین. جا لە وڵاتێکدا کە پتر لە نیوەی ئافرەت بێ و بارودۆخی ژیان و گوزەرانی و باری کۆمەڵایەتیی ئافرەتیش لەم وەزعەدا بێ کە دەبینین ئیدی دەبێ تێکڕای کۆمەڵی کوردی وەزعی لە چیدا بێ؟

بەزێدەڕەوی نازانین گەر بڵێین وەزعی ئافرەتی کورد لە چاو ئافرەتانی تەنانەت گەلانی دراوسێشدا گەلێ شڕترە، ئەوەش دیارە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستانەوەیە کە شەڕی ناوخۆ و پشێوی و بێ ئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە و ناهێڵێ بەرەو پێشەوە بچێ.

لە وڵاتێکدا کە شەڕی ناوخۆ هێزی لەبەر بڕی بێ و ئەهریمەنی شەڕ و شەڕخوازان مۆتەکەیان هەمیشە لەبەر چاو خەڵکی بەرجەستە بێ، ئیدی چۆن ئەو کۆمەڵە دەپەرژێتە سەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی، کە کێشەی

ئافرەت و ماف و رۆڵی لە کۆمەڵدا، بەشێکی سەرەکییەتی.

سەرەڕای ئەوەش پێویستە حکوومەتی هەرێم و کابینەی سێیەم، بایەخێکی جدی بەمەسەلەی رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەکەماندا بدات. پشتیوانییەکی تەواو لە مافەکانیان بکات و پشتگیریی داخوازییەکانیان بکات.

یەکێک لەو داخوازییە گرینگانەی کە پێویستە حکوومەتی هەرێم پشتیوانی و (تبني)ی بکا مەسەلەی هاتنە دەرەوەی ئافرەتە لە چوارچێوەی ماڵدا و بەشداریی کاریگەرییانەیەتی لە چالاکییەکانی کۆمەڵدا. دیارە ئێستە کۆمەڵگەی کوردی گەلێک لەو رووەوە بەرەو پێشەوە چوو، بۆ نموونە گەر مرۆڤ بەراوردی بارودۆخی ئافرەتی ساڵانی پەنجا بەوەزعی ئەمڕۆیانەوە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەو بەرەو پێشەوە چوونە بەرچاوەدا پێویستە حکوومەتی هەرێم پتر هانی ئافرەت بدات کە لە پرۆسەی بیناسازی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردیدا بەشداری بکات.

دیارە ئەوەش بەوە دەبێ کە، حکوومەت هەندێ پۆستی گەورە وەک رێزلێنان و دەرخستنی رۆڵی بدا بەئافرەت. بۆ نموونە دروستکردنی وەزارتێک بەناوی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیرەکەی ئافرەت بێ، یان بریکاری وەزارەتی مرۆڤایەتی ئافرەت بێ، یان وەزارەتی داد ئافرەت بێ.. و، ئیدی بەو پێیە. لە ڕاستیدا بەشدارنەبوونی ئافرەت لە بەڕێوەچوونی وڵاتدا لاسەنگی دەنوێنێ، سەیرە لە وڵاتێکدا نیوەی پتر ئافرەت بێ کەچی لە پەرلەمانەکەیدا ئافرەت بەپەنجەی دەست بژمێردرێ!! یان لەشەش بەڕێوەبەریی گشتی لە وەزارەتی رۆشنبیری تاکە کەسێکیان ئافرەت نەبێ! دیارە گەر وەزعی وەزارەتی رۆشنبیری وابێ، دەبێ وەزعی وەزارەتەکانی تر چۆن بێ؟.

ئەگەر چی ئافرەتانی کوردستان گەلێک رێکخراو و رێکخستنیان هەیە، بەڵام ئەوانە دەتوانرێ بگوترێ پتر شکڵین و پتر سیاسین لەوەی رێکخراوەیی بن، چونکە چالاکییەکانیان و تێکۆشانیان پتر ڕەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ وەک لەوەی کۆمەڵایەتی بێ. کێشەی ئافرەت لە کوردستاندا کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە پێویستە

لێرەدا ڕووی دەمم بکەمە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان – کە لەمەودوا بایەخێکی تەواو بەلایەنی کۆمەڵایەتیی ئافرەت بدەن و داخوازییەکانی گەڵاڵە بکەن و لە گیروگرفتە سەرەکییەکانی بکۆڵنەوە و لە نزیکەوە پێوەندییان پێوە بکەن و پێشنیار و داواکانیان پێشکێش پەرلەمان و حکوومەت بکەن و لە چوارچێوەی ڕێکخراو بۆ ڕێکخراو دەربازبن و ڕەنگدانەوەی وەزعی کۆمەڵایەتیی ئافرەت بن.

بۆ نموونە پێویستە یەکێتیی ئافرەتان داوا لە پەرلەمان بکات کە چەند یاسایەک بۆ پاراستنی ئافرەت و مافەکانی دابڕێژرێ و داکۆکیی تەواو لە ئافرەت لە کۆمەڵدا بکات.

هەر بۆ نموونە یاسایەک دژی لێدانی ئافرەت کە دیاردەیەکی بەربەرییانە و زۆر ناشارستانییە دەربکرێ و ئەوی پەیرەوی دەکات بەسزای خۆی بگات. کۆمەڵ پێویستە– لەرێی داوودەزگا یاساییەکانییەوە– داکۆکی لە ئافرەت بکات و نەهێڵێ مافی بخورێ و دەستدرێژیی بکرێتە سەر.

هەروەها داوا لە حکوومەتی هەرێم بکرێ کە چەندین خولی ڕاهێنان و فێرکردن بۆ ئەو ئافرەتانە بکرێتەوە کە نەخوێندەوارن یان بڕوانامەی نزمیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە چالاکییەکانی کۆمەڵدا بەشداری بکەن و بنەمایەکی ئابووری بۆ خۆیان دابین بکەن کە لەرێیەوە بتوانن خۆیان بەخێو بکەن و تەنیا چاو لە دەستی پیاو نەبن. دیارە دیاردەی ئافرەت کوشتنیش کە لووتکەی دواکەوتنە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە و بە یاسا و بەوشیارکردنەوەی کۆمەڵ ئەو دیاردە نامرۆڤانە و دڕندانە نەهێڵرێ. کوشتن چارەسەری هیچ کێشەیەک ناکات.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە ئافرەتانی کورد و ئافرەتانی جیهان دەکەم لە رۆژی هەشتی ئاداردا و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم و دەڵێم: نایەکسانی، کۆمەڵگەیەکی لاسەنگ دادەمەزرێنێ و یەکسانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی دەخوڵقێنێ.

گوڵان ١١١ لە ١٩٩٧/٣/٨

# ئەرشیف

بەشێنەیی کارتۆنەکەم کردەوە. دەمێک بوو چاوەڕێی گەیشتنی بووم. چەندین برادەرم ڕاسپاردبوو، یان ڕاستر وایە بڵێم: هەرچی سەری وڵاتێکی ئەورووپی دابێ، داوام لێ کردبوو کە هەرچۆنێک بێت (دەمامکی گاز)(*) ێکم، بەهەر نرخێک بێ، بۆ پەیدا بکەن، بۆیە، بەگەیشتنی گەلێک دڵشاد بووم.

دەمامکەکەم لە کارتۆنەکەی دەرهێنا و لە تەنیشت پێویستییەکانی ترەوە دام نا و ئینجا نامیلکە بچکۆلەکەی – کە ڕێنوێنیی بەکارهێنان بوو– دەرهێنا و کەوتمە خوێندنەوەی. نامیلکەکە بەچەند زمانێکی ئەورووپی نووسرابوو، دیارە کوردیی تێدا نەبوو، کە لام وایە کەموکووڕییەکی گەورە بوو، چونکە لەم سەردەمەدا کە (گاز) بەپلەی یەکەم، دژی کورد بەکار دەهات، پێویست بوو بەزمانی کوردی، یا بەیەکێک لە زمانی داگیرکەرانمان. ڕێنماییەکان بنووسرابانایە.

بەهەرحاڵ، دوای خوێندنەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی، دەمامکەم بەشێنەیی کردە سەرم و پاشان مەسینەکەم– بەڵێ مەسینە– کرد بەلاقەدمدا، گاز و پلایسەکەشم، بەلای ڕاستی پشتێنەکەمدا، هەڵواسی و زەڕەبینە گەورەکەشم کردە ملم و دەمانچەکەم بەست و پاشان فۆتۆکۆپییەکەشم کردە کۆڵم.

لە ڕاستیدا، کارێکی ئاسان نەبوو. بارەکەم بڕێک قورس بوو، هەرچەندە ماوەیەکی زۆریش، ڕۆژانە، لەگەڵ فۆتۆکۆپییەکەدا، خەریکی ڕاهێنان بووم، لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵگرتنی بەلامەوە، دژواربوو، بەڵام چارم نەبوو.

بەپێپلیکە تاریکەکانی (ئوتێل میدیا) دا، بەهێواشی هاتمە خوارێ و دەمویست شاگردەکان نەمبینن و پرسیاری کۆڵ و بارەکەم، لێ نەکەن، کە

خۆشبەختانە، لە هاتنە خوارەوەمدا بەرەنگاری کەسیان، نەبووم، سوپاس بۆ خوا.

ورده ورده کەوتمە رێ، دەمویست قیت بڕۆم، بەڵام لەبەر گرانیی بارەکەم، بەتایبەتی فۆتۆکۆپییەکە، وا بەئاسانی بۆم نەدەڕەخساو کە تەواو خۆم ڕاست دەکردەوە، خەریک بوو بکەوم بەپشتدا، بۆیە گوێم نەدایە و بەپێی باری نالەباری بارەکەم پشتم وەک حەماڵێک شارەزا – بۆ کووڕ کرد و بەرەو گردی (میم- سین) کەوتمە رێ.

پاسەوانەکانی بەردەم مەکتەبی رێکخستن، بەگومانەوە، تێیان دەڕوانیم، بەڵام هیچیان نەوت و منیش تەنیا، بەلووتی دەمامکە سڵاوێکم لێ کردن، کە تێی نەگەیشتن!

گەیشتمە بەردەم تەلبەندەکان و چەند پاسەوانێکم دی هەموو تێم ئاڵان و کەوتنە پرسیار کردن. یەکێکیان، کە لە هەموویان گەنجتر بوو- وەک دڕک چووبێ بەپێیدا- هاواری لێ هەستاو وتی:

(فریاکەون، بیگرن تەخریبە!)

باش بوو، خێرا نامەیەکم، کە لەمەوپێش بۆ دۆخی وا چاوەڕواننەکراو نووسیبوو، نیشان دان و ئەوانیش کەوتنە خوێندنەوەی، بەڵام کەسیان بڕوایان نەدەکرد. لێپرسراوەکەیان وتی:

(زەحمەت نەبێ، ئەو دەمامکە داناگری، تا بزانین چیت دەوێت؟)

بەسەر ئیشارەتم بۆ نامەکەی نێودەستی کرد، بەڵام ئەو حاڵی نەبوو، چونکە وتی:

(کاکی برا لە نامەکەدا نووسراوە، تۆ بۆ بەشی ئەرشیف دەچی! بەڵام ئەم دەمامک و تڕوتفاق و کۆڵ و بارە یانی چی!)

بە ناچاری دەمامکەکەم لادا و وتم:

(کاکی پاسەوان، لە نامەکەدا نووسیومە. من بۆ بەشی ئەرشیف دەچم، بۆ خوێندنەوە)

- خوێندنەوە؟!.

پاسەوانە لاوەکە بەخێرایی وتی: ( با چەکی بکەین! ئەمە بۆ تەخریب دەچێت!)

ئەوەندەی نەمابوو پەلامارم بدەن، بۆیە بەناچاری وتم:

(پیاوی چاک بن. پەلە مەکەن. تێ بگەن. من تەنیا بۆ خوێندنەوە دەچم!)

لێپرسراوەکە سەری بادا و پاشان وتی:

(باشە!. بەڵام تێمان ناگەیێنیت، ئەم کۆڵ و بارەت بۆ چییە؟)

هیلاک بووبووم، لەگەڵ ئەوەشدا، وام نیشان نەدا و وتم:

(کامیان؟)

لێپرسراوەکە، بزەیەک گرتی، بەشێتی لە قەڵەم دەدام. وتی:

(بۆ نموونە. ئەم دەمامکی گازەت بۆ چییە؟)

پرسیارێکی بەجێ بوو. ناهەقی نەبوو. بۆیە وتم:

(لەبەر تەپوتۆزی نێو ژووری ئەرشیف!)

- ئەی ئەم گاز و پلایسەت بۆ چییە. فیتەری؟!

دەبوو هەموو نهێنییەکان بدرکێنم، بۆیە وتم:

(بۆ نازانی، کە لەگەڵ لەسەر کورسییەک دانیشتی، ئیدی بزمار بەرت نادا- دیاربوو ڕووداوی چەقینم بەکورسییەکەوە بۆ ماوەی (٤٨) سەعات نەبیستبوو- بۆیە پێویست، بەگازو پلایس دەکا، بۆ ئەوەی بەرت بدات، دەنا بەرت نادات!)

- ئێ. ئەی ئەم سندووقەی پشتت؟

مەبەستی فۆتۆکۆپییەکەی پشتم بوو. وتم:

(ئەوە سندووق نییە و فۆتۆکۆپییە، ئەویش بۆ ئەوەی، گەر پێویستم بوو، ئەوا چەند لاپەڕەیەک فۆتۆ بکەم)

لێپرسراوەکە، بەسەرسامییەکەوە وتی:

(بۆ لەوێ فۆتۆکۆپی نییە؟!)

لەوەڵامدا وتم:

(بەڵێ لێیەتی، بەڵام هی زەمانی ناپلیۆنە!)

لەوە نەدەچوو بڕوا بە قسەکانم بکات. لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

(ئەی ئەم تەلسکۆبەی ملتان؟ سەیری ئەستێرەکانی ئەودیو (مەریخ) ی پێ دەکەی؟!)

مەبەستی زەرەبینەکە بوو. شەکەت بووبووم. بۆیە بەکورتی وتم:

(ئەم زەرەبینەش، بۆ خوێندنەوەی، پەڕەی دڕاوی سەر دیوارەکان)

لێوی هەڵقورتاند و بە نارەزاییەوە وتی:

(ئەی ئەم مەسینەیە!؟)

ئیشارەتی بۆ مەسینەکەی لاقەدم کرد. پرسیارێکی بێ جێ نەبوو. وتم:

(بۆ ئاودەستەکەی!!)

سەری راوەشاند. ئەمجارەیان بەتووڕەیییەوە وتی:

(ئەی ئەم دەمانچەیەت بۆ چییە؟)

زۆر بەهێواشی وتم:

(نەکو ببێ بەشەڕ)

لێپرسراوەکە هەر سەری بادەدا و پیشی دەخوارەدەوە. لێم هاتە پێشەوە و لاشانی گرتم، دیاربوو کەوتبووە گومان لێم، چونکە وتی:

(ئەی تۆ بۆ خوێندنەوە ناچیت؟)

دەمامکی گازەکەم دادایەوە. دیار بوو، ئەم لێپرسراوە، بەشی ئەرشیفی، نەدیبوو. گەرنا، پرسیاری وا بێ مانای نەدەکرد.

گولان ٩٧ لە ١٩٩٦/١١/٣٠

---

* دەمامکی گاز: ماسکی گاز. قناع الغازات السامە.

# با پێکەوە بیکوردێنین

برادەرێک بەناوی هەڤاڵ نەورۆز لە گۆڵانی (١١٩) لەسەر (کوردانڤدن)ەکەی من بابەتێکی نووسیوە. دیارە هەرچی دەنووسێ سەربەستەو من خۆشحاڵم کە خوێنەران بابەتەکانی گۆڤارەکەمان دەخوێننەوە و هەڵیان دەسەنگێنن و ڕەخنەیان لێ دەگرن.

مەبەستی من لەو نووسینەدا ئەوە بووە کە ئێمەش وەک وڵاتانی تر لە پایتەختەکەماندا، بەزمانی خۆمان سەرلەوحەی دووکان و کۆگا و ڕێستۆرانەکانمان بۆ بنووسرێ کە ئەوەش مافێکی ئاساییی خەڵکە کە دەبێ بەزمانی خۆی ئەو کارەی بۆ جێبەجێ بکرێ، هەروەک گوتوومە کە دەبێ کاتێ بەناوشاردا دێت و دەچی و لە سەنتەری شاردا، کاتێ تینوێتی تینت بۆ دێنێ و لە دووکانێکی شەربەت فرۆش پەرداخێک شەربەت هەڵدەقوڕێنی، دەبێ هەست بکەی کە لەوڵاتەکەی خۆتدایت، نەکو وابزانی لە گۆڕەپانی (تەقسیم) لە ئەستەمبوڵیت، هەروەک کاتێک دەتەوێ هیلاکی قاچەکانت دەربکەی و بەو پێیەش خۆت بکەی بەیەکێک لە چایخانە مەسیحییەکانی گەڕەکی (زەعفەرانیە)یت لە بەغدا.

بەکورتی من و هەزاران هاووڵاتیی کورد ئەوەمان دەوێ کە وا بزانم هەڤاڵ هەڤاڵیش وەک کوردێک دەبێ ئەوەی بوێ. لە خاڵێکدا هەڤاڵ دەڵێ: (رادیۆ ناوخۆییەکانی ستۆکهۆڵم زۆر جار مادۆناو جاکسۆن.. و هتد (لێ دەدەن) کەواتە ئەوانیش با سویداندن بکەن)

هەڤاڵ هەڤاڵ نەورۆز، سویدی پێویستی بەسویداندن نییە و ترسی لە مادۆنا و مایکل جاکسۆن و (ئەمریکاندن) نییە، چونکە سوید پێش دۆزینەوەی ئەمەریکا سویدێندراوە و تەنیا بۆ نموونە دەڵیم: زانکۆی (ئۆبسالا) پێش دۆزینەوەی ئەمەریکا دامەزرێندراوە، بۆیە ئەوانە ترسی (ئەمریکاندن) یان

نییە، بەڵام ئێمە، ئێمەی کورد تازە لە قۆناغی شەڕی ناوخۆ خەریکە پشوویەک بدەین و تازە وردە وردە خەریکین وەکو کابینەی سێیەم سەرەتاکانی ئیدارەیەکی کوردی بچەسپێنین و شاکۆڵەکەکانی سیستەمی داهاتوومان دابکوتین و خەریکی بیناسازی وێرانسازیی پێشوومانین و تازە خەریکین وەکو نەتەوەیەک، لە کۆتاییی ئەم سەدەی بیستەمەدا، رەفتار بنوێنین و سیمای نەتەوایەتیمان بۆ دراوسێ و جیهان نیشان بدەین، بۆیە دەڵێم ئێمە پێویستمان بە(کورداندن)ە، چونکە کاتێک شاندێکی بیانی روو دەکاتە پایتەختمان، بەچیدا بزانێ لە کوردستانە، ئەگەر سەرلەوحەی دووکانەکان بەزمانی ترو، گۆرانییەکان بەزمانی دراوسێکان و ئەڵقە تەلەفزیۆنییەکانیش بیانی بێ و بەزمانی بیانی بۆ کورد لێ بدرێ. جا هەڤاڵ من و هەزارانی وەکو من ئەوەمان دەوێ. دیارە خۆشحاڵم بەو چەند نموونە کوردییانەی وەکو، بەڵگە هێناوتنەتەوە و ئێمەش وەکو وەزارەتی رۆشنبیری ئاگەداری ئەو مشتە هەین کە لە تەلەفزیۆنەکاندا هەن، بەڵام دەڵێین دەبێ تەنیا مشتێک نەبێ و خەروارێک بێ.

پاشان هەڤاڵ دەپرسێ: ئەگەرچی بەڕێز بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری بەنووسین و وەزارەتەوە سەرقاڵە؟؟) لە ڕاستیدا نازانم ئەم هەڤاڵە ئەم دوو هێمای پرسیارە چین ئاراستەی خوێنەریان دەکا؟ ئەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەڤاڵ، دەبێ، بریکار، کە منم، سەرقاڵی چی بم؟ کەسکاو سازان؟ کێشکە کوران؟ قوڕاو لێنان؟ یان تاوڵەو دۆمینەبم؟

لە بڕگەیەکی دیدا هەڤاڵ دەڵێ: کوردانن لەسەر بنەمای ئاکادیمیەت دەکرێ!.

لەڕاستیدا ئەمە جێی سەر سوڕمانە، بۆیە دەڵێم کوردانن ئاکادیمیەت و مەکادیمیەتی ناوێ. مەسەلەکە زۆر سادەیە، سەدەیەک لەمەو پێش شێخ مارفی نۆدێ هەزار رەحمەتی لێ بێ لە (ئەحمەدی)یەکەیدا دەفەرموێ: (رأس) سەرە (عەین) چاوە..هتد... منیش دەڵێم (حلاقە) سەرتاشخانە (حەمام) گەرماوەو (فلافل وأنت ماشی) فەلافل بەڕێوە، ئیتر ئەمە هیچ ئاکادیمیەتی

ناویٚ، هەڤاڵ. (کوردانندنیشمان) لیٚ سەخت مەکە و سەرلەوحەی دووکانەکانە، لەباتی عەرەبی دەڵیٚم با کوردی بیٚ. ئەمە پەیژەی مۆسیقا نییە (دۆ. ریٚ. می) تۆ و هەندێک تێی بگا!

لە کۆتاییدا، هەڤاڵ بەهۆی دەربەدەریمەوە زۆر شوێنم دیوە، بۆیە دەڵێم: کاتێک لە (ناصر خسرو) لە تارانا وێڵی گۆزەیەک (ابگوشت) دەبووم، دەمزانی لە ئێرانم و سەر وەختێک لە (تۆپ قاپی) لە ئەستەمبوڵ کە عەودالّی قاپێک (مەرچومەک شورباسی) دەبووم و لە باتی پارەی نەفەرێک (تاوق)یان لیٚ دەستاندم، دەمزانی لە وڵاتی (عوسمانیم) و کاتێکیش لە (ساحەی مەرجە) لە دیمەشق، دەیان خەڵەتاندم، گومانم نەدەما کە لە عەرەبستانم، هەر بۆیە کاتێک بەدەوری (قەلاّی) دێرینیشدا دەخولێمەوە و تامەزرۆی (کەسکاو)ێکم، حەز دەکەم هەست بکەم کە لە پایتەختی کوردستانم.

گوڵان ١٢٠ لە ١٠/٥/١٩٩٧

## لەبەر رۆشنایی وتەکەی سەرۆک بارزانی لە دهۆکدا

لە هەموو ولاتێکدا، کەموکووڕی دەبێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو کەموکووڕییانە هێندە کەڵەکە نەبن، کە چارەسەریان زەحمەت بێت، هەر بۆیەش پێویستە زوو زوو پێداچوونەوەیەک بەسیستەمی ئیدارە و بەجێهێناندا لەلایەن بەرپرسانەوە بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا ئەو کەموکووڕییانە چارەسەر بکەین.

کەموکووڕی هۆکانی زۆرن، بەڵام ڕەنگە لەلای ئێمە یەکێک لە هۆ گرینگەکانی ئەوە بێت، کە ئێمە وەکو کورد، ئەمە یەکەمین جارە کە داوودەزگای دەوڵەتی خۆمان بۆ خۆمانی بەڕێوە دەبەین و ئەزموونێکی چەندین ساڵەی بەڕێوەبردنی ئیدارەمان وەک ولاتانی پێشکەوتوو و بگرە وەک ولاتانی دراوسێشمان لەپشتەوە نییە و ئێمە لە قۆناغی خەباتی چەکدارییەوە و لە شاخ هاتووینەتە قۆناغی ئیدارەی مەدەنی و ئاوەدانکردنەوە، بۆیە هەڵەو کەموکووڕی و نەشارەزایی لە بەجێهێناندا نامۆ نییە، بەڵام بەردەوامبوونی هەڵەو کەموکووڕی و چارەسەر نەکردنی هیچ پاساوێکی بۆ نییە.

سەرۆک بارزانی یەکێ لەو هەڵە گەورانەی کە بوونەتە هۆی ئەم کەموکووڕییانە بە:

(دووریی سەرکردایەتی لە قاعیدە و جەماوەر) دادەنێ و بەم پێیەش ئەم دوور بوونە کەلێنێکی دروست کردووە) کە (دیاردەیەکی زۆر زۆر ترسناکە).

دوورکەوتنەوەی سەرکردایەتی لە قاعیدە و جەماوەر یان بەواتایەکی دی نەگەیشتنی دەنگی جەماوەر و قاعیدە بەسەرکردایەتی، مۆڵەتی ئەوە دەبرێ کە تەنگوچەڵەمەی خەڵکی، پێویستییە گرینگەکانی جەماوەر، بیروبۆچوونیان، غەدر لێکردنیان، بەتەنگەوە نەهاتنیان، پێشوازی نەکردنیان لە داوودەزگاکانی ئیداری دەوڵەتدا- کە بۆ خزمەتی جەماوەر دامەزراوە- نەگاتە سەرکردایەتی،

کە بەلای منەوە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری نیزامی پێوەندیی نێوان قاعیدە و سەرکردایەتی.

ئەو نامەیەی لە هاوولاتییەکەوە دەنووسرێ، دەدرێتە بەرپرسێک یان کارمەندێک، ئەویش دەیداتە سەروو خۆی و ئەویش دەیداتە سەرووی خۆی و بەم پێیە تا دەگاتە شوێنی خۆی- ئەویش گەر بگات- ئەوا سوودی نامێنێ. من لە نووسینێکی تەنز ئامێزدا، بەناوی FAX هەر لە هەفتەنامەی گولاندا باسی ئەو جۆرە پێوەندییەم کرد، گوتم لەباتی ئەو هەموو ئەڵقەی پێوەندی کە ئەم نامەیەک دەدا بەوی تر و ئەویش بەسەرووترو ... هتد، واچاکترە فاکسێک دابنرێ و هاوولاتییان موعاناتی خۆیان ڕاستەوخۆ بۆ سەرکردایەتی بنێرن و ئەوانیش گەرماوگەرم لە مەشاکیلی هاوولاتییان و کەموکووڕیی ناو کۆمەڵ بگەن و چارەسەریان بۆ دابنێن.

لێرەدا دەوێرم ئەو ڕاستییە بدرکێنم، کە زۆربەی هەرە زۆری نامەی هاوولاتییان ناگاتە سەرکردایەتی، جا کەموکووڕیی ئەڵقەکانی پێوەندی بێ، یان تێنەگەیشتن لە گرینگیی پێوەندیی نێوان سەرکردایەتی و قاعیدە بێ هەر کامیان بێت ئەوا هەر ڕێگرە لە دروستکردنی پێوەندیی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەر. لە زەمانی خەلیفەکانی ئیسلامدا، سەرکردەکان خۆیان شەخسیی بەو کارە هەڵدەسان و خۆیان زیارەتی مەیدانییان دەکرد و لە پێویستی هاوولاتییانیان دەکۆڵییەوە. ڕەنگە ئەو شێوازە میسالییە ئەمڕۆ بۆ سەرکردایەتی نەگونجێ، بەلام پێویستە ئالیەتێکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە بدۆزرێتەوە کە سەرکردایەتی، ڕۆژانە ئاگای لەبنەوەی کۆمەڵەکەی خۆی بێت.

ڕاستە سەرکردە خۆی ناتوانێ وەلامی نامەی هەموو هاوولاتییەک بداتەوە و خۆی لە کێشەی تاکە کەسی بکۆڵێتەوە، بەلام بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ لیژنەیەک پێک بهێنێت- یان ئەمڕۆ بەهۆی ئامێری پەرەسەندووی وەک کۆمپیوتەرەوە- دەتوانرێ بەهۆی تاکە کەسێکیش ئەوکارە جێبەجێ بکرێ و بەناوی سەرۆکیشەوە وەلامی نامەی هاوولاتییان بدرێتەوە.

بڕواناکەم کەس بەقەدەر سەرۆکی ئەمەریکا- بەحوکمی گەورەیی ولاتەکەی

و ئەرکی ئەمەریکای ئەمڕۆ- مەشغووڵ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نامەیەکی پێ بگات وەڵامی بۆ ئەو کەسە دەنێردرێتەوە.

سەرۆک بارزانی خاڵێکی گرینگی تر دەستنیشان دەکات، ئەویش کەوا لە هەندێ دەزگای حکوومەتی هەرێم و ئیداراتدا بەجۆرێک دژایەتیی ئەو کەسانە دەکرێ کە پارتی یان پێشمەرگە بوون و بەڕادەیەک مەودایان لێ تەسک دەکرێتەوە، کە وەک ئەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم بەدەست دەسەڵاتێکی ترەوە بێت.

لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە:

(ماوەیەک لەمەوبەر ژن و مێردێکی ئاوارە دەچنە لای کاربەدەستێک لە وەزارەتێکدا و داوای دامەزراندن دەکەن، پیاوەکە پارتی و ژنەکەشی خوشکی شەهیدە، بۆیە کاربەدەستەکە لەسەر عەریزەکەیان دەنووسێت کە ئەمانە خەڵکی مولتەزیم و ماڵە شەهیدن، پاشان عەریزەکەی بۆ یەکێک لە بەشەکانی وەزارەتەکەی خۆی دەنێرێ. پاش مانگێک ئەو خێزانە دێنەوە لای کاربەدەستەکەو گلەیی دەکەن کە دانەمەزراون و کاربەدەستیش هەر بیری دەچێ، بۆیە پێیان دەڵێت: هیچم لەسەر عەریزەکەتان نووسیبوو؟ لە وەڵامدا دەڵێن: (بەڵێ نووسیبووت کە ئێمە خەڵکانی مولتەزیم و ماڵە شەهیدین)

بۆیە کاربەدەستەکە یەکسەر دەڵێ:

(دە بۆیە دانەمەزراون!)

ئەمەو دەیان ڕاستیی تری لەو بارەیە نموونەیان زۆرن گەر بەرپرسانی باڵا بیانەوێ ئەوا بۆیان ڕەوانە دەکەین، یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی دەرخستنی کەموکوورِیەکانی نێو کۆمەڵ و ئیداراتی دەوڵەتە. من ناڵێم لە منەوە هێندە نییە کە مرۆڤ بتوانێت بەتەواوەتی ڕەخنە لە کەموکوورِییەکان بگرێ و هەڵەکان دەستنیشان بکات، بۆیە مۆڵەت بەدەربڕینێکی ئازادانەتر ڕێ لە کەڵەکەبوونی کەموکووڕی و هەڵەکان دەگرێ و لەکاتی خۆشیدا دەیانخاتە ڕوو، داوای چارەسەریان بۆ دەکات. لە ڕاستیدا

من لەگەڵ ئەو ڕەئیـەدا نیم کە دەڵێ نابێ بەرپرسـان یـان کارمـەندانی دەوڵەت خۆیان ڕەخنە لە کـەموکووڕییـەکانی ئیدارات بگرن، من دەڵێم بەپێچـەوانەوە دەبێ ئـەوانە خـــۆیان لـە پێش هەمـــوو کـــەســـێکەوە ڕەخنە لە خـــۆیـان و لە ئیدارەکەیان بگرن، چونکە ئەوانە خۆیان لە هەمـوو کەسێک زیاتر شـارەزای کەموکووڕییەکانن، ئەگەر بەدڵسۆزی بۆ گەلەکەیان کار بکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم: دەوڵەت – لە حاڵەتی ئێمـەدا حکوومـەتی هەرێم – نابێت لە ڕەخنە بتـرسێت. ڕەخنەو دەستنیشـانکردنـی هەڵە و کەموکـووڕی کۆمـەڵ بەرەو پێشەوە دەبات. کوردیش دەمێکە گوتوویەتی:

دۆست ئەوەیە دەمگریێنێت نەک دەمخاتە پێکەنین.

گوڵان ٢١٤ لە ١٩٩٩/٢/٢٠

# بەداله

له ژمارەی پێشوودا سەبارەت بەهەندێک کەموکورتیی نێوکۆمەڵ کە هیوادارم خوێندرابێتەوە- شتێکم بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەشدا دەمەوێ لەسەر هەندێک لایەنی تری لاوازیی سیستەمی ئیداری بدوێم.

یەکێک لەو دیاردانەی سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ - گەر نەڵێم بێزاری دەکات- مەسەلەی کارمەندی بەدالەی تەلەفۆناتە، کە زۆربەی کات بەدرەنگی وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە و هەندێک جار مرۆڤ هێندە بێزار دەبێت، دوای ئەوەی نزیکەی لە سەد جار پتر گوێی لە زەنگی بێ وەڵام دەبێت و بەناچاری دەسکی تەلەفۆنەکە فڕێ دەدات و بێ هیوایانە دەست دەنێتە ژێر چەناگەی.

ڕەنگە هۆی وەڵامنەدانەوەیان لەبەر سەرقاڵییان بێت یان لەبەر کەمیی کارمەندان یان هەڵەی تەکنیکی بێت، بەڵام دووپاتبوونەوەی ئەم دیاردەیە مرۆڤ دەخاتە گومانی ئەوەی کە هەست بەلاوازی و جۆرە کەمتەرخەمییەک لەسەر ئەم بەشە بکات. کە دەبێ و پێویستە بەزوویی چارەسەر بکرێت، چونکە مەسەلەی بەداله زۆر گرینگە و پێوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بۆ نموونە نەخۆشێک گیانی لە مەترسیدایە و دەیەوێ ژمارەی نەخۆشخانەیەک یان دکتۆرێک وەربگرێت و ئەگەر بەزوویی بۆی دەستەبەر نەبێت، دوور نییە دووچاری کارەساتێکی گەورە بێت. رەفتارو وەڵامدانەوەی کارمەندانی بەدالەکانیش پێویستە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا بگونجێ، خەڵکی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی وەک میللەتانی دراوسێمان لە ئاخاوتندا موجامیل نین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی لە ئیدارەکاندا کاردەکەن، زمانێکی شیرین لەگەڵ خەڵکیدا بەکاربهێنن و بەشێوەیەکی وا مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکەن کە هەست بکەن ڕێزیان لێ دەگیرێ.

بەداله لە وڵاتانی شارستانیدا سەرچاوەیەکە بۆ پەیدا کردنی زانیاری، بۆیە

نابێ کـارمــەنەدانـی بەداله، لـه وەڵامی پرســیــاری هـاووڵاتـیــیــان کــه زۆربەی سەبارەت بەژمـارەی تەلەفۆن و شوێنە خزمـەتگوزارییەکان، سـەرسـام و ئەبڵەق بـن و وەڵامـیـان پـێ نەبێت، یان نابێت ئەو کـارمـەندانە هێندە بێ ئاگـا بـن کـە کەسایەتیی ناسراوی وڵاتەکەی خۆیان چ سیاسی چ کۆمەڵایەتی نەناسن.

لێـرەدا هـەر بۆ نموونە دەڵێم مـایەی سـەرسـوڕمـانە لای هـاووڵاتـیـیـان کـە کـارمـەندێکی بـەداله نەزانێ- بۆ نموونە- سـەرنووسـەری ڕۆژنـامـەیەکی ڕۆژانە کە وا پتر لە سی ساڵە بڵاو دەبێتەوە و نەزانرێ سەرنووسەرەکەی کێیە!!

یاخــۆ داوای ئوتێلێک بکرێت یان داوای ژمــارەی خــەســتــەخــانەیـەک یان دکتۆرێک بکرێ و نەزانرێ!!

ڕەنگە ئەو کـەمـوکـووڕییـانە- وەکـو گـوتم- زۆریان تەکنیکی بن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشــدا دەبێت چارەســەریان بۆ بـدۆزریتــەوە و هـەوڵ بدرێت ئامــێــری نوێ بهــێنرێت و کـــارمـــەندی لێـــوەشـــاوە و راهێنراو و شـــارەزا بۆ ئـەم بوارە دابمەزرێت.

لە هـەمـان کاتدا ئەو کارمـەندە مـامـەڵەیەکی شـایسـتـە لەگـەڵ هـاووڵاتییـاندا بکات و بەشێوەیەکی شارستانییانە پەروەردە بکرێت.

دیارە لەم حـاڵەشدا دەبێت ئەم کارمەندانە کە بەهـەق هیلاک دەبن پـێویسـتـە پاداشـتـی شـیـاو بکرێن، بۆ ئەوەی ئەوانـیش هـەست بەوەڵامــدانەوەی ئەرک و ماندووبوونیان بکەن.

کۆمەڵ بەکارو کارمەندی لێوەشاوە پێش دەکەوێت.

گوڵان ١٦٧ لە ١٩٩٨/٣/٢٨

# سەتڵ

زۆری ویست تا بەتەلەفۆن پەیدام کرد، دۆزینەوەی ئەدرەسێک لە شارێکی گەورەی وەک ئەستەمبوڵ بۆ منێکی تورکی نەزان کارێکی هەروا سادە و ئاسان نەبوو. بەهەرحاڵ هەر چۆنێک بێت دۆزیمەوە، بەڵام کاتێک دیم هەر تەواو حەپەسام، چونکە باوکی کە نامەیەکی دابوومێ بۆ کوڕەکەی لە کوردستانەوە دەیگوت، گوایە کوڕەکەی لە کارخانەیەکی گەورە کار دەکات و وەزعیشی تا بڵێی چاکە. کارخانەی چی؟ لە گەراجێکدا وەک ئوتومبێلشۆر کاری دەکرد.

لە ڕاستیدا بەبینینم تەواو پەشۆکا، دیار بوو حەزی نەدەکرد بەو شێوەیە ببینم. چاکەتێکی چەرمی رەشی پۆشیبوو، جووتێ جزمەی لاستیکی سووری لە پێدا بوو، سەتڵێک کەفاوی دانابوو، بەئیسفنجێکی گەورەش خەریکی شۆردنی ئوتومبێلێک بوو. ناتوانم بڵێم بەبینینم خۆشحاڵ بوو، ئەگەر چی ئەوەشی دەزانی کە لەلایەن باوکییەوە نامەیەکم بۆ هێنابوو.

کوڕی پیاوێکی ناسراو بوو، خوێندنی زانستگاشی لە یەکێک لە زانکۆکانی کوردستان تەواو کردبوو، بەگشتی وەزعیماڵیشیان باش، یان بەواتایەکی تر لە هیچیان کەم نەبوو، بەڵام خولیای چوونە دەرەوە وەک دەڵێن لە زێدوبوومی خۆی هەڵکەندبوو.

ناوی خۆی گۆڕیبوو، لای خۆمان بەشۆڕش ناسرابوو، لەوێ خۆی کردبووە (ئۆزجان) کە پرسیم بۆ؟ گوتی:

(ئیستا لێرە بەقاچاغ دەژیم بۆیە ناوی خۆشم گۆڕیوە)

نامەکەی باوکیم دایە دەست، بە دەستە تەڕەکانی ورد ورد خوێندییەوە و پاشان هەناسەیەکی درێژی دایەوە و گوتی:

(باوکم وا دەزانێ ملیۆنێرم!)

تۆزێک راوەستاو پاشان گوتی: (داوای دە پارچە دەکات)

لە ڕاستیدا من هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام دەمزانی پارچە یانی سەد دۆلار بۆیە گوتم:

(ڕەنگە خۆت وات بۆ نووسیبێ) ئیسفنجەکەی فڕێ دایە نێو سەتڵەکەوە و گوتی:

(ئەی بمگوتایە چی؟ ئۆتۆمۆبێل شۆرم؟)

تەنەکەیەکی بۆ هێنام و خۆشی پاڵی بەتومبێلەکەوە دا و گوتی: (لە ڕاستیدا چیم پێ بوو کردمە مشتی قاچاغچییەکەوە، بەڵام لە پەڕینەوەدا بۆ (یۆنان) گیرام و گەڕاندمیانەوە و هەرچیش کە پێم مابوو جەندرمە لێی ستاندم، وەک دەڵێن: (کەوتمە سەر ساجی عەلی) شەرمم دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا گوتم (ئەی ئێستا بەچەند لێرە کار دەکەیت)

لەوەڵامدا گوتی: (یەک ملیۆن)

یەکسەر منیش گوتم: (یەک ملیۆن)

سەری بۆ لەقاندم گوتی: (واتە (٢٧) دینار)

حەو. ئەی بەتەمای چیت، ئەمەم لە دڵی خۆمدا گوت. پاشان گوتم: ڕۆژی چەند تۆمبێل دەشۆریت؟

لە وەڵامدا گوتی: (دە)

هەستی ڕۆژنامەنووسیم بزواو گوتم: (ئەی چەند سەتڵێ ئاو بۆ هەر تومبێلێک بەکار دەهێنیت)

پرسیارێکی سەیر بوو، رەنگ بوو گاڵتەی بەپرسیارەکانم بێت لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: (دە سەتڵ)

گەر هەر سەتڵێک دە لیتر بێت ئەوا ڕۆژی هەزار لیتر ئاو بەکار دەهێنێت، واتە ساڵی ٣٦٠ هەزار لیتر، ئەم حساباتەم لە مێشکی خۆمدا دەکرد.

لەڕاستیدا بەزەییم پێدا دەهاتەوە. گوتم (ئەی لە کوێ دەنوویت)

سەری داخستبوو، دیارە زۆر شەرمی دەکرد گوتی: (هەر لەم گەراجە)

حەزم دەکرد لە ژیانی بگەم، بۆیە گوتم: (ئەی چەند دەدەیت بەخواردن)

سەری بەرز نەکردەوە گوتی: (نیو ملیۆن لیرە)

پاش تۆزێک گوتی: (واتە نیو ملیۆن لیرە پاشەکەوت دەکەم مەبەستم مانگی ١٥ملیۆن)

سەیری کاتژمێرەکەمم کرد. گوتم (ئەی بەتەمای چیت؟)

دەستی دایەوە ئیسفنجەکەو گوتی: (جارێکی تر خۆمی لێ دەدەمەوە)

کاتم نەمابوو یان ڕاستتر وایە نەمدەویست لەکاری بکەم بۆیە گوتم: (چەندی تێ دەچێت؟)

دەستی کردەوە بەکار. بێ ئەوەی سەیرم بکات گوتی: (بیست پارچە)

واتە دوو هەزار دۆلار، کە خوا حافیزیم لێ کرد، سواری تەکسییەک بووم بەرەو ئوتێل لە دڵی خۆمدا گوتم:

(ئەم مرۆڤە دەبێ هەشت مانگ واتە دوو سەدو چل ڕۆژ کار بکات بۆ ئەوەی ئەو مەبلەغە دابین بکات)

ژمارەکان لە مێشکمدا شەڕیان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو هەزارو چوار سەدەم لە ١٠٠٠ لیتردا، ئایا چ ژمارەیەک بوو، یان ڕاستتر وایە، بڵێم بەنداوی دووکان یان بێخمە یان دەربەندیخان بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم:

(ئافەرین کەللە ڕەقی و ئینکاری!.)

گوڵان ٢٩٢ لە ٢٠٠٠/٨/١٧

# زمانپاکی

ئەمەش بەرامبەر (عفة اللسان)ی عەرەبی و پێچەوانەشی زمان پیسییە. لێرەدا ئەگەرچی عینوانی باسەکە زمانپاکییە، بەڵام من باسی زمان پیسی دەکەم کە نەخۆشییەکی دەروونی بەربڵاوە - بەداخەوە- لە کوردستاندا.

زمان پیس خۆی کەسێکی ڕەشبینە و تەنیا لایەنە لاوازەکانی یان کەموکورتییەکان- بەحسابی خۆی- دەبینێ و دەیەوێ بەباسکردنی ئەو لایەنانە مرۆڤێک لەکەدار بکات.

ئەم نەخۆشییە لە وڵاتانی دواکەوتوو بەگشتی زۆر بەربڵاوە، بەتایبەتی لە نێوان ئەو کەسانەی کە سەرو ساختیان لەگەڵ سیاسەتدا هەیە، وەکو چەکێک دژی یەکتری بەکاری دەهێنن و بەو مەبەستەی لەسەرشانی یەکتری پێی سەرکەون و لە پێناو ئەوەشدا هەرچی درۆ و دەلەسەو ناڕاستی هەیە بەرامبەر مرۆڤێک هەڵی دەبەستن و بەو هیوایەی کەسایەتی تێک بشکێنن و بیرووخێنن و لە ناوەندی سیاسی دووری بخەنەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە خۆی پێچەوانەی کۆمەڵگای پەرەسەندوو و پێشکەوتووە، کە تێیدا مرۆڤی لێوەشاوەی تیا دروست دەکرێ و رەنگی پیاوی داهاتووی تێدا دەڕێژرێت.

لە حەقیقەتدا زمان پیس خۆی مرۆڤێکی نوقسانە و لە رێی زمان بەدی و هەڵبەستنەوە دەرهەق مرۆڤی پاک دەیەوێ، کەموکوورییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە و دەروونی نەخۆشی پێ ئاسوودە بکات، کە لە زۆربەی کاتدا خۆی تووشی ئازاری ویژدان دەبێ و بەدەردی درۆ هەڵبەستنەوە دەتلێتەوە، چونکە دەزانێ کە کۆمەڵ بە چ چاوێک سەیری ئەو جۆرە مرۆڤە دەروون نەخۆشانە دەکات.

مرۆڤی زمان پیس هەمیشە دووڕووشە و چەند لە پشت پەردەوە بەنهێنی

زەمی هاوەڵی خۆی و مرۆڤی دەوروبەری دەکات، ئاواش بەرەوڕوو پیاهەڵدەر و زمانلووس و ماستاوچی و مرۆڤێکی بێ چاو و ڕووە.

زمان پیسی سەرلووتکەی حەسوودی و بەخیلی و چاوپیسی و ترسنۆکییە، بۆیە ئیتر وەک شتێک لە هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵەکەمان پێویستە ئاستێک بۆ ئەو جۆرە کەسانە دابنرێ و نەهێڵرێ ئەم نەخۆشییە دەروونییە لە نێو کۆمەڵەکەماندا پەرە بستێنێ و ئەو جۆرە نەخۆشانەش پەردە لە روویان هەڵماڵدرێ و ئەو مرۆڤە نوقسانانەش تەسلیم بەنەخۆشخانەی دەروونی بکرێن و بەرپرسانیش هەرگیز گوێ لەو زیندەوەرە زەرەر بەخشانە نەگرن، چونکە ئەم زیندەوەرە دووڕووانە کـۆمـەڵ دەشـێـوێنن و ئاژاوە دەنێنەوە و روویەکی ناشارستانی بەکۆمەڵ دەدەن.

زمـان پیس و زمـانبـەد، پڕوپاگـەندەچی و بـوختـانچی و درۆین، ئەوانە ویژدانیان سڕو دڵیان رەش و دەماری پیاوەتییان تەزیوە، هەر بۆیەش هەموو ئاینە ئاسمانییە پیرۆزەکان نەفرەت و لەعنەت لەو جۆرە مرۆڤانە دەکەن.

ڕاستە ئێمە ناتوانین کۆمەڵگایەکی میسالی لە شەو و ڕۆژێکدا بنیات بنێین و هەمووی مرۆڤی کامڵ و پاک و کردەوە چاک و زمان پاک و نموونەیی بێت وەک ئەو کۆمەڵەی مرۆڤە مەزنەکانی وەکو پێغەمبەری موسڵمانان و حەزرەتی عیسا و مووسا لەسەر زەمین بیخوڵقێنن، بەڵام خۆ دەتوانرێ رێگە بەو جۆرە (مرۆڤیلکانە) بگیرێ کە نەتوانن هەگبەی دڵی رەشیان داتەکێنن و لێزمەی بارانی ناهەقییان بەسەر خەڵکیدا داببارێنن.

کەی توانیمان رێ لەو جۆرە میکرۆبمرۆڤانە بگرین لە ناو گەلەکەماندا ئەوا خـزمـەتێکی گـەورە بەگـەلەکـەمـان دەکـەین و سـەرکـردایەتیـشـمـان لە سەرئێشەیەکی ناپێویست رزگار دەکەین.

لە کۆتاییدا دەڵێم: تێ ناگەم، گەر مرۆڤ نەتوانێت قسەی باش بکات، ئیدی بۆ قسەی خراپ بکات.

گوڵان ٣٠٣ لە ٢٠٠٠/١١/٢

# ئالاّی کوردی

مەسـەلەی بوونی ئالاّ لە کۆمەڵگەدا، ئەمڕۆ، مەسـەلەیەکی ئاساییە، مرۆڤ لە وڵاتانی پێـشکەوتوو و شـارسـتـانیـدا، ڕۆژانە دەیان ئـالاّ دەبینێ کـە مـایەی سەرسوڕمانی خەڵکی نییە.

لـەو وڵاتانـەدا، هـەمـــوو بـەنزینخـــانەیەک، فـــرۆشگـایەک، کـــۆمـــەڵەیـەک، کۆمپانیـایەک ئالاّی تایبەتی خۆی هەیە، کە تاڕادەیەک بەپێویستییەک لە قەڵەم دەدرێ و بۆ جیا بوونەوە لە یەکدی بەکار دێ.

بۆ نموونە کۆمپـانیـای ڕینۆ، کۆمپـانیای ڤۆلڤۆ، ساب سکـانیا...و هتد، هەر یەکە و ئالاّی تـایبـەتی خـۆی هـەیـە، جـا نە تەنیـا ئـەوەش، بەڵکو کـەسـانێک کـە پێکەوە دەچنە سەیرانێک ئالاّیەکی تایبەتی بەسـەر ئۆتۆبوسـەکەیاندا هـەڵدەکەن و کـاتێک دەگـەنە سـەیرانگاش بەسـەر چادرەکـانیـاندا هـەڵدەدەن، بۆ ئەوەی لە گرووپی سـەیرانکەرانی دی، جوێ بکرێنەوە.

ئەمـانەی سـەرەوەم بۆیە گوت، چونکە لە کـۆمەڵگـەی کوردیی ئێمـەدا ئەوەی کە نابینرێ (ئالاّ)یە و وەکو ئالاّ، بڤە بـێ، کەس نابینرێ دەسـتی بۆ بەرێ، جـا بۆیە مـن هـەر بۆ ڕچە شکـاندن ئەم پێـشنیـازانە، پێـشکێش بەهاووڵاتیـیـان و کـابینـەی سێ دەکـەم. لـە سـەرەتـادا بۆ ئەوەی تـرسـمــان بشکـێ با لـە تـیـپـە وەرزشییەکـانەوە دەست پـێ بکـەین، بۆ نموونە تیـپەکـانی تۆپ تۆپێن با ڕەش و زەرد بن و بـاسکە زەرد و ڕەش و بالـە بەشین و سـەوز.. ئەمــە وەرزش ئینجـا کەبابخانەکان با قـاوەیی و گۆشتی، چێشتخـانەکان ڕەنگ نیسک و دۆشـاوی و قـەسـاب وێنەی چەقـۆ و ئـاژەڵ، سـەوزە فـرۆش ئەویش بـەپێی جـۆری بـابەتی خـەیار و تەمـاتە. گـێزەر و شـێلم و ئـاژەڵ فـرۆشـان ئالاّکـەیان ئەویش بـەپێی جـۆری ئاژەڵەکـان سـەری گـاو، چوار سم، یا چوار سم و کلکی مـانگا و قـوتابخـانەکـانیش قـەڵەم و دەفتـەر، جـا بـەپێی پلـەی خـوێندن سـەرەتـایی ڕەنگ

پەمەییو شەش تەباشیری رەنگاو رەنگ. ناوەندی سێ قەڵەم و تەخت وەنەوشی و دواناوەندی تەخت شین سێ پاندان و زانکۆکانیش هەموو جۆرە ئاڵایەکیان هەیە، جگە لە ئاڵای دەڤەری خۆمان. بەکورتی ئاڵا لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەکاربێت و هەر بۆ نموونە، گەڕەکەکانیش بەپێی مێژوو و نەرێتیان. گەڕەکی بەستەپیازە ئاڵاکەی بریتی بێ لە چوار دەسک تەڕەپیاز، گەڕەکی شۆڕش برنەو و تاپڕ و ماهێر، عەینکاوە دوو چاوی گەش و گورزی دەستی کاوە و عەردی مەلایان: مێزەرو جبەو گۆچان.

جا کاتێک کۆمەڵگەکەمان بەڕۆڵی گرینگی ئاڵا و سوودی لە کۆمەڵدا، ئاشنا دەبێت ئەم پێشنیازانە سەبارەت بەئاڵایەک بۆ حکوومەتی هەرێم پێشکێش دەکەم:

ئێمە، تا ئێستە بەشێکین لە عێراق بەڕەسمی، ئەگەر چی هەموو داوودەزگایەکی خۆمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دیدی یاسای نێودەوڵەتییەوە؛ چونکە بەڕەسمی دانمان پێدانەنراوە، هەر بەبەشێک لە عێراق لەقەڵەم دەدرێین. بۆیە ئێمە دەتوانین، سوود لەو حاڵەتە وەربگرین کە بەبەشێک لە عێراق حسابین، بەڵام سەربەخۆشین، بۆیە دەتوانین ئاڵای عێراق لەسەر شوێنە رەسمییەکانمان وەکو دائیرەکان و وەزارەتەکان و شوێنە رەسمییەکان هەڵبواسین، بەڵام بەشێوەیەک کە تایبەتمەندێتی هەرێمی تێدا بپارێزرێ. بۆ نموونە ئاڵای عێراق سەربەرەو خوار هەڵواسین، یانی ڕەنگەکان بەپێچەوانە بێ یانی سوور، سپی، رەش ببێت بەڕەش، سپی، سوور. هەر ئاڵای عێراقیشە و هی عێراقیش نییە، هی هەرێمە، ئەمەش بۆ ئەوەی دراوسێکان و عێراق خۆی لێمان زویر نەبن و پاساویشمان بۆ دەرو دراوسێمان پێویستیی شوێنە رەسمییەکانمانە بەئاڵا. یان ئەوەتە هەر ئاڵای عێراق سوورو سپی و رەش، بەڵام بێ (الله اکبر)، و ئێمە لە باتی لەسەری بنووسین (لااله الا الله) واتە بەجۆرێک بزانرێ کە ئەمە ئاڵای عێراقە، بەڵام هی عێراقیش نییە، هی هەرێمە یان وەکو شۆڕشگێڕانی ڕۆمانیا کاتێ بەسەر چاوچیسکۆدا سەرکەوتن و نەیاندەزانی چ ئاڵایەک هەڵبکەن، بۆیە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، ناوەڕاستی

ئالاکـەیـان هـەڵکـۆڵـی و ئالای کـۆنی دەوڵـەتی ڕۆمـانیـای چاوچیـسـسکۆیان بەکـوناودەری کـردە ئالای خـۆیان. جا ئێـمـەش گەر بیـرمـان بـۆ هیچ جـۆرە چارەسـەرێک نەچوو، ئەوا ئالای عـێراق کون کـون دەکەین پاسـاویشـمـان بۆ دەرو دراوسێمـان ئەوە دەبێ کە کوردسـتـان ڕەشـەبا گاڵەی پێ دەکا و ئالای عـێـراقی گـەر کـونـاودەر نەکـرێت، بەرگـە نـاگـرێ!. یان ئەوەتا هـەر ئەو ئالای عێراقە وێنەی گوڵە نێرگزێکی بخرێتە سـەرو بەسـەر شوێنە ڕەسـمـیـیەکاندا هەڵبواسرێ، یان گەر هـەر هیچ پەیدا نەبوو، ئەوا ئـالای عێراق هـەر وەکو خۆی هـەڵبـواسـرێ بەمـەرجێ (الله اکبـر)ەکـەی بەلاتینی لەسـەر بنووسـرێ. گـرینگ جیـاوازییـەک، ئەگەر چی زۆر بچووکیش بێ - بۆ ئەم قـۆناغە - لەنێـوان ئالای عێراق و هـەرێمدا، هـەبێ کـە مرۆڤ هـەست بکا لە عـێراقە، بەڵام لە عێراقـیش نیـیـە و لـە کـوردسـتـانی حکوومـەتی هـەرێـمـە. هـەر کـاتێکیش بـارودۆخی کوردسـتـانی خـۆمـان بەرەو پێشـتـرەوە چوو، ئەوە پەرلەمـان دەتوانێ بڕیاری گونجاو دەرهـەق مەسـەلەی (ئالا) بدات. ئەم دەڤەرە - خوێنەری بەڕێز - شـەش ساڵە بێ (ئالا)یە بۆیە پێویستی بە(ئالا)یە.

گوڵان ١٢٢ لە ١٩٩٧/٥/٢٤

# ئەرک و سەرمایە

لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، سیستەمێک هەیە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان و بەڕێوە بردنی وڵات ئەویش سیستەمی (باج)ـە. هاووڵاتییان بەپێی دەرامەتیان بڕێک لە دەستکەوتیان وەکو (باج) دەدەنە دەوڵەت و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژەیەک دانراوە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو سوید هاووڵاتییان بەپێی مانگانەیان ٣٢٪ی دەستکەوتیان دەگەڕێننەوە بۆ دەوڵەت و ئەم (باج) ـەش بەپێی بەرزبوونەوەی دەستکەوتیان سەردەکەوێ تا لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە ٧٥٪ واتە بۆ ئەو کەسانەی یان ئەو کۆمپانیانە کە داهاتیان زۆرە دەبێ تاڕادەی لە سەدا حەفتای بدەنە دەوڵەت و بەم پێیەش دەوڵەت، لەم داهاتەوە کە دەگەڕێتەوە خەزێنە، خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییانی خۆی دابین دەکات، هەر لە بەرگرییەوە تا دەگاتە باخچەی منداڵان و تەئمینی تەندروستی و..هتد.

بەداخەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم تاکو ئێستا ئەم سیستەمە بەڕێکوپێکی پیادە نەکراوە و تەنیا دەوڵەت بۆ خۆی بژێو و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان دابین دەکات، جا هۆکەی کەم دەرامەتیی خەڵکی بێ، یان دەرامەتی زۆر دەوڵەت خۆی بێت، هەر کامیان بێت، ئەوا خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان وەکو خۆشگوزەرانیی ئەو وڵاتانەی سەرەوە نییە کە باسم کرد.

لێرەدا نامەوێ بڵێم ئێمە بەشێوەیەکی میکانیکی سیستەمی باجی وڵاتانی پەرەسەندوو بگوێزینەوە بۆ کوردستانی خۆمان، کە ڕەنگە ئەوە بۆ ئەم قۆناغە زۆر زەحمەت بێت و نە هاووڵاتییان و هۆشی کۆمەڵایەتی لەو رادەیەدا بێت و توانای حکوومەتەکەشمان لەو ئاستە پەرەسەندووەدا بێت کە بتوانێ کۆنترۆڵی تەواوی دەرامەتی خەڵکی و بازرگانان و کۆمپانیاکان بکات و باجی ڕاستەقینەی خۆیان، وەکو پێویست لێ وەربگرێت.

بە هەرحاڵ، ئەگەر هێمنی و ئاسایش و ئاشتی لە کوردستاندا بەرقەرار بێت، ئێمەش وەکو گەلانی تر هەر بەو قۆناغە پەرەسەندووەی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ دەگەین، جا تا ئەو کاتە – کە مەبەستی ئەم نووسینەیە– هەندێ هەوڵ – دیارە لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانی حکوومەتی هەرێمەوە – بدەین کە هاوکارییەک لە نێوان خاوەن سەرمایەو دەوڵەتدا بهێنینە کایەوە، کە هەم لە خزمەتی خۆشگوزەرانیی خەڵکیدا بێت و هەم بەجێهێنانی ئەرکێکی نیشتمانییش بێت لەلایەن سەرمایەدارانەوە یان بەواتایەکی کوردی لەلایەن دەوڵەمەندانەوە کە لە نێوماندا دەژین.

ئەمڕۆ یەکێک لەو کێشە گرینگانەی کە رووبەڕووی دانیشتووانی کوردستان – دیارە مەبەستم کوردستانی عێراقە– بووەتەوە، کێشەی کەمیی کارەبایە.

ئێمە لێرەدا بۆ هۆکارەکانی ئەم کەمی و لاوازیی کارەبایە ناگەڕێین، ئەوە باسێکی ترە، بەڵکو بۆ چارەسەرێکی ئەگەرچی، کاتیش بێت، پێویستە بگەڕێین.

لێرەدا نموونەیەک لەسەر شاری هەولێر دێنمەوە: ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی هەولێردا دەبینین کە دەوڵەمەندان وەک ئەرکێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی چەند مزگەوتێکی زۆر نایاب و زۆر گەورەو قەشەنگیان بنیات ناوە کە هەندێکیان تەواو بوون و هەندێکیان لە تەواوبووندایە کە رووییەکی شارستانی و مێژوویی و سیمایەکی تایبەتی دەدا بەشارەکە، کە دەبێ جێی شانازیی بەرپرسان و دانیشتووانی شارەکە بێت، دەڵێم گەر دەوڵەمەندانی هەر ئەم شارە بۆ نموونە هەریەک و (مولیدە) یەک وەک دیاری پێشکێش بەگەڕەکێک بکات و حکوومەتی هەرێمیش بۆ خۆی گازو کرێکارو پێویستییەکانی تری دابین بکات، ڕەنگە ئەرکێکی گەورە لەسەر حکوومەتی هەرێم لاببات و دیارییەکی بەنرخیش بێت بۆ هاوولاتییان و بەجێهێنانی ئەرکێکی نیشتمانیش بێت بۆ برایانی گەورە بازرگان و سەرمایەدارانی کوردستان.

گوڵان ٢٣٦ لە ١٩٩٩/٧/٣١

# پشت سەیتەرە

هەمــوو شــپــرزە بــووین، بەتـایـبـەتـی هـاوســەرم، کـە هـەر شــەوەکـی خــەریـکـی پێــچــانەوەی دۆڵـمــەی گــەڵامــێــو بـوو. مـنداڵەکــانـیش هەمــوو خــەریـکـی خــۆ ئامــادەکــردن بوون، هـەریـەکـەو جلێکـی لەبـەر دەکـرد و پـاشــان دەیـگـۆڕی و بەرگێکی تری دەپۆشی، خۆشم بۆ شرترین و چڵکنترین جلی کوردی دەگەڕام کە هاوسەرم تێی خوڕیم: بۆ خۆت ناگۆڕیت، بەتەمای چیت؟

لە ڕاسـتـیـدا بەتەمـای هیـچ نەبووم، بەڵام بەرگـێکی وام بۆ دەسـتـنیـشـان نەدەکرا، کە لایقی ئەو جۆرە چوونە دەرەوەیە بێت، بۆیە بەئەسـپایی، بۆ ئەوەی پتر لە خۆمی نەورووژێنم گوتم: (پەلە مەکە ئێوەش هێشتە ئامادە نین)

وەڵامم نەدایەوە یان مـەبەسـتم ئەوە بوو کە وتـووێژێکی گـەرم با نەڵێم شـەڕ، بەرپا نەکەم و پـتر بەدوای جلە کوردییە کۆنەکانمدا دەگەڕام، کە زەمـانـی شـاخ و لە کاتی پێشمەرگەیاتیدا دەمپۆشـین، لە دڵی خۆمدا وتم:

(مەگـەر ئەو جۆرە جلانە، دەرەقەتـی کـەشوهـەواو دەوروبـەری پشـتـی سـەیتـەرە بێت)

من جلەکـانم دۆزیبـووەوە و بۆ پشـتـێنێکی گـونجـاو دەگـەڕام، کە هـاوسـەرم قیژاندی بەسەرما گوتی:

(خۆ نیازت نییە ئەم جلە شڕانە بپۆشی؟)

دڵم داخـورپاو بەڵام هیـچم نەگوت، بەشـێنەیی جلەکـانم پۆشی و پشـتـێنێکی ڕەشی قەترانیشم لەسـەر بەست، هـاوسەرم جارێکی تر قیژاندی گوتی:

لەگەڵ تۆمە. ئەمە چییە دەتەوێت حەیای خۆت بەری!

من وەک دەڵێن ئامـادەباش بووم. قیت ڕاوەسـتـام و زۆر بەدڵنیاییـیەوە گـوتم: (نەخێر)

سەری سورما بوو لە هەڵوێست و لە ڕەفتارم نەدەگەیشت خەریک بوو جارێکی دی دەم هەڵێنێتەوە کە گوتم: (لەبەر تەپوتۆزی ئۆتۆمبێلەکانی جادەی مەسیف کە بەلاماندا تێ دەپەڕن و ئەو ناوە دەکەنە گەردەلوول.) هاوسەر بەسەرسامییەوە گوتی: (گەردەلوول؟!)

لە وەڵامدا بۆ ئەوەی هێندەی نیگەران نەکەم گوتم:

گەردەلوولی بیابان.. نا ... گەردەلوولی تۆزو خۆڵ.. بۆ نازانی دەمەو ئێواران دەبێ بەچ حەشرێک، سەدان ئۆتۆمبێل پێشبڕکێ دەکەن و چ گەردەلوولێک دەخوڵقێنن و چ تۆزو خۆڵێک بەسەر دانیشتووانی ئەم بەرو ئەو بەری جادەکەدا، دەپرژێنن کە مرۆڤ خەریکە بخنکێ.. بۆیە پێشنیاز دەکەم..

رووی لێ وەرگێڕام و سەری قابلەمە دۆڵمەکەی بەسەرەویرێک گرێ داو پاشان گوڵە بەڕۆژە سوێرکراوەکەی- کە من لەبەر گوشاری خوێن توخنی ناکەوم- خستە ناو توورەکەیەکەوە و پاشان گوتی:

فەرموو پێشنیازی چی دەکەیت؟

چەند کیسە خۆڵێکم لە دوێنێوە ئامادە کردبوو، دوو کیسەی گەورە بۆ خۆم و هاوسەرم و سێ کیسەیش- خاوەنی سێ منداڵم - بۆ منداڵەکانم. کیسەکانم لە قوژبنی ژوورەکەدا کە بەهەندێ ڕۆژنامە حەشار دابوو هێنایە دەرێ و جارێکی تر ژماردمەوە.

هاوسەرم پلەی رقی نەدەپێورا، بۆیە لە سروشتی ئاساییی خۆی دەرپەڕی و گوتی:

(ئەم کیسانە چییە؟ جارێ تۆ وەڵامم بدەرەوە پێشنیازی چی دەکەیت؟)

زۆر بەشێنەیی، کە بەتەواوی پێچەوانەی باری دەروونی هاوسەرم بوو، گوتم: ئێمە ناچینە دەرەوەی هەولێر؟ بۆ پشتی سەیتەرە؟

تاقەتی وەڵامدانەوەی نەبوو، هەر بە سەر لەقاندن وەڵامی دامەوە، بۆیە گوتم: (ناچینە کەنار جادە، لەبەر گەرما دانانیشین و پاشان خۆڵ باران ناکرێین..)

قسەکانی پێ بڕیم و گوتی: ئەی (تێ ناگەم) پێشنیارت چییە؟

لە وەڵامدا گوتم:

(پێویستییەکانی سەیران هەڵدەگرین و دەچینە ئەو دیو دەرگەکەی خۆمانەوە و لەسەر شۆستەکە، بەرانبەر کەلاوەکەی بەرانبەرمان، دادەنیشین کەی دنیا بەتەواوی گەرمی کرد ئەوا دۆڵمەکە دەخۆین و پاشان دەکەوینە ترووکاندنی گوڵەبەڕۆژە و دەمە و ئێوارەش خۆم کیسەکان دابەش دەکەم)

جۆری سەیرکردنەکەی بێ ئارامیی لێ دەتکا، گوتی: ئەی دوایی؟ ئاماژەم بۆ کیسەکان کردو گوتم: ئەم کیسانە خۆڵیان تێدایە، دوو کیسە گەورەکە بۆ خۆم و خۆت و بچووکەکانیش بۆ منداڵەکان.

بەگاڵتە پێکردنەوە گوتی: (ئێ)

زۆر بەدڵنیاییەوە گوتم: ئێ دەمەو ئێوارێ خۆڵبارانی یەکتر دەکەین و هەموومان خۆمان تەپوتۆزاوی دەکەین و پاشان کۆتاییی بەسەیرانەکەمان دێنین و دەگەڕێینەوە ماڵ و ئەمەش، یەک سوودی گەورەی هەیە؟ لەوە دەچوو بە شێتم تێ بگات. چاوی بڕیبووە چاوم گوتی: سوودی چی؟

لە وەڵامدا گوتم: بە سەلامەتی دەگەڕێینەوە ماڵ، نابینە میوانی خەستەخانەی فریاگوزاری...

گوڵان ١٧٢ لە ١٩٩٨/٥/٢

# زەنگ

ئەو پێش نیوەڕۆیە، زیاد لە پێویست بێ تاقەت بووم، حەزم نەدەکرد کەس بدوێنم، یان کەسێک بمدوێنێت. مێشکم ئاڵۆز و حەواسم پەرت بوو، سەرم دەیەشا و تەواوی جەستەم هیلاک و ماندوو بوو، هەر بۆیەش بێ ئەوەی بەرچایی بخۆم لە ماڵ دەرپەڕیم و بەشەقامی (کانیسکان) دا، رووەو (مزگەوتی گەورە)، بێ ئامانج ملم نا.

خۆم زیاتر بەتابلۆی سەر دووکانەکانەوە دەخافڵاند و سەر لەوحەی دووکانێک هەستی بلاومی گرد کردەوە. بەڵێ... بەخەتێکی ناخۆش بەڵام ڕوون و دیار نووسرابوو: (ئاشی رەوشت!) لەو بێ تاقەتی و بێ حەوسەڵەیە و بێزارییەمدا بزەیەک گرتمی و لە دڵی خۆمدا گوتم: (تۆ بڵێیت لێرە رەوشت بهاڕدرێت؟) بەلای چەپمدا ئاوڕم دایەوە، لەسەر دووکانێک نووسرابوو: (مریشک فرۆشیی ڕاستی!). تۆ بڵێیت هی (درۆش) هەبێت. لەسەر یەکێکی تر نووسرابوو، گۆشتفرۆشیی (بەڵێن)! و نانەواخانەی (ئەڤین) و سەرتاشخانەی (سۆز). جاران سۆز و ئەڤین و بەڵێن و ڕاستی هەر لە نامەی دڵداریدا دەنووسرا، کەچی... بەهەرحاڵ سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، نووستبوو. هەر بۆیەش لە یەکەمین سەعاتچی کە ناوی (میرزا میقات) بوو لام دا. (میرزا میقات) لە بۆنە پیرۆزەکاندا (مەولود)ی دەخوێنێت. خۆم کرد بەژووردا، ئەو تەواو سەر قاڵ بوو، لە ژێر لێوەوە وەڵامی دامەوە. سەرگەرمی چاککردنەوەی کاتژمێرێک بوو. لە ناکاو سەری هەڵبڕی. دیمەنێکی سەیرم دی. زەڕەبینێکی لولەیی خستبووە نێوچاوی چەپی، هەر بۆیەش ئەو چاوەی بێ ئەندازە گەورە دەهاتە پێش چاو. لەڕاستیدا دڵم داخورپا. دیمەنێکی ترسناک بوو. کاتژمێرەکەم دایە دەستی. بڕێک ئەم دیو ئەمدیوی کرد. پێم گوت: (وابزانم لە دوێنێوە نوستووە) ئەویش هەر لەژێر لێوەوە گوتی: (ئاخر

هیلاکت کردووه!). هیلاکی چی؟! بۆ مرۆڤە راوم نابێت؟ بەڵام بێدەنگ بووم، چونکە دەمزانی (میرزا میقات) یەکجار ناسک هەست و کەم چیکڵدانەو برێکیش عەسەبییە. کاتژمێرەکەی بەهێمنی کردەوە و بەچاوی چەپی کەوتە تێڕواندنی و پاشان کەوتە فوو.. بەڵێ فوو لێکردن، بۆیە خۆم بۆ رانەگیرا و گوتم: (میرزا میقات، ئەوە فوو لە چی دەکەیت، ئەم کاتژمێرە داخراوە و هەرگیز نەکراوەتەوە، بۆیە هەموو شتێکی تێ بچێت تەپوتۆز و خۆڵی تێ ناچێت. ئیتر فووی چی..؟)

سەری هەڵبڕی، برۆکانی دەلەرزین، سوور هەڵگەڕا، من زیاتر سەیری چاوە گەورەکەیم دەکرد، لە چاوی تیمساح دەچوو. کاتژمێرەکەی داخستەوە و لە تووڕەییدا هیچی نەگوت.

هاتمە دەرێ، کاتژمێرەکەم خستەوە مەچەکم و بەرەو گەڕەکی (شێخان) بەلاکۆڵانێکدا ملم نا، لە کۆڵانەکەدا منداڵێک سەرنجی ڕاکێشام، دەیویست لە زەنگی دەرگەیەک بدات، بەڵام دەستە بچووکەکانی نەیدەگەیشتێ، تەمەنی هەر حەوت هەشت ساڵان دەبوو. زیت و بزێو دەهاتە پێش چاو. خەریک بوو بەلایدا تێ پەڕم بەدەنگێکی ناسکەوە گوتی: (مامە گیان لە زەنگی ئەم دەرگەیەم بۆ نادەیت؟) ئەی بەسەرچاو، مرۆڤ هەر کاری چاکە بکات و تا بتوانێ خزمەتی لە خۆی بچووکتر بکات. زانایەکی گەورە دەڵێ مرۆڤی جوامێر هەرگیز دژایەتیی خوار خۆی ناکات. ئەمە پرنسیپە. ئەمانەم هەمووی بەمێشکدا دەهات هەر بۆیە بێ سێ و دوو زەنگی دەرگەکەم بۆ دا. من رۆیشتم، بەڵام منداڵەکە پێش من کەوت و لەو کاتەدا دەرگەیماڵەکە کرایەو. قریشکەیەک بەئاگای هێنامەوە. (ئەوە کێ بوو لەو دەرگەیەی دا؟) ئاوڕم دایەوە، ژنێک سەیری منی دەکرد و منیش سەیری منداڵەکەم دەکرد. منداڵەکە زۆر بێ باکانە ئیشارەتی بۆ من دەکرد و سەری سەلماندنی بۆ ژنەکە دەلەقاند! بۆیە ژنەکە جارێکی تر قیژاندی. چەخماخەی بەهاری چی، برووسکەی زستانێکی تۆف جریوەی زەڕنەقووتەیەکی سەرمابردەڵەی نزیک سەرە مەرگ بوو. گوتی: (بۆ لە دەرگەی ماڵمان دەدەیت؟ تۆ کێیت؟ کێت دەوێ؟) ئاوڕم بەلای منداڵەکە

دایەوە، لەبەر چاو نەمابوو. ویستم شتێک بڵێم کە جارێکی تر گرماندی: هەی زەبەللاح عەیب ناکەیت لە دەرگەی ماڵان دەدەیت؟ ئیتر نەوەستا و کەوتە جنێودان، ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. یا ئیلاهی چ دەمەهەراشێک بوو. بەوردی سەرنجم دا، گوێی قوپاو، لێوی دەزوو، لووتی درێژ، سنگی تەختە، دانەکانی زەرد و شاش و قژی تەلی حاجەت بوو. هەر روحم چوو، بۆیە بەپەلە بێ ئەوەی هیچ بڵێم بەکۆڵانەکەدا خێرا خێرا کەوتمەوە رێ. هەر نەموێرا ئاوڕیش بدەمەوە. کە گەیشتمە سەری کۆڵانەکە منداڵەکە لە پەنا دیوارێکدا خۆی حەشار دابوو، چاوەکانی دەپرسکانەوە. بزەیەک گرتی، کە پاکیی لێ دەباری، ئەویش لە ترسا، لە ترسی من؟ بەتوندی رای کرد و هەر بەزوویی لە چاو ون بوو. بەپەلە دەرۆیشتم، هەنگاوێکم دەکرد بە(دە) لە دڵی خۆمدا گوتم: خوا رەحمی کرد، لە باتی ئەو دەمەهەراشە دوو چەکدارم بۆ دەرنەپەڕین. دەنا ئێستا خوێنەری بەرێز دەبوو لە تەعزێکەمدا فاتیحە بخوێنێت.

سەیری کاتژمێرەکەمم کرد. ئەویش لە – ترسا؟– کەوتبووەوە کار.

گوڵان ٢٦٣ لە ٢٠٠٠/١/٢٧

# زمان

بەتەنیا بەشەقامەکانی هەولێردا دەسووڕامەوە، هیچی وانەبوو خۆمی پێوە خەریک بکەم. لە یەک دوو چاخانە لام دا، لەبەر گەرماو دووکەڵی جگەرە خێرا هەڵدەستام و دەکەوتمە گەڕان. کەوتمە خوێندنەوەی تابلۆی سەر دووکان و دەزگەکان و دەمویست تۆزێ بەو ناوانەوە خۆم ئاڵۆز بکەم. تابلۆی سەر دەزگایەک سەرنجی ڕاکێشام. "خەستەخانەی هەولێری فێرکردن".

منێک کەوا بۆ دوو ساڵ دەچێ لە هەولێر دەژیم و بێکارم، لە دڵی خۆمدا گوتم بۆ نەچم خۆم فێری هەولێری بکەم!!.

لە ڕاستیدا خۆشم تێ نەدەگەیشتم و لە مێشکی خۆمدا تاوتوێم دەکرد، بۆ هەولێری دەبێ زمانێکی جودا بێت؟ من وابۆ دوو ساڵ دەچێ لێرەم، لە هەولێر هیچ گرفتێکی زمانەوانی نەهاتووەتە ڕێم، ئیدی بۆ دەبێت ئەمانە بیانەوێت خەڵکی فێری هەولێری بکەن؟

کێشەیەکی ئاڵۆز بوو، بۆم شی نەدەکرایەوە، بۆیە کە گەیشتمە بەر ترافیکەکەی بەردەم وەزارەتی ئەوقاف، جارێکی تر بەلای چەپدا بام دایەوە و هاتمەوە لای خەستەخانەکەو لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

"دەبێ من سەهوو بم؟"

بەڵام نا... تەواو بوو نووسینەکە بەڕوونی نووسرابوو "خەستەخانەی هەولێری فێرکردن"

چاوم هەڵگلۆفی، چەند جارێک تررووکاندم، دەمنووقاند و هەڵم دەهێنایەوە و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: هەردەبێ من سەهوو بم دەنا چۆن! پاشان خەستەخانە بۆ، گەر واش بێ، بۆ خەستەخانە بیەوێ خەڵکی فێری هەولێری بکات!!. خەستەخانە؟!

کەوتمە بیرکردنەوە. باشە بۆ خەستەخانە، بۆ؟. سەرم گێژی دەخوارد.

ناچاربووم، مێشکم هیلاک بوو، لە چاخانەکەی بەرامبەر خەستەخانەکە لەسەر کورسییەکی شەق و شڕو چڵکن، زۆر چڵکن، دەتگوت نەوتی رەشی پێدا کرابوو، دانیشتم جارێکی تر ئەو مەسەلەیەم تاوتوێ کردەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم:

تۆ بڵێی ئەم خەستەخانەیە پڕ بێ لە ئاوارەی سلێمانی و بیانەوێ فێری هەولێرییان "یان دکتۆرەکان لە کاتی بێ ئیشیدا- لەباتی وەرزش یان خوێندنەوە- نەخۆشەکان - بەتایبەتی ئەوانەی دانیشتووی هەولێر نین- فێری هەولێرییان بکەن!!..

سەرگەرمی چاخواردنەوە بووم، کە دکتۆرێکی ناسیاو لە خەستەخانەکە دەرپەڕی و منیش بۆ ئەوەی هەل لە کیس خۆم نەدەم بەچەند شەقاوێک - لەڕاستیدا- راکردن بۆ - گەیشتمە بەردەمی و پێش ئەوەی دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەی بکاتەوە، پێم گوت:

"دکتۆر - لە کەیەوە دەستتان بەم خولی فێرکردنە کردووە؟"

دکتۆر بەسەر سوڕماوی تێی دەڕوانیم و گوتی:

"خولی چی؟!"

ویستم پرسیاری تر بکەم، بەڵام ئەو مۆڵەتی نەداو پێی نا بە بەنزینداو لە چاوترووکانێکدا، لەبەر چاو ون بوو.

گەڕامەوە بۆ چاخانەکە، ئەم جارە لەسەر کورسییەکە ناسیاوێکی ئاوارەی خەڵکی سلێمانیم دی.

پاش چاک و چۆنی، کەوتە باسی وەزعی شڕی خۆی، بەبینینی جلوبەرگی و لاوازی جەستەیدا، گومانم لە دۆخی نالەباری نەما.

ماوەیەک بێ دەنگ بووم، من پتر مێشکم لای "خەستەخانەی هەولێری فێرکردن" بوو لەگەڵ ئەوەشدا لە ناسیاوەکەم پرسی:

"ئێستە خەریکی چیت؟"

قومێکی لە چاکەی بەردەمی دا و هەناسەیەکی درێژی دایەوە و گوتی:

"ئاوارەم"

وەمزانی لە پرسیارەکەم نەگەیشتووە، بۆیە جارێکی تر گوتم:

"دەزانم، مەبەستم ئێستە خەریکی چیت؟

پیاڵە بەتاڵەکەی لەسەر تەپڵەکەکەی بەردەمی دانایەوە و گوتی:

"ئاوارەم"

تێ گەیشتم بۆیە گوتم:

"ئەی بۆ ناچی لە ڕاگەیاندن کار بکەیت؟"

بەسەرسوڕمانەوە تێی دەڕوانیم، لەوە دەچوو وابزانێ گاڵتەی پێ دەکەم، لە وەڵامدا گوتی:

"تورکی نازانم!!"

لە ڕاستیدا سەرسام بووم بۆیە گوتم:

"کاکە مەبەستم ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانە؟"

چاوەکانی تێ بڕیم، نیگاکانی گڕی لێ دەباری و گوتی:

"عەرەبی نازانم"

پلەی تووڕەبوونم بەهاوکاریی گەرمای هەولێر، چەند پلەیەک هەڵکشابوو، جارێکی تر گوتم:

کاکی برا مەبەستم لە ڕاگەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە؟

بەبەزەییییەوە تێی دەڕوانیم، بەپەنجەی شەهادەتی، عارەقی ناوچەوانی سڕی. پیاڵە بەتاڵەکەی هەڵگرت و قومێکی لێ دا. بە شەرمەوە خێرا دای نایەوە. دەستێکی بەلاڕانیدا دا و هیچی نەگوت.

تێ گەیشتم، بۆیە نەمویست پتر ئازاری دەروونی بدەم. هەر بۆ گۆڕینی بابەتی قسەکانمان، ئیشارەتم بۆ خەستەخانەکەی بەرامبەرمان دا و گوتم:

"ئەی بۆ ناچی لەو خەستەخانەیە، وەک سەرەتایەک، خۆت فێری هەولێری بکەیت؟!!....

گوڵان ١٧٨ لە ١٩٩٨/٦/١٣

# چارەیەک بۆ خەلیفان

ریپۆرتاژێک لە گوڵانی ژمارە (٣٠٠) دا سەرنجی ڕاکێشام و وام چاوەڕوان دەکرد دەزگاکانی بەرپرس لە ژمارە (٣٠١) دا، وەڵامێک بدەنەوە یان ڕەئیەک بدەن، بەڵام من هیچم بەرچاو نەکەوت، بۆیە بابەتی ئەم هەفتەیە بۆ ئەو کێشەیە تەرخان دەکەم.

(ناحیەی خەلیفان) بەگوندەکانییەوە، کە ژمارەیان (٥٤) گوندە و ژمارەی دانیشتووانیان (٢٤٥٠٠) بیست و چوار هەزارو پێنج سەد کەسە و خودی ناحیەکە (٩٦٠٠) کەسی تێدا دەژی، بۆ ئەمانە هەمووی تەنیا (دوو دکتۆر هەیە دکتۆرێکی پیاو و دکتۆرێکی ئافرەت کە پێکەوە ڕۆژانە ٢٠٠ تا ٢٥٠ نەخۆش) دەبینن.

لە ڕاستدا ئەوەی یەکجار سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەیە کە ئەو دوو دکتۆرە ڕۆژانە بەهەر دووکیان دوو سەد نەخۆش دەبینن واتە هەریەکی (١٠٠) نەخۆش و ئەگەر هەر نەخۆشەی تەنیا (٥) پێنج دەقیقەی بۆ تەرخان بکرێ دەکاتە هەشت سەعات و بیست دەقیقە لەسەر یەک نەخۆش ببینێت و ئەگەر وەکو ئەو دوو دکتۆرە بەناچاری و لەبەر کەمیی دکتۆر بەو کارە هەڵبستن، ئەوە دیارە لەسەر ئەعسابی خۆیان ئەوە دەکەن، کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە بەرژەوەندی نەخۆشدا نییە، و بڕوا ناکرێ هیچ دکتۆرێک بتوانێت بەباشی تەشخیصی نەخۆشەکانی بۆ بکرێ.

جا لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، کە هەر ئەو دکتۆرانە لە (خەلیفان) دەڵێن: بەداخەوە ڕێژەی دەرمان هێندە کەمە، کە تەنیا بەشی (٣٠) کەس دەکات و لەبەر ئەوە دکتۆرەکان ناچارن کە (لە بەشی هەر نەخۆشێک کەم بکەنەوە).

جا ئەوە بوو بە چ چارەسەرێک، تۆ وەکو دکتۆرێک لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا نەخۆشێک ببینیت و نەتوانی بەتەواوی فەحسی بکەیت و سەرەڕای ئەوەش ئەوەندەی دەرمان نەدەیتێ کە چارەسەری خۆی پێ بکات، ئیتر ئەوە چ دکتۆر بینینێک بوو؟. لە ڕاستیدا یەکێک لە سیماکانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی دابینکردنی دکتۆرە بۆ خەستەخانەکان بەڕێژەیەک کە دەبێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان‌دا بگونجێ و تا ئەو ڕێژەیەش بەرزتر بێت ئەوا ئاستی پێشکەوتن و شارستانی گەلێک نیشان دەدات هەر بۆیەش ژمارەی دکتۆر بۆ سەرجەم دانیشتووان بەپێوەر بۆ کۆمەڵگەی خۆشگوزەران دادەنرێت.

دیارە دابینکردنی دەرمانیش بەڕادەیەکی گونجاو بۆ خەستەخانەکان یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی هەر خەستەخانەیەک و نابێت لەو بوارەدا کەموکووڕی هەبێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە هەرگیز ناگونجێت، کە دەرمان بەکەمی بدەیت بەنەخۆشێک، لەبەر خاتری نەخۆشێکی تر، چونکە ئەگەر چی ئەم مەسەلەیە لێرەدا زیاتر پزیشکییە، ئەمە دابەشکردنی ئازووقە و خواردەمەنی نییە، کە بتوانی دەستکاریی بکەیت، چونکە هەر نەخۆشییە و پێویستی بەمیقدارێکی دیاریکراو دەرمان و دەرزی هەیە کە ناکرێ بەکەموکورتی بدرێ پێی و ئەگەر بشدرێ – وەکو ئەم حاڵەتەی خەلیفان – ئەوا نە نەخۆشی بەش لێبڕاو سوودی لێ دەبینێت و نە نەخۆشی پێدراو بەکەڵکی دێت.

جا ئەم کێشەیە دوو لایەنی هەیە، یەکەم پەیداکردنی دەرمان و دووەم دکتۆر. بەنیسبەت دەرمانەوە، ئەوە دەکەوێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، کە دەرمان و دەرزی و گشت پێداویستییەکانی خەستەخانەکە دەستەبەر بکات و بەپێی ڕێژەی دانیشتووان دەرمان بۆ ئەو ناوچەیە بنێرێت و دووەمیش کە کەمیی دکتۆرە، ئەوا دەکەوێتە ئەستۆی خودی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی زانکۆکان، کە بۆ وەرگرتنی قوتابی لە کۆلیژە پزیشکییەکان حساب بۆ ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بکرێ و بەو پێیە قوتابی وەربگیرێ، کە لە ڕاستیدا ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پلاندانان – کە

تا ئێستا نیمانه – و ئەو دەتوانێ حسابێکی ورد و گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بکات و قوتابخانه و ئامۆژگای پزیشکی و کۆلیژی پزیشکی، بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابین بکات.

له ڕاستیدا بێ پلانی، هەندێ جار، وادەکات کە تەنانەت قوتابییان و دەرچووانی دواناوەندییەکان، بەئاڕاستەی هەڵەدا ببرێن، کە لەمەودوا خۆیان بێکار دەبن و حکوومەتیش ناتوانێ کاری شیاویان بۆ پەیدا بکات. هەر بۆ نموونە، ئێستا ئەوەندە کۆلیژی ماف له کوردستان دەوامی ڕۆژانه یان ئێواران دروست بووه کە ڕەنگه دوای چەند ساڵێک نیوەی کوردستان ببێ بەپارێزەر و یاساناس و حقووقی کە نەتوانن تەنانەت بژێوی ڕۆژانەی خۆشیان بەو شەهادەیه پەیدا بکەن. ئیتر له کۆتاییدا دەڵێم با بەرپرسان ڕوویەکی لوتف بەرەو ناحیەی (خەلیفان) وەربگێڕن.

گوڵان ٣٠٢ له ٢٦/١٠/٢٠٠٠

# حیمایە

مەسەلەی بوونی حیمایە. تا ئێستە، لەم دەڤەرەدا، بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە و باری نائاسایی نێو کوردستان، بە ناپێویست لە قەڵەم نادرێ، بەڵکو تا ڕادەیەکیش بۆ ئەمڕۆ بەپێویست دەزانرێ.

بەلاّم ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە لەوە ناچێ ئەو حیمایانە بە ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیان بزانن، جا نەگیراوەن، یا ڕانەهێنراون یان بەپێچەوانەوە، لەکاری خۆیان گەیشتوون.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و پاڵی پێوەنام کە ئەم وتارە بنووسم، ڕۆڵی حیمایەی لێپرسراوان بوون لە ڕۆژی (٢٦) ی گولاّندا لە هۆڵی میدیا، ئێمە وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەک بەرپرسی هۆڵی میدیا، ئەو ڕۆژە پێنج موبەریدەمان، لەبەر گەرما لە هۆڵەکەدا دانا بۆ ئەوەی کەمێک لەگەرمای هۆڵەکە، کە تەبریدەکەی تێدا نەماوە کەم بکەینەوە، بەلاّم ئەوەی دیمان، جێی ڕامان بوو. حیمایەکان، کە دەبوو لەبەر دەرگە و دەرەوەی هۆڵەکە ئاگاداری و پاسەوانی بکەن، زۆربەی هەرە زۆریان هاتبوونە ژوورەوە و لەبەر کونی – بەڵێ کونی– موبەریدەکاندا ڕاوەستابوون و نەیاندەهێشت کزە بایەکیش خۆی بکات بەهۆڵەکەدا وەک (دیواری چین) هێرشی (با) یان ڕاگرت! لە ڕاستیدا کەسیش بەو حیمایانەی نەگوت کە بەردەم کونی ئەو موبەریدانە بەربدەن، چونکە هەریەکەو سەر بەلێپرسراوێک بوون و مرۆڤ نەیدەویست دڵی لێپرسراوێک لە خۆی بڕەنجێنێ، چونکە زۆر جار وا هەست دەکرێ کە باری سەرنجێک، ئەگەر بنوێنرێ بەرامبەر حیمایەک، لێپرسراوەکەی: دەستدرێژی بۆ سەر خۆی حیساب بکات. لەم دەڤەرەدا لێپرسراوان بڕێ دڵناسکن.

دیاردەیەکی تری ئەم حیمایانە لە پێشانگاکاندا بەدی دەکرێ، لەو شوێنانەدا حیمایەکان دەیکەنە پاڵەپەستۆیەک و سیخورمە هاویشتن و

پاڵنانێک، کە مرۆڤ سەری لەو ڕەفتارانەیان سوڕ دەمێنێ. هەندێ جار لەبەر پاڵە پەستۆی حیمایە، پیاو هیچ سوود لە پێشانگاکان وەرناگرێ، هەندێ جار هەر هیچیش نابینی، شایانی باسە لەو شوێنانەدا حیمایەکان هیچ ڕێز بۆ دابونەریت و ئوسووڵی ڕەسمی دانانێن و پێش لێپرسراوی تر دەکەون و هیچ گوێ نادەنە پلەو پایەی بەرامبەرەکەیان، کەلە و حاڵەتانەدا دەتوانی بڵێی ئەوانەی لەپشت حیمایەکانەوە ڕێ دەکەن!

جا بۆ چارەسەری ئەم دیاردە دزێو و ناشارستانییە، وا پێشنیار دەکەم کە لەمەودوا بەرپرسان، حیمایەکانیان نەهێننە ژوورەوە، بۆ شوێنە ڕەسمییەکان و تەنیا لەبەر دەرگە چاوەڕێ بکەن، چونکە بەڕاستی دیاردەیەکی ناشارستانی و نەشازە، لە پێشانگەیەکی وێنەی شێوەکاریدا ژمارەی حیمایەکان بەچەکەکانیانەوە لە ژمارەی تەماشاکەران پتر بن، جا گەر ئەم حیمایانە، هێند تامەزرۆی هونەرن، کە بڕواناکەم هێند تامەزرۆبن، گەر پیاو چاو بپۆشێ لە تامەزرۆییان بۆ عەدەسەی کامیرا – ئەوا دەتوانن پاش نیوەڕوانێک پێشانگەکان بۆ حیمایەکان تەرخان بکرێ، ئەوسا ئیتر سیخورمە لە یەک دەدەن، پاڵەپەستۆ دەکەن، چەک لە یەکتر ڕادەکێشن، مەخزەنی حەفتاو پێنجی لە یەکتر دەسوون، لە دووربینی (قەنناص) ەوە دەڕواننە تابلۆکان، دەیکەنە هاتو هۆریا، ئەوە کەیفی خۆیانە و تەواو سەربەستن لەو کارەیاندا.

دیاردەیەکی تر حیمایەکان پێویستە تێیان بگەیەندرێ، کە دەبێ ڕێز تەنیا بۆ بەرپرسەکەی خۆیان دانەنێن، بەڵکو بۆ هەموو بەرپرسەکانی تری دەوڵەت، ڕێز بنوێنن و بەبەرپرسیاری خۆیان بزانن و ناشبێ (حیمایە)، وابزانن لە (بەڕێوەبەری گشتی)یەک یان (ژمێریارێک) یان کارمەندێکی تری دەوڵەت گەورەترن، تەنیا لەبەر ئەوەی حیمایەی بەرپرسێکی گەورەن.

حیمایە هەر پۆلیسە و سوڵتە و دەسەڵاتی هەر ئەوەندەیە و نابێ خۆی لێ بگۆڕدرێ، بەوەی کە لەگەڵ سیاسییەکی گەورەدا سواری ئۆتومبێلەکانی پشتیەوە دەبێ.

لێرەدا حەز دەکەم ئەم پێشنیارەش پێشکێش بەوەزارەتی ناوخۆ بکەم، کە دەورەیەک بکاتەوە بۆ حیمایەکان و لە ڕۆڵ و ئەرک و دەسەڵاتیان ئاگاداریان بکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەرپرسێکدان، تووشی هەڵە ببن.

بەڕاستی زۆر جار کە من ئەو هەموو حیمایە و چەک بەشانە لە هۆڵێکدا دەبینم بیرم بۆ ئەوە دەچێ، ئەگەر خوانەخواستە تەنیا تەقەیەک ببێ یان فیشەکێ لەدەست دەربچێ ئیدی چ کوشتارێک لەو هۆڵەدا بەرپا دەبێ. گومانم نییە لەحاڵەتی وادا کە هەریەکەو لەلای خۆیەوەی کوێرانە دەکەوێتە تەقەو کوشتارێکی وەکو (مای لای) و (سەبرا شەتیلا) و (دێر یاسین) بسازێنێ و گەرماوێکی خوێن بخولقێنێ، کە خوا دەزانێ چەند بەرپرس و هاووڵاتیی بێ گوناهی تێدا شەهید دەبن، کە هیوادارم نەبێ.

گوڵان ١٢٣ لە ١٩٩٧/٥/٣١

## پاساو

له گۆڕەپانی (مۆلیڤانک تۆرێت) له شاری (مالمۆ)، له چاخانەیەک چاوەڕێم دەکرد، له ڕاستیدا خۆی پێوەندیی پێوە کردم و حەزی دەکرد هەواڵەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ ببیستێت. منیش هەندێ ڕۆژنامەی ولات و یەک دوو کتێب، کە یەکێکیان ئامارێک بوو سەبارەت بەکارە خزمەتگوزارییەکانی کوردستان و پرۆژە جێبەجێ کراوەکان و ئەو گۆڕانکارییەی له ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا له کوردستان ڕوویان داوە، لەگەڵ خۆمدا بردمن. زۆری نەبرد ئەویش پەنابەرێکی چەندین ساڵەیە له سوید- پەیدا بوو، کەوتینە قسە، بەدەم قاوە خواردنەوە نووسینەکانم نیشان دا، بەڵام ئەو هیچ بایەخی پێ نەداو لەباتی گوتی: ئیستا خەڵک له کوردستانەوە زیاتر دێنە دەرێ، ئەوانە لەو وەزعە ناخۆشەی کوردستان ڕادەکەن، خەڵکی تەحەمولی برسێتی و نەداری ناکات، له وەلامدا بە سەر سوڕمانەوە گوتم: کام وەزعی ناخۆش؟! وا چوار ساڵە شەڕ نییە، کوردستان له ئاشتیدا دەژی، هەر دوو حزبەکەی کوردستان، مەبەستم ئەو دوو حزبەی له ململانێدایە، کەم تا زۆر خەریکی دانیشتن و هەنگاو بەهەنگاو ئەگەرچی، ورد دەڕوا، بەلام ڕووەو سەقامگیربوونی ئاشتی مل دەنێ. گرینگ ئەوەیە ئێستا له کوردستان ململانێی چەکداری نییە، ئەوە گرینگە.

سەیرێکی قووڵی کردم و پاشان گوتی:

– بەلام دەڵێن خەڵکی نان نییە بیخوا، بۆیە له برسا ڕادەکا.

دەستم دایە کتێبی ئامارەکە، بەلام دام نایەوە و گوتم:

– کاکی برا ئەوە پڕوپاگەندەی ناحەزانە.

– چۆن؟

– چونکە هەر نەبێت ئێستا بەرنامەیەک هەیە بەناوی (نەوت بەرامبەر بەخۆراک) و بەپێی ئەم بەرنامەیە هەموو هاووڵاتییەک بەپێی ژمارەی خێزانی خواردن و هەندێک لە پێویستییەکانی ڕۆژانەی بۆ دابین دەکرێ، دەتوانم بڵێم بەڕادەیەکە کە هەندێکی زیاد لە پێویستی هاووڵاتییە.

کەمێک راوەستام و سەیری سەرو پۆتەڵاکیم دەکرد، سارد و سڕ بوو. بۆیە گوتم:

– ڕەنگە لات سەیر بێت گەر بڵێم، هەندێ لەو خۆراکانە، بۆ نموونە، شیر، هێندە زۆرە کە خەڵکی دەیفرۆشنەوە، لەوەودوا دەنێردرێت بۆ ئێران. ئیتر تێ ناگەم بۆ خەڵکی لە برسا کوردستان جێ بهێڵێت.

دیار بوو قسەی پێ نەبوو، چونکە بێدەنگ سەیری دەکردم. پاشان گوتی:

– بەڵام دەڵێن ئازادی نییە؟

دیار بوو هەر دەیویست شتێک بدۆزێتەوە بۆیە گوتم:

– گەر مەبەست ئازادیی بیروڕا دەربڕین بێت، ئەوا ئێمە ئێستا هەر لەو بەشەی لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدایە، زیاد لە حەفتا گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و گەر مرۆڤ نەتوانێ لە حەفتا گۆڤار و ڕۆژنامەدا بیری خۆی دەرخا، ئیدی مرۆڤ چی بکات؟

تۆزێک بێدەنگ بووم و پاشان گوتم:

– بپرسە و بزانە لەو دەڤەرەی ئێمە، تاقە گرتوویەک هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی، بپرسە.

لاپەڕەی یەکێک لە ڕۆژنامە کوردییەکانی هەڵدایەوە و گوتی:

– یانی تۆ لایەنگری ئەوە نیت خەڵکی لە کوردستان بێتە دەرێ؟

– تەبعەن، مرۆڤ چۆن خاکی خۆی بەجێ دێڵێ؟ کاتێک کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکی دی دابوو، پاساو هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ؟ ئەمڕۆ بۆ خەڵکی وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێ؟

کەوتە تاوتوێی کتێبی ئامارەکە، وابزانم پڕۆژەکان سەرنجی رادەکێشا، لە

ڕاستیدا خۆشحاڵ بووم کە قسەکانم ڕەنگە کاریگەرییەکی هەبوو‌بێت. کتێبەکەی دانایەوە، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: بەڵام دەڵێن لە کوردستان هەمیشە قومبەلە دەتەقێ و تەقینەوە دەبێ؟

دەستم برد بۆ ڕۆژنامەی (سید سڤێنکا داگ بلادت)(*) گوتم:

= ئەی لە کوێ تەقینەوە نابێت؟

مالمۆ ٢٠٠١/١/٢

گوڵان ٣١٢ لە ٢٠٠١/١/١١

---

(*) ڕۆژنامەکە باسی تەقینەوە و چەند کەسێکی دەکرد کە لەشەوی ٢٠٠١/١/١ دا کوژرا بوون.

# یەکدەنگی و یەکڕەنگی لێرە دەبێت

هەندێک دیاردە و ڕووداو هەن، مرۆڤ دەبێ هەڵوێستێکی ئاشکرایان بەرامبەر وەربگرێ، هەڵوێستێکی ویژدانی، دوور لە سۆز و کاریگەریی دەوروبەر.

ڕووداوی ٩/١١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەراپای جیهانی هەژاند، ئەو دەستدرێژییە تیرۆریستییە بێ وێنەیە، کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە (٥) هەزار کەسی بێتاوان، ئەمە سەرەڕای بوونە هۆی کوشتنی سەدان موسافیری بێ ئاگا و بێ پێوەندیدار. کارێک نەبوو. کە مرۆڤ بەرامبەری هەڵوێست وەرنەگرێت، ئەو تاوانە لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بەرینەدا رووی دایە، هەر تاوان و تیرۆرکارییەکی ئەقڵ نەبڕ و ئەوپەڕی دڕندەیەتی دەبوو.

مرۆڤ لە بەرامبەر تاوانی وادا، نابێت گیرۆدەی ئایدۆلۆجییەت بێت و لە دیدی ئایدیاکانی خۆیەوە بڕوانێتە ئەو تاوانە و بە پێوەری تیۆری بیپێوێت.

بۆ نموونە: ئەم تاوانە چونکە دژی وڵاتێکی سەرمایەدار کراوە، ئیدی دەبێ هەموو ئەوانەی سەر بە سۆسیالیست و چەپن، ئیدی دژی نەبن و ئەم تاوانە وا لە قەڵەم بدەن کە دژی سەرمایەداری کراوە!!

هەروەک نابێ ئەم ڕووداوە تۆقێنەرە، ببەسرێتەوە بەهەڵوێستی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی جیهان و ململانێی لەگەڵ گەلانی تر بۆ چەسپاندنی دەسەڵات. ئەم کارە تیرۆریستییە نابێ ببەسترێتەوە بەجەنگی ئەمریکا و ڤێتنام بۆ نموونە، ئەوەیان جەنگ بوو بەهەر پێوەرێک بپێورێت جا تەرازووی هێزەکان یەکسان نەبوون و شەڕی بەهێز و بێ هێز بوو، لایەک زیاتر لە دە ساڵی قوربانی دا، کام ئایدۆلۆجیەتیان لەسەر هەق بوون، ئەمانە هەمووی ڕاستن، بەڵام ئەوانە هەر هەمووی لە کاتی جەنگدا بوون، دوو لایەن بەرامبەر یەکتر

وەستابوون، بەڵام هیچ لایەکیان پەنای نەبردە بەر کارێکی تیرۆریستی، کە تەنیا ئامانجی کوشتنی خەڵکی بێتاوان بێ- ئەگەر چی هەندێ ڕووداوی دڵتەزێن و جەرگبڕیش لەو جەنگەدا رووی دا- بەڵام بەگشتی کاری لەو بابەتە تیرۆرەی ٩/١١ ی ئەمەریکا رووی نەدا.

جا ئەم پێشەکییەم بۆیە پێشکێش کرد، چونکە لە گوڵانی ژمارە ٣٢٥ بەرێز کاک فەرهاد شاکەلی لە نووسینێکدا وای نیشان دەدات کە لە کوردستانی خۆمان (رۆشنبیران) هەڵوێستیان هەر وەکو هەڵوێستی بەرپرسە سیاسییەکانی هەرێم بەتایبەتی و هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی بووە بەگشتی.

بۆیە، بەرێزیان داوا لە رۆشنبیران و نووسەرانی هەرێم دەکات هەڵوێستێکی جیاواز بنوێنن!.

کاک فەرهاد شاکەلی، مەرج نییە رۆشنبیر هەمیشە دژی دەسەڵات و بەرپرسە سیاسییەکان بێت و هەردەم بەپێچەوانەی ئەوانەوە هەڵوێست وەربگرێت. لە هەندێ ڕووداودا، رۆشنبیر و سیاسی و کاربەدەست و خەڵکیش بەگشتی دەشێ خاوەنی یەک هەڵوێست و یەک دید و یەک ڕەئی بن، چونکە هەندێ ڕووداو لە سەروو بەرژەوەندی خەڵکییەوە بەگشتی، جا بەرپرس بێ، یان هاووڵاتی ئاسایی یان نووسەر و رۆشنبیر بێ.

ئەمە هیچ کارێک ناکاتە سەر دەستنیشانکردنی هەق و ناهەق، ئەوەی لە ئەمریکا لە ٩/١١ دا رووی دا بەهەموو پێوەرێک تاوانە دژی بەشەرییەت، چونکە تاوانکاران هیچ جیاوازییەکیان نەخستووەتە نێوان ئەوانەی هێرشی ناڕەوای دەبەنە سەر، خاوەنی چ نەتەوەیەکە، هەڵگری چ مەزهەبێکە، ژنە، پیاوە، لاوە، پیرە، کارمەندی ئاساییە یان سەردانکەرە یان و یان..

ئەو تیرۆریستانە هیچ گوێیان نەداوەتە ئەوەی، کە ئەو خەڵکانە کێن و کوێرانە هێرشیان کردوونەتە سەر، سەر خەڵکانێکی بێ ئاگا و بێ پێوەندیدار.

جا گەر کەسێک بەبیری مارکسیێتی بیەوێ ئەم ڕووداوەی نیویۆرک و واشنتۆن هەڵبسەنگێنێ و لە دیدی (خەباتی چینایەتی) و تیۆریی دژی ئیمپریالیزمەوە بۆی بنوارێ، ئەوا تەواو بەهەڵەدا دەچێ، چونکە یەکەم: سەرانی تیرۆرکەران خۆیان کەسانی دەوڵەمەندو ملیاردێر و خاوەن دەیان کۆمپانیای بازرگانیی گەورە و دەیان بەرژەوەندی ئابوورین، هەر خودی ئوسامە بن لادن کە لە پشت ڕێکخراوی قاعیدە و هەموو ئەو کارە تیرۆریستانەوەیە، خۆی وەک دەڵێن پاش مەرگی بابی یەکسەر ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ بەجێ ماوە.

تۆڕە بازرگانییەکانی بن لادنیش ئێستا ئاشکران، کە چۆن لە هەموو جیهاندا پەلوپۆیان هاوێشتووە، ئیدی کەواتە ئەمە هیچ دژایەتییەکی سەرمایەداری و تیرۆریزم نییە و نابێ ئەم دڕندایەتییەی دەرهەق بینای بازرگانیی جیهانی بەهیچ جۆرێک بخرێتە ئەو قاڵبەوە و بەو شێوەیە لێی بڕوانرێ.

گەلی ئێمە، لە بارودۆخێکی تایبەتی دا دەژی، جیاوازە لە وڵاتانی دی. ئەفغانستان هەزار ئەوەندە بۆردومان بکرێ، هەر ئەفغانستانە، خەڵکی سوید و نەرویج هەزار ئەوەندە هەڵوێست بەرامبەر ئەمەریکا وەربگرن، هەر سویدی و نەرویجین.

بەڵام وەزعی ئێمە زۆر جیاوازە، وڵاتی ئێمە و ئاسمانی کوردستان تا ئێستا لەلایەن ئەمریکاوە دەپارێزرێت. گەر ئەو پارێزگارییە نەبێت، ڕەنگە ئێمە نەتوانین وا بەئاسانی لە نێو ئەم وڵاتەدا بژین.

ڕاستە ئێمە وەکو گەلی کورد قوربانییەکی زۆر و خوێنێکی زۆر و هەزاران شەهیدمان داوە، بەڵام ئێمە بەتەنیا، بێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی، بێ پشتگیریی ئەمریکا ڕەنگە بارودۆخەکە، یەکجار سەخت بێت بۆمان، بۆیە ئەو (یەکدەنگی و یەکڕەنگی) کاک فەرهاد هەستی پێ کردووە لە کوردستان، من ناوی نانێم (شوێنکەوتووی خیتابی سیاسی) بەپێچەوانەوە، ئەو یەکدەنگی و یەکڕەنگییە، ئاستی بەرزی بەئاگاییی خەڵکی – جا ڕۆشنبیر بێ یان خەڵکی

ئاسایی – لە کوردستان نیشان دەدات، کە هەموو کەسێک هەست دەکات کە ئەمڕۆ ئەمەریکا، بۆ دژایەتیی تیرۆر، لەسەر هەقە و ئەمریکاش وا دە ساڵە کوردستان لە هەموو دەستدرێژییەک دەپارێزێ، ئیتر مرۆڤی کورد چ نووسەر یان خەڵک بە گشتی بۆ هەڵوێستی جیاوازی هەبێ و لە هیچە دژی ئەمریکا بوەستێ. لە کۆتاییدا دەڵێم رۆشنبیر یان نووسەر یان بیرمەند مەرج نییە هەمیشە دژی دەسەڵات بێت ئەوە بۆچوونێکی ئەنارکیستانەیە، کە بەکەڵکی بارودۆخی ئەمڕۆی ئەم ئەزموونەی کوردستانی عێراق نایەت.

گوڵان ٣٥٥ لە ٢٠٠١/١١/٨

# دراوی کوردی

لە دوای ڕاپەڕینەوە، وردە وردە ئەو پارەیەی کە پێی دەڵێن (دراوی سویسری) لە کوردستاندا چەسپی و بەتایبەتی پاش ئیلغاکردنی بیست و پێنجی، دەیی و پێنجی، بوو بەدراوی کوردی، چونکە تەنیا لە کوردستاندا معامەلەی پێ دەکرێ و تەنانەت لەو وڵاتەی کە خۆی دروستی کردووە و بەکاری دەهێنا، ئەمڕۆ بەکار نایەت و قەدەغەیە بەواتایەکی دی، ئەو دراوە سویسرییە، کوردێندراوە و بووە بەدراوێکی کوردی.

جا ئەم دراوە، بەڕەچەڵەک، عێراقییە کە ئەمڕۆ کوردییە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕۆژانەی تەواو رزیوە و حاڵ واش بڕوا و بیرێک لە دراوێکی بریکار نەکرێتەوە، لەوە ناچێ بەرگەی یەک دوو ساڵی دی بگرێ. دیارە ئەوەش دیاردەیەکی ئاساییە و کاغەزێک هەر شەش حەوت ساڵ بەرگە دەگرێ و پاشان دەڕزێ یان دەدڕێ یان هێند کۆن دەبێ کە نووسراوەکانی ناخوێندرێتەوە و پێویستە بکێشرێتەوە و بانک دراوی نوێ بخاتەوە بازاڕەوە، کە ئەمڕۆ بەپێی ئەم بارو دۆخەی تێیداین، بەئێمە ناکرێ، چونکە بانکەکانمان ئەو توانایەیان نییە کە دراوە دڕاوەکان بکێشێتەوە و دراوی نوێ بڕژێنێتە بازاڕەوە، بۆیە پێویستە کابینەی سێ، بیرێک لەم مەسەلەیە بکاتەوە و چارەسەرێکی بۆ پەیدا بکات، چونکە گەر وا بڕوا، پاش ماوەیەکی تر، تاکە پێنجییەکی سویسری یان دەییەکی سویسری- لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕۆژانەی نامێنێ و ئێمەی دانیشتووانی کوردستانی عێراق بێ دراو دەمێنینەوە، جا ئەو کاتە معامەلەی ڕۆژانە بەچی بکەین؟

جا لێرەدا من بیرم بۆ ئەم چارەسەرانە دەچێ:

یان ئەوەتە، ئەو دراوانەی لامانە فۆتۆکۆپی بکەین و ئەسڵییەکان لە بانکدا دابنێین و هەر کاتێک نوسخەکەی تەلەف بوو ئەوا بانک نوسخەیەکمان لەبەر

بۆ بگرێتەوە بیخاتەوە ناو بازاڕ، یان دراوە سویسرییەکان وەکو (عملة صعبة) لە بانکەکاندا دابنرێ و تەنیا کاتی پێویست تەعامولی پێ بکرێ دیارە ئەمەش زۆر سەرکەوتوو نابێ، چونکە دەکرێ هەر نوسخەیەک- یان هەر دەیی و پێنجییەک- چەندین نوسخەی لێ فۆتۆ بکرێ بەوەش سەر لە خۆمان و لە دەوڵەتەکەشمان دەشێوێ! (ئەی چار!) یان ئەوەتا پێنجی و دەییەکان (کبس) بکەین وەکو ناسنامە لە نایلۆنێکی رەق تێوە بپێچرێن، بەمەش بۆ چەند ساڵێکی تر دەتوانرێ بەکار بهێنرێ، بەڵام ئەمەش زۆر (عەمەلی) نییە، چونکە کاتێک سەد دینار دەبەیتە بازاڕ بۆ دوو جام ماست و چەند کیلۆیەک خەیار، ئەوا وەکو ئەوە وایە سەد ناسنامەت لە گیرفاندا بێ؟

وەکو مامۆستایەکی سلێمانی کە دەهاتە (هەولێر) بۆ وەرگرتنی مانگانەی هاوەڵەکانی جاگەر هەزار دینارت بردە بازاڕ بۆ کڕینی پێویستییەکانی ڕۆژگار، ئەوا وەکو ئەوە وایە هەزار ناسنامەت پێ بێ، کە دیارە گیرفانت بێ ئەندازە قورس دەبێ! (ئەی چارە؟)

یان ئەوەتا ژمارەی دراوەکان لەبەرکەین! کاتێک دەچینە بازاڕ و شەربەتێک دەخۆینەوە، بەخاوەن دووکان- لەباتی ئەوەی پێنج دیناری بدەینێ- بڵێین لای خۆت بنووسە (خ/٠٤٦٤٠٧٨٣) تۆ لای خۆت بیکوژێنەرەوە و شەربەت فرۆشەکە لای خۆی تۆماری بکات! کە دیارە ئەمەش لە وڵاتێکدا کە ڕادەی نەخوێندەواری وەکو - لوڕستان- گەلێ بەرزە، یەکجار زەحمەتە.

جا بیهێنە بەرچاوی خۆت: گەر پەنجا دینار لە بازاڕ سەرف بکەیت، دەبێ چ هاوکێشەیەکی جەبری لەبەر کەین! لەم حاڵەتەشدا توانایەکی (ئاینشتاین) ئاسای دەوێ، کە زۆر زەحمەتە لەم دەڤەرە چنگ کەوێت. (ئەی چار؟)

یان ئەوەتا حکوومەتی هەرێم، وردە وردە، پارە سویسرییەکان کۆبکاتەوە و بەقەدەر ئەو دراوێکی کوردی، ناوچەیی، بخاتە بازاڕەوە، تا ئەو کاتەی گشت پارە سویسرییەکان کۆ دەکرێنەوە. وابزانم ئەمڕۆ پاساوێکی بەجێمان بۆ دەرو دراوسێ و جیهان پێیە، کە هۆی سککە لێدانی کوردی، رزیوی و دڕاویی دراوی سویسرییە.

خۆ ناکرێ جیهان ئەوەشمان لێ قبووڵ نەکەن و تازە بمانگێڕنەوە بۆ پێش چواردە سەدە لەمەو بەرو داوامان لێ بکەن، کالا بەکالا بگۆڕینەوە و وەکو بازاڕی (عکاز) ئاڵۆگۆڕ لەگەڵ یەکتر بکەین، یان (گەنم بەمێوژ) وەکو چەند ساڵێک لەمەو بەری لای خۆمان بکەین.

لە کۆتاییدا دەڵێم: کوردستانی ژێر سێبەری حکوومەتی هەرێم، پێویستی بە(دراو)ێکی کوردییە و باقیاتیشی بۆ یاساناس و ئابووری ناس و سککە ناس بەجی دێڵم.

گوڵان ١٢١ لە ١٩٩٧/٥/١٧

# چاکەت

هەردووکمان پێکەوە دانیشتبووین و لە چایخانەیەکی بچکۆلەی (شێخەڵا) سەرقاڵی تاوڵە بووین، لەژێر لێوەوە هەر قسەی دەکرد، لە ڕاستیدا من گوێم بۆ قسەکانی شل نەدەکرد و پتر مەراقی ئەوەم بوو، کە زار نەگرێ و تاوڵەکەی لێ بەرمەوە، بەڵام کاتێک گوتی سەدونەوەد، ئیتر گوتم: (پێم ناڵێیت ئەم بۆڵە بۆڵەت لە چییە؟)

زۆر بەشێنەیی تاوڵەکەی داخست و چاکەتەکەی داکەند و بڕێک تەکاندی و پاشان زۆر شارەزایانە قەدی کرد و گوتی: (مەبەستم مانگانەکەم سەدونەوەد دینارە).

بیرم چوو هەڤاڵەکەم بناسێنم، ئەو فەرمانبەرێکی بچووکە، لە یەکێک لە دەزگاکانی دەوڵەتەکەماندا، وەک خۆی دەڵێ پتر لە سی ساڵە خزمەت دەکات، خاوەنی چوار منداڵ و خێزانێتی، کرێچییە و بەپاس هاتوچۆ دەکات. بەباشی تێم ڕوانی، دەموچاوی چرچ و تێک قوپاوی و سەری تەواو سپی و بەرگی شڕوبڕی شایەتی حاڵی پەرێشانی بوو، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، چاکەتەکەی بوو، کە بڕێک تازە و پاک و تەمیز بوو، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پانتۆڵ و کراسەکەیدا نەدەگونجا. خەریک بووم پرسیاری ئەو نەگونجاوییە بکەم، کە گوتی:

(بەڵێ مانگانەکەم سەدونەوەد دینارە و هەرچەندە حسابی دەکەم خۆشم سەرم لێ دەشێوێت)

وەزعی خۆشم لەو باشتر نەبوو، بەڵام من خەریکی کاری سەرپێیم و هەرچۆنێک بێت پابەندی کاتی دیاریکراوی دەوام نیم و لە هەر شوێنێک کارم چنگ کەوێت دەیکەم.

دەستی دایەوە چاکەتەکەی و جارێکی تر کردییەوە و برێک شانەکانی تەکاندو زۆر بەشێنەیی رێکی خستەوە و لە تەنیشت خۆیەوە دای نایەوە و خەریک بوو، پرس بکەم، کە دەستی بەسەر چاکەتەکەیدا هێنا و گوتی:

(باسی ئەمەشت بۆ دەکەم)

ماوەیەک بێدەنگ بوو، کەوتە سەرخوراندن و پاشان گوتی:

(سەدو چوار دینار دەدەم بەکرێی پاس)

تۆزێک وەستا، ملیوانی کراسەکەی چاک کردو گوتی:

(سەدو بیست دیناریش دەدەم بەمنداڵەکان)

ویستم شتێک بڵێم، بەدەستی ئیشارەتی بۆ کردم، کە بێدەنگ بم گوتی:

(پێنج سەد دیناریش دەدەم بەکرێ)

سەیری دەوروپشتی خۆم کرد، هەستم کرد کە دانیشتووانی چایخانەکەش گوێ قوڵاخن، گوتی:

(پێنج سەدو چل دیناریش دەدەم بەنان) ئەمەی زۆر بەحەماسەتەوە گوت. ئاوڕی لە چاکەتەکەی دایەوە وەک دەست بەسەر پشتی منداڵێکی خەوتوودا بهێنێ، دەستی بەچاکەتەکەیدا هێناو گوتی:

(نان ... نان)

چایچییەکەش لەکار کەوتبوو، ئەویش لێمان نزیک بووەوە و یەکسەر گوتی:

(جا چۆن مانگانەکەت بەش دەکات)

هەڤاڵەکەم کەوتەوە سەرخوراندنی، سەیرێکی قووڵی چایچییەکەی کرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. چاوی تێ بڕیم و گوتی:

(نەوەد بۆ رۆن و بۆ..بۆ)

کەوتە ژماردن و حسابی مانگانەی، لە هەزار تێ پەڕی، بۆیە منیش بە سەرسوڕمانەوە گوتم:

بەڕاستی منیش دەڵێم چۆن... (چۆن دەژین)؟

چاوی بەناو هەموو دانیشتووانی چایخانەکەدا گێڕا، من بەباشی سەرنجم دەدا، سەروچاوی سوور هەڵگەڕابوو، کەف لالغاوەی گرتبوو، تووڕەیی و ناڕەزاییی لێ دەباری گوتی:

(تەوزیع دەبین).

لە ڕاستیدا لە مەبەستی نەگەیشتم، نەشمدەویست لەوە پتر ئازاری بدەم، بۆیە هەروا بێدەنگ بووم. تاوڵەکەی کردەوە، یەک دووجار زاری فڕێ دا و پاشان دای خستەوە. لەم جووڵەیەی نەگەیشتم، بەڵام وابزانم لە تووڕەییدا، نەیدەزانی چی بکات گوتی:

(خۆم چوومەتەوە ماڵی پیرە داکم. ژنەکەمم ناردووەتەوە بۆ ماڵی باوکی و منداڵەکانیشمان بەسەر خزماندا تەوزیع کردوون)

هەموو بێدەنگ بووین، تەنیا دەنگی گیزەی سەماوەر دەهات، سەمفۆنیایەکی ماتەم بوو. چاکەتەکەی هەڵگرت و هەستایە سەر پێ و بەسەرپێوە گوتی:

(ئاوا دەژین)

منیش هەستام، پێکەوە چووینە دەرێ، چاکەتەکەی نەکردەوە بەری، دای بەسەر دەستیدا. خوڵقم کرد بۆ ماڵەوە بچین، سەری بادا گوتی:

(زۆر سوپاس.. بۆ مەزادخانە دەچم)

تۆزێک لێی دوور کەوتمەوە. هاوارو غەڵبەغەڵبی خەڵکی مەزادخانەکە بەئاسانی دەگەیشتە بەر گوێم. ئاوڕم دایەوە. ڕەق وەک پەیکەرێکی زیندوو دەهاتە بەرچاو.

گوڵان ٢٢١ لە ١٩٩٩/٤/١٧

# دوو تێڕوانین

کارەساتی کوشتنی ئافرەتێکی کوردی دانیشتووی سوید لە کوردستان بووە مانیشێتی ڕۆژنامە گەورەکانی سوید و بەتایبەتی ڕۆژنامەی Expressen کە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژی ٢٠٠١/١/١٣ بۆ دانیشتنی دادگاییی ئەو ڕووداوە تەرخان کرد. شایەنی باسە هەردوو تاوانبار، کە مامی ئەو کچەن، بەپێی شایەتیی خوشکە بچکۆلەی کچە کوژراوەکە، کە خۆی شایەتی ئەو کوشتنە بووە لە کوردستان، هەر دووکیان بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم دران.

تاوانی کچە کوژراوەکەش، بەپێی بۆچوونی کەسوکاری خودی کچەکە، گوایە وەک کچە کوردێک، رەفتاری نەکردووە.

لە ڕاستیدا ئەمە تراژیدیای غوربەت و دەربەدەری و پەنابەرییە، چونکە ئەوانەی سەری خۆیان هەڵدەگرن و وڵاتەکەیان بەجێ دێڵن هیچ حسابێک بۆ ئەوە ناکەن، کە ئەوانە خاکی خۆیان بەجێ دێڵن و دەڕۆنە وڵاتانێک، کە نە تەنیا ئاو و هەوای، بەڵکو مێژووی، ئاینی، نەریتی کۆمەڵایەتی، هەڵسەنگاندن و بیروبۆچوون و تێڕوانینیان گەلێک جیاوازە. سوار بوونی فڕۆکەیەک و بڕینی ماوەیەک بەچەند کاتژمێرێک، ئەو هەموو جیاوازییانە ون ناکات و بەپێچەوانەوە ئەو جیاوازییانە زیاتر دەردەخات.

لە وڵاتێکدا کە جیاوازییەکی زۆر لە تێڕوانین بۆ کوڕ و کچ هەیە، بۆ وڵاتێک کە هیچ جیاوازی لە مافی کوڕ و کچدا ناکات، بۆ ئەو خانەوادە نوێیانە کە دەچنە ئەوروپای ڕۆژئاوا، کارەساتە، لەلایەک، لە ماڵەوە دەیانەوێ بەمنداڵەکانیان بەتایبەتی کچەکانیان بڵێن، کە دەبێ بەپێی ترادیسۆنی لای خۆمان رەفتار و داوونەریتی هەڵسوکەوت بکەن و، لەلایەکیش منداڵەکە دەچێتە قوتابخانە و ڕۆژانە پێی دەگوترێ کە لەو وڵاتانە جیاوازی مافی کوڕ و

کچ و ژن و پیاو نییە، جا هەرچەندە ئامۆژگاریی ماڵ و ترادیسۆنی ئەو گەلەش بەهێز بێ، هەر ناتوانێ بەرەنگاری ئامۆژگاری ڕۆژانەی مامۆستا و کۆمەڵی نوێ پشتگوێ بخات، کە هەمیشە باسی مافی ئافرەت و باسی یەکسانیی ئادەمیزادی بۆ دەکەن.

ئەم کچە کوژراوە، قوربانیی ئەو دوو جۆرە تێڕوانینەیە، ئەوەتا لە کاتێکدا خزمانی ئەو کچە، دەڵێن پشتی کردووەتە ترادیسۆنی کوردی، مامۆستاکانی بەپێچەوانە دەڵێن: زۆر زیرەک بوو، بەتایبەتی لە ماتماتیک و ئینگلیزی و سویدیدا. هاوەڵەکانی نێو پۆلەکەی دەڵێن: (عەدالەتخواز، ئیجیتماعی، بوێر، تمووح و زۆر خۆشەویست و بڕوای بەخۆی بوو). هاوەڵەکانی بەردەوام دەبن و دەڵێن (کاتێک دەهاتە نێو پۆلەوە هەموو خۆشحاڵ دەبووین.)

برادەرێکی نزیکی خۆی دەڵێ: (ئەو دەیویست ئەو ترادیسیۆنانە بگۆڕێ کە هەموو شتێک بۆ کوڕ قایل دەبێت و بۆ کچیش هیچ.)

میدیای سویدی بایەخێکی زۆری بەم ڕووداوە دا، ڕۆژنامەکان، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، شارەزایان و پسپۆری سایکۆلۆجی، پەرلەمانتار، هەموو رای خۆیان سەبارەت بەم کوشتنە دەربڕی و کرۆکی مەسەلەکەش ئەوە بوو، باشە کەسانێک ترادیسۆنی ئەم ولاَتانە قبووڵ ناکات بۆ هەروا بەلێشاو ملی بۆ دەنێن؟ هەر ئەم ساڵ، مەبەستم ساڵی دوو هەزارە، زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار عێراقی کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن، داوای مافی پەنابەرییان کردووە لە سوید. جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، باشە کەسانێک مل بۆ ئەم ولاَتانە دەکوتن و هاوکاتیش ناتوانن قبووڵی جۆری پێوەندییە کۆمەلاَیەتییەکانی ئەم ولاَتانە هەزم بکەن، دەبێ چی بکەن؟ چار کوشتنی کچەکانیان و بەفیڕۆدانی ژیانی خۆشیانە لە زینداندا یان قبووڵی واقیعە؟

ئەوەی لای ئێمە پێی دەڵێن لادان و ڕەفتاری نابەجێ، لێرە پێی دەڵێن ئازادی و سەربەستیی مرۆڤ؟ جا سەیری جیاوازیی ئەم دوو تێڕوانینە؟

جا لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر، ئەوەیە هەر ئەو خانەوادانەی کە ڕەئیان

لەسەر کچەکانیان وا توندوتیژ و داوای پاراستنی عادات و تەقالیدی کوردییان لێ دەکەن، بەرامبەر رەفتاری کوڕەکانیان بێدەنگن!! جا منداڵێک لەیەک کۆمەڵدا گەورە بێت، پێکەوە بخوێنن، پێکەوە وانەی ئازادی و سەربەستی و مافی مرۆڤیان پێ بڵێن، دەکرێ بەیەکێکیان بگوترێ کە کوڕەکەیە، تۆ خاوەنی هەموو مافێکیت و خۆشکەکەت کە کچە هیچ مافێکی نییە؟!

ئایا لەم جۆرە کۆمەڵەدا، ئەو بۆچوونە قبووڵ دەکرێ. دادگاو یاسای سوید وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە.

گوڵان ٣١٤ لە ٢٠٠١/١/٢٥

# تەقینەوە

هەندێ جار، مرۆڤ لە دڕندایەتیی مرۆڤ خۆی، سەری سوڕ دەمێنێ، کە چۆن دەتوانێ بەجۆرە کارێک هەڵبستێ کە ئاژەڵە دڕندەکان پێی هەڵناستن. دەبێ ئەوانە چ جۆرە مرۆڤێک بن- گەر پیاو ناویان لێ بنێت مرۆڤ- کە رادەی بێ ویژدانییان بگاتە پلەیەک، کە مرۆڤەکە بخاتە دۆخێکەوە، کە هەموو سیفاتی مرۆڤایەتیی لێ بسێنێتەوە و چاوی کوێر بکات و ویژدانی سڕ بکات و تاوانی وا گەورەی وەکو تاوانی ٢٠٠٠/١١/١٤ لە نێو بازاڕی هەولێر پێ ئەنجام بدات.

ئەی ئەوانەی فەرمانی لەو بابەتە دەدەن، کە مرۆڤێکی خۆفرۆش، هەست تەزیو و خیانەتکار، دوژمنی گەل و نیشتمانەکەی، بەکاری وا چەپەڵ و ترسنۆکانە هەستن، دەبێ ئەوانە کێ بن؟

دانانی تی. ئێن. تی بەرامبەر بەچایخانەیەک، کە خەڵکی سیڤیل و ئاسایی لێی دادەنیشن و کاتی بێکاری تێدا بەسەر دەبەن، ئەگەر ئاماژە بەشتێک بکات هەر ئەوەیە، کە هەردوو ئەو کەسەی، یان ئەو لایەنەی جا گرووپ بێت، تاقم بێت، یان دەوڵەتێک بێت، فەرماندەرو بەجێهێنەر، هەردووک، دوا پلەی ترسنۆکییە، چونکە ئەوانەی لەو چایخانەیە دادەنیشن، یان لەو گوزەرە، کات بەسەر دەبەن نە خەڵکی عەسکەرین و نەئەو جێگەیەش بنکەیەکی عەسکەرییە، کە تی. ئێن. تی بەرامبەری دابنرێ.

ئەگەر لایەنێکیش خۆی بەدوژمن و ناحەزی ئەم دەڤەرو ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی نێو کوردستان دابنێ و، وابزانێت بەو کارە ترسنۆکانەی ئەم دەڤەرە دەشێوێنێ و زیان بەم ئەزموونە دەگەیەنێت، ئەوا زۆر بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەم کارە تیرۆریستییانە تەنیا نەفرەت و ناڕەزاییی خەڵکی بەرامبەریان زیاد دەکات.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەم، کە ئیتر دەبێ هاووڵاتییانیش خۆیان بەئاگا و وشیار بن و پاراستنی ئاسایشی شارو ناو بازاڕ تەنیا نەخەنە ئەستۆی کارمەندانی ئاسایش، چونکە هەر چەند ژمارەی ئەو کارمەندانەش زۆر بێت، هەر ناتوانێت هەموو کووچەو کۆڵان و شەقام و گۆشەیەک بپارێزێ، بۆیە بەشێک لەو هەوڵە دەبێ بکەوێتە سەرشانی خودی هاووڵاتییان و ئەوان ئیدی بەبینینی هەندێک دیاردەی گومانهێنەر وەکو ئۆتۆمبیلێک بۆ ماوەیەک بەبێ شوفێر، عەرەبانەیەکی بێ خاوەن، کیسەیەکی نایلۆنی دانراو لە پەنا دیوارێکدا و، بەکورتی هەر شتێک کە گومان بخاتە دڵی مرۆڤەوە، پێویستە یەکسەر ئاگاداری پۆلیس و بەرپرسانی ئاسایش بکات، هەروەک هاووڵاتییان دەبێت وردتر بڕواننە کەسانی گومانلێکراو و لەکاتی تەقینەوەیەکدا و پاش تەقینەوەکەش زۆر بە وردی وەسفی کەسانی گومانلێکراو بکەن، بۆ نموونە ئەو کەسە درێژ بوو یان کورت، گەنج بوو یان بەساڵاچوو، ریشن بوو یان بێ ڕیش، مووی رەش بوو یان زەرد و.. هتد. کە ئەمە خۆی دەبێتە کار ئاسانییەک بۆ بەرپرسانی ئاسایش و ئاسانتر دەتوانرێ تەعقیبی تاوانباران بکرێت و لەمەودواش دەستگیر بکرێن.

لەلایەکی تریشەوە پێویستە زاڵگەکان، بەتایبەتی لە خەتی تەماسدا زۆر بە وردی ئەو ئۆتۆمبێلانە بپشکنن، کە جێی گومانن، چونکە بڕوا ناکرێت ئەو کارانە لە نێو خۆی شارەوە ئامادە بکرێن، بەڵکو زیاتر گومان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو تی.ئێن.تی و تەقینەوانە لە دەرەوەی سنووری هەرێمەوە بنێردرێنە شارو شارۆچکەکانمان.

هەروەها و هەر لێرەدا داوا لە بەرپرسانی ئاسایش دەکرێ، کە لە رێی رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەوە، بەتایبەتیش لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە کە هەندێ روونکردنەوە و زانیاری و رێنوێنی و چۆنیەتیی رەفتار لەگەڵ بابەتی گومانلێکراو، دابین بکرێ، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە لەهەر فەرمانگەیەک یەکێک هەبێت کە شارەزاییی هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو جۆرە تەقینەوانەی هەبێت، بەمەش یارمەتییەکی زۆری ئاسایش دەدرێ و ژیانی

هاووڵاتییانیش باشتر دەپارێزرێت.

لەوە دەچێ ئەمە تاکە هەوڵ نەبێت و ئەم جۆرە کارە تیرۆریستییانە بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە هەموو لایەک هاوکاریی دەزگاکانی ئاسایش بکات، بەڵکو بتوانرێ بە زوویی تاوانباران دەستنیشان بکرێن و بەسزای گونجاوی خۆیان بگەیێندرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هەزاران لەعنەت و نەفرەت لە فەرماندەر و بەجێهێنەری ئەو جۆرە کارە چەپەڵانە و هەزاران سڵاویش لە گیانی پاکی شەهیدانی ٢٠٠٠/١١/١٤ و خوا سەبووریی کەسوکاریان بدات و داوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ برینداران دەکەین.

گوڵان ٣٠٦ لە ٢٠٠٠/١١/٢٣

# دیموکراتی بە ناچاری

ئەمـڕۆ بەشـەریەت لە قـۆناغـێکدا دەژی کـە بە ناچاری بەرەو دیمـوکراتییـەت دەڕوا . پێشکەوتنەکانی یەکجار خێرای بواری گەیاندن، دەوڵەتەکانی جیـهانی خسـتووەتە بەردەم ڕاسـتییـەک، کە ناتوانن نکۆڵیی لێ بکـەن، تەنانەت بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئەم قـۆناغـەش بڕوایان بەدیموکـراسـی و دیموکـراتیـزەکردنی کـۆمـەڵ نییـە، بەڵام ئەمـڕۆ ناچارن- سـەرەڕای ناڕەزاییـان- مل بدەنە و لەو بوارەدا هەنگاوی دیموکراتییانە بهاوێژن.

لە جیـهانی سێ، بەگشـتی و لەو وڵاتانەی کە تا ئەمـڕۆ پابەندی دەسـەڵاتی تاکـە حـزبین، هـەر دە سـاڵێک، لەمــەوبـەر هـاووڵاتیی خـۆیـان، لەســەر کـوتە کـاغـەزێک، بەیانێک، راگـەیاندنێک یان بگرە شـیـعـرێک، دووچاری ئازاردان و تەعـقـیـبکردن و گـرتن و زیندان دەکـرد، بـەڵام ئەمـڕۆ هـەر ئەو وڵاتانـە بەهـۆی پەرەسـەندنی ئامـێرەکانی گەیاندنەوە ناچارن کـە ئەو واقـیـعەی ئەمـڕۆ قبـووڵ بکەن، یان ئەوەتا دەبێ دەسـتبەرداری هـەمـوو ئەو تەکنەلۆجیا پێشکەوتووانەی ئەمڕۆ ببن- کە تێیدا یەکجار زەرەرمەند دەبن- یان ئەوەتا دەبێ ئیتر ئەوانیش هەنگاو بەرەو جیـهانی شارسـتانی بنێن، کە سـەرەتاییترین داوا لێیـان بریتی دەبێ لە ڕێزگرتنی ئازادی و سـەربەسـتی و مـافی مرۆڤ و دانانان بەمافی کەمە نەتەوەکـاندا ، چونکە ئەمڕۆ، ئەو وڵاتانە- بیـانەوێ یان نەیانەوێ- ناتوانن وەک یەک دوو دەیە لەمــەوبەر رەفتـارو هەڵسـوکـەوت لەگەڵ هـاووڵاتیـیـانی خـۆیاندا بکـەن و گـوێ نـەدەنە مــافـەکــانی مــرۆڤ و دیمـوکـراتیـزەکـردنی کـۆمــەڵ و سیسـتەمی دەسـەڵات.

ئەوەتا ئەمـڕۆ لە وڵاتێکی وەکـو تورکـیـادا ، کـە تا چەند سـاڵێک لەمـەوبەر باسکردنی کـورد، کـولتووری و مـێژووی کـورد بە رەسمـی قـەدەغە بوو، ئیـستـا هـەر خـودی دەسـەڵاتدارانی ئەمـڕۆی بە راشکاوی باس لە پێـویسـتـیی بوونی

تەلەفزیۆنێکی کوردی و ئێستگەیەکی رادیۆی کوردی و داننان بەزمانی کوردیدا، شانبەشانی زمانی تورکی و تەنانەت مافە نەتەوەییەکانی لە رۆژنامەکانیدا دەکرێ، هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی لە بواری گەیاندندا بەدەستی هێناوە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن ئەمڕۆ کوردەکانی نێو کوردستانی تورکیا، بە ئاسانی دەتوانن تەماشای چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی بکەن. ئەمڕۆ ئیتر ئەو جۆرە وڵاتانە ناتوانن مافی هاووڵاتییانی خۆیان پێشێل بکەن و بەو شێوەیەی پێشوو سەرکوتیان بکەن، چونکە ئەمڕۆ هەر بەهۆی ئەو پەرەسەندنەی بواری گەیاندنەوە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن رێ لە هاووڵاتییان بگرن کە دەنگ و رەنگی خۆیان، نەگەیەننە هەموو جیهان.

جاران کە لەم جۆرە وڵاتانەدا مرۆڤ وەکو گوتم لەسەر خوێندنەوەی بەیانێک چەندین ساڵ زیندانی دەکرا، ئەمڕۆ هەر بۆ نموونە لە رێی ئینتەرنێتەوە دەتوانێ هەرچی سەرچاوەیەکی دەیەوێ دەستی بکەوێت و هەر چی دەیەوێ بیخوێنێتەوە و کەسیش- تەنانەت دیکتاتۆرترین رژێمی ئەم سەردەمەش- ناتوانێ رێ لە دانیشتووانی بگرێت.

ئەمڕۆ، کاتێک مرۆڤ بەراوردێکی ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆ و دۆخی دە پانزە ساڵێک لەمەوبەر دەکات، هەر تەواو سەری سوڕ دەمێنێت. ئێستا من بیرم بۆ ئەو سەربازە ونانە دەچێ کە پێمان دەگوتن تەتەر و نامەیان لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی تر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەبرد. نامەیەک کە لە دەشتی شلێرەوە دەمانناردی بۆ قەرەداخ و پاش دە رۆژ وەڵاممان هەر بەو تەتەرەدا پێ دەگەیشتەوە، چەند خۆشحاڵ دەبووین و چەند کاری ئەو تەتەرەشمان بەرز دەنرخاند، کە توانیبووی بە دە رۆژ نامەیەک ببات و وەڵامیشمان بۆ بهێنێتەوە. گەر مرۆڤ بەراوردی ئەوە لەگەڵ ئەو مرۆڤەی لە قوتبی شیمالەوە- لە رێی ئینتەرنێتەوە- لەگەڵ ئوستراليا لە قوتبی جنووبی بکات کە بەیانی باش لە یەکتر دەکەن و پاش چەند خولەکێک وەڵامی یەکتر دەبیستنەوە، دەزانێ چ پێشکەوتنێک لە بواری گەیاندندا کراوە. ئەمڕۆ مرۆڤ بیر لەو

شــەهـیــدانە دەکــاتـەوە کــە لەســـەر خـــوێندنـەوەی بەیانێک چۆن دووچاری ئەشکەنجـەو ئازاردان دەبوون و لەمـەودواش لە سـێدارە دەدران و ئـەمڕۆش کـە مرۆڤ دەتوانێ سـەرتاسـەری کتێبخانەیەک، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە تەماشا بکات و کەسیش نەتوانێ ڕێگریی لێ بکات.

گەورەترین پلەی پێشکەوتنی ئەم بواری گەیاندنە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ مـرۆڤ ئیتـر هـەست بەتەنیایی ناکات و لە کوێ بیەوێ دۆسـت و هـاوەڵ پەیدا دەکات و دەتوانێ بیروڕای خۆی لەگەڵدا بگۆڕێتـەوە و لە سـەرووی هـەمـووشیـانەوە ئیتـر ڕژێمە تاکحزبییەکان ناتوانن- وەک پێشـوو- هـاوولاتییـانیان بچەوسـێننەوە و جیـهانیش لێیـان ئاگادار نەبێت، ئەمڕۆ ئـیتر دەنگی مـرۆڤ خۆی ناتوانرێ کپ بکرێ و مــافی بخــورێ- وەک چـەند ســاڵێک لەمـــەوبەر- بـەخـــۆشی بێ یان بەناچـاری- دەبێ هـەنگاو بەرەو دیمـوکـراتیـزەکردنـی کۆمـەڵ و سـیـسـتـەمی دەسـەلات و فرە حزبی بنێن.

گولان ٣٠٩ لە ١٤/١٢/٢٠٠٠

# هەست

بەپاس لە (کۆپنهاگن)ـەوە بەرەو سوید دەچووم. لە نێو پاسەکەدا، ژنێکی سەر ڕەش و سێ منداڵ سەرنجیان ڕاکێشام. بینینی خەڵکی گەنم رەنگ و سەرڕەش شتێکی نامۆ نییە لەم وڵاتانە، بەڵام ئەوەی هەستمی بەلای ئەواندا ڕاکێشا ئەوەبوو، کە دایکەکە بەزمانی سویدی لەگەڵ منداڵەکانیدا قسەی دەکرد، لە پشتیانەوە دوو پیرەژنی سویدی دانیشتبوون ئەوانیش بەسەرسوڕمانەوە سەیری منداڵەکانیان دەکرد، گوێم لێ بوو جاروبار دایکەکە- چونکە سویدییەکەی هێندە بڕی نەدەکرد- بەکوردی قسەکانی بۆ منداڵەکانی تەواو دەکرد، هەر بۆیەش لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەی بۆ چی هەر بەکوردی قسەیان لەگەڵ ناکات؟ ئەمەم هەر بەخۆم گوت و بە بێدەنگی بەلاچاو تێم دەڕوانین، ژنە سەر ڕەشەکە چەند جارێک ئاوڕی لە پیرێژنەکان دایەوە، دیاربوو دەیویست قسەیان لەگەڵدا بکات، پیرێژنەکان هیچ گوێیان پێ نەدا، بەڵام کاتێک ژنە سەر ڕەشەکە بەمنداڵەکانی گوت: (پەلە مەکەن کاتژمێرێکی تر دەگەینەوە وڵات!!)

هەر دوو پیرێژنەکە پێکەوە بەدەنگێکی تۆزێ بەرز گوتیان: (کام وڵات؟)

لەڕاستیدا منیش بەتەواوی گوێم شل کرد، دەمویست بزانم مەبەستی کام وڵاتە. تۆ بڵێی بگەڕێنەوە کوردستان؟ ئەی چۆن بەکاتژمێرێک؟.

ژنە سەر ڕەشەکە، لەوە دەچوو زۆر بەپرسیاری پیرێژنەکان و سەرنجە سەرسوڕماوییەکانی من دڵخۆش بێ، یەکسەر گوتی: (سوید!!)

خەریک بوو من و پیرێژنەکان لەسەر کورسییەکان بەربینەوە. پاشان ژنە قژ ڕەشەکە کەوتە باسی (یۆنان)، کە بۆ پشووی ساڵانە چوون و (یۆنان) چەند ناخۆش بووە لایان و چەند پەلەیان بووە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتیان!!.

نازانم پیرێژنەکان، چەند قەشمەرییان بەو قسانە دەهات، بەڵام من لە دڵی

خۆمدا گوتم: (ئەمە چ هەستێکە) و چۆن مرۆڤ وا بەزوویی و بەئاسانی وڵاتی خۆی لەبیر دەچێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستە ڕووداوێکی لای خۆمانی خستەوە یادم. لە کۆتاییی حەفتاکاندا پێشمەرگە بووین، دکتۆرێک هات و پێوەندیی پێوەکردین خۆشحاڵیمان هەر وەسف ناکرێت، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو دکتۆرێکی ڕاستەقینە، پێوەندیمان پێوە بکات، چونکە تا ئەو کاتە، هەر برین پێچ بوو لامان، کە ئێمە هەر بۆ ڕێز لێنان دەمانگوت (دکتۆر) بەڵام بەداخەوە، خۆشحاڵییەکەمان هێندە بڕی نەکرد، چونکە هەر یەکەم ڕۆژ دوای ئەوە، جەنابی دکتۆر فەرمووی: (دەمەوێ بچمە دەرێ!)

لێپرسراوەکەمان، بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسیی: (بۆ ؟) دکتۆر لە وەڵامدا زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی:

(بەڕاستی من دکتۆری هەناوم، واتە (باطنی) و ئێوەش جەڕاحتان دەوێ، چونکە پێشمەرگەن!!) لە وەڵامدا لێپرسراوەکەمان گوتی:

(بۆ جەنابی دکتۆر، پێشمەرگە تووشی نەخۆشی هەناو نابێت؟)

بەهەرحاڵ، نە پاڕانەوەی ئێمە و نە سەرزەنشتی لێپرسراو، سوودی نەبوو. دکتۆر پاشان بەجێی هێشتین و گەیشتە سوید. چەند ساڵێک لەوەودوا لە سوید دیمەوە، زۆر سەرقاڵ دەهاتە پێش چاو لێم پرسی: (ئێستا چۆنی؟)

لە وەڵامدا بەخۆشییەوە گوتی:

(هاوڕێ!! ئێستا ناتوانم سەرم بخورێنم، هێندە لە خەستەخانە سەرقاڵم بەڕاستی لەکاتی پشوودانیشدا هەر کار دەکەم!!)

بۆ خۆمان وابوو، بۆ خەڵکی تریش کاتی نییە سەری بخورێنێ!.

سەیری منداڵەکانم کردەوە، بەسویدییەکی شەق و شڕ لەگەڵ پیرێژنەکاندا دەئاخافتن. سەرم با دا و قسەکانی مامۆستا بێشکچیم کەوتەوە یاد.

(ئەو شتەی کە لە نێو کورداندا کەمە، هەستی نەتەوەیییە)

گوڵان ٣١٣ لە ٢٠٠١/١/١٨

# ئەدەبی منداڵان

یەکێک لە سیما دیارەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، بایەخدانە بەئەدەبی منداڵان، بەڕادەیەک کە دەتوانرێ بگوترێ پێوەرێکی شارستانییە بۆ نیشاندانی ئەدەبی پێگەیشتن و پێشکەوتنی گەلێک.

لەو وڵاتانە، بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمریکا، سکەندناڤیا، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ لەو هەموو کتێب و نووسراوەی کە بۆ منداڵان رەخسێنراون، گەر بگوترێ بەهەزاران هەزار کتێب بۆ منداڵان رەخسێنراوە، گەر بگوترێ بەهەزاران هەزار کتێب بۆ منداڵان لەو وڵاتانە دەست دەکەوێت و لەب ەردەست منداڵاندایە، هیچ زیادەڕۆیییەکی تێدا نییە، جا ئەو کتێبانەش لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ منداڵن، بەڵام بەپێی تەمەنن کە دەتوانرێ بکرێن بە سێ جۆر. یەکەمیان ئەو کتێبانەی کە لەیەک ساڵانەوە تا حەوت ساڵان و، لە حەوتیشەوە تا ١٢ ساڵی و، لە ١٢ ساڵیشەوە تا دەوروبەری هەژدە ساڵی و، منداڵان بەپێی حەزو ئارەزوو تەمەنیان، دەتوانن کتێب هەڵبژێرن کە دیارە جێ دەستی خێزان و لەمەودوا مامۆستای قوتابخانەی پێوە دیار دەبێ.

گرینگیی کتێبی منداڵان، لەو وڵاتانە، لەوەدایە کە ئەو کتێبانە بەپێی بەرنامەو بۆ پێگەیاندنی خەیاڵ و مێشکی منداڵ دانراون و نووسەری تایبەتیان هەیە، کە هەندێک لەو نووسەرانە هێندە ناسراون کە ڕەنگە لە خودی مەلیکی وڵات یان سەرەک کۆمار ناودارترو ناسراو تر بن. ڕەنگە منداڵێکی سویدی نەزانێت کێ سەرۆکی وەزیرانە لە وڵاتەکەی، بەڵام دەزانێ (ئەستريد ليندگرين) کێیە، کە نووسەرێکی ناوداری منداڵانە لە سوید و، خاوەنی زیاتر لە (١٠٠) کتێبی منداڵانە. لایەنێکی تری گرینگیی ئەو کتێبانە لەوەدایە کە رەفتاری باش و هەڵسوکەوتی چاک و دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی نیشان منداڵان دەدەن و مرۆڤی بەکەڵکی بۆ دواڕۆژ پێ گەلاڵە دەکەن.

جا لەو وڵاتانە نە تەنیا کتێب، کە بەهەزاران لەبەر دەستی منداڵاندایە، بەڵکو بەهەزاران شریت و چیرۆکی سەر کاسێت و فیلمی منداڵان مۆسیقای منداڵانیش لە خزمەت منداڵدایە، کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان هێندەی تر مێشکی منداڵ دەکەنەوە و ئامادەی دەکەن بۆ دوا ڕۆژ.

لەوڵاتانی سێ [جیهانی سێیەم] بەو جۆرە بایەخ بەئەدەبی منداڵان نادرێ، لێرەدا مەبەستم کوردستانی خۆمانە، ڕاستە تاڕادەیەک بەب هراورد لەگەڵ پێش ڕاپەڕیندا گۆڕانێکی بەرچاو لەبواری ئەدەبی منداڵاندا رووی داوە، بەڵام هێندە نییە وەک پێویست بێت. جا هۆیەکەی نەبوونی نووسەری منداڵان بێت، یان نەبوونی کولتوورێک کە بایەخ بەمنداڵ بدات، ئەوە هەر کامیان بێت، ئەوا بەڕاستی بەکەمبوونی ئەدەبی منداڵان حیساب دەکرێ و ئەو چەند گۆڤارە بچووکە و ئەو تاک لاپەڕانەی کە جاروبار لە ڕۆژنامەکاندا بۆ منداڵان تەرخان دەکرێن، تینوێتیی منداڵانی کوردستان ناشکێنن، بۆیە پێویستە دەزگا پێوەندیدارەکان بە جیدی لەم بوارەدا هەوڵێک بدەن، هەروەک سەرەتا- گەر ئێستا هێندە نووسەری منداڵانمان نییە- با دەست بکرێت بەتەرجومەی ئەدەبی منداڵانی بێگانە، لە زمانە ئەوروپییەکانەوە کە ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی دەکرێت تا ئەو ڕۆژەی نووسەری خۆ وڵاتی ئەوەندە پەیدا دەبێت، کە پێویست بەتەرجومە نەکات.

ئەدەبی کوردی بەتایبەتی فۆلکلۆر، ئەوەندە سەرگوزشتەی تێدایە کە دەتوانرێ هەم بەوێنە، هەم بەتێکست بۆ ئەدەبی منداڵان سـوودی لێ وەربگیرێ.

جا لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە ئەو چیرۆک و سەرگوزشتانە بدۆزرێتەوە، کە لایەنی پەروەردەییان تێدا بێت و هۆش و عەقڵی منداڵ بەرفراوان بکەن. ئامۆژگارییان لێ وەربگرێت و فێری گوێڕایەڵی و ڕاستگۆیی و ڕێزی یاسا و داوونەریت و خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمانیان، لێوە فێر بێت.

منداڵانی کورد لەم ڕۆژەدا پێویستییان بە ئەدەبێکە، کە فێری پێکەوە ژیانی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکتریان بکات و مرۆڤی داهاتوومان بۆ

پێ بگەیێنێت، کە نەفرەت، بۆ نموونە لە شەڕی ناوخۆ و یەکتر قڕان بکات، منداڵانی کورد ئەمڕۆ پێویستیان بەئەدەبێکە کە فێری یەکپارچەیی گەل و یەکپارچەیی نیشتمانیان بکات و رەنگی مرۆڤێک بۆ داهاتوو دابڕێژێت کە جارێکی تر پۆستاڵی داگیرکەر قبووڵ نەکات و مرۆڤێک بێت، هەرگیز خزمەتی بێگانە نەکات. مرۆڤێک بێت خاک و وڵات و ئاڵاکەی لە هەموو شت لا پیرۆزتر بێت. مرۆڤێک بێت بڕوای بەخۆی بێت.

کەی توانیمان عەقڵ و جۆری پەروەردەیی منداڵەکانمان بگۆڕین، دەتوانین رەنگی سەرەتای گۆڕینی گەلەکەشمان دابڕێژین.

گوڵان ٢٩٧ لە ٢١/٩/٢٠٠٠

# گوێڕایەڵی

لەم ڕۆژانەدا کە کارێکی بەرفراوان بۆ جوانکردنی شاری هەولێر بەڕێوە دەچێ و زۆربەی شەقام و شۆستەکان هەڵدەکەنرێن و بەشێوەیەکی نوێتر چاک دەکرێنەوە و، هەندێ شەقام بەهۆی ئەوەی کاری تێدا دەکرێت یان (قطع) کراون یان ئۆتۆمبێلیان بە یەک سەردا پێدا تێ دەپەڕێ، دیاردەیەکی سەیرم دی، لە یەکێک لەم شەقامە هەڵکەندراوانەدا کە کراوە بە یەک تەرەف، بەشێوەیەکی کاتی، کابرایەکی شوفێر بەپێچەوانەی شەقامەکە کە یەک تەرەف کرابوو هاتە نێو شەقامەکەوە و بووە هۆی ڕێگەگرتن لە کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی تر کە بە ئاڕاستەی ڕاستەقینەی مۆڵەت پێدراودا دەڕۆیشتن. جا سەیر ئەوەبوو کابرای شوفێر، هەڵەکەر، ئەو لە هەمووان زیاتر دەیقیژاند و هاواری دەکرد کە بۆ ڕێگەی نادەن بڕوات، هەر بۆیەش من هەر بۆ هێورکردنەوەی دابەزیم و چوومە نزیکییەوە و پێم گوت، کاکی برا تۆ ئاڕاستەی هەڵەت گرتووە، جادەکە یەک تەرەفە و تۆش نابێت بەپێچەوانەوە بڕۆیت، کەچی ئەو زیاتر دەیقیژاند و دەیوت بۆ ئێرە لەندەنە؟

بە هەرحاڵ، بەهەر شێوەیەک بوو قەناعەتم بەو شوفێرە تووڕەیە کرد و ڕێگەکەی بۆ بەردایین و خۆشی پاشەو پاش گەڕایەوە، بەڵام بەڕاستی هێندە بە نابەدڵی ئەو کارەی کرد کە وای دەزانی تەعدایەکی گەورەی لێ کراوە!!

گوێڕایەڵی بۆ یاساو پەیڕەوکردنی و سەرپێچی نەکردن لێی، نیشانەی هاووڵاتیی چاکە و هاووڵاتی خۆی دەبێ بەجێهێنەری یاسا بێت و مەرج نییە هەمیشە دەسەڵات یان هێزێکی لە پشتەوە بێت، تا یاساو ڕێنماییەکان سەروەریی خۆیان بنوێنن. کاتێک دەگوترێ هاووڵاتی، پێویستە لە شوێنی تایبەتی پەڕینەوە بپەڕێتەوە، دەبێ ئەو هاووڵاتییە ئیدی خۆی پەیڕەوی بکات و نابێ بەترسی پۆلیس و سزا ئەو کارە بکات.

لەوڵاتێکی وەکو سویددا کاتێک تەلەفزیۆن رای دەگەیەنێ کە پێویستە هاووڵاتییان گەرمای ژوورەکانیان پلەیەک دابەزێنن بۆ نموونە لە ٢٣ وە بۆ ٢٢، دەتوانم بڵێم هەموو هاووڵاتییەک یەکسەر هەڵدەستێ و پلەی گەرمای شۆفاجەکانی نێو ماڵەکەی پلەیەک دادەگرێ و لە حاڵەتێکیشدا گەر ئەو کارە نەکات، ئەوا کەس هەست بە نەکردنی ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو هاووڵاتییان پەیڕەوی لەو رێنماییە دەکەن و بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن و نەکردنی بەسەرپێچی لەیاسا لەقەڵەم دەدەن. گوێڕایەڵی بۆ یاساو پەیڕەوی کردنی لە وڵاتی ئێمەدا کاری دەوێ، من ناڵێم هەموو هاووڵاتییەک لە شەو و ڕۆژێکدا ببێتە ڕۆژئاواییەک، چونکە مێژووی ئیدارەی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا زۆر کورتە و کاتی دەوێ تا هاووڵاتییان بەگشتی هەست بکەن کە ئەم وڵاتە و سامانی و بینا و ئامێرەکانی هەمووی هی خۆمانە و لە خزمەت خۆماندایە، چونکە هەر دە ساڵێک لەمەوبەر مرۆڤی کوردی، تێکدان و داڕووخان و تێکشکانی داوودەزگا و ئامێرەکانی دەوڵەتی بەچالاکییەکی شۆڕشگێڕی لەقەڵەم دەدا، کە لە ڕاستیشدا هەر وا بوو، چونکە کاتێک پێشمەرگەیەک بۆمبێکی لە ژێر شۆفلێکدا دادەنا ئیدی ئەوەی بەکارێکی شۆڕشگێرانە دادەناو شانازیشی پێوە دەکرد، چونکە پێی وابوو زیانێکی بەدەوڵەت گەیاندووە، بەڵام ئەمڕۆ دیارە کە خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین و تامی سەربەخۆیی و سەرفرازیمان چێشتووە و وڵاتمان بینا دەکەینەوە، دەبێ بەپێچەوانەوە بێ و هەموومان پارێزگاری کەرەستە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.. و هتد ببین و بۆ ئەوەش پێویستە لە قوتابخانەکان و لە شانە حزبییەکان و لە نێو فەرمانگە و کارگەکانماندا، هاووڵاتییانمان بەخۆشەویستیی وڵات و پارێزەری هەموو ئەو ئامرازانە بێت، کە ئیدارەی کوردی پێوە بەڕێوە دەچێت. دیارە گوێڕایەڵی بۆ یاساش دەبێ لەسەرووی ئەو ئەرکانە بێت، بۆیە دەڵێم سەرپێچیی ئەو شوفێرە و ملهوڕیی و گوێنەدانی بەیاساو رێنماییەکانی حکوومەتەکەمان، دەخرێتە قاڵبی تاوانەوە کە دەبێ سزا بدرێ، بەڵام داخوا خۆشتر نییە و شارستانێتی تر نییە؛ ئەگەر

مرۆڤ خۆی بەبێ ترسی سزادان، گوێڕایەڵی یاساو ڕێساو ڕێنوێنییەکانی نێو ئیدارەی خۆمان بێت. لە کۆتاییدا دەڵێم: کاکی شوفێر یاسا هەر لە (لەندەن) پەیڕەوی ناکرێت، لێرەش دەبێ بەجێهێنەرو پەیڕەوکەرو گوێڕایەڵی هەبێت.

گوڵان ٢٩٨ لە ٢٠٠٠/٩/٢٨

# حاجی فیتەر

تەقــە هێــور بووبووەوە و منیش بەجـادەکــانی (هـەولێـر)دا، بێ مــەبەست، دەســووڕامــەوە. بەلای فـیــتــەرخــانەی (دڵـمــان) دا تێ پەڕیم و هێــشــتــە نەگەیشتبـوومە بەردەم کەبابخانەی (چاوی چاوم)، کە بەبیرمدا هات سەرێک لە حاجی عـەلیی ناسیاوم بدەم، بۆیە کاتێک گەیشتمـە بەردەم چێشتخـانەی (باینجان) ملی ڕێگەی مەسیفم، بۆ بینینی حاجی، – هەر بەپێ– گرتەبەر.

لە دەرگـەم دا و چوومـە ژوورێ. حـاجی زۆر سـەرقـاڵ دەهاتە پێش چاو، لە سـەرەتادا، نەم ناسـییـەوە، بەدلەیەکی شـینـی فیتـەریی پۆشیـبوو! (حـاجی و بەدلە؟). بەخێرایی بەدەوری تومبێلەکەیدا دەسووڕایەوە.

یەکێک لە کوڕەکانی کاتژمێرێکی بۆربۆرینی وەرزشـی لە نێو دەستیدا بوو. بەدەنگی بەرز بە باوکی گوت:

– ١٩ چرکە !!

هیچ حاڵی نەبووم. ئەم حاجییەی برادەرم، چەندین ساڵە دەیناسم. پیاوێکی لە خــواترس و کــاسب و بێــوەی، لـە هـەمــوو ژیانـیــدا– ســـەرەڕای ئەوەی بازرگانیش بوو – قـەتیش حـەزی لە وەرزش و وەرزشکاری نەبوو. خـەریک بوو لە هۆکاری ئەو سەرقاڵییەی بپرسم، کە بە کوڕەکەی گوت:

– ئیسپانەکان بهێنە!

کـوڕەکــەی، ڕاســپـاردەکــەی، زۆر زوو بـۆ جـێـبـەجێ کـرد و ئـەویش وەک فیتـەرێکی شارەزا، کەوتە کردنەوەی برغووی تایەی تومبێلەکەی و سـەیرێکی پەلەی کوڕەکەی کردو ئەویش، وەک فەرمانی وەرزشەوان بدا گوتی:

– دەست پێ بکە!

لای من لە یاریی منداڵان دەچوو. لە دڵی خـۆمـدا گوتم: تۆ بڵـێی بارودۆخی

ئاڵۆزی ئەم وڵاتە ئەویشی شێت کردبێ؟ (ئەی کوڕەکەی بۆ؟).

وەک فیتەرێکی لێزان کەوتە جەگ لێدان و برغوو شلکردنەوە و لە چاوتروکاندنێکدا تایەکەی کردەوە. سەیرێکی کوڕەکەی کرد و ئەویش یەکسەر گوتی:

- ٧٦ چرکە!

حاجی عەرەقی ناوچەوانی بەسەر دەستی بەدلەکەی سڕی و بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ گوتی:

- خراپە!

وەک هەستی هەر بەبوونم نەکردبێ، کەوتە بەستنەوەی تایەکە. لەم تایە داگرتن و بەستنەوەیە سەرم دەرنەدەچوو. تایەکەی زۆر بەخێرایی بەستەوە و سەری هەڵبڕی:

- ئەی ئەمجارە؟

- ٥٩ چرکە!!

حاجی کەوتە کردنەوەی تایەیەکی تر، بۆیە منیش کەوتمە بیرکردنەوە و لە خۆمم پرسی تۆ بڵێی حاجی بەم ئاخری پیرییەوە، واز لە بازرگانی بێنێ و ببێ بەفیتەر؟ گەر وایە بۆ؟ بازرگانێکی ناسراو، دەستڕۆیشتوو، لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، کارەکەی بگۆڕێ و کارێکی فیزیکی وا سەخت هەڵبژێرێ؟

حاجی هەر خەریکی تایەکردنەوە و بەستنەوە بوو. جار لە دوای جار خێراتر کاری دەکرد، بۆیە گومانم لەوە نەما کە مەبەستی بۆربۆرێن بێ، بۆیە بەخۆمم گوت: (دوور نییە فیتەرەکانی شار، پێکەوە، سەبارەت بەکردنەوە و بەستنەوەی تایەی تومبێل، بۆربۆرینێک ئەنجام بدەن!) لە ڕاستیدا خۆشم ئەوەم بەعەقڵدا نەدەچوو. تا ئێستە بۆربۆرین لەو بابەتەش نەبیسترابوو. ئاڵۆزی و پشێویی وڵات دەرفەتی ئەو بابەتە (یاری) یەی نەدەدا!.

لە دوا تایە بەستنەوەیدا، هەستایە سەر پێ و لە کوڕەکەی پرسی:

- ئەی ئێستە؟

– ٥١ چركە!

ئیسپانەكانی نێو دەستی فڕێ دا، لە پاڵ گەراجەكەیدا، لێی هەڵترووشكا. بەدەست ئیشارەتی بۆ منیش كرد، بۆیە بێ گوێدانە پیس و پۆخڵی– كە زیاتر چەوری و ڕۆن و گریس بوو– لە تەنیشتییەوە دانیشتم. كوڕەكەی دوو پەرداخ ئاوی بۆ هێناین، حاجی بەشڵەژاوی هەردووكی هەڵقوڕاند. دەستێكی هێنا بەسەرە سپییەكەیدا، كەمێك بۆری كرد. كۆكەیەكی توندی كرد كە نیشانەی هیلاكبوونی پێوە دیاربوو. سەیرێكی قووڵی كردم و گوتی:

– با لەوە زیاتر نیگەرانت نەكەم و هۆی ئەم فیتەركارییەت بۆ باس بكەم، زۆر خۆشحاڵ بووم، لە ڕاستیدا منیش هەر ئەوەم دەویست، پەلی گرتم و بەرەو هەیوانی ماڵەكە كێشی كردم. منی لە سەر كورسییەكی نایلۆن داناو خۆیشی لەسەر جۆلانەكە دانیشت و پاڵی لێ دایەوە و كەوتە ڕاژاندنی خۆی. دیار بوو زۆر شەكەت بوو.

– بەڵێ.. جا با بۆت باس بكەم.

تامەزرۆی بیستنی ئەو نهێنییە بووم بۆیە متەقم لە خۆم بڕیبوو. گوتی:

– ئەمجارەیان كە چەكدارەكان ڕژانە نێو شارەوە، من لە پێشەوە حسابی خۆم كردبوو. تایەی تومبێلەكەم دەرهێنابوو، تومبێلەكەم خستبووە سەر بلۆك بۆ ئەوەی نەدزرێ وەك جاری پێشوو، بەڵام خۆزگە ئەو بێ عەقڵییەتەم نەكردبایە. (دەبووا بمگوتبایە: بۆ؟ كە نەم گوت: ئەویش بۆ ئەوەی زنجیرەی بیركردنەوەی نەپسێنم). نازانی ئەو كارەم چ بەڵایەكی بەسەردا هێنام؟!

حاجی چاوی نووقاندبوو. دەیویست دیمەنەكانی بەوردی بهێنێتەوە یاد خۆی، كەمێك بێدەنگ بوو، پاشان بەردەوام بوو:

– ئەو سەرلەبەیانییە، چەكدارێكی كوڵكن، لەڕولاواز، ئێسك دەرپەڕیو، چاو سوور، خۆی كرد بەماڵداو یەكسەر تفەنگەكەی لەسەر سنگم چەقاند، دەتگوت (دەیان ساڵە پارتیم و ئەویش...

گوڵان ٩٥ لە ١٩٩٦/١١/١٦

# بارزانی و سێ بیرەوەری

١

لە ساڵی ١٩٥٧دا، بۆ یەکەمین جار ناوی بارزانیم بیست، ئەو کاتە تەمەنم نۆ ساڵان بوو، برادەرێکی قوتابیم کە چەند ساڵێک لە من هەڵکشاوەتر بوو (بەڵام هاوکلاس بووین) لە حەوشەی قوتابخانەکەدا، وێنەیەکی لە باخەڵ دەرهێنا و چەند جارێک ئاوڕی لەم لاو لەولای خۆی دایەوە و پاشان بەترسەوە نیشانی دام. پیاوێکی بەهەیکەل، سەروسیمایەکی بەویقار، چاو و برۆیەکی سەرنجڕاکێش، دەستێ جلی ئەفسەریی رووسی پۆشیبوو، منیش بە سەرسوڕمانەوە تێم دەڕوانی کە هاوەڵەکەم زۆر بەشانازییەوە گوتی: (ئەمە وێنەی ژەنەڕاڵ بارزانییە.)

من ئەوەندەی تر سەرم سوڕما. ئەوە یەکەمین جار بوو ئەو ناوە ببیستم هاوەڵەکەم هەستی بەو سەرسامییەم کرد، بۆیە دەستبەجێ گوتی: (وا بۆ چەندین ساڵ دەچێت ژەنەڕاڵ بارزانی لە رووسیایە...)

ئیتر پاشان ئەوەندەی کە زانیاریی لابوو (ئەگەرچی تا رادەیەک کەم و سادەش بوون، بەڵام هەر زۆر بوون) بەپەلە پێشکێشی کردم. بۆ ئێوارێ پاش نانخواردن. دەربارەی بارزانی پرسیارم لە باوکم کرد. ئەویش ئەوەندەی کە دەیزانی (لە ڕاستیدا کەم نەبوو) بۆی باس کردم، بەڵام باوکم وەک پیاوێکی ئاینی زۆر دژی رووسیا بوو. ئەو هەر بە(رووسیا) ناوی دەبرد، بۆیە ئەوەندەی لەسەر نەڕۆیشت.

٢

دوو ساڵ لەوەودوا، لە ساڵی ١٩٥٩ دا، سەر لە بەیانییەک- وا بزانم ڕۆژی هەینی بوو- لەگەڵ منداڵێکی دراوسێمان، کە ئێستا وا لە (نەمسا)

نیشتەجێیە. لە بەردەم ماڵی خۆماندا، کە چەند شەقاوێک لە مزگەوتی گەورە (مزگەوتی حاجی کاکە ئەحمەدی شێخ) دوورە، یاریمان دەکرد کە قەرەباڵغییەکی نائاسایی لە بەردەم دەرگەی مزگەوتەکەدا، سەرنجی ڕاکێشاین.

کاتێک لەو عەشاماتە خرۆشاوە نزیک بووینەوە، پرسیارم لە کابرایەکی بەساڵاچوو، کە زۆر بەحەماسەتەوە دڕی بەو خەڵکە دەدا، کرد لەوەڵامدا بێ ئەوەی سەیرم بکات، گوتی: (ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانییە، لە ژوورەوەیە زیارەتی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ دەکات...)

ژەنەڕاڵ بارزانی!؟ هیچ کاتم بەخۆم نەدا. پەلی هاوەڵەکەم گرت دڕدان بەو عەشاماتە، بۆ ئێمەی منداڵ کارێکی لە وزە بەدەر بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەند پاسەوانێک بەر دەرگەکەیان گرتبوو، نەیاندەهێشت کەس بچێتە ژوورێ، بۆیە بەهاوەڵەکەم گوت کە دوام کەوێت، چونکە من دەمزانی لە کوێوە بچینە ژوورێ. حوجرەی باوکم، کە تێیدا قورئانی بەمنداڵان دەگوت، دەکەوتە نزیک دەرگەی پشتەوەی مزگەوتی گەورە.

کاتێک بەڕاکردن گەیشتینە بەردەرگەی پشتەوە، خۆشبەختانە لەسەر پشت بوو، بۆیە ڕاستەوخۆ چووینە ژوورەوە. لە حەوشەی مزگەوتدا کەسمان بەدی نەکرد. بۆ ساتێک بەواق ورماوی، بێ ئومێدانە راوەستاین. خەریک بوو پرسیار لە هاوەڵەکەم بکەم، کە لە ناکاو مرۆڤێکی تێکسمراو، گورجوگۆڵ، برۆ قەترانی، ڕووخۆش کە چاکەت و پانتۆڵێکی شینی ئاسمانیی پۆشیبوو، لە میحرابی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ هاتە دەرێ. چەند پیاوێکی لەگەڵدا بوو، یەکسەر بێ هیچ بڕیارێکی پێشەکی بەرەو ڕووی ژەنەڕاڵ رام کرد و پەلاماری دەستم دا و ماچم کرد. بارزانییش وەک باوکێکی دڵسۆز دەستی هێنا بەسەرمداو نووشتایەوە و سەری ماچ کردم.

ئەوە – بەداخەوە– یەکەمین جار بوو، کە ڕووبەڕوو بەدیداری بارزانیی نەمر شادبم.

ئێواری ڕووداوەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش زۆر ستایش و ئافەرینی

کردم و چەند جارێک سەری ماچ کردم و لەسەر خۆ پێی گوتم: (کوڕم کەم کەس، لەو تەمەنەی تۆدا، بەخزمەت کەڵە پیاوێکی وا هەڵکەوتوو دەگات).

ماوەیەک بێدەنگ بوو، جارێکی تر سەری ماچ کردمەوە و گوتی: (تۆ دەتوانیت هەمیشە شانازی بەم ڕۆژەوە بکەیت).

٣

بیست ساڵ لەوەودوا، لەساڵی ١٩٧٩دا، کاتێک بەکارێکی نهێنی دەمویست بەتورکیادا، هەر بەنهێنی بۆ (سووریا) بچم، لە شاری (گەڤەر) نزیک (وان) کەوتمە نێو داوی کەمینێکی چاوەڕوان نەکراوەوە. مانگێک لەوەودوا، کاتێک تورکەکان دەیانویست تەسلیمی عێراقم بکەنەوە، لە شاری (جەزیرە)ی کوردستانی تورکیا، فرسەتم هێنا و لە دەست جەندرمەکان هەڵاتم، بەڵام ئەوەندەی نەبرد، جەندرمەکان، کە سێ زەلامی پڕ چەک بوون، لە ناوەڕاستی شاردا گرتمیانەوە و ئیدی بەناچاری کەوتمە شەڕێکی نابەرامبەرەوە، ئەوان بە قۆناغە تفەنگ و منیش بەدەستی ڕووت، ئەوان هەوڵی ئەوەیان دەدا کەلەپچەکە- پێشتر بۆ پشوو کردبوویانەوە بکەنەوە دەستم، منیش سەرگەرمی بێنەو بگرەی تفەنگی لێپرسراوەکەیان بووم.

لە چاو تروووکانێکدا خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆبووەوە، کەسیش نەیدەوێرا لە هۆی ئەم شەڕە نابەرامبەرە بگات. هەموو هەر تەنیا بەچاوی بەزەییەوە، چاوەڕوانی سەرەنجامی ئەو بگرەو بەردەیە بوون. ویستم هەر چۆنێک بێت هەستی ئەو خەڵکەی دەوروپشتمان بەرامبەرم ببزوێنم، تەسلیمکردنەوەم بەعێراق مەرگێکی مسۆگەرو بەڵگەنەویست بوو، هەر دوو ساڵ لەوەوبەر، لە زیندانی (هەیئەی کەرکووک) پاش دەرچوونی حوکمی ئیعدامم، رام کردبوو، بۆیە بەناچاری هاوارم کرد:

(خەڵکینە ئەم جەندرمانە دەیانەوێت تەسلیمی عێراقم بکەنەوە. من پێشمەرگەم..)

خەڵکەکە لە نێو خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ، بەڵام کەس لە جێگەی خۆی

نەجـوولا، جـەندرمـەکان تاکـێک لە کـەلەپچـەکەیان کـردەوە مـەچەکم و منیش بەهەموو توانای خۆم تفەنگی گەورەی جەندرمەکانم رادەتەکاند و دەمویست لە دەستی دەربهێنم، هەوڵێکی بێ سەمەر بوو، زیندانەکانی بەعسم دەهاتە پێش چاو، دادو فیغانی بەندەکان کە لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا دەیانناڵاند، گوێی کاس دەکردم، مردن بەهەموو جەبەڕووتیەوە لەبەر چاوم سەمای دەکرد، هێندەی نەمابوو مەلی هیوام باڵی بشکێ و خۆشم تالاوی سەرنەکەوتن بەناچاری بنۆشم، یا ئیلاهی چۆن سۆزی ئەم خەڵکە رابتەکێنم، ئەوان خەریکی تاکی چەپی کەلەپچەکە لە مەچەکم گیر بکەن، هێندەی نەمابوو لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتووبن، لە ڕاستیدا منیش یەکجار شەکەت بووبووم، بۆیە جارێکی تر پڕ بەدەم هاوارم کرد:

(من پێشمەرگەی بارزانیم...)

بیستنی ناوی بارزانی لەرزو ترس و پەشۆکاویی خستە نێو دڵی جەندرمەکانەوە کە ڕاستەوخۆ لە تەقەکردنی کوێرانەیاندا رەنگی دایەوە، ناوی بارزانی بۆ ئەوان بێ ئەندازە تۆقێنەر بوو، هەر وەک خەڵکەکەش پاڵپێوەنەرێکی بێ وێنە بوو خەڵکەکە خرۆشا، دەنگی ناڕەزایی بەرامبەریان لە هەموو لایەکەوە بەرزبووەوە، ئەڵقەی دەوریان، تا دەهات تەنگتر دەبووەوە، سەروچاوی خەڵکەکە سوور هەڵگەران، جەندرمەکانیش ترس و نیگەرانی و رەنگی پەڕیویان بە ئاشکرا پێوە دەبینرا.

گوێم لە نەعرەتەی عەشاماتە خرۆشاوەکە بوو کە هاواریان دەکرد:

(پەلاماردەن. رزگاری بکەن، پێشمەرگەی بارزانییە..)

لە چاو ترووکانێکدا پەلاماری جەندرمەکانیان دا و منیان لەژێر چنگیان دەرهێنا. تەقەو تفەنگ و کەلەپچە و بەرگی سەربازی، بەرامبەر مەزنیی ناوی بارزانی هەر بایەخی نەبوو. ژیانم قەرزارباری گەورەیی ناوی ئەو نەمرەیە.

گوڵان ٢٦٩ لە ٢٠٠٠/٣/٩

.......................................................................

ئەم باسە لە یادی (٩٠) ساڵەی بارزانیدا خوێندراوەتەوە.

# هەوڵی بەردەوام

ڕۆژی یەکەم:

گوتی: دوێنێ خەریکی چی بوویت؟

گوتم: لە هەشتی سەر لە بەیانییەوە تا دوانزەی نیوەڕۆ خەریکی بادانی تەلەفۆنێک بووم.

گوتی: ژمارەکەت وەرگرت؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: پاش نانخواردنی نیوەڕۆ، دەستم کردەوە بەتەلەفۆن و تا ئێوارە هەر ئەو ژمارەیەم لێ دەدا.

گوتی: بۆت وەرگیرا؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: دوای نانخواردنی ئێوارێ دەستم کردەوە بەتەلەفۆن.

گوتی: تاکەی؟

گوتم: تا دوانزەی شەو.

گوتی: دیارە وەرت گرت؟

گوتم: نەخێر.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: ئیتر بۆی نووستم.

ڕۆژی دووەم:

گوتی: دوێنێ خەریکی چی بوویت؟

گوتم: هەر تەلەفۆن، لە هەشتی بەیانییەوە تا دوانزەی نیوەڕۆ.

گوتی: لە کوێ؟

گوتم: لە پایتەخت.

گوتی: ژمارەکەت وەرگرت؟

گوتم: بەداخەوە، واتە وەرم نەگرت.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: پاش نانخواردنی نیوەڕۆ بەردەوام بووم.

گوتی: دیارە وەرت گرت؟

گوتم: نەوەڵا.

گوتی: ئەی بەردەوام نەبوویت؟

گوتم: با.

گوتی: تاکەی ؟

گوتم: تا خۆرئاوا.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: تێهەڵچوومەوە تا دوانزەی شەو.

گوتی: دەبێ ئیتر وەرت گرتبێت؟

گوتم: نا بەسەری تۆ.

گوتی: ئەی دوایی؟

گوتم: ئیتر بۆی نووستم.

لە ڕاستیدا وتووێژی من و برادەرەکەم، ئەم ڕووداوەی خستەوە یادم. جەنگی ئێران و عێراق تەواو بووبوو، کۆمەڵێک پێشمەرگە بووین، لە سەربانی یەکێک لە بنکەکانی سێ کوچکەی سنوور دانیشتبووین. چوار لە دانیشتووان کۆنە عەسکەر و تازە پێوەندییان پێوە کردبووین، بۆیە کەوتینە پرسیار لە

یەکتر، زیاتر بۆ یەکتر ناسین. یەکێک لەوانە لە هەمووان زیاتر شەکەت و هیلاک دیار بوو، لەوانی تر پتر سەرنجی ڕاکێشام، هەر بۆیەش بەدەم دیشلەمە خواردنەوە لێم پرسی:

گوتم: پێش ئەوەی ببیتە عەسکەر، خەریکی چی بوویت؟

گوتی: کاکە عەسکەر بووم.

گوتم: دەزانم، مەبەستم ئەوەیە پێش ئەوەی عەسکەر بیت، چی بوویت؟

گوتی: کاکە هەر عەسکەر بووم.

گوتم: دەزانم، گوتت، تێ گەیشتم، بەڵام من دەڵێم پێش ئەوەی عەسکەر بووبیت، چ کارە بوویت؟

تووڕەبوونی لێ دەچۆڕا، وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکەم، بۆیە ئەمجارە بەدەنگێکی بەرز، کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا،

گوتی: کاکە هەر عەسکەر بووم.

یان ئەوەتا ئەو لە من حاڵی نەدەبوو یان من لەو حاڵی نەدەبووم، بۆیە منیش زۆر بەجدییەوە گوتم: منیش دەزانم عەسکەر بوویت، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە پێش ئەوەی ببی بەعەسکەر چ کارە بوویت؟

لە وەڵامدا هەناسەیەکی درێژی دایەوە و گوتی: خۆم دوو ساڵ عەسکەر بووم، جەنگی ئێران و عێراقی بەسەرداهات و هەشت ساڵی تریش عەسکەریم کرد. واتە (١٠) ساڵ عەسکەر بووم.

کەمێک ڕاوەستاو پاشان زۆر بەهێمنی گوتی: پێش ئەوەش منداڵ بووم.

ئەم هەمیشە عەسکەرە (١٠) ساڵی خایاند تا ڕزگاری بوو ئەی تۆ بڵێی ئەم بێ تەلەفۆنییەی ئێمە چەندین ساڵ بخایەنێت، پرسیارێک بوو خۆم لە دڵی خۆمدا هەر لە خۆمم کرد.

گوڵان ٢٩٣ لە ٢٠٠٠/٨/٢٤

# سەیتەرە پاریز

– لە کوردستاندا ئەمڕۆ دەتوانی بێ سەرمایە دەست بەکار بکەی!

ئەمەی زۆر بەدڵنیاییەوە گوت. قەمسەڵە سەوزە ئەمریکییە نوێیەکە و چەکمە چەرمە تورکییەکانی، دوودڵییان لای بەگومانترین مرۆڤ نەدەهێشت.

– چۆن، بێ سەرمایە کار دەکرێ؟ هەوا دەفرۆشێ ؟!

دۆستایەتیی کۆنمان نەبووایە، هەرگیز، ئەو قسانەی پێ قووت نەدەچوو، لە باتی ئەوە بزە گرتی، دیار بوو سەری لە ساکاریم سوڕمابوو، بۆیە دووبارە گوتی:

– دەڵێم گوێ بگرە، لێرە، لە کوردستان دەتوانی بێ سەرمایە دەست بەکار بکەی.

منی فەرمانبەرێکی بچووکی بێ مانگانەی حکوومەتی تێکدراوی هەرێم، لە هەموو کەسێک زیاتر تامەزرۆی دۆزینەوەی ئەو نهێنییە بووم. لای من تەنیا کارێک کە بێ سەرمایە دەتوانرا بکرێ، هەر چەک هەڵگرتنی لایەنێک بوو. چەک لە شان کردن– دیارە لە کوردستان– نە سەرمایە و نە سەلیقەی پێشینی دەوێ، بەڵام ئەوە بۆ منێک کە خاوەن هەشت منداڵ بووم و نۆی دوو براکەشم کە هەریەکەو لایەنێک پۆستەری بۆ هەڵواسیوە، یەکجار سەخت دەهاتە پێش چاو بۆیە گوتم:

* دەتوانن تۆزێ زیاتر لەو بارەیەوە زانیاریم بدەنێ؟ کڵاوە شکاکییەکەی کە (ساخت ایران) بوو – زیاتر لەسەریدا چەسپاند– تەزووی بای بەفر سەری رووتمی زیاتر سڕکرد. ویستی قسە بکات بۆیە خێرا گوتم:

* ببوورن مەسەلەکە ترس نییە، بەڵام چۆن حەڤدە مناڵ لە پاش خۆم بەخێو دەکرێ!

لۆرییەک لە نزیکمانەوە ڕاوەستا، چەکدارەکانی دەوروپشتمان، بەپەلە، دەوریان دا و لەگەڵ شۆفێرەکەدا کەوتنە چپە.

باعە باعی پشتی لۆرییەکە نهێنیی باری شوفێری بەئاسانی دەدرکاند. لەم وڵاتە بێ ئاژەڵەی- دوای ئەنفالدا- ئاژەڵ بۆ هەندەران ئاودیو دەکرا!

هاوەڵەکەم خۆشی بۆ لای ئەو دیوی لۆرییەکە ملی نا و شۆفێرەکەش بەدیوی ئەودا دابەزی. لەدڵی خۆمدا گوتم:

(ڕەنگە مەڕێک بۆ چەکدارە برسییە ڕەق هەڵاتووەکانی بکڕێ. کاری چاکە وا لێپرسراو مەراقی بژێوی چەکدارانی خۆی بێ).

هاوەڵەکەم گەڕایەوە.. لۆرییەکەش کەوتە جووڵەو باعەباعی مەڕەکانیش وردە وردە لەگەڵ ئاوابوونی ئۆتۆمبێلەکەدا نەما.

هاوەڵەکەم زرپ و زیت و بەکەیف و زەوق دەهاتە بەرچاو، بانگی چەکدارێکی کرد و بەگوێیدا چرپاندی.

بەهاوەڵەکەم گوت:

* مەڕت کڕی؟

- مەڕ نەخێر... شیرینیم وەرگرت!

* شیرینی؟؟

چەکدارەکە لە چادرێکی نزیکمانەوە، سینییەکی هێنا، دوو بیبسی کۆلای لەسەر بوو.

* لەم سەرمایەدا و بیبسی؟ (سکم قۆڕەی دەهات) چا باشتر نەبوو؟

سەری بادا، دیار بوو سەیری لە بێ عەقڵیم دەهات، چونکە گوتی:

- کوڕە ئێستە کێ چا دەخوات؟!!

بیبسییەکەی بۆ هەڵپچڕیم و گوتی؟!!

تۆ برادەری منداڵیمی و دەشزانم دەستت گەلێ کورتە

* وایە

بۆیە ئەم ئامۆژگارییەت دەکەم.

زۆر بەعەزرەتەوە گوتم:

– فەرموون.

ئاماژەی بۆ خاڵی سەیتەرەکەی خۆی کردو گوتی:

– تا زووە سەیتەرەیەک بۆ خۆت بکڕە!

بیبسییەکە لە قوڕگم گیرا. تا توانیم کۆکیم. هەر بەڕاست خەریک بوو بخنکێم، گوتم:

(زەردەخەنەیەکی مەسخەرە ئامێز سەراپای سەروچاوی گرتەوە).

* سەیتەرە؟!

– بەڵێ (بەڵێ) سەیتەرە! سەیتەرە هیچ سەرمایەیەکی ناوێ.

دەستی بەورگی – گێ مەدێ دا– هێنا. قرقێنەیەکی بیبسییانەی داو بەردەوام سەروچاوی ئەبڵەقاویم نەیتوانی قسەکانی پێ ببڕێ. ئەمەش هیچ سەرمایەیەکی ناوێ.

– هەر ئەسڵەن سەرمایەی ناوێ. حەز دەکەی من ئەم سەیتەرەیەی خۆمت–بەهەرزان– پێ دەفرۆشم، دیارە خاتریشتان دەگرم، چونکە برادەری منداڵیمی بەسەرسامییەوە گوتم:

* بەڵام ....من ... من چەکدار نیم. چۆن دەبێ؟

نازانم پرسیارەکانم سادە بوون، یان ئەو زۆر زانا بوو، چونکە هەناسەیەکی درێژی دایەوە و گوتی:

– لای خۆم، کاکە لای خۆم دات دەنێم و ئەم سەیتەرەیەت تەسلیم دەکەم.

تۆزێک وەستا، دیار بوو بیر لە شتێک دەکاتەوە، پاشان بەردەوام بوو:

– بەمەرجێک مانگی حەوتم بدەیتێ!

* حەوت چی؟

خەریک بوو لە قاوغی خۆی دەربچێ. سەری بادایەوە و برێک بەتوندی گوتی:

– حەوت هەزار. حەوت هەزار دیناری عێراقی ئەسڵی.

سەرم لە هیچ دەرنەدەچوو، یان ڕاستتر وایە بڵێم ئەم زانیارییە نوێیانەم بۆ قووت نەدەچوو.

پەلی گرتم و بەرەو چادرەکەی کێشی کردم. لەناو چادرەکەدا بەڕاشکاوی پێی گوتم:

– تۆ بۆ هێندە غەشیمی. گوێ بگرە، من ئەم سەیتەرەیەم لە هاوڕێ هەڤاڵێک بەپێنج هەزار کڕیوە و ئەویش لە یەکێکی تر بەچوار و ئەویش لە یەکێکی تر بەسێ ... و...و

ناو چادرەکە تەواو لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتێکی نانبدەی مەزن دەچوو. فەرشی کاشان، بەتانیی ئیتالیی تووکن، سەماوەری وارشاو، مەخابن ویسکیی گرانتس و وایت مەکانی ئەو تابلۆ شیرینەی دەشێواند!

من هەر بێدەنگ بووم. دەستی ڕاوەشاندم و گوتی:

خۆشم سەیتەرەیەکی نوێ دەکڕم.

بیرم لەم کارە نوێیە دەکردەوە کە بەهەق Made in Kurdistan بوو. ئەو بەردەوام بوو:

– ئێستە هیچم مەدەرێ. سەری مانگ دوای جەردی حساب، حەوتم بدەرێ و باقیاتیش بۆ خۆت!

وەک نیشاندانی هاودەردیم گوتم:

* جا ئەوەندە پەیدا دەکات!

– ئای ... بێ قەزابی.

زۆر بە وردی لێم ورد دەبووەوە لەوە دەچوو هەستی بەدوودڵیم کردبێ، بۆیە گوتی:

– گەر ئەمەشت ناوێ – با ئیحراجت نەکەم– خۆت بۆ سەیتەرەیەک بگەڕێ لە خوا حافیزیدا دەستی گوشیم. زۆر دۆستانە (هاوەڵی منداڵیی هەمیشە وایە)– پێی گوتم:

– بەڵام ئاگاداربە. سەیتەرە تا سەیتەرە جیاوازیی هەیە، بەرزی، نزمی، شوێنی ستراتیژی، لاپاڵ شاخ، پێدەشت، سەر ئاو، ئەوبەر ئاو، نزیک پرد، ئەوبەر پرد...تا...تا کە گرینگترینیانە، کاتێ بەجێم هێشت، دوای بەراوردکردنێکی دوورودرێژ ئەم کارەم هەروەک پێڵاو کڕین ئەهاتە پێش چاو.

گوڵان لە ١٩٩٥/١١/٢٧

---

(*) چەرم (گێلاسی) کالە... کەوش...کڵاش.

# کار و کرێ

یەکێک لە سیماکانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانن دابینکردنی کارە بۆ هاووڵاتییانی بەکرێیەک کە دەبێ لەگەڵ ئاستی ژیانیدا بگونجێ و بەڕادەیەک بێت کە بتوانێ لە ڕێگەیەوە بژی.

ئەوەی لە کوردستان ئەمڕۆ بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە ئاستی کرێ یان مانگانە کەمە بەتایبەتی کە مرۆڤ سەیری کرێی خانوو دەکات و بەراوردی لەگەڵ مانگانەکەش دەکات، سەری سوڕدەمێنێ کە چۆن مانگانەکەی پاش دەفعی کرێی خانووەکەی بەشی دەکات.

دەتوانرێ بەگشتی بگوترێت کە سێ بەشی داهات دەدرێتە کرێ، بۆیە بەگشتی ئاستی ژیان و بژێوی خەڵکی نزمە، جا بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چارەیەک بۆ مەسەلەی کرێی خانوو بدۆزرێتەوە ئەویش بەلای منەوە بەم جۆرە دەبێت: یان ئەوەتا حکوومەتەکەمان ئاستی مانگانەی کرێکارو فەرمانبەران بەرز بکاتەوە بەئەندازەیەک کە بەشی کرێی خانوو و بژێوی خۆی بکات کە لە ڕاستیدا ئەمەش تەکلیفێکی زۆر لە سەر میزانیەی دەوڵەت دەکات و یان ئەوەتا حکوومەت بەبڕیارێک کرێی خانوو کەم بکاتەوە کە بگونجێ لەگەڵ داهاتی زۆربەی خەڵکیدا، دیارە ئەمەش مەردوودی نائیجابی خۆی دەبێ و خاوەن خانووەکان- کە کەم نین- زویر دەکات و ڕەنگە بەئیجرائاتێکی نادادپەروەرانەشی لە قەڵەم بدەن یان ئەوەتا حکوومەت خۆی بەشێک لە کرێی خانوو بۆ هاووڵاتییان بەپێی داهاتیان. دەفع بکات و باری گرانی کرێی خانوو لەسەر هاووڵاتییان سووک بکات.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کە ئاستی گوزەرانی خەڵکی لێرەش، بەگشتی، چاکترە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت بەپێی داهاتی خەڵکی بڕێک یارمەتیی کرێی خانوو دەدات وەکو وڵاتانی ئەسکەندناڤی، بۆ نموونە کە شارەوانی یارمەتیی

ئەو کەسانە دەدات کە کرێی خانووەکان بەبەراورد لەگەڵ مانگانەکانیاندا زۆرە و بەو شێوەیەش باری هاووڵاتی سووک دەکا.

لەڕاستیدا لەو وڵاتانە کاتێک نرخی کاڵا و کرێی خانوو بەرز دەبێتەوە بەو پێیەش مانگانەی فەرمانبەرو کرێی کرێکار بەرز دەبێتەوە بەڕادەیەک کە لەگەڵ گرانیدا و بەرزبوونەوەی نرخدا بگونجێ، هەر بۆیەش سەندیکا کرێکارییەکان و سەندیکای فەرمانبەران یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانیان بەرز کردنەوەی داواکاریی هاووڵاتییانە و وتووێژی بەرپرسانیانە لەگەڵ کۆمپانیا و خاوەن کارگەکان کە دەبێ بەپێی بەرزبوونەوەی نرخ، مانگانەی کرێکارەکان و فەرمانبەران بەرز بکرێتەوە بەئەندازەیەک کە بگونجێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخدا لە بازاڕ.

لە ڕاستیدا لەو وڵاتانە ساڵانە، لە سەرەتای ساڵی نوێدا ئەو وتووێژە دەکرێ لە زۆربەی کاتیشدا مانگانەی کرێکار و فەرمانبەران بەرزدەکرێتەوە، مەسەلەی گرانیی کرێی خانوو لە کوردستاندا، ئەمڕۆ، بووەتە کێشەی خەڵکی و هەموو لە تاو گرانیی کرێ هاواریانە و تا ئێستاش هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە، کە زۆر گرینگە، دانەنراوە، بۆیە وەک پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەڵێم، پێویستە ئەنجومەن بەجیدی بیر لەم کێشەیە بکاتەوە و چارەسەرێکی خێراشی بۆ بدۆزێتەوە کە بەلای منەوە لە هەمووی چاکتر ئەوەیە کە کرێی خانوو بەگشتی دابشکێ و بەئەندازەیەک بێت کە لەگەڵ داهاتی هاووڵاتیدا بگونجێ.

دیارە بەرزکردنەوەی مانگانەی فەرمانبەران و کرێکارانیش بەگشتی، بەئەندازەیەک کە میزانیە تەحەمولی بکات، هەر کارێکی بەجێیە و هەنگاوێکی گرینگە لە پێناو خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییاندا.

لە ڕاستیدا ئیتر دەبێ ئەرکی سەندیکاکانیش بێت لە کوردستاندا کە بەو جۆرە کارە، کاری وتووێژ لەگەڵ خاوەن دووکان و خانووەکاندا هەڵبستن، هەر چەند لێرە ئەو مەسەلەیە برێک زەحمەتتر دەبێ وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، چونکە لێرە خاوەن خانووەکان، لە زۆربەی کاتدا موڵکی شەریکات نین، هی

تاکە کەسن بۆیە مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ ئەو هەموو تاکە کەسانەدا کارێکی هەروا ئاسان نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەندیکایانە دەتوانن داواکانیان بدەنە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کە بەیاسا چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن و وەزعی هاووڵاتییان، فەرمانبەر و کرێکاران بەتایبەتی بەرەو ئاستێکی شیاو ببەن، کە ئیتر هەست بەوە بکەن کە لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەراندا دەژین.

گوڵان (٣١٥) لە ٢٠٠١/٢/١

## له کوێ نییه... کەموکووڕی...؟

کەس ناڵێ ئەم وڵاتەی ئێستای ئێمە (شامی شەریفە) هیچ کەموکووڕییەکی تێدا نییە و بەهەشتی سەر زەمینە، بەڵام ئەو دۆزەخەش نییە کە هەندێ کەس حەز دەکات وای نیشان بدات بەشێوەیەک کە ببێتە پاساوێک بۆ ئەو هەموو گەنج و لاو و منداڵەی ئەمڕۆکە ئەم وڵاتە بەجێ دەهێڵن.

تا ئێستا- لە خەیاڵدا نەبێ - کۆمەڵگەی تەواو و کامڵ و بێ خەوش نییە، جا ئەمە هەموو کۆمەڵێک دەگرێتەوە، چ پەرەسەندوو چ ناپەرەسەندوو، هەر بۆیەش من لە نووسینەکاندا- لە زۆربەی کاتدا- پەنجەی ڕەخنەو گلەیی و گازاندەم بۆ زۆر دیاردەی ناقۆڵا و نەگونجاو و دواکەوتوو و ناشارستانی درێژ کردووە و حەزم کردووە لە دیدی نووسینەکانەوە ئەو کەموکوڕی و دیاردە نەگونجاوانە بکەونە بەرچاوی بەرپرسان و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

دەرخستنی کەموکووڕی لە کۆمەڵدا بەئەرکی سەرەکیی ڕۆژنامەنووس و نووسەر دادەنرێ، هەر بۆیەش ئەو نووسینانەی کە بێ ڕەخنەو بێ ناوەڕۆکن کەس بایەخیان پێ نادات و بگرە ناشیانخوێنێتەوە.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، کە لە زۆر بواری ژیاندا گەلێک لە ئێمە لە پێشترن- دیارە بەحوکمی مێژوو- لەگەڵ ئەوەشدا لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان پڕە لە باسکردنی کەموکووڕی، ڕەخنە، دەرخستنی گەندەڵیی ئیداری، سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی، بەڵام هەموو ئەو ڕەخنەو گلەیی و گازندەو دەرخستنی ڕاستییانە نابنە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەو وڵاتە- لەبەر بوونی ئەو کەموکووڕییانە- وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن و ملی ڕێگای نادیار بگرن و چی هەیە بیفرۆشن و تەواوی بخەنە دەست کەسانێکی ویژدان تەزیو، تەماعکار- کە من پێیان دەڵێم تاوانبار- وڵاتی باو و باپیر و خەڵکی پیرۆزی نیشتمانیان بەجێ بهێڵن.

من له نووسینێکدا له ژمارەیەکی هەفتەنامەی گوڵان که گوتوومه (خەڵکی وڵاتێک کــه دوو ناوی هــەیه بۆ هەمــوو شـــتــێک، بۆ نموونه ژن و ئـافــرەت، خوێندکار و قوتابی.. هتد).

ئەمه ڕەخنەیەکی سیاسییه و گوزارش له دۆخێکی نائاسایی دەکات، که ئەمڕۆ وڵاتمانی پێدا تێ دەپەڕێ و نه تەنیا من بەڵکو هەموو نیشتمانپەروەرێک پێی خۆش نییه له یەک وڵاتدا دوو ئیدارەو دوو حکوومەت و دوو قوتابییان و دوو ئافرەتان و دوو...دوو...هتد) هەبێ و حەز دەکەین ئێمەش وەک گەلانی تر خاوەن یەک کیان و یەک پەرلەمان، یەک ئیدارەو یەک حکوومەت بین.

جا که ئەمه ئەمڕۆژه نییه، ئەوه هیچ پاساوێک نییه که خەڵکی لەبەر ئەوه وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ. ئەوه کەموکوورییەکی سیاسییه که پێویسته چارەسەر بکرێ، چارەسەری ئەو کەموکوورییانەش خەبات و تێکۆشان و پێکەوه سازان و تێگەیشتن له بنەمــــای دیموکـــراتیی دەوێ، بۆیه دەڵێم لای من دەبێ بەپێچەوانه بێت کاتێک له وڵاتێکدا هەست بەو جۆره کەموکوورییانه بکرێ پێویستی سەرشانی هەمووانه– هەر یەک لەلای خۆیەوه– که هەوڵ بدات و وزەو توانای بخاته گەڕ و بەشداری له گەڕان بەدوای چارەســەردا بکات و لەگەڵ موعانات و ئازار و نەداریی گەلەکەیدا بژی و لێی ڕانەکات.

بیناکردنەوەی وڵاتێکی داتەپێنراو، سووتێنراو، لێکهەڵوەشێنراو، داوا له هاووڵاتییانی ناوخۆی دەکات که ئەوانیش له پێناو بنیاتنانەوەیدا تەحەمولی کارەبای دوو ئەمپێری بکەن و ئەوەی پاسەپۆرتیشی پێیه، با تووڕی نەدات، بابێ خزمەتی گەلەکەی پێ بکات.

له کۆتاییدا دەڵێم: ئەمڕۆ گەلەکەمان بەقۆناغێکی یەکجار ناسک و چارەنووسسازدا تێ دەپەڕێ، هەربۆیه مرۆڤی کورد دەتوانێ بەشداریی ئەم قۆناغه مێژووییه بکات و سەروەری و شانازی بۆ خۆی و نەوەی داهاتووی تۆمار بکات، یان خۆی بکاته خۆراکی ماسییه برسییەکانی دەریای ئیجه.

ئەوه خۆی بڕیار دەدات.

گوڵان ٣٣٦ له ٢٠٠١/٦/٢٨

# پەراسوو

ڕەنگە دوو مرۆڤ لەیەک کاتدا، بەیەک کار هەڵبستن و هەر یەکەشیان بۆ مەرامێک کە زۆر جیاوازبێت لە یەکتر و هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکیشی پێکەوە نەبێت. جا ڕەنگە خوێنەر بڵێ چۆن؟ هەر بۆیە ئەم نووسینەی ئەم هەفتەیە بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە تەرخان دەکەم.

لە یەکێک لە شارەکانی ئەوروپا، بەدەقیقی لە شارێکی نزیک ستۆکهۆڵم کە پێی دەگوترێت ئوبسالا، ئێمە کۆمەڵێک خوێندکار بووین لە سوید، بەیانییەکی زۆر سارد کە رەشەبای بەفر زەلامی دەبرد، لە ئێستگەی شەمەندەفەری شار کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی پێکەوە بچین بۆ ستۆکهۆڵم و لەوێ خۆپیشاندانێک دژی باڵیۆزخانەی عێراق ئەنجام بدەین، ئەویش لە ئاکامی ئەو دەستدرێژییانەی رۆژانە دەکرایە سەر خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ئەو کاتەی خەڵکیان بەبێ دادگایی لەسەر شۆستەی شەقامەکان گوللەباران دەکرد، بەڵێ لەو کاتەدا مرۆڤێکی لای خۆمانم دی کە هەرگیز بەشداریی لەو جۆرە چالاکییانەدا نەدەکرد، بۆیە دەیان پرسیار بەمێشکمدا هاتوچۆی دەکرد. بۆ هاتبێت؟ ئەی بۆ نەیەت؟ کێ دەڵێ ئەویش هەستی کوردایەتیی نەبزواوە و حەز دەکات ئەویش وەک ئێمە هەستی نیشتمانپەروەریتیی دەربخات؟ نابێ مرۆڤ هەمیشە بەگومان بێت؟ هەر بۆیەش لێی چوومە پێشەوە، پروشە بەفر دەیدا بەسەروچاویدا خۆی بەتەواوەتی لە پاڵتۆ تووکنەکەیدا گلۆڵە کردبوو، کڵاوی خوری ئەستووری سەری دیمەنێکی سەیری پێ دەبەخشی، زیاتر لە ورچێکی وێڵ دەچوو. لێی چوومە پێش و زۆر بەگەرمییەوە لە هەواڵیم پرسی و پاشان گوتم:

(دیارە تۆش بەم بەیانییە زووە لە گەڵمان دێیت بۆ ستۆکهۆڵم)

لە وەڵامدا زەردەخەنەیەکی گەورە گرتی و گوتی:

(بەڵێ)

لەڕاستیدا لە وەڵامەکەی زۆر کەیفخۆش بووم و لە دڵی خۆمدا گوتم مرۆڤ دەبێ هەمیشە گەشبین بێت و نابێ تەمی گومان پەردەی رەش بدات بەسەر بیرو بۆچوونیدا. چاوت لێیە؟ من وام دەزانی ئەم مرۆڤە هەستی وەک سەروسمێڵی تەزیوە. کەچی وادەرنەچوو. ئەوەتا ئەویش بۆ ستۆکهۆڵم دێ. نیشتمان یەکەو کێشەکەشمان هەر یەک بێت، دیارە زوڵموزۆری داگیرکەرانی کوردستان مرۆڤی لەم بابەتەش دەخەنە جووڵە، ئەوە نییە ئەو لە پێش ئێمەدا لەم بەیانییە تووشەدا، کە مرۆڤ لەسەرماندا خۆی بەپێوە ناگرێ، ئەوە نییە پێش هەمووان لە ئێستگەی شەمەندەفەری شار ئامادەیە، بەڕاستی من هەندێ جار پەلە دەکەم.

قۆڵی پاڵتۆ تووکنەکەی هەڵماڵی، سەیری کاتژمێرەکەی مەچەکی کرد و گوتی:

(کەی دەبێ قیتارەکە بێت؟ پەلەمە؟ خەڵکم چاوەڕوانە؟)

لە ڕاستیدا لە قسەکانی حاڵی نەبووم، بەڵام گوتم: (ئێمەش لەوێ خەڵکی چاوەڕوانمانە).

برێک بەوردی تێی روانیم پاشان سەری بەهەر چوارلای خۆیدا بادا، دیار بوو بۆ کاتژمێری سەر دیوارو کۆڵەکە ئاسنەکانی ئێستگا دەگەڕا.

پاشان گوتی: (بەڵام من لێرە خەڵک چاوەڕوانم دەکا!)

ناڵێم لەو وەڵامە خەریک بوو بەلادا بکەوم، بەڵام سەرم تەواو سوڕما.

گوتم: بۆ لێرە؟ دەبێ لە ستۆکهۆڵم خەڵکی چاوەڕوانمان بکات..

شووتی شەمەندەفەری هاتوو، سەکۆی ئیستگای خرۆشاند، هەر موسافیر بوو پەلاماری جانتای دەدا و بەپەلە خۆی دەکرد بەفارگۆنی شەمەندەفەرەکەدا، ئەو سەرکەوت و منیش دوای کەوتم. سەرم لە وەڵامەکەی سوڕمابوو، هەر بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستی بگەم، دووبارە گوتم: (تۆ بۆچی دێیت بۆ ستۆکهۆڵم؟)

جـێگـەمـان دەست نەکـەوتبـوو، بۆیە هەر بەپێـوە بووین. لە پەنجـەرەی شـەمـەندەفـەرەکـەوە دەیڕوانییـە دەرەوە. دیمەنەکان وەک شـریتی سینەمـایی خێرا خێرا تێ دەپەڕین. لەوەڵامدا گوتی: (پەراسوو هەرزان بووە لە ستۆکهۆڵم خۆم دای دەماڵم، هەرزانتر دەکەوێت بەتەمای کەبابێکی سلەیمانیم!)

سەرم بۆ لەقاند و هیچم نەگوت.

گوڵان ٣٠٨ لە ٢٠٠٠/١٢/٧

# تەقریرستان

لە یەکێک لە شەقامەکانی شارێکی ئەم کوردستانە شیرینەدا پیاسەم دەکرد. لە ڕاستیدا دەمویست کات بەسەر بەرم، چونکە نەمدەویست لە چاخانەیەک دابنیشم ئەویش لە ترسی دووکەڵ، مەبەستم جگەرەیە کە لەم وڵاتە بێ مەعنا دەکێشرێت، نازانم ئەم خەڵکانەی هێندە جگەرە دەخۆن، هیچ لە زیانی دووکەڵ و مەترسیی بۆ سەر دڵ و بەرزکردنەوەی گوشاری خوێن نازانن، ئەمە سەرەڕای تێکدانی دەم و دان و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیزعاجی دەوروبەر، ئەمانە بەمێشکمدا دەهات و زیاتر قێز و بێز و نەفرەتی بەرامبەر جگەرە پەرە پێ دەسەندم. هەر بۆ خۆ خافڵاندن چاوم بەسەر لەوحەی دووکانەکان و نووسینی سەر شووشەی موغازەکاندا دەگێڕا، کە لەناکاودا نووسینی سەر شووشەی دووکانێک مێشکی پەرتوبڵاومی گرد کردەوە، لە سەرەتادا بڕوام نەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

نا... شتی وا نابێت، دەبێت ئەوە هەر بەهەڵە نووسرابێت.

هەر بۆیەش تەواو لە جامخانەکە نزیک بوومەوە، بەڵێ ڕاست و دروست نووسرابوو (راپۆرت) و لەژێرەوەش بەدرشتی نووسرابوو (بۆ نووسینی هەموو جۆرە راپۆرتێک لەسەر هاوەڵ، هاوڕێ، هاوبیر، و هەڤاڵ، خزم و کەسوکار!)

گەر بڵێم چەند جارێک چاوم هەڵگڵۆفی و چەندین جار ئەو رستەیەم خوێندەوە بڕوا بکەن، یانی چی؟ لەم وڵاتە زۆر شتی سەیر و سەمەرە ڕوودەدات، بەڵام بگاتە ئەوەی دووکانێک خۆی تەرخان بکات بۆ راپۆرت نووسین.

کارێکی هەروا سادە و سەرپێیی نەبوو، هەربۆیەش بێ سێ و دوو خۆم کرد بەژووردا و سڵاوم کرد. لە ژوورەوە، دوو سێ کەس دانیشتبوون و منیش یەکسەر دانیشتم. دانیشتووان بەخێرهاتنیان کردم، بەڵام خاوەن دووکان کە

لە پشت مێزێکی تەختەی گەورەوە دانیشتبوو، لەوە نەدەچوو گوێی لە سڵاوەکەم بووبێ، چونکە هەر هیچ سەری هەڵنەبڕی.

بەسەری سپی و دەموچاوی چرچولۆچی و عەینەکی زەرەبینی سەرچاوەکانی تەمەنی بە پەنجا دەخەملێندرا. ئەو خەریکی نووسین بوو، بۆیە منیش بێدەنگ بووم، دیارە دەمویست لە نهێنیی ئەم دووکانە بگەم کە بۆ یەکەمین جارە تووشی وا بەچاوی خۆم ببینم. سەیری رەفەکانی پشتەوەی نووسەرم دەکرد. هەموو پڕ بوون لە فایل بۆکس و لەسەر هەر یەکێک بابەتێک نووسرابوو، بەپەلە دەمخوێندنەوە. فایلی (ملشکاندن) فایلی (ترۆکردن) (سڕکردن) (راونان) (دوورخستنەوە) (ئابڕووبردن) چ زەمانێکە. تۆ بڵێی خەون نەبینم هەر بۆیەش بەئەسپایی بەوەی تەنیشتم کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو گوت:

(نامەوێ خاوەن دووکان مەشغووڵ بکەم، ئەمە ڕاستە مەبەستم..)

لە ڕاستیدا نەمزانی چۆن رستەکەم تەواو بکەم بەڵام کوڕە گەنجەکە لە مەبەستم گەیشت؛ چونکە یەکسەر گوتی:

(بەڵێ ئەمەی دەیبینی خودی حەقیقەتە) کابرای نووسەر ئحم ئحمێکی کرد و ئینجا سەری هەڵبڕی و ڕاستەوخۆ رووی کردە من و گوتی:

(لەوە دەچێ ئاگات لە دنیا نەبێت. ئەمە ئێمەساڵێکە ئەم چالاکییەمان دەست پێ کردووە و وا ئێستا لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانیش نووسینگەمان هەیە)

کاغەزەکەی بەردەمی پێچایەوە و خستیە نێو زەرفێکەوە و دایە دەست یەکێک لە دانیشتووان کە دەستێک رانکوچۆغەی شینکی پۆشیبوو، پشتێنی پان و ئەستووری شایەتی شاردنەوەی چەکی بەر پشتێن بوو. هەستایە سەر پێ و دوعاخوازیی کرد. کابرای نووسەر وەک باسێکی پچڕاوم بۆ تەواو بکات گوتی: (ئەم برادەرەی بەجێی هێشتین راپۆرتێکی پێویست بوو لەسەر ئامۆزاکەی. هەردووکیان لەیەک حزبدان، بەڵام ئەم دەیەوێ ملی ئامۆزاکەی بشکێنێ)

چاوی بەناومـــاندا گـێـــڕا، دەیویست کـــاریگەریی وتەکـــانی لە ســـەرو پۆتەڵاکماندا بخوێنێتەوە گوتم: (ئەی ئەمانە خۆیان بۆ ناینووسن)

کابرا دایە قاقای پێکەنین و گوتی: (راپۆرت نووسینیش هونەرە وەک هەر هونەرێکی تر بۆیە هەموو کەسێک نایزانێ)

من لە رووی ئابوورییەوە مەسەلەکەم تاوتوێ کرد، بۆیە گوتم (جا کار هێندە هەیە کە نووسینگەیەکی وا قەشەنگ بەڕێوە ببات) بیرم چوو بڵێم شوێنەکە هیچی لە نووسینگەی سەتەلایتەکان کەمتر نەبوو، نیۆنی رەنگاوڕەنگ و کاشیی بریسکەدارو کورسیی دار گوێزی نیشانەی سەروەت و سامانی بێ ئەندازەی خاوەنەکەی بوو، گوتی: (لە سایەی خواوە کار هێندە زۆرە کە ئێمەومانان هەر فریا ناکەوین) کەمێک وەستاو، وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە گوتی: ( لەڕاستیدا بێ ویژدانییەکی زۆریش لەم کارەدایە، بەڵام ئێمە بێ لایەنین، ئێمە تەنیا پارە پەیدا دەکەین، کاسبیش هیچ عەیبەی تێدا نییە.)

سەرم گێژی دەخوارد، دڵم تێکەڵ دەهات، نازانم هی دووکەڵی جگەرەی یەکێک لە دانیشتووان بوو، یان قسەکانی خاوەن دووکان بوو نازانم.

هەستامە سەر پێ و پێش ئەوەی خواحافیزی بکەم گوتم: (لە ڕاستیدا من ڕۆژنامەنووس نیم تا هێندە پرسیار بکەم، بەڵام یەک پرسیارم هەیە).

کابرا بەخۆشحاڵییەوە گوتی: (فەرموون)

چاوم بەناو دانیشتـوواندا گێڕا و گوتم: (کام توێژی کۆمەڵ زۆر راپۆرت لەسەر یەکتر دەنووسێت.)

یەکسەر وەک دەمێک بێت چاوەڕێی ئەو پرسیارە بێت، گوتی: (حزبییەکان).

گوڵان ٢٧٨ لە ٢٠٠٠/٧/١٣

# فەرمانبەر و هاووڵاتی

لەم وڵاتەداو بەگشتی لە وڵاتانی سێیەمدا، دیاردەیەک هەیە کە سەرنجی مرۆڤ زۆر رادەکێشێ، ئەویش هەڵسوکەوت و رەفتاری فەرمانبەرە بەرامبەر هاووڵاتییان، کە لە زۆربەی کاتدا لووتبەرزی و تاڕادەیەکیش بێڕێزیی لێ دەبینرێ بەڕادەیەک کە هاووڵاتی خۆی، بەزەقی هەست بەو جۆرە رەفتارە دەکات و نازانێ هۆکاری ئەو جۆرە مامەڵەیەش لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ.

جا ئەم جۆرە رەفتارە و هەڵسوکەوتە لە زۆر بواردا هەستی پێ دەکرێ و هاووڵاتی، خۆی بەهاووڵاتیی پلە دوو، بەرامبەر فەرمانبەر، دێتە پێش چاو، هەر بۆیەش هەمیشە بەترس و نیگەرانییەوە بۆ لای دەچێ و ترس و دڵە لەرزە، هەر لە سەرەتاوە، دەیگرێ، کە کارەکەی بۆ جێبەجێ نەکرێ یان گیرمە و کێشەیەکی ئەوتۆی بەرەو روو بکرێتەوە کە کارەکەی بۆ دوابخرێ و بەو پێیەش کاتێکی زۆری بەفیڕۆ بدرێ. لە ڕاستیدا ئەمە خەسڵەتێکی نەگۆڕی ئەو رژێمانە بوون کە لە کوردستاندا دەسەڵات بەسەر هاووڵاتیدا بنوێنن، ئەوانیش نیشانی هاووڵاتی بدەن کە دەسەڵاتدارن، هەر بۆیە لە بچووکترین فەرمانبەرەوە حەزێکی دەروونی هەبوو کە ئەو دەسەڵاتە بەسەر خوارووی خۆیدا بنوێنێ، چونکە فەرمانبەری لەسەرووی خۆی وا رەفتاریان لەگەڵ خوارووی خۆیان دەکرد. بەکورتی نیزامێکی هیرارکی (هەرەمی) بوو، هەر یەک لە سەرووی خۆی دەترساو دەسەڵاتی بەسەر خوارووی خۆیان دەسەپاند.

بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە کەشوهەوایەکی سیاسیی نوێداین و وا کوردستان بۆ نزیکەی نۆ ساڵ دەبێ بەسەربەستی و ئازادی دەژی و فەرمانبەرانی بەگشتی خەڵکی کوردستان و دانیشتووی کوردستان و زۆربەشیان بەشدارییان لە خەباتی شاخ و تێکۆشانی ڕۆژە سەختەکاندا کردووە.

بۆیە دەبێ ئەمڕۆ رەفتاری دەسەڵات کە خۆی لە فەرمانبەردا دەبینێ، تەواو

جـیـاواز بێت لەگـەڵ رەفـتـاری فـەرمـانبـەرانی پێش راپەڕین و ئـەم دیاردە ناشارستانییە دەبێ بنەبڕ بکرێ و دەبێ متمانەی تەواو بدرێتەوە بەهاووڵاتی و رێزی تەواوی لە فەرمانگەکاندا لێ بگیرێ و بەچاوی رێزەوە تەماشا بکرێ و هەڵسوکـەوتی توندوتیـژی لەگـەڵ نەکرێ و کـاری ڕۆژانـەی بۆ دوا نەخـرێ و فـەلسـەفـەی (بەیانی وەرەوە) تووڕ هـەڵبدرێ و کـارەکەی ڕاسـتـەوخـۆ- دیارە بەگوێرەی یاسا- بۆ جێبەجێ بکرێ.

دیاردەیەکی تریش کە تا ئێستا رەنگدانەوەی لە فەرمانگەکاندا ماوە ئەوەیە کـە لە زۆربـەی ژووری فـەرمـانبـەردا کـورسـیی بەتاڵ دەبینرێ، بەڵام کـاتێک هاووڵاتییەک بۆ معامەلەیەک دێتە ژووری قەت پێی ناگوترێ کە تا کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێ لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دابنیشێت، کە لە ڕاستییدا هاووڵاتی هەست بەکەمبوونی خۆی بەرامبەر فەرمانبەر دەکات. کە نابێ لەم سیستەمەی ئێمە پەیڕەو بکرێ. یان لە هەندێ فەرمانگە- تا ئێستا هەست بەوە دەکـرێ کـە هاووڵاتییـان لە بەر دەرگـە و لەم زسـتـانەداو لەبەر باران رادەوەسـتن، بێ ئەوەی جـێگەیەک هەبێت کـە چاوەڕوانی تێـدا بکەن، تا کـارەکـانیـان بۆ رایی دەکـرێ. چارەسـەری ئەم دیاردەیەش رێزلێنانە لە هاووڵاتییانمان و هەستکردنیان، کە ئەوانیش بەشێکن لەم سیستەمە.

لێرەدا دیاردەیەکی تر، کـە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام ئەوەیە، کـە ئەگـەر بێتـو مـرۆڤ هەڵسوکـەوتی فـەرمـانبـەرانی حکوومـەتەکـەمانی بەناچاری پێ هەزم بکرێ و بڵێ ئـەوە پاشـماوەی تێڕوانینی رژێمەکانی پێشـووی کوردستـانە و کاتی دەوێ تا فـەرمانبەرانمان بەبیری نوێ، هەڵسوکەوتی نوێ گۆش دەکرێ، بەڵام ئەی رەفتاری ئەو خـوشکانەی کە لە پرسگەی تەلەفۆنی سـەتەلایتەکان بۆ چی قبووڵ بکرێ کە وا بەساردی و لووت بەرزییەوە دەڕواننە هاووڵاتییان.

خۆ ئەو تەلەفۆنی سەتەلایتانە خزمەت بە پارە دەکەن، نەک بەخۆڕایی، بۆیە رەفـتاری ئەوانە هـەر - بەرامـبـەر هاووڵاتیـیـان- بەهیچ جۆرێک بۆ هاووڵاتی هەزم ناکرێ. کە خزمەت بەپارە بوو، دەبێ رووخۆشیی لێ بباری.

گوڵان ٣١١ لە ٢٠٠١/١/٤

# چەک و جین

بەگەرما من هەر شێت نابم، گەرنا واتێک دەچم و شپرزە دەبم کە ئەوەی نەمناسێت هەر بەشێتم لە قەڵەم دەدات. ئەو پاش نیوەڕۆیە – بیرمە کاتژمێر دوو بوو– بۆ ماڵی دۆستێکی پەرەوازەکراو دەگەڕام کە نامەیەکی لە هەندەرانەوە بۆ ڕەوانە کرابوو، بەو حسابەی من دەیناسم و بیدەمێ کە دیارە دوای گەڕانێکی زۆر بۆم نەدۆزرایەوە (چۆن بیدۆزمەوە؟) هەر بۆیەش لەتاو گەرما خۆم کرد بەدووکانێکدا وا بزانم چاخانە بوو، ئەگەر چی هیچ لەسەر دیوارو پەنجەرەکانی نەنووسرابوو. خۆم کرد بەژووردا، چاوم رەشکەوپێشکەی دەکرد، چاوەکانم هەڵگلۆفێن و تۆزە تۆزە بەردەمم روون بووەوە.

سڵاوم کرد و لەسەر کورسییەک بۆی دانیشتم. چاوم بەدەوری خۆمدا گێڕا، بڕوام نەکرد. تۆ بڵێی بەسەهوو خۆم بەبارەگای هێزێکی چەکداردا نەکردبێت؟

دانیشتووانی هەموو چەکدار بوون بەجۆرێک کە لەوە دەچوو چاوەڕێی فەرمان و کەڕەنای جەنگ بن. خەریک بوو هەستم داوای لێبووردن بکەم کە یەکێک لە چەکدارەکان گوتی:

(مامۆستا بۆ کوێ؟)

لێرە بەهەموو کەسێک گەر چەکدار نەبێت و بڕێک پۆشتەوپەرداخ بێت دەڵێن مامۆستا. سەیری دەوروبەری خۆم کرد. هیچ شوێنەکە بەکورسی و تەپڵەکەکانی لە چایخانە نەدەچوو، بەڵام هەموو دانیشتووان، تەنانەت ئەو یەک دوو کەسەی کە بەرگی ئاساییشیان پۆشیبوو هەر سووکە چەکدار بوون بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم:

(ڕەنگە ئەمانەش میلیشیا بن یان هێزی پشتگیری) هەستامە سەر پێ، خەریک بوو بڕۆم کە چایچییەکە دەستی خستە سەرشانم و چایەکی لە بەردەمم دانا.

دانیشتمەوە و هەر لە دڵی خۆمدا گوتم:

(لە بارەگاشدا چاپەس هەر هەیە) هەر بۆیەش بەدەم تێکدانی چاکەوە گوتم:

(برایان داوای لێبووردن دەکەم)

یەکێک لە چەکدارەکان یەکسەر گوتی:

(داوای لێبووردن لە چی دەکەیت؟)

شڵەژابووم، جارێکی تر چاوم بەدەوروبەری خۆمدا گێڕا و گوتم:

(کە بەبێ ئیجازە هاتوومە نێو بارەگاکەتانەوە)

گوێم لە هاڕەی پێکەنین بوو، ئەوەندەی تر شەرم دای گرتم. لەشم نیشتبووە سەر ئاو، هەستم بەشەونمی عارەق دەکرد کە بەنێوچەوانمەوە ڕێچکەی دەبەست، یەکێک لە چەکدارەکان کە سەرو پۆتەڵاکی لەوانی تر درشترو سمێڵێکی بێ ئەندازە ڕەش و پڕی هەبوو، کڵاشینکۆفەکەی تەنیشتی خستە سەر ڕانی، ئەوانی تر هەر بەبێدەنگی سەیریان دەکردم، گوتی:

(ئێرە بارەگا نییە. چایخانەیە!)

وەک کوتەکێک بدەن بەسەرما، ڕاچەنیم و گوتم:

(ئێرە چایخانەیە؟!)

جارێکی تر چاوم بەنێو دانیشتووانداگێڕا هیچ گومانم نەما کە ئەمانە چەکدارن، گەرنا ئەو هەموو چەک و فیشەک و ڕەختە لە پای چی؟. قومێکم لە چاکەم دا. هەموو زۆر بەسەر سوڕمانەوە نیگایان دەکردم. دەتوت لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتووم. لە ناکاودا گوتم:

(کەی دەچن بۆ شەڕ؟!)

یەکێکیان کە لە هەموویان شیکپۆشتر دەینواند، ئەویش تابینە قاقای غەرقی چەک بوو، گوتی:

(شەڕی چی برا؟)

مرۆڤ کاتێک وا بەمەزبووتی خۆی دەبەستێت و تروتفاقی جەنگ لە خۆی دەئاڵێنێ، دەبێ هەر بۆ شەڕ بچێت بۆیە گوتم:

(ئەی ئەم هەموو خۆ بەستنە لە پای چی؟)

یەکێک لە دانیشتووان کە لە هەموویان زیاتر تفاقی جەنگی لەخۆ بەستبوو، دانی لێ جیڕ دەکردەوە و بەپێکەنینێکی تەوساوییانەوە گوتی:

(گەرما مێشکی شلّەقاندووە.)

ئەمەم بەئیهانە لە قەڵەم دا و بۆیە منیش یەکسەر گوتم:

(کاتێک مرۆڤ بیجامە لەبەر دەکا، دەبێ نیازی خەوتنی بێ و وەختێک جلی وەرزش دەپۆشی دەبێ بیەوێ وەرزش بکات و کاتێک مایۆش لەبەر دەکا دەبێ تامەزرۆی مەلە بێ و کاتێک چەکیش وەکو ئێوە بەخۆیدا هەڵدەواسێ هەر دەبێ بەتەمای جەنگ بێت.)

نازانم قسەکانم تا چەند بەعەقڵی دانیشتواندا رۆدەچوو. ئەوان لە نێو خۆیاندا کەوتبوونە مقۆمقۆ، لەوە دەچوو بڕیاری گرتنم بدەن، بۆیە منیش بەدەنگی بەرز، وەک خوتبە بدەم گوتم:

(دۆزینەوەی نەخشەی جینۆمی مرۆڤ، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانێت زەوق و سەلیقە و حەز و ئارەزووی کەسانی وەک ئێوەش بگۆڕێ و لەباتی چەک حەز لە گیتار بکات و لەباتی گوللە تۆپ، عەوداڵی باسکە بێت و لەباتی فیشەک حەز لە فیکە بکات و لەباتی شەڕیش حەز لە شایی بکات)

ئاگام لێ بوو هەموو بەسەر سوڕمانەوە گوێیان بۆ قسەکانم رادەگرت. نازانم تێ دەگەیشتن یان نا. من هەر بەردەوام بووم و گوتم:

(هەر لە داهاتوویەکی نزیکدا، زانستی جینۆمی مرۆڤ خۆش بێت، دەتوانرێ شەڕخوازان بکەین بەئاشتیخوازان و رقوکینەش بکرێنە حەز و خۆشەویستی. ئای لە مەزنیی زانست)

لە جێی خۆم هەستام، دامە قاقای پێکەنین. ویستم بەشێتم تێ بگەن بۆ بمگرن؟. بێ ورتە بێ خشپە لە چایخانەکە (چایخانە؟!) دەرپەڕیم.

گەرمام لەدەردی سەری و گرتن پێ چاکتر بوو.

گوڵان ٢٨٦ لە ٢٠٠٠/٧/٦

# کورد و ئیسلام

یەکێک لەو گەلانەی کە بەزوویی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی قبووڵ کرد، کورد بوو. دیارە وەک سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن، لە زەمانی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب دابووە؛ چونکە کاتێک یەکێک لەسەرکردەی موسڵمانەکان کە هاتووەتە نێو کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام، لە نامەیەکیدا بۆ خەلیفەی موسڵمانان دەڵێ: ئێمە چۆن معامەلە لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بکەین، کە دیارە مەبەست خەڵکی کوردستانە، لە وەڵامیدا حەزرەتی عومەر دەڵێ: وەک میللەتانی خاوەن کتێب، واتە وەک مەسیحی و جوولەکەکان کە خاوەنی کتێبی ئاسمانی بوون.

لەوساوە کورد وەک گەلێکی موسڵمان خزمەتی زۆر گەورەی بەئیسلام و بڵاوبوونەوەی کردووە و، لەمەودواش زانایانی کورد خزمەتێکی یەکجار گەورەیان بەئاینی ئیسلام کردووە، جا چ لە ڕاڤەکردنی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەر بێت، یان خزمەتی شەریعە و فیقهی ئیسلامی بێت، ئەوا کوردیش دەستێکی باڵای لەو خزمەتەدا بووە و، زاناکانی کەسایەتیی دیارو پرشنگدارن لە مێژووی ناوچەکە و ئیسلامدا. هەر کەسێکیش بیەوێ زیاتر شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکات و بزانێ گەلی کورد چەند خزمەتی گەورەی بەئیسلام و شەریعەتی ئیسلام کردووە! با بچێ کتێبە مێژووییەکانی مێژووی ئیسلام بخوێنێتەوە، ئەوسا دەزانێ کە ئەم گەلە موسڵمانە چ خزمەتێکی گەورەی کردووە بەئیسلام و، چۆن لەو بوارەدا قوربانی داوە.

وا بزانم کەس نییە لە جیهاندا ئەو ڕاستییە نەزانێ کە سەلاحەدینی ئەیوبی هێزەکەی – کە زۆربەی هەرە زۆری کورد بوون– چ مێژوویەکی درەوشاوەی بۆ موسڵمان نەخشاند.

دیارە پیاوانی مەزنی وەکو مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێ و کاکە

ئەحـمـەدی شـێخ و شـێـخـەکانـی هـەردوو تەریقـەتی نەقـشـبـەندی و قـادری، سامانێکی بەپیتیان خستە سـەر توراسـی ئیسلام، کە ئێستا وەکو سەرچاوەی گرینگ لە دیراساتی ئیسلامیدا پەنجەی بۆ رادەکێشرێ.

ئەمانە هەمووی ڕاسـتین و کـەس ناتوانێت نکۆڵییـان لێ بکات، بەڵام ئەوەی جێی داخـە کە گەلێکی وا مـوسڵـمان وا بۆ چەندین جار دەچێ کە کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی دەبەسترێ هیچ حسابێکی بۆ ناکرێ و، نە بانگ دەکرێ و نە لە هیچ کۆنگرەیەکیشدا ئیشارەتی وەک گەلێکی موسڵمان پێ دەدرێ، کە ئەوە لە ڕاستیدا بەناهەقییەکی گەورە لە کورد حساب دەکرێ. دەبێ هۆی چی بێت گەلێکی سی چل میلۆنیی موسڵمان بەو شێوەیە مامەڵە بکرێ؟

ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی کـە لـەم کـۆنـگرانەدا تەنانەت هیـچ ئامـاژەیەک بەو زوڵموزۆر و ناهەقییە کە دەرهەقی دەکرێ بکرێ. تەنانەت لە کیمیاباران و گاز بارانی کـوردسـتـان و ئـەنفـال کـردنیـشـیـدا، هـەروا بێـدەنگ و کـڕوکپ بوون کـە مـرۆڤ بەڕاسـتی سـەرسـام دەبێت، ئەمـە لە کاتێکدا گـەر پاساوێک هـەبێت بۆ ئەو جـۆرە کـۆنگرانە، کـە گـوایە کـورد خـاوەنی دەوڵەت نـیـیـە ئەوەش وا نـیـیـە، چونکـە زۆر ڕێکخـراوی ئـیـسـلامی و زۆر گـەلی تر بانگ دەکـرێن کـە خـاوەن دەوڵەتیش نین، هەر بۆیە لێـرەدا دەڵێم بەڕاسـتی گـەلـەکـەمـان گـەلی کـوردی مـوسڵـمان عـاجـز بوونی خـۆی لەم رەفـتـاری سـەرانی ئیسـلام دەردەبڕێ و، گلەییـی توندی خـۆی لەو خـەڵکانە دەکـات کـە ئەم جـۆرە کۆنگرانە دەبەسـتن و لێیـان دەپرسێ بۆ جـاری هـەزارەیەم، کە هۆی چییـە گـەلێک کـە هـەزارو چوار سـەد سـاڵە خـزمـەتی ئیـسـلام دەکـات ئاوا ڕەفـتـاری لەگـەڵ دەکرێ، ئەمـە لە کاتێکدا کـە ڕەنگە ژمارەی مزگەوتەکانی کوردستان لە ژمارەی دانیشـتووانی هـەندێ وڵات زیاتر بێت.

گوڵان ٣٠٥ لە ٦١/١١/٢٠٠٠

# بەلەمی رفیو

کە بڕیاری سەفەرم دا لە دوورگەکانی (فلیپین) بەرەو دوورگەکانی (فیجی) لە ترسی گرووپی (ئەبو سەیاف) نەبوو، لە ڕاستیدا بارانی گەرم و مێشوولەی گازگر و مێرووڵەی قەپگر راوی نام. ئەم مێرولانە بەڕادەیەک قەپگر بوون، گەر هەندێک لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیانزانیایە، ئەوا لە شوێنە نهێنییەکاندا وەک ئەشکەنجەدەر بەکاریان دەهێنان. دوور نییە ڕۆژێک بێت چەند قاچاغچییەک سوود لەو زیندەوەرە زیانبەخشانە وەربگرن و بەقوتووی بۆیاخ بەرەو ئەو ولاتانەیان ببەن. بەهەرحاڵ کە (فلیپین)م بەجێ هێشت و بە(بەلەمێکی رفیو)(*) بە(ئۆقیانووسی هێمن) دا رووەو شوێنی مەبەست کەوتمە جووڵە.

کاتێک لە دوورگەکانی (فیجی) نزیک بووینەوە ئای چ دیمەنێکی قەشەنگ و دڵڕفێن و بێ وێنە بوو. ئاوی روونی ئەو ئۆقیانووسە مەزنە، کانییە پاکەکانی بناری قەندیلی دەهێنایەوە یادم. هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئاوی ئۆقیانووسێک وەک کانیاوێکی کوردستان پاک و بێگەردو روون بێت.

کە ملم بە قەراغی بەلەمەکەدا بەرەو نێو ئاوەکە شۆڕ دەکردەوە، هەزاران ماسیی رەنگاوڕەنگم دەدی، کە لە نێو بەردە مەرجانییەکاندا پێکەوە سەمایان دەکرد. سەرم بەرزکردەوە، وردە وردە لە دوورگەکان نزیک دەبووینەوە، شینیی ئاسمان، دوورگەی نوقمی سەوزی، ئاوی مەنگ و تیشکی زێڕینی خۆر تابلۆیەکی دەستی کردگاری دەنواند. ئای لەو هەموو جوانییە. کە دابەزین لە دوورگەی (فیجی) یەکەمین کار – وەک پێویست– نیشاندانی پاسپۆرت بوو. ئا بیرم چوو خۆم بەخوێنەر بناسێنم، بەڵێ من نێرراوی ڕۆژنامەیەکی کوردیم بۆ ئەم خۆرهەڵاتی دوورە و دەمەوێ ریپۆرتاژێک سەبارەت بەجۆری حوکم و سیستەمی سیاسیی ئەم ناوچانە پێشکێش بەخوێنەری کورد بکەم.

بەهەرحاڵ دوای پەیداکردنی جێ و ڕێی پێویست یەکسەر دەلیلێکم بەکرێ گرت، کە شوێنە گرینگەکانی نێو دوورگەکەم نیشان بدات و پاشان تۆزێکیش لەسەر بارودۆخی سیاسی و شێوەی حوکمڕانی قسەم بۆ بکات.

من خۆم پێشکێش کرد و گوتم:

– خەڵکی کوردستانم و...

کابرای دەلیل کە تەنیا پەشتەماڵێکی بەخوار ناوکییەوە بەستبوو، شەپقەیەکی گەورەی سەبەتەی لەسەر نابوو، زۆر بەسەرسوڕماوییەوە گوتی:

– کوردستان؟!

لەوە دەچوو یەکەمین جار بێت گوێی لەناوی وا بووبێت، بۆیە من بۆ ئاسانکاری کەوتمە باسی کوردستان. ئەو هەر سەری بادەدا، بەڵام لە ناکاوێکدا گوتی:

– ئەو وڵاتەی کە دوو ناوتان هەیە بۆ هەموو شتێک!! سەرم سوڕما و لە ڕاستیدا چاک حاڵی نەبووم بۆیە گوتم:

– مەبەستتان؟؟

شەپقە حەسیرییەکەی داگرت و بڕێک باوەشێنی خۆی پێ کردو گوتی: (بۆ نموونە: ژن و ئافرەت)

پاش ساتێک گوتی: (قوتابی و خوێندکار)

لە ڕاستیدا دەستم دایە شەپقە سەبەتەییەکەی سەری و دام گرت و منیش کەوتمە باوەشێنی سەروچاوم. جووڵەکەمی لا ناوازە بوو، بەڵام هیچ دەنگی نەکرد. پاشان گوتی:

(ئێوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە شۆفێرەکانتان داخلی جادەی سەرەکی دەبێ، کەچی سەیری لای ڕاست دەکات)

ئەمە لە کوێ دەزانی؟ دەڵێی لەگەڵ ئێمەدا ژیاوە؟ ئەمەم لە دڵی خۆمدا گوت.

شەپقەکەی لێ سەندمەوە و ئەویش کەوتە باوەشێنی خۆی و پاشان گوتی:

(ئێوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە موحاسەبەی دز ناکەن) ئەمەم زۆر لا سەیر

بوو، خەریک بوو پرسیار بکەم بەڵام ئەو نەیهێشت و بەردەوام بوو، گوتی:

(مەبەستم دزی ئاسایی نییە. دزی ئیداریم مەبەستە..)

هەر دەڵێی خەڵکی وڵاتی خۆمانە. ئەو چوزانێ؟

گەیشتبووینە نزیک پارکێک کە کۆمەڵێ کچ دانسێکی سەرسوڕهێنەریان دەکرد، جەستە لەرزینیان سەرنجی هەموو گەشتیارانی نێو دوورگەکەی بۆلای خۆیان رادەکێشا. خەریک بوو قسە بکەم، بەڵام ئەو گوتی: (ئێوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە هەر خەریکی نووسینن لەسەر یەکتری!)

ئەمە چوزانێ؟ مێشکم دنگەی دەهات. عارەقێکی عەجایبم کردبوو، بۆیە بەسەر دەستی کراسەکەم عارەقی نێوچەوانم دەسڕی. زۆر بە وردی سەیری دەکرد و دوایی گوتی: (ئێوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە تێزاب دەکەن بەپانتۆڵی (جینز)دا!!)

دڵم تێکەڵ دەهات. شەرمم لە خۆم دەکرد. ئەو گوتی: (ئێوە خەڵکی ئەو وڵاتەن کە تا ئێستا ناتوانن ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بەرنەسەر)

لە ڕاستیدا قسەم پێ نەبوو، یان ڕاستتر وایە، بڵێم داکۆکیم لە هیچ بۆ نەدەکرا. شەپقە سەبەتەییەکەیم داگرتەوە و بەتوندی کەوتمە باوەشێنی سەراپای جەستەم. ئەوی ڕاستی بێ خوێنەری بەڕێز نەمدەزانی بۆچی هاتووم.

گوڵان ٣٢٧ لە ٢٠٠١/٤/٢٦

........................................

(*) بەلەمی رفیو: جۆرە بەلەمێکە زۆر خێراتر لە بەلەمی ئاسایی دەڕوا.

# چەند وردە پێشنیازێک

١

لە ساڵەکانی هەشتادا بەرامبەر نزیکەی (٢٠) هەزار پێشمەرگە، دەوروبەری (٢٠٠) هەزار چەکداری کوردی لایەنگری حکوومەتی عێراق هەبوو، کە بووبووە مایەی سەرلێشێوانی سیاسەتمەدارانی دەرەوە و زۆر دەوڵەت کە زۆر جار هەڵوێستی نادروستیان بەرامبەر خەباتی چەکداری لە کوردستان و کێشەو داوا ڕەواکانمان وەردەگرت، کە ئێمەومانانی نێو شاخی دردۆنگ و زویرو هەندێ جاریش بێ هیوا دەکرد، ئەوان لە دیدی زۆرایەتیی لایەنگرانی حکوومەت- کە دیارە بەمانگانە بوو- و لایەنگرانی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی- کە کەمینەو بەئیختیاری بوو دەیانڕوانی - دیارە بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیشیان لەبەر چاو دەگرت- بۆیە تووشی ئەو هەڵە گەورەیە دەبوون، بەڵام پاساوی هەرەگرینگیان هەر ئەو زۆرایەتی و کەمایەتییە بوو، بۆیە وەک یەکەم وردە پێشنیارم دەڵێم: نابێ ئیمتیازی ئەوانەی یەکەم، لە هیچ بوارێکدا، لەوانەی دووەم زیاتر بێت.

٢

ئەمڕۆ لەم شارەدا، هەولێر، سەدان موەلیدە کار دەکەن، کە خزمەتی گەورە - لەم بێ کارەباییيەدا - بەهاووڵاتیان دەکەن کە دیارە ئەوانیش، خاوەن موەلیدەکان سوودێکی زۆر لەو کارەیان وەردەگرن، من پێشنیارم بۆ کەمکردنەوەی نرخی بەشداربوونی ماڵان نییە- کە بەرامبەر داهاتی ئاسایيی مانگانەی زۆربەی خەڵکی گەلێک زۆرە- و ئەوە دەزگا بەرپرسەکان دەبێ ئەو نرخە بخەملێنن و لەسەر کەم و زیادکردنی بڕیار بدەن، بەڵام من وەک دووەم پێشنیارم دەڵێم: کە دەزگا بەرپرسەکان دەبێ فەرمان بەخاوەن موەلیدەکان

بدەن کــە ئەوانیش بەئەرکی خــۆیان هەڵبــسن و هــەر خــاوەن مــوەلیــدەیەک کۆڵانەکانی (قاطع) ی خۆی رووناک بکاتەوە. کە وابزانم لە چەند ئەمپێرێک زیاتری تێ ناچێت، چونکە بەڕاستی کۆڵانەکان بەشەو تاریکستانەو دیارە تاریکستانیش چ هەلومەرجێک بەدزو جەردەو تیرۆریست و پیاو خراپ دەدات کە لە ژێر سێبەری تاریکیدا کاری نابەجێی خۆی ئەنجام بدا.

٣

کارەبا بەهەموو شوقەی ئاوارەکان دەدرێت کە بەلای هەموومانەوە کارێکی زۆر بەجێ و خزمەتێکی گەلێک گەورەیە بەتایبەتی گەر مرۆڤ بارودۆخی ژیانی ئەو ئاوارانە لەو شوقانەدا ببینێت (کەوەزعی چینی کرێکاری سەدەی هەژدەیەمی ئینگلیستان دەخاتەوە یاد) هەر کسپە لە جەرگییەوە دێت، بەڵام بەفیڕۆدانی کارەبا هەر لەو شوقانەدا (تۆ لە فرۆشتنی کارەبا بگەڕێ، ئەمە مەبەستی ئەم باسە نییە) کارێکە لە جێی خۆیدا نییە چونکە – ئەمە ڕاستییەکە – زۆربەی زۆری خەڵکی لەو شوقانەدا پێش کاتژمێری دوانزەی شەو دەنوون و ئیدی کارەبای دوای دوانزەی شەو تا بەیانی بەفیڕۆ دەڕواو هیچ سوودێکی نییە، بۆیە وەک سێیەم پێشنیارم دەڵێم: جێی خۆیەتی لە کاتژمێری شەشی بەیانییەوە تا دوانزەی شەو کارەبا بدرێت بەشوقەکان، بەڵام دوای دوانزەو تا شەشی بەیانی ئەو کارەبایە بدرێت بەشەقامەکان، کە دەتوانێ ئەو تاریکستانەی نێو شەقامەکان بڕەوێنێتەوە و مۆڵەت بەدەستی خراپەکار نەدات کە سوود لەو تاریکییە وەربگرێت، تۆوی گەرای تاوان بچێنێت و سیمایەکی شارستانیش بدات بەپایتەخت.

گوڵان ٢٧٠ لە ٢٠٠٠/٣/١٥

# ڕێپۆرتاژ

کامێرەو پێویستییەکانی تری کاری ئەو ڕۆژەم کردە شانم. ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ لە سەرەتادا ئەوەیە بڵێم کە کامێرەکەم، زۆر لەو جۆرە باشانە نییە کە کاری گەورەی پێ ئەنجام بدرێت، چونکە نەپاتریی پاترییەو نەعەدەسەی ئەو عەدەسەیەیە کە لەکاتی پێویستدا بێتە دەست. نەشان و شەوکەتی ئەوەشی هەیە کە مرۆڤ - تۆ بڵێ ڕۆژنامەنووس و وێنەگر لە شوێنی شیاودا دەری بخا، ئەویش سوپاس بۆ (لیژنەی کڕین) کە ئەو مەرحەمەتەی لەگەڵدا کردین لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرشانمە بڵێم کە لێرەدا قەدر زانینی خۆم پێشکێشی ئەو لیژنە (هێژایە) بکەم، چونکە هەر نەبێت کارتۆنی کامێرەکەی بەنوێی پێشکێش کردم. لێرەدا پێویستە بڵێم کە ئەوە- واتە پێشکێش کردنی قاوغێکی نوێ بۆ کامێرەکە - بە ئەوپەڕی بەویژدانی دەتوانرێت لەو لیژنەیە حسێب بکرێ، چونکە هەندێک (لیژنەی کڕینی) تر هەن کە قاوغەکەیش هەر بەکۆنی و دڕاوی و پینەکراوی بەڵام بەوەسڵی تازەوە، پێشکێش دەکەن. بەهەرحاڵ من سوپاسی (لیژنەی کڕینی) خۆمان دەکەم، گەر قاوغەکەش نوێ نەبووایە، ئیدی من چیم بکردایە، خۆ لەم وڵاتە هەموو شتێک بیری لێ دەکرێتەوە لێپێچانەوە نەبێ. بەڵێ کامێرە کۆنەکەم کردە شانم و بەپێی راسپاردەی لێپرسراوی تەلەفزیۆنەکەمان بۆ چاوپێکەوتنی هاووڵاتییان- ئەحمەدی شاملۆ گوتەنی- کەوتمە سەحرا، لە پشتی پیکابێکدا- تا ئێستە ئۆتۆمۆبێلمان نییە، ئەمە لە کاتێکدا هەرچی سەرقاڵی چالاکییە، راگەیاندن نەبا، خاوەنی ئۆتۆمۆبێلە- بە هەر شێوەیەک بوو جێی خۆم کردەوەو، لێتان ناشارمەوە کە مەبەستی دەرچوونەکەم، بریتی بوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هاووڵاتییانی دەرەوەی شاردا و پرسیار سەبارەت جەژنەکانی ئازار. ئەگەرچی ئازار هەمووی هەر جەژن نییە و هەندێک ڕۆژی

کارەسات و تراژیدی و ئازارە- ئازار، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکانم کە بۆم دارێژرابوون، دەربارەی هەستی هاووڵاتییان و رادەی بەشدارییان بوو لە ئاهەنگەکانی ئازاردا.

هەڵتەک هەڵتەکی پشتی پیکابەکە، جاروبار سەری خۆم و کامیرەکەی بەرامبەرم ئەو نهێنییەی نەدەزانی، گەر سەری لا ببردایە، نە خۆم و نە کامیرەکەیشم ئەمڕۆ لەم سەر زەوینە بەرینەدا جێ پێیەکمان دەبوو، یا بەواتایەکی تر: دەپەڕیم و وجوودم دەبوو بە رۆح!

لەگەڵ ئەوەشدا گوتم با هەر سوودێک لەم هەلەش وەرگرم و (سبق صحفی) یەک تۆمار بکەم، دانیشتووانی پشتی پیکابەکە- بەخۆمەوە- هەشت نەفەر بووین..

یەکەم پرسیارم لە گوندییەکەی بەرامبەرم کرد

پرسیار: دەتوانی تۆزێک لەبارەی مێژووی دێیەکەتان بۆ بینەرانی هێژا باس بکەیت. (مەبەستم لەم پرسیارە پتر کردنەوەی وتووێژێک بوو)

وەڵام: بەڵێ کارەبامان نییە، زێرابمان نییە. قوتابخانەکەمان مامۆستای تێدا نییە!

من پرسیاری چیم کرد و ئەو چی دەڵێت! بۆیە گوتم:

- ئەی لە هەولێر بەشداریی جەژنەکانی ئازارت کرد؟

وەڵام: جادەکانی نێو دێ، ئاژەڵی تێدا نوقم دەبێت.

رووم وەرگێڕا بۆ یەکێکی تریان، سمێڵی قەترانی، ترس و لەرزی بەدەوروبەردا دەپرژاند. گوتم:

ئەی ئێوە؟

بەدانی کەوتە سمێڵ قرتاندنی. سەرنجی دام. لەوە نەدەچوو حەز لە وتووێژەکەم بکات بەڵام گوتی:

- ئاو نییە، ئاو. بێ ئاوی سەری دنیای لێ هێناوینەتەوە یەک. کامێرەکەم خستبووە گەڕ، بەڵام گڵۆپە سوورەکەی کە نیشانەی دەست بەکاربوونی بوو،

نەبوو. هیچ خۆم تێک نەدا و لەدڵی خۆمدا گوتم: با نەڵێن بەکامێرەکەش گاڵتەمان پێ دەکات.

پرسیارم لە کابراکەی تەنیشتم کرد. گوتم:

لەم مانگەدا بەشداریت لە هیچ چالاکییەکی مانگی ئازاردا کرد؟

ئەو هەر سەیری نەکردم. سەیری دەشتە بەرینەکەی بەرامبەری دەکرد. لە ناکاودا گوتی:

سەرە نوێلکی دێ، گەر، بەزوویی لانەبردرێ، ئەم هاوینە هەموو تووشی، مەلاریاو زەردوویی و خوا دەزانێ چی تریش دەبین.

گەیشتینە دێ. هەموو نەفەرەکان دابەزین. من هەر لە جێی خۆم دانیشتبووم، شوفێرەکە سەری لە پەنجەرەکەیەوە دەرهێناو بە سەر سوڕمانەوە گوتی:

ئەی تۆ.. کە زۆر پەلەت بوو بۆ دانابەزی؟ لە وەڵامدا گوتم:

کارم تەواو، منیش لەگەڵتدا دێمەوە.

گوڵان ١١٦ لە ١٩٩٧/٤/١٢

# سنووورداشی پێچەوانە

لە ڕاستیدا نازانم، من حەزم لە گێچەڵە یان گێچەڵ حەزی لە منە، بەهەرحاڵ من هەر تووش دەبم، یان وەک دەڵێن، خوا هەر بۆم دەنێرێ، گەر نا، من بۆ وا گیرۆدە دەبم، بەشێوەیەک کە نازانم چۆن خۆم قوتار بکەم. فەرموون:

بەرەبەیانییەک، لە بەڵکۆنی ئوتێلێکدا ڕاکشابووم، نیوە خەواڵوو نیوە بێدار بووم، دەوروبەر، گەر پیاو چاو لە خوێندنی کوکوختی و قیژەی بۆق و زەڕینی کەری ناوەخت و بۆڕەی مانگاو قووقەی کەڵەشێر و هاتوهاواری پاقلە فرۆش و نۆک و لۆبیا و هۆڕنی یەک لە دوای یەکی شوفێرانی عەسەبی و دەنگی بەرزی رادیۆی بەڵکۆنی تەنیشتم کە گوێ لە خوتبەی پێش هەشت دەگرێ و سەدای ریکۆردی بەڵکۆنی ژوور سەرم. کە بەحەیرانی کوردی سەرەتای ڕۆژێکی نوێ رادەگەیێنێ. دەڵێم گەر پیاو چاو لەوانە بپۆشێت ئیتر هیچی وانە بوو کە بێدەنگی و هێمنی ئەو بەرەبەیانە بشێوێنێت.

بەرەبەیانێکی یەکجار خۆش بوو، ناوەڕاستی مانگی ئەپریل بوو، هەستم بەکزەی سەرمای بەرەبەیان دەکرد، هەر بۆیەش هەر بەنووکی پێ، بەتانییەکەم بەخۆم دادا و پاشان تا ژێر گەرووم ڕاکێشا.

خەریک بوو خەو بمباتەوە کە قریشکەی ئافرەتێک بەئاگای هێنامەوە، دەنگی ئافرەتێک بوو کە بەپاڕانەوە و بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە دەیگوت:

(بۆ لێم دەدەی)

هەستم دایە خۆم، بەڵێ ئافرەتێک بە بەردەوامی دەیگوت: (بۆ لێم دەدەی)

بەتەواوی گوێم شل کرد، کەسێک لە بەڵکۆنەکانی ترەوە، نە دەرپەڕی نەراپەڕی و نە هیچ کاردانەوەیەکیشیان نیشان دا بۆیە بەخۆمم وت:

(بنوورەوە.. خەوە...)

شەکەتی شەوی پێشووتر بووم، سەیری کاتژمێرەکەم کرد، حەوتی رێک بوو، هەر بۆیەش چاوم لێک نا، خەو تینی بۆ هێنامەوە، هاوکات دەنگی ئافرەتەکەش لە گوێمدا هەر دەزرنگایەوە، نازانم چەند بوو نووستبووم کە جارێکی تر بە دەنگی ئافرەتەکە خەبەرم بووەوە. سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، هەشتی تەواو بوو، هەر دوو دەستم نایە ژێر سەرم کە بەڕوونی گوێم لە ئافرەتەکە بوو هەر دەیگوت:

(توخوا.. توخوا.. بۆ لێم دەدەی)

تۆ بڵێی ئەمە ڕاست بێت و خەو نەبێت، خەوی چی؟ ئەوە ئێستا من بەتەواوی بێدارم، ئەمە مانای چی؟ تۆ بڵێی ئەم ژنە یەک کاتژمێری تەواوە لێی دەدرێ و کەسێکیش لەسەری نایەتە جواب. ئەمە چ وڵاتێکە؟ شتی وا تۆ بڵێی لەم وڵاتە روو بدات؟ ببوورن، دەبوو خۆم لە پێشدا پێشکێش بکەم، بەڵام بەکورتی. بەڵێ من لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەژیم، واتە پەنابەرم، هاتووم و نیازم وایە سەردانی کەسوکارم کە - هەشت ساڵە- نەمدیون بکەم.

هاوارو دادی ئافرەتەکە هەر بەردەوام بوو، بۆیە لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا و هەستامە سەر پێ، چاوم بەخانووەکانی بەرامبەرمدا گێڕا، بەڵێ لە حەوشەی خانووەکەی بەرامبەرم، پیاوێکی تەمەن پەنجا شەست ساڵە، لە ژنێکی گەنجی- کە تەمەنی هەر بیست و پێنج سی دەبوو- بەرزلله و شەق و بۆکسی دەدا، سەیری کاتژمێرەکەم کردو، هەشت و چارەک بوو، ماقووڵە پیاوێک کاتژمێر و چارەکێکە، وا بەئاشکرا لە ژنێک بدات و کەسێکیش ویژدانی نەبزوێت؟

خێرا خۆم پۆشی و بەپەلە هاتمە خوارێ، یەک دوو برادەری ناسیاو لە ساڵۆنی ئوتێلەکەدا رایان گرتم و پرسییان کە بۆچ وا بەپەلە دەڕۆم و بۆ کوێ دەچم، سەرم سوڕما، ئەی ئەمانە گوێیان مسی تیا ئاخنراوە و ویژدانیان لە موجەمیدەدایە؟

هیچ نابیستن؟

له سالۆنی ئوتێلەکەدا، کە ئەویش هەر بەرامبەر ئەو ماڵە بوو زیاتر لە دە دوانزە موسافیر دانیشتبوون، هەندێک خەریکی چا خواردن بوون، برێک بەشێنەیی وەک گوێی لە هیچ نەبێت جگەرەی دەکێشا، خۆم لە ناسیاوەکانم راپسکاند و وتم:

(ئەی گوێتان لێ نییە وا پیاوێک زیاد لە کاتژمێرێکە لە ژنێک دەدات؟)

یەکێک لە دانیشتووان کە سمێڵی مۆر دەچووەوە رەشی کردبۆوە؟ گوتی:

(ئەوە ژنی خۆیەتی.)

یەکێکی تر کە چاکەت و پانتۆڵێکی قاوەیی و کراسێکی رەش و بۆینباخێکی سەوزی لەملدا بوو، – ئای لەو زەوقە– یەکسەر گوتی:

(ئەوە کاری خۆیەتی.. مرۆڤ نابێت دەست لە کاروباری خەڵکییەوە بدات!)

(چۆن شتی وا دەبێت؟ بۆ یارمەتییەکی ئەو مەزڵوومە نادەن؟)

پیاوێکی بەساڵاچوو، کە رانکوچۆغەیەکی کۆنی خورمایی لەبەردابوو، دەنکی تەسبیحە قەزوانییە درێژەکەی دەژمارد – زیکری دەکرد؟– زۆر شارەزایانە گوتی: (کاکە دەڵێن ئەوە ژنی خۆیەتی!)

ئای لەو قسەیە، هەر چۆنێک بوو خۆم لە دەست ناسیاوەکەم قوتار کرد رووە و ماڵەکە ملم نا، خۆشبەختانە دەرگەی ماڵەکە دانەخرابوو، بۆیە راستەوخۆ رووە و کابرا ملم ناو بەهەموو هێزم پاڵێکم پێوە نا، سەری دای بەدیوارەکەدا و یەکسەر لە شوێنی خۆی تلیسایەوە، نەمردبێت؟

ئەم جۆرە پیرانە هەتا بەرگەی پاڵنانێکیش ناگرن و ئاواش بەرامبەر ژنەکانیان دڕندەن، ژنەکە هەڵدەلەرزی و بە سەرسامییەوە تێی دەڕوانیم، چ فریشتەیەک بووم، نازانم کاتێکم زانی، هەر برووسکە ئاسا، مەفرەزەیەکی پۆلیس نیشتە سەرم و هەر خێرا، باڵبەستیان کردم و پێش خۆیان دام و لە ژوورێکی تەنیایی گەرمدا فڕێیان دام. چۆن ئەوانە وا زوو فریاکەوتن. ئەی بۆ کاتژمێر و چارەکێک ئەو ژنە هاواری دەکرد کەچی پۆلیسێک بەهانایەوە

نەهات، نازانم، سەرم لەم بەزمە دەرناچێت، ڕۆژی دادگا – کابرای پیرەش ساغ و سەلیم بوو– دادوەر لێی پرسیم:

(تۆ بەچ هەقێک دەست وەردەدەیتە نێو کاروباری خەڵکییەوە؟)

پرسیارێکی گران بوو، سەرم سوڕما، کاروباری خەڵکی چی؟ پیرەمێردێک لە ئافرەتێکی دەدا، بەو حسابەی ژنیەتی، بێ ویژدانییەک بوو کە هیچ خاوەن ویژدانێک پێی هەزم نەدەکرا، بۆیە گوتم:

(لە رووی مرۆڤایەتییەوە یارمەتیی ئەو ئافرەتەم دا، کابرا – دەستم بۆ پیرە ڕاکێشا– کاتژمێرێک لەسەر یەک لە ژنەکەی دەدا، منیش دڵم پێی دەسووتا..)

دادوەر پێنووسەکەی دانا، تووڕە بوون لە سەروپۆتەڵاکی دەتکا، قیژاندی و گوتی: (دەڵێم بەچ هەقێک؟)

(بەپێی (بڕیاری ٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، دەتوانرێ تەدەخول لە وڵاتێکدا بکرێ کە هێزی دەسەڵاتداری کەمینەکانی نێوخۆی بچەوسێنێتەوە).

دادوەر کەوتە چەناگە خوراندن، بزەیەکی مەخسەرە ئاسا گرتی و گوتی: (جا ئەو بڕیارە چ هەقێکی بەسەر ئەو مەسەلەیەوە هەیە؟ بۆ خێزانیش دەوڵەتە؟)

خۆم قیت کردەوە، سەرم لێ هەڵبڕی و وەک خوتبە بدەم، گوتم:

(بەڵێ خێزانیش دەوڵەتێکی بچکۆلەیە کە تێیدا – لای ئێمە– پیاو دەسەڵاتدارە و ژنیش رۆڵی بێ مافی کەمینە دەبینێت، بۆیە هەر لە سەر بناغەی ئەو پرنسیپە، مرۆڤ بۆی هەیە لە کاتی وادا– چاوم بڕیبووە نێو چاوی داوەر– بێ گوێدانە سەروەری خێزان، بەهەموو توانای بەرگری لە زوڵم لێکراو بکات..)

نازانم قسەکانم چ کاریگەرییەکیان لەسەر دادوەر و گوێگران هەبوو، کەس تێم دەگەیشت؟ بەهەرحاڵ من بەکەفالەت بەردرام، ڕۆژی دوایی سنوورداشی پێچەوانە کرام.

گوڵان ٢٨٩ لە ٢٠٠٠/٧/٢٧

# بووز

گەرما تینی لەبەر بڕیبووین، من خۆش خۆش بە لچکی جامانە چڵکن و کون کوناوییەکەم عارەقی نێو چەوانم دەسڕی، مەحموودی هاوەڵم – ئەویش ئاوارەو بێکارە وەک خۆم– هاتە نزیکەوە و بەئەسپایی پێی گوتم:

– تۆ بڵێی کەی بێت؟

– خوا دەزانێ..

هیچی تری نەوت، لە ڕاستیدا گەرمای ئەو پاش نیوەڕۆیە لە رادەبەدەر پەستی کردبووم. دانیشتووەکانی تریش هیچ لە من باشتر نەبوون. ژمارەمان دەگەیشتە (٢٥) کەس و لە (چوار رێی میتران) کەمینمان دانابوو، ژنێک بەسەرپۆشەکەی باوەشێنی منداڵەکانی خۆی دەکرد. یەکێکی تر عەباکەی بۆ منداڵەکانی کردبوو بە چادر. خەریک بوو لێیان بچمە پێشەوە و هەندێک پرسیاریان لێ بکەم کە یەکێک لەسەر شۆستەکەی بەرامبەرمانەوە بەهەموو دەنگی هاواری کرد:

– هات.

هێشتا دەنگی هاوارەکەی لە گوێماندا دەزرنگایەوە کە تارماییی لۆرییەکی داپۆشراو وەک برووسکە بەبەردەمماندا تێ پەڕی و ئیدی ئێمەش هیچ کاتمان لە کیس خۆمان نەدا و یەکسەر بەڕاکردن شوێنی کەوتین.

راکردن بەو گەرمایە و بۆ پیاوێکی چل و سێ ساڵەی وەک من کارێکی ئاسان نەبوو. ئەوە بۆ مەحموودی هاوەڵم هەر هیچ، ئەو تەمەنی لە سەروو پەنجاوە بوو.

هەموومان رامان دەکرد، دیمەنێکی سەیر بوو، پتر لە (ماراسۆن)ێکی بێ سەروبەر دەچوو، ئێمە هەر رامان دەکرد، کاتێک لۆرییەکە خاوی کردەوە

ویستی بوەستێ، بەڵام هێرشی ناکاوی ئێمە بەرەو پیری پەشیمانی دەکردەوە و یەکسەر دەکەوتەوە لێخوڕین.

لۆرییەکە بەلای چەپدا پێچی کردەوە.

سەرنجم دایە خۆمان. مەلایەک جبەکەی وەک ئاڵا دەشەکایەوە. لۆرییەکە چەند جارێک خاوی کردەوە، بەڵام کە هاتوهاواری ئێمەی گوێ لێ دەبوو، دەکەوتەوە گەڕ.

لەڕاستیدا شەکەت بووم. وابزانم ئەوانی تریش بەتایبەتی ژن و منداڵەکان هیچ حاڵیان لە من و هاوەڵەکەم چاکتر نەبوو.

هەریەکە لە چوارڕییانی میتران بەیەکجاری وەستا و شوفێرەکەی لێ دابەزی. کاتێ گەیشتینە بەردەمی هەر بەناو زیندوو بووین، هەناسە بڕکێمان تێکەڵ بەجنێوی ژنان و گریانی منداڵان دەبوو.

شوفێرەکە زۆر بەسەرسوڕمانەوە تێی دەڕوانین، بۆیە بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

– تکایە پێم ناڵێن چیتان دەوێ؟

مەحموودی هاوەڵم وەک دەمڕاستی هەمووومان لێی چووە پێشەوە گوتی: (بووز)

کابرای شوفێر قەیتانی چادری لۆرییەکەی شل کردەوە و سووچێکی چادرەکەی هەڵدایەوە و بەپێکەنینەوە گوتی: بەداخەوە بەتانییە!

وەک سەهۆڵاوێک – لەخەودا– بکەن بەسەرماندا، هەموو سڕ و وڕ بووین و تەزین.

شوفێرەکە سەرکەوتەوە و ئێمەش بەنائۆمێدی گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان.

گەرما تا دەهات تینی پتر دەبوو، ئێمەش تا دەهات ژمارەمان زیادی دەکرد. لەتە مقەبایەکم پەیدا کرد و کەوتمە باوەشێنی سەروچاوم. دوو پیاو لە نزیکمەوە دانیشتبوون، یەکێکیان چاکەت و پانتۆڵێکی مۆدیل پەنجاکانی لەبەر دابوو. نازانم لەو گەرمایەدا چۆن تەحەمولی ئەو چاکەتەی دەکرد. ئەوی دییان

بەسەرو هەیئەتیدا لە تەقاوتێکی بێ مانگانەی دەکرد. هەردووک سەرقاڵی وتوێژێک بوون کە چاکەت لەبەرەکە بەوەی تری گوت:

– خۆشترین شت تا ئێستا چی بێت.

وەک پرسیارەکە لە من بکات یەکسەر گوتم:

– جامێک بووزاو!

رووم وەرگێڕاو سەیری کاتژمێرەکەمم کرد. چواری پاش نیوەڕۆ بوو. گەرمیی هەتاو هەموو دانیشتووانی بێدەنگ کردبوو، کەس ورتەی لێوە نەدەهات، تەنانەت منداڵەکانیش کڕوکپ لێی پاڵ کەوتبوون، من سەرم گێژی دەخوارد، گەرووم بووبوو بە پەلاس و تفم بۆ قوت نەدەچوو. مەحمموودی هاوەڵیشم رەش هەڵگەڕابوو، لە تینوێتیدا بەدەست ئیشارەتی بۆ دەکردم کە من هەر هیچی تێ نەدەگەیشتم. مەلاکەش بەجبەکەی جاروبار باوەشێنی خۆی دەکرد.

چاوم بەناو دانیشتواندا گێڕا، ژمارەمان لەسەد زیاد بوو. پەلی مەحموودم گرت و رووەو مەلا ملمان نا، عارەق بە لاڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارێ و تێکەڵ ریشە سپییە نورانییەکەی دەبوو. گوتم:

– مامۆستا داوای لێبووردن دەکەم.

مەلا دەستی داگرت و گوتی:

فەرموو کوڕم

تفێکم قووت دا، گەرووم بۆ ساف کرد و گوتم:

تۆ بڵێی بووز بگات؟

مەلا دەستی بەڕیشیدا هێنا و سەری بۆ ئاسمان بڵند کرد و یەکسەر گوتی:

(ئەوە لە عیلمی خوادایە)

منیش زۆری لەسەر نەڕۆیشتم. ویستم بگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم کە

دەنگی لۆرییەک سەرنجی ڕاکێشام. ئاوڕم لە جادەکە دایەوە لۆرییەک بەرەو روومان دەهات، کە لە ترافیکەکەی (میتران) بەلای چەپدا رووە و (تەیراوا) ملی نا، بریسکەی سەهۆڵ ئاوی چاوی دەبرد بۆیە بەهەموو دەنگ قیژاندم:

مەحموود... مەحموود...

مەحموود وەک گوێی مسی تێ کرابێت، بێدەنگ سەیری دەکردم، بۆیە ئەمجارە ئیشارەتم بۆ لۆرییەکە کرد و بەهەموو هێزم هاوارم کرد: (خولە.. بووز).

گوڵان ٢٢٨ لە ١٩٩٩/٦/٥

# سپێر پارت

دەڵێم هەندێ جار، هەندێک شت هەر لە من روو دەدات، نازانم لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆرە یان هەر خۆی جۆرە گومانێکە لە دەوروبەر، گەرنا ئائەمە بۆ روو دەدات:

رۆژێک بەئۆتۆمبێلەکەی خۆم کە (کۆرولا)یەکی مۆدێل بەرزە، بۆ کار دەچووم لە ترافیکی (فرانسوا میتران) لەبەردەم چرای سووردا وەستام و چاوەڕوانی گۆڕانی رەنگی چراکەم دەکرد، کە هەر بۆ کات بردنە سەر سەیری لای چەپی خۆم کرد، ئۆتۆمبێلێک وەستابوو، شوفێرەکەی کە جلی کوردیی پۆشیبوو جامەدانەیەکی رەش و سپی لەسەر نابوو، زۆر بەوردی سەیری دەکردم، سەروپۆتەڵاکی درشتی و چاوە رەش و برۆ یەکجار ئەستوورەکانی و سمێڵی سێ و چارەکی هێمنی و ئارامییان بەبەرامبەر نەدەدا. دەتوانم بڵێم بەبینینی هیچ خۆشحاڵ نەبووم هەر بۆیەش کە چرای سووری ترافیک لایتەکە گۆڕا من کەمێک- سەرەڕای هۆرنی بێ ئارامی ئۆتۆمبێلەکانی پاشەوەم- خۆم دواخست، چونکە لەڕاستیدا دەمویست پێشم بکەوێت و لەو دیمەنە رزگاربم. من بەشێنەیی دەمئاژۆت و دەمویست بەجێم بهێڵێت کەچی ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی خۆی- وەک من- هێواش کردەوە بەڕادەیەک کە لە ئاوێنەی ژوورەوەی هەردوو چاوە رەشەکانی و برۆ ئەستوورەکانم بەڕوونی دەدی. تۆ بڵێی چاودێریم بکات؟ گەرنا ئەمە یانی چی؟ لە ترافیکی دووەم من لەپشت ئەوەوە وەستام ئەویش ئاوڕی لێ دامەوە و بەدەست ئیشارەتی بۆ کردم. تۆ بڵێی هەڵەیەکم بەرامبەر نەکردبێت یان.. ئۆتۆمبێلەکان کەوتنەوە گەڕ، ئەو هەر لە پێش منەوە دەڕۆیشت و هەر بەلاچاویش لە ئاوێنەکەیەوە سەیری دەکردم، گومانم لەوەدا نییە کە ئەو پیاوە راسپێردرابێت چاودێریم بکات، یان بیەوێ بزانێ لەکوێ کار دەکەم، بەڵام بۆ چاودێریم دەکات؟ دیارە هیچ مەبەستی

پاکی نییە. ئەی ئێستا لەم کاتەدا من چی بکەم، بەخێرایی تێ پەڕیم و خۆم بگەیێنمە سەر کارەکەم، بەڵام لەم حاڵەتەدا شوێنی کارەکەم دەستنیشان دەکات کە لەوەودوا (کارەکەی) ئاسانتر دەبێت، نازانم لە کوێوە بەدوامەوەیە. من لە ترافیکەکەی (فرانسوا میتران) هەستم پێی کرد، کێ دەڵێ هەر لەماڵەوە بەشوێنمەوە نەبووە؟ ئەی گەر وابێت بۆ هەر لە ماڵەوە (کارەکەی) ئەنجام نەداوە. دیارە یان بۆی نەکراوە یان ماڵەکە بەتەواوی نازانێ. کێ دەڵێ لە سووچێکی کۆڵانێکدا چاوەڕوانم نەبووە؟ دیارە دەبێ بزانێ بەکام ڕێگادا هاتوچۆ دەکەم.

چی بکەم؟ ئەو پرسیارەم چەندین جار لە خۆم کرد، بەڵام بێ وەڵام بوو. رووە و مەڵبەندێکی پۆلیس بڕۆم و ئەویش بەدوامەوە بێت و لەوێ بەگرتی بدەم، بەڵام بە چ تاوانێک؟ لەوێ بڵێم چی، پۆلیسەکان گاڵتەم پێ ناکەن و نابمە گاڵتەجاڕ. ئەی ناڵێن تۆ چ گومانێکت لەو مرۆڤە هەیە، هەر لەبەر ئەوەی بەدوامەوە بووە یان پێشم کەوتووە، کە ڕۆژانە ئەمە لە ترافیکدا روودەدا، ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بەگرتی بدەم؟ بڕواناکەم.

کابرا لە پێشمەوە وردە وردە رەوتی دەکرد و لە ناکاوێکدا هەر چوار لایت ئینزاری داگیرساند، بەشێوەیەک کە نیشانی بدات دەیەوێ ئاگاداری بکاتەوە کە دەیەوێ رابوەستێ و بەو پێیەش من رادەوەستم. ئەمە داوە، من چۆن رادەوەستم. دیارە دەیەوێ رابوەستم و ئەویش بەشێنەیی دابەزێ و (کارەکەی) ئەنجام بدات. دیارە مرۆڤێکی خەیاڵ خاو و ساکارو بێ ئەزموونە. ئەی هەر مرۆڤی سادەو بێ ئەزموون ئەم (کارانە) ناکات. مرۆڤی هۆشدارو خاوەن عەقڵ چۆن تاوان ئەنجام دەدات. هەر ئەم جۆرانە بەم (کارانە) هەڵدەستن، بەڵام چۆن بەم ڕۆژە رووناکە و ئەم سەرەتای ڕۆژە. من نابێ بەعەقڵی ئەو بکەم، هەر بۆیەش خۆم لێ لاداو بەتوندی کەوتمە ئاژووتنی ئۆتۆمبێلەکەم و لە شڵەژاویدا، لە چوارڕێی (شیراتۆن) لام داو کاتێکم زانی ئەویش هەر بەخێرایی من بەدوومدا هات و نزیکم دابەزی. ناتوانم بڵێم دڵم دانەخورپا، کابرا بەشێنەیی بەرەو رووم هات، تەواو. ئێستا (کارەکەی) ئەنجام دەدات، کە

نزیک کەوتەوە پێمی گوت:

– مامۆستا چۆنی؟

هیچ وەڵامم پێ نەبوو، دەیەوێ دڵنیابێت کە خۆمم، چۆن وەڵامی دەدەمەوە، ئەو بەردەوام بوو!

– تکایە پرسیارێکم هەیە.

پرسیاری چی؟ بۆ (کارەکەی) ئەنجام نادات، وەڵامم هەر نەبوو. پەلاماری بدەم، من دەستپێشکەری بکەم، بەڵام من لە پاندان زیاتر شک نابەم. بابزانم ئەم شانۆگەرییە ترسناکە بە چی دەگات. پێم گوت:

کاکە من تۆ ناناسم. چیت لە من دەوێت؟ دەستی کرد بە بەر باخەڵیدا. من چاوەڕوانی دەمانچەیەکی بێدەنگ بووم. کەچی ئەو کارتێکی لەبەر باخەڵی دەرهێناو گوتی:

– مامۆستا ئۆتۆمبێلەکانمان لە یەک دەچێ و یەک مۆدێلە. پارچە سپێرەکانی لە کوێ دەکڕی؟!

بەڵێ پارچەی سپێری ئۆتۆمبێلی دەویست. مرۆڤ لە بڕیارو گوماندا هەرگیز پەلە نەکات.

گوڵان ٢٩٠ لە ٢٠٠٠/٨/٣

# ئەدرەس

کە لە سلێمانییەوە کەوتمە ڕێ- بەپێ نا بە تاکسی- چەند جارێک ئەو لەتە کاغەزەی لە باخەڵمدا بوو دەرم هێنا و ئەدرەسەکەم تێدا خوێندەوە.

مرۆڤ کاتێک بۆ شوێنێک دەچێت، گرینگە ئەدرەسی پێ بێت. ئەدرەسەکەم بۆ دواین جار خوێندەوە. بەڕوونی نووسرابوو: هەولێر- تەیراوە- ماڵی.. دیارە ناسیاوەکەم بوو، کە دەمێکە تامەزرۆی بینینیم. لەسایەی خواوە ئێمە سیاسی نین، بۆیە بەئاسانی لەم زرووفەدا هاتوچۆ دەکەین، هەر بۆیەش بەدڵنیاییەوە لە تەکسییەکەدا چاوم لەیەک نا.

مرۆڤ گەر لەو دوو سێ جارە چاو بپۆشێت کە بۆ ناسینەوە، لەم (لا) و (لەولا) خەبەریان دەکردینەوە ئیتر هیچ شتێک جگە لەو کاسێتە خوتبەیەی کە شوفێرەکە- بێ خواستی موسافیران- نابوویە نێو تەسجیلەکەی و هەموو دەنگیشی دابوویێ کەسیش نەی دەوێرا هیچ ناڕەزاییەک دەرببڕێت، هیچ شتێک نەبووە مایەی نیگەرانیی موسافیران هەر بۆیەش لەگەڵ بەرزیی دەنگی کاسێتەکەدا من هەر لێی نووستم، لە ڕاستیدا هەر نیوە بەخەبەر بووم با ڕاستتر وایە بڵێم گورگە خەوم دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار هەر چاوم هەڵدەبڕی. کاتێک ڕەنگ و ئاڵای سەر زاڵگەکان گۆڕان و ئیدی دڵنیابووم کە دەڤەرێکمان بەجێ هێشتووە و هاتووینە نێو دەڤەرێکی تر، هەر بۆیە چاوم لێک نایەوە و تا نەقلیات چاوم هەڵنەبڕی. کە لە نەقڵیات دابەزین، من یەکسەر عەلاگەکەم کە هەندێ پێویستیی سەفەرەکەی تێدا بوو داگرت (من لە سەفەردا هەرگیز جانتا لەگەڵ خۆمدا ناگێڕم (واڕاهاتووم) یەکسەر تەکسییەکەم بانگ کرد و فەرمانم پێ دا: لێ خوڕە!!

شوفێرەکە بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک بکات کەوتە ئاژووتنی کە گەیشتینە نێو شار لەتە کاغەزەکەی نێو گیرفانم دەرهێناو بڕێک تێم ڕوانی پاشان گوتم:

(تەیراوە)

شوفێرەکە هەر بێدەنگ بوو یا ڕاستتر وایە بڵێم سەرقاڵی رادیۆکەی بوو، دیار بوو دەیەویست گۆرانییەکی لەبار لە نێو ئەو هەموو ئیستگانەی لەسەر یەکتر کەڵەکە بووبوون بۆ من (خۆی!) بدۆزێتەوە، بەڵام وا بزانم سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆیەش ئاوڕی لێ دامەوە گوتی:

(کوێی تەیراوە؟...)

سەیری کوتە کاغەزەکەم کردەوە و، هەر هێندە نووسرابوو بۆیە گوتم (بۆ ماڵی دۆستێکی سلێمانی دەگەڕێم، ئاوارەیە لێرە)

کابرای شوفێر بێ ئەوەی سەیرم بکات وەک فەرمانی عەسکەری بدات گوتی:

کوێی تەیراوە؟

روانیمە لەتە کاغەزەکەی نێو مستم. نە ناوی جادە، نە کۆڵان نە ژمارەیەکی پێوە بوو، هەر بۆیەش من زۆر بەوردی سەرنجی شەقام و کۆڵانەکانم دەدا، هیچ، ئەمیش نە ناوێ نە ژمارەیەک، بۆیە پەنام بردە بەر مێشکم.

هاوەڵەکەم، بیرمە لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم کە خانووەکەیان لە کۆڵانێکدایە (کام کۆڵان!..) لەسەر جادەیەکە (کام جادە!...)

بەرامبەر خانووەکە هێشتا هەر لەبناغەدایە. تەنیشتەکەی کەلاوەیە.

گەرما تینی بۆ هەردووک لامان هێنابوو، ئەو بە لکی جامانەکەی خۆش خۆش عارەقی نێو چەوانی و لاملی دەسڕی. من نەجامانەو نە دەسڕیشم پێ بوو، بۆیە عارەق بەلامل و پشتمدا رێڕەوی ئاسایی خۆی گرتبوو.

ماوەیەکی زۆر سووڕاینەوە. من شڵەژابووم، چونکە لەو دۆستەم بەولاوە کەسی ترم نەدەناسی، بۆیە بەشوفێرەکەم گوت: (ناسیاوەکەم ناوی کاکە حەمەیە. بالای بەرزە، تەنگەی ئەستوور و سمێڵ بابڕە، وابزانم تۆزێک رەشیشی دەکاتەوە) تۆزێک وەستام شوفێرەکە بە وردی تێی دەڕوانیم هەر بۆیەش گوتم:

(زۆر کوڕی باشیشه)

ئای لەم ئەدرەسە، ئەمەم لە دڵی خۆمدا گوت، شوفێرەکە دیاربوو شەکەت بووبوو بۆیە گوتی:

(کاکی برا کوێی تەیراوە؟...)

لە ڕاستیدا منیش لە شوفێرەکە هیلاکتر بووم نەمدەزانی بڵێم چی بۆیە گوتم:

(لای دەنووکەکەی!..)

کابرا تەکسییەکەی هێواش کردەوە و گوتی:

(چ؟چ؟...)

گوتم ڕەنگە بەهەڵەدا چووبم بۆیە گوتم:

(لای کلکەکەی)

کابرا خوێن تێ زا بەسەرو چاوی، نەمدەزانی بۆ وا تووڕە بووە، لەدڵی خۆمدا گوتم با هێوری بکەمەوە بۆیە گوتم:

(دە کەواتە لای یەکێک لە باڵەکانی..)

شوفێرەکە تەکسییەکەی راگرت دیاربوو، زۆر تووڕە بوو وای دەزانی پێی رادەبوێرم هەر بۆیەش یەکسەر گوتم:

(کاکی برا منیش وا نیو کاتژمێرە سەیری ئەم جادە و کۆڵانانە دەکەم، نەناوی شەقام و نەناوی کووچە و کۆڵانێک نە ژمارەیەک. نە هیچ. ئیتر من چی بڵێم؟)

دەستم دایە عەلاگەکەم و دابەزیم، پارەی تەواوی شوفێرەکەم دا. هەر بۆیەش بەسەلامەتی قوتار بووم.

سەیری کاتژمێری مەچەکم کرد، سێی پاش نیوەڕۆ بوو، دەستم لە تەکسییەکی تر راگرت کە پاڵم دایەوە گوتم:

(بئاژوو بۆ نەقلیاتی سلێمانی)

که به لۆفەکانی (هەیبەت سوڵتان) دا سەرکەوتین و بەرەو (چنارۆک) شۆڕ دەبووینەوە لە دڵی خۆمدا گوتم:

(گەر ژمارە و ناو لەسەر جادە و کۆڵان هەبووایە، بۆ دەگەڕامەوە، بەڵێ بۆ دەگەڕامەوە)

لەتە کاغەزەکەم (ئەدرەس؟؟؟) دەرهێناو لە پەنجەرەی (ریم)ەکەوە تووڕم هەڵدا. خۆش سەفەر.

گوڵان ٢٨٥ لە ٢٠٠٠/٦/٢٩

# ئەوسا

ساڵی حەفتا بوو، واتە سی ساڵ لەمەوبەر. فەرمانبەرێکی بچووک بووم و خۆشم هەرزەکار بووم، چوومە لای بەڕێوەبەری فەرمانگە، دیارە زۆر بەئەزیەت گەیشتمە لای، نەیاندەهێشت، عەریزەیەکم بەدەستەوە بوو، داوایەکی رەوای تێدا بوو، تا چوومە ژووریّ، هەر خەریک بوو عەریزەکەم لەتوکوت بێت. لە ڕاستیدا وام هەست نەدەکرد کە من فەرمانبەر بم، تەنانەت فەراشی بەردەرگەی بەڕێوەبەری فەرمانگەش بەسەرما هەڵدەشاخا، لە ڕاستیدا تا مۆڵەتی دام خەریک بوو – بەناچاری– بیکەم بەشەڕ.

بەهەرحاڵ کردمیانە ژووریّ، بۆ لای بەڕێوەبەر، ئەی خودای گەورە چیم دی، مرۆڤێکی کەتە، قژن، سەری بەسەر مێزەکەیدا شۆڕکردبووەوە، بۆیە منیش بەرامبەری، بێدەنگ راوەستام، لە ڕاستیدا هەستم بەشڵەژان دەکرد و وردە وردە عارەقم دەکرد. ماوەی (٥) دەقیقە هەروا بێ جووڵە راوەستابووم، ئەویش هەر سەری بڵند نەدەکرد. بیرم چوو بڵێم من بەدەنگی بەرزیش ڕۆژ باشم کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو (کەڕ بوو؟). چەند جارێک ئحم ئحمم کرد، شاڵڵا نەمکردایە؛ چونکە، کە سەری هەڵبڕی، هەر زراوم چوو، یا ئیلاهی، چ رق و کینەیەک لەسەرو پۆتەڵاکی دەباری، بەچاوە کزەکانی بەشێوەیەک تێی دەڕوانیم وەک من تاوانێکم کردبێت، لەوە دەچوو من تاوانبارو ئەویش دادوەر بێت. نەمدەزانی بڵێم چی، لەشم کەوتە لەرزە، خەریک بوو عەریزەکەی دەستم رەشەبای بێهیوایی بیبات. لە دڵی خۆمدا دەمگوت، تۆ بڵێی بەگرتم نەدات! بەڵام من چ تاوانێکم کردبوو، ئەی بۆ وا بەڕقەوە تێی دەڕوانیم، خۆم بەپێوە نەدەگرت، خەریک بوو بڵێم دەتوانم دانیشم، چونکە ژوورە گەورەکەی پڕبوو لە موبێل، بەڵام باش بوو ئەو داوایەم نەکرد، چونکە دەمزانی ئەم سەروچاوە مرچ و مۆنە هەرگیز رازی نابێت، چونکە شێوەی نیگاکردنەکەی تەنیا شەڕی لێ

دەباری. باشە بۆ گرژ و بێ حەوسەڵەو مۆن بوو، تۆ بڵێی تووشی کارەساتێک نەبووبێت، یان لە ماڵەوە گرفتێکی گەورەی نەبێت، یان قەرزاری قومار نەبێت (ئەم پیاوە گەورانە بێ قومار ئیدارە ناکەن) یان فەرمانبەرێکی لە خۆی گەورەتر بەسەریدا دانەبارییبێت. نازانم، بەڵام بۆ وا لێم مۆڕ دەبووەوە.

سەرم گێژی دەخوارد، بۆ قسە ناکات، دڵەکوتەم بوو، سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد، دیمەنەکان لە بەرچاوم رایان دەکرد و تێکەڵوپێکەڵ دەبوون. بۆ سەیری دەکردم، وای دەزانی مێشوولەم. سەیری عەریزەکەی نێو دەستم کرد، وشەکان لە جێی خۆیان نەمابوون، پیتەکان لەسەر کاغەزەکە نەدەمان، هەر بەڕاستی نەدەمان، بەرز دەبوونەوە، یا ئیلاهی چۆن ئەو پیتانە دەجووڵان، کێ دەیجوولاندن یان چۆن پیت دەجوولێت، تۆ بڵێی - لەترسا- مۆخم لەکار نەکەوتووبێت.

ئینجا ئێستا بەرامبەر ئەو مرۆڤە تووڕەیە چی بدەمێ، کاغەزێکی سپی؟ هەر دەمخوات، یان دەڵێ بۆ من گاڵتەچیی تۆم، چۆن کاغەزی سپی دەخەیتە بەردەمم، بەڵام تازە ناچاربووم، هاتبوومە ژوورێ، دەمویس - گەر جارێکی تر سەر نەوی بکات- یەکسەر پاشەوپاش بکشێمەوە و- گەر مۆڵەتم بۆ بڕەخسێت- رابکەم، بەڵام بۆ منێ کە هیچ تاوانێکم نەکردووە بۆ پاشەکشێ بکەم.

ورد ورد بەرەو رووی هەنگاوم نا، بەترس و لەرزەوە عەریزەکەم لەسەر مێزەکەی دانا، خەریک بوو بەلادا بکەوم، بەدەستی چەپی عەریزەکەی ڕاکێشا، برێک تێی روانی، سەری بەرز نەکردەوە. بۆ لەم هەلەدا خۆم قوتار نەکەم. فریا ناکەوم. لەخۆم رانابینم، قاچەکانم رام ناکێشن. دەتگوت پێیەکانم بەزنجیر بەستراونەتەوە. سەری هەڵبڕی، ئەمجارەیان سەروچاوی لە دڕندە دەچوو.

دانەکانی لێم جیڕ دەکردەوە و، لە کەڵبە دەچوون. نازانم چۆن لە بەرامبەری خۆم بەپێوە پێ رادەگیرا. بەهەموو هێزی هاواری کرد، نازانم چۆن بنمیچەکە نەڕووخا، بەسەرماندا. گوتی (بۆ هاتوویت و چیت دەوێت؟)

دیمەنەکان لەبەرچاوم یارییان دەکرد، سەری کابرا لە لەشی جیا دەبووەوە و دەچووەوە شوێنی خۆی، کورسییەکان جێگۆڕکێیان دەکردو شانیان لەیەک دەسوو (ئەوانیش دەترسان؟).

پەردەی سەر پەنجەرەکان وەک ڕۆژێکی رەشەبا خۆیان بەیەکتر دادەدا. دەمویست قسە بکەم، دەنگم دەر نەدەهات.

هەر چۆنێک بوو، زۆرم لەخۆم کرد و بەنووزەیەکەوە لە وەڵامی ئەو گرمە هەورەدا زۆر بەکەساسی گوتم:

(قوربان بۆ ئیجازە هاتووم).

گوڵان ٣٠٤ لە ٢٠٠٠/١١/٩

# هەشتی ئادار و ئافرەتی کورد

هەشتی ئادار ڕۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە لەو ڕۆژەدا، بۆ یەکەمین جار، ئافرەت، یەکدەنگ، یەکڕەنگ، یەک هەڵوێست و یەک داوا خۆی لە مێژووی هاوچەرخدا نواند، هەر بۆیەش کۆمەڵگەی پیاو سالاری ئیدی نەیتوانی داواکانی نیوەی کۆمەڵ بخاتە پشتگوێ و پێشێل بکات. لەڕاستیدا ئەوە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەلێک مەزن بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئافرەت تا ئەو ڕۆژە، بەشخوراو، لەبیرکراو، مافخوراو و هەست پێ نەکراو بوو لە نێو کۆمەڵداو تەنیا ئامێرێک بوو بەدەست پیاوەوەو بەئارەزووی خۆی دەیڕەتاند. ئەوەی بەئافرەت دەکرا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆیلەیەکی کۆمەڵگەی کۆیلایەتیدا نەبوو، چونکە ئافرەت سەرەڕای پێشێلکردنی مافەکانی وەکو مرۆڤێک، کاریشی وەک کۆیلەیەک پێ دەکرا. ئافرەت لە کۆمەڵدا شوێنی نادیارو پشتگوێخراو بوو و وەک ئامێرێکی بەکرێگیراو سەیر دەکرا. تەنانەت لە کۆمەڵگەی وەکو ئێمەدا– لەژێر پەردەی عورف و عادەتدا– مافی ئەوەی نەبوو لەسەر سینییەکیش نان لەگەڵ پیاو پێکەوە بخوات.

گرینگیی ڕۆژی ٨ی ئاداری ١٩١٧ لەمەودوا لە جیهاندا، بەتایبەتی دوای خەباتی بێوچانی ئافرەتان لە کۆمەڵگە پەرەسەندووەکاندا ڕەنگی دایەوە، هەر ئەوەش کە ئەو ڕۆژە لەمەودوا لە پایتەختی دانیمارک وەکو ڕۆژی جیهانیی ئافرەت ناوزەد کرا.

ڕاستە وەزعی ئافرەت بەپێی بارودۆخی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی جیاوازەو دەگۆڕێ.

لە کاتێکدا ئافرەتانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەدوای مافی یەکسان و هاوسەنگی لەگەڵ پیاودا دەگەڕێن، لەلای ئێمەومانان، ئافرەت تازە بەدوای

پێناسـەی خـۆیدا دەگەڕێ و ئافرەتان داوا دەکـەن کـە بە بەشێک لە کۆمـەڵ حیساب بکرێن.

ئەو دەستدرێژییانەی لە کۆمەڵگەی ئێمە و ئێمە ئاسادا کە دەکرێنە سەر ئافرەت – بڕوانە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا– ئەوسا ئیدی مرۆڤ دەزانێ کە ئافرەتانی ئێمە، بەگشتی، لە چ ئاستێکدا دەژین و چۆن رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێ و چۆن سادەترین مافیان پێشێل دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدا دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانرێ کە چۆن ئافرەتی کورد– بەتایبەتی لە کوردستانی خۆمان– چەندان ئافرەتی تێکۆشەر و قوربانیدەر بەشدارییان لە خەبات و تێکۆشان و چەرمەسەری و دەردەسەریی گەلەکەماندا کردووە و ئەمڕۆ ئافرەتی کورد، دەستکەوتێکی ئافرەتانەی لەم ئەزموونە مێژووییەی خـۆمـاندا هەبێت و هەر ئەوەندە بەس نەبێت بە یەک دوو وەزیرو دوو سێ کارمەندی گەورە و چەند ئەندامێکی پەرلەمان رازی بێت – ئەگەرچی ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا بەنیسبەت کۆمەڵگەی ئێمەوە بەرەو پێشەوە چوونێکە– چونکە ئەوە بەتەنیا چارەسەری کێشەی ئافرەتی کورد ناکات، بۆیە دەڵێم پێویستە سیستەمەکەمان ئاوڕ لە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتانی کورد بداتەوە و بەیاسا پشتگیری لە ماف و داواکانیان بکات، بەیاسا باری ژیانی کۆمەڵایەتییان بەرەو پێشەوە ببات.

هەر بۆنموونە چەندین یاسای کۆنی عێراقی هەیە کە تا ئەمڕۆ دەرهەق ئافرەت کاری پێ دەکرێ، بگۆڕدرێ و یاسای نوێ و گونجاو لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەی کوردستان و ئەم کەشوهەوای ئازادییەدا بگونجێ، تەنیا ئەو کاتە ئافرەتی تێکۆشەری کورد و زەحمەت دیدەو دایک و خوشکی شەهید دڵ ئاسوودە دەبێ و رەنجی قوربانیدانی دەبینێ.

ڕاستە کۆمەڵ خۆی هەر پەرە دەستێنێ و بەرەوپێشەوە دەچێ و هەندێ لە عورف و عادەتی زەمانە هەر دەیگۆڕێ، بەڵام ئەم پرۆسەیە یەکجار زۆر دەخایەنێ، بۆیە پێویستە هەندێ لەم داوونەریتە بەسەرچووانە بەیاسا بگۆڕدرێن. بەڕاستی ستەمە ئەمڕۆ لە سەدەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و

نەخشەی جیناتی ئادەمیزاددا، لێرە لە کوردستانی خۆمان دیاردەی ژن بەژن و گەورە بە بچووک ببینرێ.

من پێم وایە گەر پیاوێکی تازە خوازی وەکو مستەفا کەمال لە تورکیادا هەڵنەکەوتایە کە بەیاسا کۆمەڵگەی تورکی بەرەو پێشەوە برد، ئێستا وەزعی کۆمەڵگەی تورکی هیچی لە کۆمەڵگەی ئەفغانی جیاوازتر نەدەبوو. بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵانەی جیهانی سێیەمدا هەر دەبێ بەیاسا کۆمەڵ بەرەو پێشەوە ببرێ و بۆیە دەبێ دەرفەتی بوونی پەرلەمانی کوردی وەربگرن و داواکانیان پێشکێش ئەو شوێنە بکەن و بەیاسا بیانچەسپێنن.

ئیدی بەهیوای ئەوەی ڕۆژی (٨)ی ئادار، ڕۆژی ئافرەتانی جیهان لای خۆشمان هەر نەبێتە ڕۆژی خۆگۆڕین و شیکپۆشی و نوقڵگێڕان و سروود چڕان و تەپڵلێدان و مەراسیمی رۆتینی و موجامەلاتی ناچاری و چەند پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی.. ئیدی بەو هیوایەی ئەمڕۆژە ببێتە سەرەتای بەیاسا رزگارکردنی ئافرەتی کورد لەو کۆت و زنجیرو ناهەقییە مێژووییەی دەیان سەدەیە دەرهەقی دەکرێ.

گوڵان ٣٢٠ لە ٢٠٠١/٣/١٠

# خانەنشینانی نێو خۆمان

هەر ئیدارەیەک کە سیمای حکوومەتی وەرگرت پێویستە لە هەموو بوارێکدا خزمەتکاری گەلەکەی بێت و لە ئاست و بارودۆخی ژیانیان بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە بکۆڵێتەوە و کەموکوڕییەکانی ژیانیان دەستەبەر بکات.

گومان لەوەدا نییە کە سێیەمین کابینەی حکوومەتی هەرێم هەنگاوی بەجێ و بەرچاوی ناوە کە بووەتە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی و رازیبوونیان لە کابینەکە، ئەوە شاهیدی سەرکەوتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لایەنی تر ماوە کە پێویستە سێیەمین کابینە بیرێکی جیدی لێ بکاتەوە و هەنگاوی خێرای بۆ بنێ، ئەویش دابینکردنی مانگانەی خانە نشینەکانە، کە تا ئێستە (مووچە) لەو دیوی (سنوور) وەردەگرن بەکاغەز- بەڵێ بەکاغەز- واتە پارەی (عادی) ئەو پارەیەی کە لەم دیو سنوور هیچ بایەخێک ناکات، بەتایبەتی ئەو بڕە پارە کەمانەی کە خودی خانەنشینەکان وەری دەگرن.

بۆ نموونە خانەنشینێکی دانیشتووی هەولێر کاتێ دەچێت بۆ (مانگانە)کەی لە (مەخموور) یان لە (ئاڵتوون کۆپری) یان لە (کەرکووک)، بابڵێین (٢٠٠٠) دوو هەزار دیناری عادییە، کە دەکاتە نزیکەی پەنجا دینار ئەوە بەلایەنی کەمەوە (١٠٠٠) هەزار دینار کە دەکاتە نزیکەی ٢٥ دیناری ئەسڵی، لەڕێ و بان و نانخواردنیدا سەرف دەکات و کاتێک دەگەڕێتەوە نێو ماڵی و (مووچە)کەی نیشانی خێزانی دەدات ئەوە (٢٥) بیست و پێنج دیناری بۆ دەردەخا کە دەکاتە (بیبسی)یەکی قووتووی تورکی کەللە تەزێن، جا ئەو خێزانە ئیدی چۆن ژیان بەسەر دەبات، ئەوە هەر خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێ کە چۆن خێزانێک لەم دەڤەرەدا بەنرخی بیبسییەکی قووتوو دەستەبەری ژیانی خۆی و خێزانی دەکات!

هەندێک جاریش ئەوەندەی چنگ ناکەوێت کە نیشانی دەوروبەری بدات گەر

بێت و شەوێک لە کەرکووک، بۆ نموونە بەسەر ببات کە لە زۆربەی کاتدا ڕوو دەدات. ئەوسا کە لە سەفەری مووچە هێنانیدا دەگەڕێتەوە ئەوا قەرزارباریش دەبێت. جا سەیر ئەوەیە لەوڵاتێکدا بچیت بۆ مانگانە و لەوسەر بێیتەوە قەرزاریش بێت!!

ئەو خانەنشینانەی ئەمڕۆ، کە ماون و لە کوردستان دەژین ڕۆژگارێک کە بەپێی توانا و کاریان، خزمەتی ئەم وڵاتەیان کردووە، بۆیە پێویستە سێیەمین کابینە کە بەرپرسیاری ژیان و گوزەرانی دانیشتووانی وڵاتە، واتە کوردستانی عێراق چارەسەرێک بۆ کێشەی ئەم خانەنیشنانە بدۆزێتەوە کە وا بزانم لەبەر ژمارەی کەمیان و کەمیی مووچەکانیان هێند لەسەر حکوومەتی هەرێم نەکەوێ و هاوکات دڵی چەندین خانەوادەی هەژارو نەداری ژێر سێبەری خۆش بکات. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، لە بواری جیا جیادا، یارمەتییەکی زۆری خانەنشین دەدرێت و وەک پاداشتدانەوەیەک، زۆر پرستیژیی پێ دەدرێت، بۆ نموونە لە شەمەندەفەردا کە لە کوردستان بەداخەوە نیمانە، بەنیو، قیمەت سوار دەبێت، لە سواربوونی پاسدا نیسبەتێکی زۆری بۆ دادەشکێت، تەنانەت لە گەشتەکانیاندا بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان حیسابێکی زۆریان بۆ دەکرێت و نرخی تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتیی کرێی خانوو و هەندێک یارمەتیی تریش دەدرێن. ئەویش هەر بۆ ئەوەی خانەنشینان هەست بکەن کە پاداشتی ئەرک و هیلاکبوونیان لە دروستکردنی وڵاتیاندا دەدرێتەوە.

جا گەر ئێمە نەتوانین ئەو هەموو پرستیژانە(*) پێشکێش خانەنشینانی وڵاتەکەی خۆمان بکەین، خۆ بەلایەنی کەمەوە دەبێ مانگانەیەکی شیاویان بۆ دابین بکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەوجوودی خۆیان و مەرحەمەتی سێیەمین کابینە بکەن.

گوڵان ١٣٠ لە ١٩٩٧/٧/١٩

---

(*) پرستیژ= امتیازات

# پشتگیرییەک لەنیوەی کۆمەڵ

ئێمە هەمیشە باس لە مافی ئافرەت و داوا رەواکانیان- هەندێک هەر بەتیوری- دەکەین، ئەگەرچی مەیلێکی پەرەسەندووش لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا هەیە بۆ لەقاڵبدانی ئەو مافانە و ڕەنگە لای هەندێکیش ئەو مافانە لە سنووری ئەرک و کاروباری ناو ماڵ زیاتر نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاشکرا هەست دەکرێ، لەگەڵ کەموکورتیی ئەو مافانەشدا، کە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت بەتایبەتی لێدانی ئافرەت لە کۆمەڵدا بەشێوەیەکە کە هیچ داوونەریتێکی شارستانی قبووڵی ناکات.

دیاردەی لێدانی ئافرەت بەشێوەیەک پەرەی سەندووە، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە بەیاسایەکی نادیار دەکرێ، کە دەبێ کۆمەڵ هەڵوێستێکی جیدی بەرامبەر وەربگرێ و دەزگاکانی بەرپرس، بە یاسا، پێویستە داکۆکی لێ بکات و تاوانباران بەسزای گونجاوی خۆیان بگەیەنێت.

لە ڕاستیدا، ئامارێکی تۆمارکراوی ئەوتۆ نییە، وەک وڵاتە پێشکەوتووەکان کە سەرژمێریی ژمارەی دەستدرێژی و لێدانی ئافرەتی بەتەواوی تێدا بێت، هەرچەندە لەو وڵاتە هەرە پێشکەوتووانەش ئەو ئامارە ناتوانرێ بە وردی و بەتەواوی دەستنیشان بکرێتە؛ چونکە یان ئافرەتەکە خۆی لەبەر هەندێک هۆی تایبەتی بەخۆی یان لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی هاوسەرەکەی، زۆر جار بێدەنگ دەبێت و ئەو دەستدرێژییانە ناگاتە شوێنی خۆی و تۆمار ناکرێ.

جا گەر حاڵی ئەو وڵاتە هەرە پێشکەوتووانە- سکەندناڤیاو ڕۆژئاوای ئەوروپا، ئەمریکا- بەو جۆرە بێت، ئەی لە کوردستانی خۆمان، کە تائێستا ئافرەت پابەندی کۆمەڵێک داوونەریتی بەسەرچووە، دەبێ چۆن بێت؟

(لە خوێندنەوەی سووکە ئامارێک کە لەلایەن (سەنتەری پارێزگاری ژنان لە

کوردستان بڕوانە ژمارە (١) ئایار ٢٠٠٠، تەنیا باسی سلێمانی و دەوروبەری بەگشتی دەکات، مرۆڤ دەخاتە رامان کە وەزعی ئافرەت لە کوردستان دەبێ چۆن بێت.

(لەماوەی نێوان ١٦- ٨- ٩٨ تا ١٧- ٤- ٢٠٠٠ دا، نۆزدە حاڵەتی تیرۆری ئافرەت دەستنیشان کراوە، دوانزە حاڵەتی هەوڵی کوشتن بەفیشەک، واتە دەستدرێژییان بەگوللە لێ کراوە، حەفتاوشەش حاڵەتی هەڕەشەی کوشتن، نۆ حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی، حەوت حاڵەتی تەشویهی دەموچاو و ئەتککردن، سەدو سیانزە حاڵەتی کێشەی کۆمەڵایەتی وەک بەزۆر بەشوودان، قەدەغەکردنی چوون بۆ قوتابخانە، سەدوحەوت حاڵەتی هەوڵی خۆ سووتاندن و پێنج حاڵەتی زیندانکردن لەلایەن کەس و کارەوە).

جا گەر ئەمە وەزعی تەنیا شارێک بێت لەماوەیەکی وا کورتدا، ئەی دەبێ وەزعی شارەکانی تری کوردستان هەر لەو ماوەیەدا چۆن بووبێت؟ بەتەئکید لەوە چاکتر نابێت.

جا گەر مرۆڤ ئەو ئامارانە بکاتە پێوەرێک بۆ شارەکانی تری کوردستان ئەوا رووبەڕووی دیاردەیەکی ترسناک دەبێتەوە، ئەویش پێشێلکردنی مافی نیوەی کۆمەڵە، بەشێوەیەک کە دەبێ، چارەسەرێکی خێراو پەلەی بۆ بکرێ، ئەویش بەپلەی یەکەم پەیداکردنی چەند خانوو، جێگەیەکی نهێنییە بۆ ئەو کەسانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، بەتایبەتی ئەوانەی هەوڵی تیرۆریان دەدرێ یان لەلایەن هاوسەرو کەسوکاریان لێیان دەدرێ، بەشێوەیەک کە نابێ ئەو شوێنە لەلایەن دەستدرێژیکارانەوە بزانرێ.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا- بۆ نموونە سوید- دەزگایەک هەیە بەناوی (خەفەری ژنان) کە ئەوکارە دەخاتە ئەستۆی خۆی و جێورێ بۆ دەستدرێژی لێکراوان پەیدا دەکات و تا وەزعەکەش بەنیسبەت ئافرەتەوە چارەسەر نەکات، دەستبەرداری نابێت و ئافرەتەکەش بەئاسوودەیی دەتوانێت لەو شوێنانە خۆی و منداڵی بژی تا خۆی بڕیاری کۆتایی دەدات.

بۆیە هەر وەک پێشنیارێک دەڵێم لێرەش، لەم دەڤەرەی خۆمان پێویستی بەو دەستگایە دەبێ، چونکە وەک گوتم گەر وەزعی سلێمانی وابێت، بێگومان شارەکانی تر لەو رووەوە لەوێ چاکتر نابێت.

جا گەر ئەم چارەسەرە قاڵبی یاساییش بگرێت و پەرلەمان، یاسا، شەرعیەت، بەو جۆرە شوێن و چالاکییە بدات، خزمەتێکی گەورەی نیوەکەی تری کۆمەڵ دەکات، متمانەیەکیش دەداتەوە ئافرەت کە هەر نەبێت لەکاتی پێویستدا دەزگایەک هەیە پشتگیریی بکات.

گوڵان ٢٨٨ لە ٢٠٠٠/٧/٢٠

# چرای سوور و خەسوو

ئێمە زۆر دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدوێین و حەز دەکەین کۆمەڵگەیەکی شارستانی، کە تێیدا، هاووڵاتی بتوانێت بەئاسوودەگی بژێت، بنیات بنێین، بەڵام ئایا ئەم سیستەمەی ئێمە ئەمڕۆ لە ژێر سێبەریدا دەژین، دەتوانرێ پێی بگوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی؟

کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بریتین لە: پاراستنی مافی مرۆڤ، سەروەریی یاسا، سەربەستی، ئازادیی دانیشتووان، هەڵبژاردنی ئازادو پاک و بێ دەستتێوەردان، دابینکردنی مافی ئافرەت و منداڵ – بێ کەموکووڕی– و بەجێهێنانی بە کردار، دابەشکردنەوەی داهاتی نیشتمانی بەسەر هاووڵاتیاندا، بەجۆرێک کە نابێ لایەنی کەمی مانگانە بەشی بژێوی خۆی و منداڵەکانی نەکات، نۆ ساڵ یان لای کەم شەش ساڵ خوێندنی زۆرەملێ بۆ هەموو هاووڵاتیان بەکوڕ و کچەوە، خەستەخانەی خۆڕایی و دەرمان و خۆراک بەنرخێک کە دانیشتووان توانایان بەسەردا بشکێت، بەواتایەکی دی: دەوڵەت خۆی دەرمان و خۆراکە بنەڕەتییەکان بکڕێت و بەنرخێکی گونجاو بیداتەوە بەهاووڵاتییانی.

چەکدار یان میلیشیا نابێت لە شاردا بێت و تەنیا لە سەربازگە و مەڵبەندی خۆیدا دەتوانێ چەک هەڵبگرێت.

لەو کۆمەڵگەیەدا هاووڵاتی بە پۆست و لە ڕێی نامەوە بۆ ئاسایش و مەرکەزی پۆلیس بانگ دەکرێ، نەک بەشەڕ – بە توندوتیژی– بۆ ئەو دەزگایانە کێش بکرێت.

پۆلیس دەبێ بتوانێ بەجێهێنەری بڕیاری دادگا بێت، بۆ نموونە: تاکە پۆلیسێک دەبێت بتوانێت بەتەنیا بڕیاری دادگا – هەر بۆ نموونە چۆڵکردنی

خانوویەک یان دانەوەی قەرزێک- بگەیێنێتە دەست (مدعی علیە) و ئەویش ملکەچی یاسا بێت، نەک دەست بداتە چەک و لە پۆلیسەکە راپەڕێ و رابکاتە سەربان و دووسێ سەلیە بکات بەسەر (یاسا) داو (یاسا)ش لەم حاڵەتەدا کە پۆلیسە، بەتۆقاوی بگاتەوە مەخفەر و ڕۆژنامە بێدەنگ و کەسیش پشتیوانیی لێ نەکات.

بەرپرس لەو کۆمەڵگەیەدا دەبێ لە پێش هەموو کەسێکەوە بەجێهێنەری یاسا بێت نەک - وەک لای خۆمان- هەر لەبەر ئەوەی گچکە بەرپرسێکە ئیدی - بۆ نموونە. بەزێنەری چرای سوور بێت لە ڕێگاوباندا. لەڕاستیدا ئەمە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە لەم دەڤەرەدا کە زۆر لە گچکە بەرپرسانیش هەن بەهیچ جۆرێک ڕێزی ترافیک ناگرن، گوێ نادەنە یاساکانی رێوبانی و لە چرای سوور دەدەن کە مرۆڤ ناچار دەبێت، پرسیار بکات: ئەوانە ناتوانن شەست سانیە لە ترافیکدا چاوەڕوان بن؟

دیارە کەسانێک کە بەحوکمی بارو زرووفی ئەمرۆ، ناتوانن پەیڕەویی ئەو یاسایە بکەن دەبەخشرێن کە ئەوانیش بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام نابێت هەموو گچکە بەرپرسێکیش یاسای رێوانی بشکێنێ و ڕێز بۆ چرای سوور دانەنێت.

لەڕاستیدا بەزاندنی چرای سوور هەر تەنیا بۆ ئەمبۆلانس و ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژاندنەوە و پۆلیسی فریاکەوتن دەبێت.

لە کۆمەڵگایەکی شارستانیدا- خوێنەری بەڕێز- ئەمەی خوارەوە- کە بەڕاستی لەم دەڤەرەی خۆماندا رووی داوە- روو نادات: کابرایەک ژنێک دەهێنێ و پاش ساڵێک [خوا] منداڵێکیان پێ دەبەخشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کچە، ئیدی ئەوە دەبێتە مایەی قوڕ بەسەری بۆ ژنە و تێکچوونی ژیانی.

هەر لەو ڕۆژەوە لە خەستەخانە دەگەڕێتەوە ئیتر لەلایەن خەسووەکەیەوە- دیارە بەرەزامەندسی مێردەکەش- لە هەیوانی ماڵەکەدا خۆی و کچۆڵەکەی فڕێ دەدرێن. جا گەر مرۆڤ بزانێ ئەم زستانە چ سەرمایەک بوو ئیتر ئەوسا

دەزانی کچەو دایکە لە چ عەزابێکدا بوون. میوانێک کە سەردانی ئەو ماڵە دەکات دەپرسێت بۆ چ ئەو ژن و منداڵە لەو هەیوانە ساردەدان، لە وەڵامدا خەسوو زۆر بێ باکانە دەڵێت: (لێی بگەڕێ با دابرزێ. نازانی کچی بووە!!!)

وەک خەسوو لە پێشدا خۆی کچ نەبووبێت.

دوور نییە ئێستا ئەو کچۆڵەیە لە سەرماو ئەو دایکەش لە داخدا هەردووک مردبن.

لە کۆمەڵگەی شارستانیدا ئەو خەسووە دڵڕەقەو ئەو مێردە کەرە بەتاوانی (کوشتنی بەعەمدی) دەدرێنە دادگا و ئەو بەرپرسە گچکە یاسا شکێنە چرای سوور بەزێنەش ڕۆژنامە لەسەری دەنووسێ و دەدرێتە دادگا تا سەروەریی یاسا بسەلمێنێ و ئەویش بەسزای گونجاوی خۆی بگات.

گوڵان ٢٦٦ لە ٢٠٠٠/٢/١٧

# عەقڵیەتی ئێکسپایەر

مستەفا کەماڵ، ناسراوە بە(ئەتاتورک) شۆڕشگێڕێکی بەرچاوی سەدەی بیستەمە، چونکە توانیی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر باری کۆمەڵایەتی، عەقڵی، دەروونی و تا رادەیەکی زۆریش مەزهەبیی کۆمەڵگەی تورکیدا بهێنێ و گەلی تورکی لە تاریکیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو رووناکیی سەدەی بیستەم رابکێشێت.

لە ڕاستیدا لە مێژوودا کەم سەرکردە بەرچاو دەکەوێ، بەتایبەتی لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکاندا، کە توانیویەتی وا ئازایانە دەستپێشخەریی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی بکات و هیچ سڵیش لە کۆنە خوازان نەکاتەوە. هەر بۆیە گەلی تورک دەبێ هەمیشە مەمنوونی ئەو ئازایەتییەی مستەفا کەمال بێت کە توانیی حەفتا و پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە وڵاتی خەلافەتی ئیسلامیدا ئەو دەستپێشکەری و ئەو بوێرییە بێ وێنەیە پیادە بکات.

مستەفا کەماڵ مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو، بەڵام دیموکراتی نەبوو، هەر بۆیەش نەیتوانی یەکێک لە سەرەتاییترین خاڵەکانی دیموکراسی بەجێ بهێنێ، ئەویش بەکارهێنانی زمانی دایکە لەلایەن کەمە نەتەوایەتییەکانی نێو تورکیا و بەتایبەتی زمانی کوردی کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیا قەدەغە کراوە، ئەگەر چی لەم ساڵانەی دواییدا کەمێک نەرمیی بەرامبەر بەکارهێنانی (ناڕەسمی)ی زمانی کوردی نوێنرا، بەڵام ئەو هەنگاوەش نەگەیشتە ئەوەی کە بەیاسا مۆڵەتی زمانی کوردی بدرێ کە بۆ نموونە لە دادگاو قوتابخانەکاندا بەکار بهێنرێت.

لێرەدا حەز دەکەم ڕاستییەک ئاشکرا بکەم کە مرۆڤ لە عەقڵیەتی کۆن و نوێی دەسەڵاتدارانی تورکیا سەرسام دەکات.

بۆ نموونـه له وڵاتێکی وەکـو (سـوید) دا، کـاتێـک سێ چوار منداڵە تورک لە قوتابخانەیەکی سویدیدا دەخوێنن، ئیتر کەسوکاریان داوای مامۆستای زمانی تورکـیـیـان بۆ دەکـات و کـاتێک دە پانزە خـێـزانی تورک لە شـارۆچکەیەکـدا دەژین، ئیتر داوای بەرنامەی رادیۆ بەزمانی تورکی دەکەن و کاتێک دە دوانزە هـەزاریـان لەو وڵاتە دەبن ئـەوە ئیـتـر داوای بەرنـامـەی تەلـەفـزیـۆنی بەزمـانی تورکی دەکـەن کـە دیارە لە وڵاتێکی خـاوەن ترادیسـیـۆنی دیموکـراتی وەکـو سـویـد، هـەمـوویان بۆ جـێـبـەجێ دەکـات. دیارە ئەمـەش بەچاوی رێزو پشتیوانییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە تێی دەڕواندرێت، کەچی کاتێک (٢٠) ملیـۆن کـورد- نە دە دوانزە مـاڵ- داوای بەکارهێنانی زمـانی زگـمـاکی خـۆیان لەسـەر خـاکی خـۆیان بکەن، ئـەوسـا دەسـەڵاتدارانی تورک، بـەتوندی بەرپەرچی ئەو داوا رەوایە دەدەنەوە بـەمەترسـییەکی گەورە بۆسـەر ئـاسـایشی نەتەوەیی تورکی لـەقـەڵەم دەدەن. بەڕاسـتـی مـرۆڤ سـەری سـوڕ دەمـێـنێت. ئەوەتا سکرتێری گشتیی ئاسایشی نەتەوەیی تورک بەڕۆژنامـەی (فاینانشال تایمز) ڕۆژی (١٧) ی شـوبات دەڤـاودەق دەڵێت: (ئـەگـەر مـۆڵەتمان دا بـەزمـانی کـوردی کـە لـە خـوێندنگاکـانـدا بخـوێندرێت، ئەوە ئـیـدی دەبێـتـە مـایەی لێکهەڵوەشاندنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی تورکی).[1]

ئـەمـانە قـسـەی ئـاغـای (جـمـهـوور ئەسـپـەرۆک)ە کە سکرتێـری گـشـتـیی ئـاسـایشی نەتەوەیی تورکە، بۆیە لێرەدا لە ئاغـای (جـمـهـوور) دەپرسین: ئەی بەکـارهێنانی چوار زمـانی جـیـاجـیـا، لە سـویسـرا، بۆ نابێـتـە مـایەی لێکهەڵوەشاندنی کۆمەڵگەی سویسری کە لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوەیە، چونکە هـەمـوو سـویسـرییـەک پـابـەندی یەکـێتیی سـویسـرایەو کـەسـیش نەیبیسـتـووە خـاوەنی یەکـێک لەو چوار زمـانانە داوای جـیـابوونـەوە بکات، چونکـە کـاتێک مـرۆڤ مـافـەکـانی لە چوارچێـوەی دەوڵەتێکدا دەپارێزرێت ئـیـدی ئەوە خـۆ لە هـەمـوو کـەس زیاتر داکـۆکی لـەوڵات و پارێزگـاریی یەکـێتیی نیـشـتـمـانەکـەی دەکات.

شـایانی بـاسـە سلێـمـان دیمیـریلـی سـەرۆک کـۆمـاری تورکـیـاش، لەمـەڕ

بەکارهێنانی زمانی کوردی دەڵێ: (ئەوە هەر نابێت، چونکە گەر مۆڵەتمان بەکورد دا کە زمانی خۆیان بخوێنن و بڵاو بکەنەوە ئیتر، ئەوە دەبێتە مایەی دابەشکردنی وڵاتەکەمان بەسەر خۆیدا)(٢)

کەچی هەر خودی سلێمان دیمیریل بەتورکەکانی نێو (کۆسۆڤۆ) کە دە پانزە هەزارێکن دەڵێ: (ئاگاداربن زمانی خۆتان لە بیرنەکەن. چونکە گەر لە بیرتان کرد ئەوا ئیتر ئێوە تەفروتوونا دەبن)(٣)

چونکە لە تورکیا عەسکەر داڕێژەری سیاسەتە و سیاسییەکانیش بەجێهێنەری سیاسەتی عەسکەرن. دیارە عەسکەریش بەناوی پاراستنی بنەماکانی (کەمالیزم)ەوە، ڕێگرن لە هەموو گۆڕانکارییەکی دیموکراتی لە نێو کۆمەڵگەی تورکیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە کە گەلی تورک لەماوەیەکی کورتدا (بێڵ)ی گۆڕان لە جەستەی سیاسەتی کۆن بداو هەڵیتەکێنێ ئەمە یاسای پەرەسەندنی کۆمەڵگاو سروشتە.

مستەفا کەمال (٧٥) ساڵ لەمەوبەر خیلافەتی – لەگەورەترین دەوڵەتی ئیسلامیدا– ئیلغا کرد، ئەی بۆ نەوەی نوێ سەرکردەیەکی نوێ (مستەفا) یەکی دیموکراتیست نەخولقێنێت کە عەقڵیەتی ئێکسپایەر بەرەو سەرە نویلکی مێژوو تووڕهەڵبدات.

گوڵان ٢٦٨ لە ٢/٣/٢٠٠٠

---

(١) من الانترنیت ژ – ٤١٤

(٢) من الانترنیت ژ – ٤١٣

(٣) سەرچاوەی پێشوو

# ئەشکەنجەی مرۆڤدۆستانە

با هەر لە سەرەتادا خۆم بناسێنم. من ئەفسەرێکی گەورەی لێکۆڵینەوەم. هەموو تەمەنم- کە ئێستا پەنجا ساڵم- هەر لەم بوارەدا بەسەر بردووە، وەک دەڵێن من پلە بەپلە سەرکەوتووم، یان ڕاستتر وایە بڵێم بەهەقی خۆم. لە ساڵەکانی حەفتادا پۆلیسێکی بێ خەت بووم و وردە وردە لەبەر شارەزاییم هەڵکشاوم بۆ یەک خەت، دوو خەت تا لە کۆتاییی هەشتاکاندا گەییمە سێ ئەستێرەی گەروو. دوای راپەڕینیش خاوەنی تاجێک و سێ ئەستێرەی سەرشانم. ئەوەی ڕاستی بێت، تا ئێستا کەس- بەتەعبیری خۆمان هیچ میوانێک- لە دەستم دەرنەچووە. هەرچی سەری کردبێت بەو دەزگا گەلپارێزەی کاری تێدا دەکەم، وەک دەڵێن، لە دەستم قوتار نەبووە، جا بەئارەزووی خۆی بووبێت یان بەزۆرەملێ، من هەر ناچارم کردووە کە ڕاستی بدرکێنێت.

لە ڕاستیدا من لە سەرەتای هەشتاکاندا چەندین دەورەم لە وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بینیوە. چەند مانگێک لە (بەرلین) بۆ فێربوونی ئازاردان مامەوە. نازانم نهێنیی چییە، ئەڵمانی هێندە رقی لە ئاوە.. بەڵێ لە ئاو. ئێمە چەند رقمان لە (مەشرووب)ە، ئەوانیش هێندە لە ئاو. سەیرە ئەوان دەڵێن ئاو بۆ تۆمبیل شتنە نەک بۆ خواردنەوە. ئێمە چ حەشرێک بە(ماستاو) دەکەین ئەوانیش هێندە بە(ئاوی جۆ). بەهەرحاڵ ئەوە باسێکی ترەو با لە بابەتەکەی خۆم لانەدەم. بەڵێ.. سێ مانگ لە بەرلین دەورەی ئازاردانم دی. گرینگترین و بایەخترین وانەش، وانەی ئازاردانی مرۆڤدۆستانە بوو. بەڵێ لاتان سەیر نەبێت، ئازاردانی مرۆڤدۆستانە. ڕەنگە ئێوە ئێستا بەمرۆڤێکی خەڵەفاوم تێ بگەن و بڵێن، ئەمە یانی چی؟ ئازاردان و مرۆڤدۆستی فارس وتەنی، (کوجا مەرحەبا). لە ڕاستیدا ئەو کۆمۆنیستانە

هەتا لە ئازاردانیشدا ئیبداعیان دەکرد، بەکورتی، ئەو شوێنەی ئازارمان دەدا، لە پێشدا، بەمادەی بێهۆشکەر سڕمان دەکرد و پاشان زۆر بەهێمنی کاری خۆمان دەکرد. بۆ نموونە چاومان بێ ئازاردان دەردەکێشا، قۆڵمان لە بندا دەردەهێنا، ئوتووی سوورەوە کراومان - دیارە بێ ئازار- بەپشتی (میوان) دا دەهێنا. بەهەرحاڵ ئەوە ئەزموونێکی دوورو درێژە و با بێمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە.

ڕۆژێک میوانێکیان هێنا بۆ نێو دەزگاکە، دانی بەهیچدا نەدەنا. من زۆر تووڕە بووم هەر بۆیەش پەنام بردە بەر (عیفریت). عیفریت کارمەندێکی خۆمانە. قەڵایەکە لە ئێسک و گۆشت، زۆرانبازە زەبەلاحە ژاپۆنییەکان لە چاویدا فینە گولەن.

مستی (٢٥) کیلۆ و وەزنی چارەکە (تەن) ێک دەبێت. ئەوە باسی سەروچاوی ترسناکی هەر ناکرێت. لەرز دەخاتە دڵی ئازاترین کوڕی ئەم سەردەمە. بەڵێ (میوان)یش بەپێچەوانەوە لاواز، کورت، ئێسک دەرپەڕیو، هەر دەتوت مردووی گۆڕە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، دانی بەهیچدا نەدەنا، هەر بۆیەش بەلاچاو ئیشارەتم بەعیفریت دا و لە چاو ترووکانێکدا، یا ئیلاهی، جیهان داڕووخا بەسەرما، نازانم بوومەلەرزە بوو، یان هەزاران کیلۆ T.N.T بوو. سەرم کاس و بەرچاوم تاریک بوو. کاتێک چاوم هەڵبڕی لە خەستەخانە راکشابووم. سەیری دەوروبەری خۆمم کرد. چەند ئەفسەرێکی گەورە لە ژوور سەرم راوەستابوون. لە هیچ حاڵی نەبووم. سەیری هاوەڵەکانم کردو گوتم:

(تەقینەوە بوو؟)

ئەفسەرێک کە بەپلە لە من گەورەتر بوو بانگی دکتۆرێکی کرد و کەوتە پرسیار لێکردنی. دکتۆرەکە سەیری منی دەکرد و گوتی:

(لووتی لە سێ لاوە شکاوە و ئێسکی روومەتی درزی بردووە و دەماخی کەمێک شڵەقاوە)

یا ئیلاهی. جارێکی دی گوتم: (تەقینەوە بوو؟)

ئەفسەرەکەی هاوەڵم بزەیەک گرتی و گوتی: (نەخێر!!)

لە وەڵامیدا بەنارەزاییەوە گوتم:

(ئەی چی بوو؟ بۆ وام بەسەرهات؟)

لەراستیدا هیچم بیر نەمابوو. دیمەنەکانی نێو مێشکم تێکەڵوپێکەڵ بوو. ئەفسەرەکەی هاوەڵم وەک راپۆرتێکم بۆ بخوێنێتەوە گوتی:

(لەو کاتەدا کە عیفریت بۆکسەکەی بەهەموو توانای دەوەشێنێت، میوان لە ترسا سەری دادەنەوێنێت و بەداخەوە بۆکسەکە بەر سەروچاوی تۆ دەکەوێ!)

ئیتر هیچی نەگوت. دیمەنەکان وردە وردە روون دەبوونەوە. ئەی خوای مەزن، ئازار چەند سەختە. عیفریت زیندانی و منیش لەو رۆژەوە بریارم دا کە ئازاری هیچ مرۆڤێک نەدەم. بەڵێ ئازاری هیچ زیندەوەرێک نەدەم.

گوڵان ٢٦٤ لە ٢٠٠٠/٢/٣

.........................................................................

(*) لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەو کەسانەی کاری لەو بابەتە بنوێنن لە پێشدا دەبردرێنە نەخۆشخانەی نەفسانی و پاشان حوکمی دادگایان بەسەردا دەچەسپێندرێ.

# دوا ڕۆژی تاڵیبانەکان

ئەگەرچی هێرشی ئاسمانیی بەربڵاو و خەستی ئەمریکا بۆ بنکە سەربازی و سەنگەرەکانی تاڵیبان کاریگەریی بەرچاوی خۆی لە گۆڕینی تەرازووی هێزی نێوان (هێزەکانی سەروو) و هێزەکانی تاڵیباندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تێکشکانی هێزەکانی تاڵیبان و خۆڕانەگرتنیان بەرامبەر هێزەکانی سەروو لە حساباتی هیچ چاودێرێکی سیاسیدا نەبوو کەوا بەزوویی، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا نیوەی ئەفغانستان لە دەسەڵاتی تاڵیبانەکان رزگار بکرێت و هێزەکانی تاڵیبانیش بەو شێوەیە سەنگەرەکانی خۆی چۆل بکات و هەڵبێت.

ئەم تێکشکانە خێرایەش گەر تەنیا شتێک بسەلمێنێت، هەر ئەوەیە کە تاڵیبانەکان، پاش (٥) ساڵ دەسەڵات نەیانتوانی جەماوەرێکی ئەوتۆ لە نێو خەڵکی ئەفغانستاندا پەیدا بکەن کە لەکاتی تەنگانەدا پشتگیرییان بکەن یان قوربانییان بۆ بدەن، دیارە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵویستەی خودی تاڵیبانەکان کە دەیانویست لە ڕێی زەبروزەنگەوە خەڵک و جەماوەر ناچار بکەن کە لایەنگرییان بکات یان هەر نەبێت بەرامبەر تێزە سەیر و سەمەرەکانیان بێدەنگیان بکات.

پێشێلکردنی مافەکانی نیوەی کۆمەڵ کە مافی ئافرەتانە بەو شێوەیەی کە دەبینرا لەلایەن هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکەوە، جگە لە تاڵیبانەکان خۆیان و لایەنگرانی گرووپی (القاعده) و هەندێک مێشک بەستووی وڵاتانی موسڵمان نەبێت، کەسی تر لایەنگریی ئەو رەفتارە هەمەجییە نەبوو کە تاڵیبانەکان بەرامبەر ئافرەتان دەیاننواند.

لە ڕاستیدا ئەم تاقمە دەیانویست چەرخی مێژوو، هەزاران ساڵ بەرەو دواوە بگەڕێننەوە، گەر نا قەدەغەکردنی مۆسیقا و تەلەفزیۆن لەم سەردەمەدا مانای چی؟ نەهێشتنی پیاو و ژن کە لەیەک پاسدا سوار بن یان ناچارکردنی

پیاو بەهێشتنەوەی ریش و نەچوونە گەرماو..و چی و چی.. کە مرۆڤ نازانێت ئەم بیرۆکانەیان لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت.

بەهەرحاڵ سیاسەتی چەوتی ئەو تاقمە هەردەبوو بەم ئەنجامەی بگات، چونکە گرووپێک کە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بێت و نەتوانێت لە ماوەی (٥) ساڵدا پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی پەیدا بکات و لە سەرتاسەری ئەم جیهانە بەرینەدا تەنیا سێ وڵات دانی پێدابنێت (سعوودیە و پاکستان و ئیمارات)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم تاقمە کەوتە دژایەتیی هەموو جیهان، تەنیا سوودمەندێک لەم سیاسەتە چەوتە و دواکەوتووەی تاڵیبانەکان، ئوسامە بن لادن و گرووپەکەی بوو کە زەمینەیەکی لەبارو شیاوی بۆ پەروەردەی تیرۆریست و تیرۆریزم رەخساند و سەدان کەسی ناهۆشیاریان تیا ئامادەکرد کە لەمەودوا کەوتنە کاری تیرۆریستی لە وڵاتەکانی خۆیان و وڵاتانی ترو ئەگەر چی تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک ئاشکرا نەکراوە کە کێ هەستاوە بەکاری تیرۆریستیی بێ وێنەی (١١)ی ئەیلوول لە ئەمەریکا، بەڵام هەموو بۆچوونەکان هەر ئاماژە بۆ گرووپی (القاعدە) و ئوسامە بن لادن دەدەن؛ چونکە هەر ئەوانن ئەو سەرمایە و ئەو توانا و ئیمکاناتی پەروەردەییەیان هەبێت کە بەکاری وا دژی بەشەریەت هەڵبستن.

ئەمڕۆ- دوای تاقیکردنەوەی تاڵیبانەکان- پێویستە لەسەر وڵاتانی دیموکراتی و پارێزەرانی شارستانیەت، ئیدی جارێکی تر مۆڵەت بۆ هاتنە سەرکایەی ئەم جۆرە رژێمانە نەدەن و بەیەک دەست و بەیەک دەنگ هەڵوێستیان بەرامبەر بگرن و چاوەڕوان نەکەن تا ئەو رژێمە خۆی بەهێز و پڕ چەک دەکات و دەست بەدەستدرێژی دەکات.

لە ڕاستیدا دەبوو جیهانی سەرمایەداری و دیموکراتی سوود لە تەجروبەی ئەڵمانیای هیتلەری وەربگرن و چیدی مۆڵەت بۆ رژێمانێک نەدەن کە مەترسی بۆ سەر بەشەریەت دروست دەکەن. مرۆڤ دەبێت ئەمڕۆ سوپاسی خوا بکات کە تاڵیبانەکان خاوەنی چەکی کۆکوژی و قڕکەر نین دەنا کارەساتێکی زۆر لە جەنگی دووەمی جیهان بەسەر بەشەریەتدا دەهات، هەر بۆیە ئەمڕۆ تاکە

زلهێزی جیهانی و ولآتانی دیموکراتی دەبێت زۆر بە وشیاری و وردبینییەوە بڕواننە ئەو ولآت و رژێمانەی کە بوونەتە خاوەنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و کۆکوژی کە مەترسی بۆ سەر خودی بەشەریەت دروست دەکەن و ئەو رژێمانەی خاوەن ئەو جۆرە چەکانەشن ئەوا دەبێت لە رێی UN و دەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە داماڵچەک بکرێن و نەهێڵن جارێکی تر چەکی کۆکوژی و مرۆڤ قڕکەر بەرهەم بهێنن.

دوا ڕۆژەکانی تاڵیبانەکان و رژێمە دواکەوتووەکەیان و گرووپی (القاعدة) و ئوسامە بن لادن وەک ڕۆژی روون دیارە. ئەمانەی کە دەیانویست بەپێچەوانەی مێژووەوە رەوت بکەن و شارستانیەت نەهێڵن و تەواوی بەشەریەت بخەنە مەترسییەوە وا خۆیان دوا بزمار لە تابووتی خۆیان دەدەن.

گوڵان ٣٥٦ لە ٢٠٠١/١١/١٥

# نووسینگەی کار "وەک پێشنیارێک"

ئەمڕۆ چالاکییەکی زۆر و گەرموگوڕ سەبارەت بەئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەبینرێ کە مایەی خۆشحاڵیی هاووڵاتییانمانە، چونکە لەلایەک کوردستانی وێرانکراو، سەر لە نوێ، زۆر بەرێکوپێکی بنیات دەنرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ئەم چالاکی و پڕۆژانە دەبنە مایەی پەیداکردنی کار بۆ کرێکاران، بەمەش باری ئابووریی چینی هەژار دەبووژێتەوە، چونکە هەر کرێکارێک کە کاری لەو پڕۆژانە دەست دەکەوێت، واتە خێزانێک باری ئابووری و بژێوی ڕۆژانەی چاکتر دەبێ و توانای کڕینی پتر دەبێت.

ئەوەی من دەیزانم تا ئێستا کرێکار کاڵای خۆی کە هێزی بازوویەتی- دەخاتە بازاڕەوە و لێی دەکڕن، بەڵام ئەم کارە زۆر بەرێکوپێکی ناڕواتە رێوە، چونکە تا ئێستا ئیدارەیەکی تایبەت بەڕێنماییی کرێکاران بۆ کارو پڕۆژەکان، بوونی نییە و، کرێکار نازانێ لەکوێ ئەو کارانە پەیدا دەبێ و لەکوێ ئەو پڕۆژانە جێبەجێ دەبن، بۆیە دەڵێم ئەمڕۆ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ئیدارەیەکی تایبەت بەڕێنوێنیی کرێکاران بۆ دۆزینەوەی کار دابمەزرێ و ئەو ئیدارەیە ئیتر کار بۆ کرێکاران پەیدا بکات، ئەمیش بەوە دەبێ کە خاوەن پڕۆژەکان کە حکوومەت خۆیەتی یان بەڵێندەرەکان پێویستە ئەو ئیدارەیە ئاگادار بکەنەوە و ناوی پڕۆژەکان و شوێن و کاتی بەجێهێنان و ژمارەی کرێکاراییی پێویستیان بۆ دیاری بکرێ و ئەویش لە رێی خۆیەوە کرێکاران سەبارەت بەو پڕۆژانە ئاگادار بکات.

دیارە ئەویش بەدوو شێوە دەبێ یان ئەوەتا کرێکاران خۆیان ڕۆژانە سەردانی ئەو دەزگایە بکەن، یان ئەو دەزگایە خۆی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەربکات و ناوی پڕۆژەکان و جۆری کارو ژمارەی کرێکاران دیاری بکات.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەمێکە ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە بۆ کرێکاران و

کارخوازان هەیە کە بەتەرجومەی کوردی پێی دەگوترێ (نووسینگەی ڕێنوێنیی کار) و ئیتر ئەوە ئەرکی ئەو خزمەتگوزارییە دەخاتە ئەستۆی خۆی.

باشیی دروستبوونی ئەم ئیدارەیە لەوەدایە کە ئیدی هەندێ کرێکار مەحرووم نابن لەکار و تەنیا هەندێک کاری دەست بکەوێت، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە ئاوارەیەکی زۆرمان لەم شارە هەیە و بەزەحمەت کاریان دەست دەکەوێت، یان هەندێ جار دەستیان ناکەوێت، هەر بۆ نموونە لەو هەموو پڕۆژانەی کە ئەمڕۆ لە پایتەختدا جێبەجێ دەکرێ، تاکوتەرا نەبێ ئاوارەی تێدا بەدی ناکرێ، کە ئەوەش خۆی ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی هەیە لای ئاوارەکان و ناهەقیشیان ناگیرێ گەر گلەیی لەو بارەیەوە بکەن، بەڕاستی ئەمڕۆ زیاتر لە چواردە هەزار خێزان ئاوارەیە و لە هەولێر و دەوروبەری دەژین و زۆربەی هەرە زۆریشیان بێکارن، جا هەم بۆ خستنەگەڕی ئاوارەکان، هەم بۆ چاکترکردنی باری ژیانیان ئەوا دەستپێشکەرییەکی زۆر پڕ بەها دەبێ کە ئەو ئیدارەیەی ڕێ نیشاندانی کارە کە هیوادارم دابمەزرێ. لەمەودوا پێی هەڵدەستێ و ئیدی ناهێڵێ ئەو ناهەقییە دەرهەق ئاوارە بکرێ، ئەویش بەوەی کە سەرجەم کارخوازانی نێو ئاوارەکان ناوی خۆیان لەو ئیدارە نوێیە تۆمار بکەن و ڕۆژانە سەردانی بکەن، بەڵکو بتوانن لەو ڕێگەیەوە کار پەیدا بکەن.

جا ئەم ئیدارەیە نە تەنیا لە شاری هەولێردا بەڵکو لە شارەکانی تر و شارۆچکەکانیشدا پێویستی بوونی دەبێ و دەبێ دابمەزرێ.

ئیدی ئێمە بەم شێوەیە دەتوانین کۆنترۆڵی بازاڕی کارو کارخوازان بکەین، وەکو وڵاتێکی شارستانی معاملە لەگەڵ هێزی کاردا بکەین و بەوەش ڕوویەکی گەشی حکوومەتی هەرێم و داوودەزگاکانی نیشانی دەوروبەر و جیهان دەدەین.

ئیدی هیوادارم ئەم پێشنیارە لەلایەن بەرپرسانەوە دیراسە بکرێ و بڕیاری دروستبوونی ئەو دەزگا گرینگە شارستانییە بەزوویی بدرێ.

گوڵان ٣١٠ لە ٢٠٠٠/١٢/٢١

# ماسقاله

زۆر بەنیگەرانییەوە دەمڕوانییە کاتژمێرەکەی مەچەکم و سەیری کۆتاییی شەقامی (مەولەوی)م دەکرد. خۆم لە بەردەم (باخچەی گەلدا) راوەستابووم و بەدەفتەری دەستنووسەکانم باوەشێنی خۆم دەکرد. گەرمای ئەو پاش نیوەڕۆیە وزە و تینی لەبەر مرۆڤ دەبڕی. سەیری کاتژمێرەکەم کردەوە، پێنجی تەواو بوو، بۆیە خەریک بوو ئاوڕ بدەمەوە کە یەکێک بەدەستی ڕاستی هەردوو چاوی گرتم. کە دەستی هەڵگرت ئاوڕم دایەوە، خۆی بوو، هاوەڵەکەم کە نووسەرێکی ناسراو و بەتوانای شارەکەمانە و من داوای ئەو چاوپێکەوتنەم لێ کردبوو بۆ ئەوەی هەندێ لە نووسینەکانی خۆمی نیشان بدەم، بەڵام وەک کارەبا بمگرێ یەکسەر لە شوێنی خۆم تەزیم.

من وام چاوەڕوان دەکرد کە هاوەڵەکەم وەک نووسەرێکی شارەزا، کۆمەڵێ لە نووسینەکانی خۆی بهێنێ و پێکەوە مشتومڕی لەسەر بکەین، بەڵام ئەو لە باتی نووسینەکانی سەبەتەیەکی بەدەستی چەپەوە بوو کە سەرەکەی بەسەر هەویرێک داپۆشرابوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم: ( ڕەنگە بۆ ئەم دانیشتنە بسکیت و کێکی هێنابێ؟!)

بەدەستی ڕاستی پەلی گرتم و بۆ ناو باخچەکە پەلکێشی کردم. ناو باخچەکە هێندە قەرەباڵغ نەبوو، بۆیە بەئاسانی کورسییەکمان چنگ کەوت و یەکسەر لێی دانیشتین.

من هەر سەیری سەبەتەکەم دەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: (تۆ بڵێی گەرما هێند سەری لێ شێواندبێ و لەباتی نووسینەکانی میوەی هێنابێ؟)

دیاربوو هاوەڵەکەم هەستی بەنیگای بەردەوامی من بۆ سەبەتەکەی کردبێ، چونکە دەستێکی بەدەسکی سەبەتەکەدا هێناو گوتی:

(باسی ئەمەش دەکەین!)

شەربەت فرۆشێک بەهەموو تینی هاواری دەکرد، بۆیە منیش هەر بۆ پساندنی پەتی بێ دەنگی داوای دوو شەربەتم لێ کردو کاتێ هەڵمان قوڕاند گوتم:

(ئێستا خەریکی چیت؟)

لە وەڵامدا گوتی: هەر خەریکی نووسینم یان ڕاستتر وایە بڵێم (ماسقالە) دەنووسم.

وەک کوتەکێ بدەن بەسەرما واڕاچەنیم بۆیە یەکسەر گوتم:

ماسی قالە. ببوورن، ماست قالە؟!

هاوەڵەکەم کە نووسەرێکی گەورەی ئەم گەلەیە، زەردەخەنەیەکی گەورە گرتی و گوتی (ماسقالە)

من دەمزانی نووسەری گەورە هەندێ جار مێشکی جام دەبێ یان شێت دەبێ یان وەک ئەرنست همنگوای و سادقی هیدایەت خۆی دەکوژێ، بۆیە خەریک بوو جارێکی تر پرسیار بکەم کە گوتی:

(زۆر نیگەران مەبە...)

ئەمەی گوت و سەری سەبەتەکەی هەڵدایەوە، هەمووی دەستنووس بوو. سەیرێکی قووڵی کردم و گوتی:

(ئەمانە هەمووی مەقالەن، ئەمڕۆ نووسەر بەمەقالە ناژی، بۆیە منیش هەر بۆ دابینکردنی بژێوی خۆم و منداڵەکانم ماسقالە دەنووسم.)

من هەر بێدەنگ بووم، لە ڕاستیدا نەمدەزانی بڵێم چی، ئەویش خۆی وەک نووسەرێکی لێهاتوو- هەستی بەدۆخی دەروونیی من کردبوو، بۆیە گوتی:

(هاوڕێ، ماسقالە یانی ماستاو مەقالە و من خۆم کورتم کردووەتەوە و کردوومە بەماسقالە. حاڵی بوویت.

سەرم بەناڕەزاییەوە بۆ لەقاند، بەڵام هیچم نەگوت بۆیە ئەو بەردەوام بوو:

(ماسقاله: ئەو نووسینانەن کە بیخوێنیتەوە و نەیخوێنیتەوە، هەر وەک یەکن. ماسقاله ڕەخنە لە دەسەڵات ناگرێ و ڕێنمایی ناکات و دەستنیشانی هەڵەو کەموکووڕی ناکات یان بەواتایەکی دی ڕاست ناڵێت).

منێک کە تازە دەستم کردبوو بەنووسین و دەمویست جیهانی ڕیایی بشێوێنم و قەڵەم بکەمە چراو ئەدەب بخەمە خزمەت خەڵکی، زۆر سەخت بوو بڕوا بکەم.

کەمێک راوەستاو پاشان گوتی:

(کاتێک گرووپێکی تیرۆریست شارۆچکەکانمان بەتۆپ- بەڵێ بەتۆپ- تۆپباران دەکات نابێ بڵێین کێ تۆپی داوەتێ و کاتێک (٥٠٠) خانەوادەی غەیرە کورد لە خاکماندا نیشتەجێ دەکرێ دەبێ سوپاسی رەوانەکەر بکەین و کاتێک پەرستگایەکی نامۆ لە شاردا دروست دەکرێ، دەبێ پەل بەرز بکەینەوە بۆ ئاسمان و سوپاسی ئەو دیارییەی بکەین. حاڵی بوویت؟)

گەر بموتایە ڕاست دەکەیت، ڕاستم نەدەکرد، بۆیە هەر بێدەنگ بووم.

دەستنووسەکەم لوول کردو هەستامە سەر پێ و خواحافیزیم کرد. کاتێک لە باخچەی گەل هاتمە دەرێ، ویستم بەرەو بەردەرکی سەرا مل بنێم، بەڵام هەر زوو رام گۆڕی و بەرەو شەقامی سەهۆڵەکە رووم وەرگێڕا کە لە پشتەوە یەکێک دەستی خستە سەرشانم هاوڕێیەکەم بوو بەپێکەنینەوە گوتی:

(حاڵی بوویت؟!)

گوڵان / ژمارە ٢٣٤ لە بەرواری ١٩٩٩/٧/١٧

# بۆ بێدەنگی؟

لە وەڵامی پرسیارێکی تری گوڵاندا کە بۆ بێدەنگم و لەماوەی بێدەنگیدا خەریکی چی بووم، دەڵێم:

بێدەنگی هەندێ جار لە بەدەنگی چاکترە، مەرج نییە مرۆڤ هەمیشە دەنگی بێت، با ئەو کاتانە دەنگی بێت کە پێویستە دەنگی هەبێ، گەر نا تەنیا دەنگ بوون ڕەنگە هیچ نەبەخشێ، یان تەنیا ڕەشکردنەوەی لاپەڕە بێت. کورد دەڵێ مرۆڤ گەر زۆری گوت چاک و خراپیش دەڵێت، با ئێمە بڵێین خراپیش نەڵێت، بەڵام هیچ دەڵێت.

فەرموو سەیری ڕۆژنامە کوردییەکان بکە، چەندی لێ دەخوێندرێتەوە؟ ئەوە گرینگە. جۆری نووسین، ناوەڕۆکی نووسین، هەڵبژاردنی بابەت ئەوانە گرینگن و سەرنجی خوێنەر رادەکێشن و وای لێ دەکەن بابەتەکە بخوێنێتەوە.

لە ڕاستیدا من حەزناکەم هەموو ڕۆژێک بنووسم بۆ ئەوەی ناوم لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ببینم، ئەوە بۆ من بایەخی نییە، لای من گرینگ ئەوەیە کە دیاردەیەک دەمهەژێنێ یان ڕووداوێک دەبینم یان ناهەقی و زوڵمێک دەبیستم، ئەوسا دەست بدەمە پێنووسەکەم و لەسەری بنووسم. من ئەو کاتە گیان ئاسوودە دەبم و بەئەرکی ویژدانیی خۆمی دەزانم کە دەبێ بنووسم. ئەوکاتە حەز لە نووسین دەکەم و هەر ئەوکاتەش دەتوانم هەستی ڕاستەقینەی دەروونم دەربڕم. ئەوکاتە پێم خۆشە کە بێدەنگ نەبم، کە ناشبێ بێدەنگ بم، جا ئەوسا ڕۆژنامەکان دەوێرن یان دەخوازن یان لایان پەسندە بڵاوی بکەنەوە یان نەیکەنەوە، ئەوە کاری ئەوانە، بەڵام خۆم – وەک گوتم– ئاسوودە دەبم.

ئەم ماوەیەش سەرومڕ خەریکی نووسینی داستانێکی ڕاستەقینە بووم کە بەسەر خۆمدا هاتبوو، بەشێوەی ڕۆمان نووسیومە و ئێستا لای برایانی

دەزگای ئاراس چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەیە. ئەو داستانەش بەسەرهاتێکە کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا بەسەر خۆم هات. ئەوسا بەتۆمەتی چالاکی پێشمەرگانەی نێو شـــار لەگــەڵ چەند برادەرێکدا گـــیـــراین و لەســـەرەتادا منیـــان برد بۆ ئیستخباراتی سلێمانی و پاشان بۆ مەنزوومەی ئیستخباراتی مەنتیقەی شیمالی و لەوەودواش بۆ هەیئەی خاسە لە کەرکووک، کە زیندانێکی تایبەت بوو بەکورد لەو داستانەدا باسی موعاناتی خۆم و زیندانییەکانی تر دەکەم.

لەڕاستیدا کە بردیانم بۆ هەیئە خاسە و فەرمانی لە سێدارەدانم دەرچوو، هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوە بووم کە ڕۆژێک یەکێک لە ئێمە رزگاری بێ و باسی ئەو زوڵموزۆر و دڕندایەتییەی ئەم داوودەزگایانە بکات کە دەرهەق خەباتگێڕان تەنانەت بێ تاوانانی کوردیش لەو زیندانەدا دەکرا، جا من لێرەدا نامەوێ بچمە نێو ناوەڕۆکی نووسینەکەمەوە و ئەوە بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵم. ئەو داستانەشم کاتی خۆی لە دوو دەفتەری سەدیدا نووسیبوو، دەفتەرێکیان لای خۆم بوو، ئەوی تریان لە خورجی وڵاخێکدا بوو لەگەڵ کەلوپەلی تردا. لە شەڕێکدا لەگەڵ حکوومەت لە ناوچەی پێنجوێن پیرە وڵاخ هەڵیتیزان بۆ ناو ئێران و ئەوساش زەمانی (شا) بوو، ئیدی وڵاخ و دەفتەریش سەرەونگون بوو، بەنیسبەت دەفتەرەکەی ترەوە ئەویش هەر بەدەردی ئەو چوو، چونکە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٨ دا کە لە شاری (گەڤەڕ) لە تورکیا گیرام، ئەو دەفتەرەش تیاچوو. وابزانم سەرەتا کەوتبووە دەست کابرایەک کە خۆی بەدۆستمان دەزانی و ناوی (مەلا حەقی) بوو کە لەڕاستیدا تا بڵێی پیاوێکی درۆزن و ساختەچی و کەڵەکچی بوو، ئیتر نازانم تەسلیمی (میت) ی کردبوو یان هەر خۆی لەناوی بردبوو. بەڵام بەم دواییە بەتەشجیعی کاک بەدران لە دەزگای ئاراس دەستم پێ کردەوە. بەڵام پرۆژەی تریشم لەبەر دەستدایە و حەز دەکەم لەسەر ژیانی پێشمەرگایەتیش شتێک بنووسم، بەتایبەتی لەسەر ڕووداوی هەکاری کە ناسراوە بە(کارەساتی هەکاری) گەر هەندێک بەڵگەنامەی پێویستم دەست بکەوێت، چونکە ئەوەی لەسەری نووسراوە ڕەنگە هەر هەمووی وانەبێت، بۆیە ڕەنگە من وەک بەشداربوویەکی ئەو ڕووداوە،

ئاگاداری هەندێک ڕاستی بم، کە تا ئێستا نەدرکابێت. ئەمەش کوولانەوەی زام نییە بەڵکو ڕاستکردنەوەی مێژووە.

لەبارەی ئەم پرسیارەشەوە کە بۆ لە تەنز دوورکەوتوومەتەوە دەڵێم:

(تەنز)یش بەنووسینی جیدی دەزانم، ڕەنگە ئەوەی لە تەنزێکدا دەتوانی بینووسیت هەرگیز لە مەقالەیەکی ئاساییدا بۆت نەڕەخسێت، بەڵام (تەنز) دۆخی تایبەتی خۆی هەیە و وەک نووسینی تر نییە، بەڵکو کاریگەریی هەندێ دیاردە و حاڵەتی دەروونییە کە ئاوێتەی یەکتری دەبن و (تەنز) یان لێ دەخوڵقێت. جا کەی ئەو دۆخە پەیدابوو ئەوا منیش هیچ سێ و دووی لێ ناکەم و دەینووسم و هەر بۆ ئێوەی دەنێرم، بەڵام توخوا کلک و گوێی مەکەن با ئیتر رەئی من بێت. ئێوە بۆ دەترسن؟.

گوڵان ٣٩٧ لە ٢٠٠٢/٨/٢٩

## لە چاوەڕوانیی کارەساتێکی مەزندا

ئامادەگیی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ یەکەمین جەنگی جیهانی، دژی دیاردەی تیـرۆریزم عـەرەب گـوتەنـی (علی قـدم وسـاق)ە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەمـەریکا دەیەوێت زیاترین پشـتـیوانیـی دەوڵەتان و نێـودەوڵەتی بۆ ئـەو جـەنگەی پەیدا بکات، کە بەدرێژخایەن ناوی دەبات.

لە ڕاستیدا تا ئێستا بەپلەی یەکەم وەک هەدەف ئەفغانستانی دەستنیشان کردووە کە میوانداریی ئوسامە بن لادن و چەکدارانی تەنزیمی قاعیدە دەکات کە دیارە لە داهاتوودا، ئەم جەنگە، تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە، چونکە تیرۆر تەنیا لە ئەفغانستانەوە سەرچاوە ناگرێت و زۆر دەوڵەت و ڕێکخراوی تریش هەن کە پەیڕەوی میتۆدی تیرۆریستانە دەکەن بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان کە ئێستا لەترسی گورزی کوشندەی بەهێزی ئەمریکا خۆیان کرکردووە و چوونەتە قـاوغـەکـانیـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەم تا زۆر ئەو وڵات و ڕێکخـراوانەی پشـتیـوانیـیـان لـە تیـرۆر دەکـرد لای ئەمـریکا و زۆربەی دەوڵەتـان ئاشکران و نموونەی سڕکردنی سەرمایەی بن لادن و (٢٧) ڕێکخراوی تیرۆریستی کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا سەرمایەیان لە نێو بانکەکاندا دادەنا و بازرگانییان پێوە دەکرد، بەبڕیارێکی ڕەسمیی سەرەک کۆماری ئەمریکا هەمووی لە بانکەکاندا سڕ کران، کە لە ڕاستیدا ئەمە بڕیارێکی بەجێ بوو کە دەبوو زووتر وەربگیرێت، چونکە چالاکیی تیرۆریستانەی ئەو ڕێکخراوانە بەپلەی یەکەم بەو پارە خەیاڵاوییانە ئەنجام دەدرا، چونکە گەر ڕێکخراوێک خاوەنی ئەو سەرمایە زۆرە نەبێت لە کوێ دەتوانێت دەیان و بگرە سەدان لایەنگری بۆ وڵاتێکی گرانی وەکو ئەمـریکا ڕەوانە بکات و لەوێ ئاپارتمانییـان بـۆ دابین بکات، پارەی مەشقی فێربوونی فڕۆکە لێخوڕینیان بۆ سەرف بکات و چەندین جۆر پاسپۆرت و ناسنامەی تەزویریان بۆ پەیدا بکات و شوێنی حەوانەوە و

خۆشاردنەوەیان بۆ جێبەجێ بکات. ئەم هەنگاوەی ئەمریکا شادەماری ڕێکخراوە تیرۆریستەکان بەجۆرێک دەجەڕبێنێت کە توانای هەڵسوکەوت و چالاکیی تیرۆریستانەیان ئیتر نەمێنێت. بەڵام ئەمە، لەگەڵ کاریگەریدا هەر پێویستی بەگورزێکی سەربازیی کوشندە و گەورە دەبێت کە سەراپای بنکەکان و شوێنی مەشق و ڕاهێنانیان تێکوپێک بدات، بەجۆرێک کە ئیدی هیچ دەوڵەتێک نەتوانێت چ بەئاشکرا – کە تا ئێستا هەندێک دەوڵەت هەر بەردەوام لە پشتیوانی ڕێکخراوی تیرۆریستانن– و چ بەنهێنی نەتوانێت داڵدەی ڕێکخراوی تیرۆریستی بدات. ئەوەی تا ئێستا دیارە یەکەمین گورزی سەربازی بەردەکەوێت ئەفغانستانە کە تا ئێستا مل بۆ بڕیاری ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایش نادات، کە مرۆڤ سەری لە سیاسەتی تاڵیبان سوڕدەمێنێت کە چۆن وا ملهوڕانە دژایەتیی بڕیاری ئەمریکا دەکات.

مرۆڤ گەر بەراوردێکی ئەمریکا و هێز و توانای سەربازی و ئابووری و تەکنیکی لەگەڵ وڵاتێکی دواکەوتووی، لاواز، بێ ئیمکانیەت، لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ئەفغانستان بکات، کە لەڕاستیدا قابیلی بەراورد نییە، هەر تەنیا سەری لە سیاسەتی سەرلێشێواوانەی تاڵیبان سوڕدەمێنێت و بەناچاری دەپرسێت: ئەمانە بە چ عەقڵێکەوە دژایەتیی گەورەترین هێزی جیهان دەکەن؟ گەر وا تێ بگەن بە(بن لادن) و کۆمەڵێک تیرۆریستەوە چەند بینایەک لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا دەتەقێننەوە و ئیدی سەرکەوتن بەدەست دێنن، ئەوە لەڕاستیدا وڵاتەکەی خۆیان بەکاولبوون دەدەن و گیانی هەزاران هەزار لە هاووڵاتییانیشیان بەفیڕۆ دەدەن و کارەساتێکی یەکجار مەزنیش بەسەر گەلی ئەفغاندا دێنن. ئەوەی لەبەرچاوە تاکو ئەمڕۆ، لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیشدا دەبینرێت کە زۆربەی هەرە زۆری گەلی ئەفغان لایەنگری سیاسەتی تاڵیبان نین، چونکە تا ئێستا زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئەفغانی سنووری پاکستانیان بەزاندووە و خۆیان گەیاندووەتە ئەودیو سنوور و سەدان هەزاری تریش– دوای داخستنی سنووری پاکستان– چاوەڕوانن. لە سنووری ئێرانیش کە بەڕووی ئەفغانەکاندا داخراوە سەدان هەزاریش هەر لەوێ چاوەڕوانن، جا

گەر ئەمە تەنیا شتێک بگەیەنێت هەر ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنەڕەتدا گەلی ئەفغان شەڕی ناوێت و توانای شەڕ و بەرگریی لە خۆی نییە، بۆیە هەڵدێت و لەوە زیاتریش بڕوای بەو شەڕە نابەرامبەرە نییە، گەر نا گەلێک کە دووچاری بەرەنگاربوونەوە دەبێت، خاکەکەی خۆی بەجێ ناهێڵێت و تا دوا قەترە خوێنیش بەرگری لە خاکی وڵاتی خۆی دەکا و قوربانیی بۆ دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەزارانیش ناو شارەکانی ئەفغانستانیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە دەشت و دۆڵەکانی ئەو وڵاتە بەو هیوایەی کە خۆیان لە هێرشی ئاسمانی و مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئەمریکا بپارێزن.

لە ڕاستیدا هەموو جیهان چاوەڕوانی کارەساتێکی بێ وێنەی مرۆڤانەیە کە لەو وڵاتە لە ئەنجامی جەنگی نابەرامبەر و برسێتی و سەرما و بێ دەرمانی روو بدات، هەر لەبەر ئەوەش (ڤلادمیر پۆتین) ی سەرۆکی رووسیا هەر لە ئێستاوە رای گەیاند کە ئاسمانی وڵاتەکەی ئاواڵەیە، لەکاتی دەستپێکردنی هێرشی ئەمریکا، بۆ ناردنی یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئەفغانستان. تێکەڵکردنی سیاسەت و مەزهەب، زێدەڕۆیی لە توندڕەوی ئایندا، رێزنەگرتن لە مافی مرۆڤ، دژایەتیی سیمبۆڵی ئاینی گەلانی دی- بۆ نموونە تێکشکاندن و تەقاندنەوەی پەیکەری بووزا کە سیمبۆڵی ئاینیی چەند ملیار کەسێکە – دژایەتیی نیوەی کۆمەڵ و رەفتار لەگەڵی وەکو کۆیلە، قەدەغەکردنی خوێندن لە ئافرەت و بەکورتی گێڕانەوەی کۆمەڵ بۆ دەوری (بەرد) هەر ئەم واقیعە تاڵەی ئەمرۆی لێ بەرهەم دەبوو لە ئەفغانستاندا.

لە کۆتاییدا دەڵێم سەرکردەی لێهاتوو و زیرەکیش وڵاتی لە جەنگ و ماڵوێرانی دەپارێزێت و خەریکی ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوونی وڵاتی دەبێت، سەرکردەی ناواقعی و توندڕەویش وڵاتەکەی وێران و گەلەکەشی بەگورگان خواردوو دەدات، جا لەژێر هەر ناو و ئایدۆلۆجیا و مەزهەبێکدا بێت.

گوڵان ٣٤٩ لە ٢٠٠١/٩/٢٧

# لووتکە

هەمـوو زینـدەوەرێک بەپێی یاسـا ئەزەلیـیـەکـانی سـروشت لە دایک دەبێت و پاشان بەرەو نەمـان دەچێت، تەنیا شـەهید نەبێ کە بەنەمانی زیندوو دەبێتەوە و ژیانـی نوێی دەست پـێ دەکـات و نەمـری بۆ خـۆی تۆمـار دەکـات و ئیـدی جارێکی تر نامرێ و هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

کەسـایەتـیی سـیاسـی، کۆمـەڵایەتـی و رۆشـنبـیـریی کـورد، کـاک فـرەنسـۆ لە بەرەبەیانی هەژدەی شوبـاتدا- بەتیرۆر کردنی- ژیانی هەتا هەتـایی لە نێودڵی گەلی کورددا و بۆ خۆی نەخشـاند و لووتکەی سـەربەرزی- کە شـەهادەتە- بە نسیب بوو.

لە ڕاسـتـیـدا، لە نێـو گـەلاندا کـەم کـەسـی لە بابەتـی شـەهـیـد فـرەنسـۆ هەڵدەکەوێ، مرۆڤێک بەڕەچەڵەک ئاشووری و بەئاین مەسـیحی کە سـەراپای ژیانی بۆ گەلی کوردی موسـڵمـان تەرخـان بکات. ئای لەو دڵە گەورەیە و ئەو هەستـە پیرۆزە کە لە ناخی ئەو مرۆڤە دڵسۆزەدا بەبەردەوامی گەشـەی دەکرد. ئەو لایەنە بێ عـەقـڵـەی لە پشت ئەم کـارە چەپەڵەوەیە گـەر وا بزانێ بەتیـرۆری کاک فرەنسۆ مەبەستی خۆی پێکاوە، بابزانێ کە بەو تیرۆرە ژیانی جاویدانی پێ بەخشی.

فـرەنسـۆ مـرۆڤـێکی سـیـاسـی و دڵسـۆزی خـاک و بزووتنەوەکـەی بوو، بەڵام ئێـسـتـا شـەهـیـد فرەنسـۆیە کە دوا لووتکەی سـەربەرزییـە. شـەهـید فـرەنسـۆ، مـرۆڤـێکی سـیـاسـیی بوێر بـوو، هیچ سڵـی لە نەیارانـی نەدەکـردەوە، و زۆر بەئـاشکرا هەڵوێسـتـی سـیـاسـیی خـۆی دەردەخـست و ڕاشکاوانـە دوور لە دبلۆمـاسـیـیـەت، داکـۆکـیی لە بیـر و بۆچـوونی خـۆی دەکـرد، هـەر بۆیـەش دوژمنانی حیسابێکی زۆریان بۆ دەکرد. شـەهید پێوەندییـەکی هەمیشـەیی و رۆژانەی لەگـەڵ کـەناڵەکانی میـدیادا هەبوو، کـە لە رێگەیـەوە بیروڕای خـۆی

دەردەبڕی و موداخەلاتی لە کۆڕ و مێزگردەکاندا دەکرد.

شەهید فرەنسۆ لە بواری نووسینیشدا، بەتایبەتی بابەتی سیاسی، دەستێکی بالای هەبوو. مرۆڤ تام و چێژێکی تایبەتی لە نووسینەکانی وەردەگرت. ئامادەبوونی بێ پچڕانی لە ماوەی چل ساڵدا لە بزووتنەوەی کوردیدا کردبووی بەئەرشیفێکی بەنرخ و ئەنسکلۆپیدیای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک. بەداخەوە دەستەڕەش و چەپەڵەکان مەودای نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی نەدا- هەرچەند هیوادارم ئەو بیرەوەرییانەی تۆمار کردبێ- کە بەبڕوای من دەبووە سامانێکی گەورە بۆ نەوەی داهاتووی گەلەکەمان. شەهید فرەنسۆ لە بواری وەرزشیشدا مرۆڤی سەرسام دەکرد. چ عەشقێکی بەرامبەر وەرزش هەبوو. لەو تەمەنەیدا هەمیشە ئامادەی مەیدانی یاریگەکان دەبوو. بەڕاستی مرۆڤێکی ماندوونەناس بوو.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەی فرەنسۆ روحی رەوانت بە بەهەشتی بەرین شاد.

گوڵان ٣١٨ لە ٢٠٠١/٢/٢٢

# پراوە

منیش وەک ئەوانی تر بانگ کرابووم، رۆژێکی بێ ئەندازە گەرم، ئەگەرچی هێشتا مانگی ئازار بوو. بانگهێشتەکە بۆ کردنەوەی پرۆژەیەک بوو لە دەرەوەی شار. رۆژیش هەینی بوو. کە گەیشتمە شوێنی مەبەست، حەشاماتێکی زۆر وەستابوو، ئەوەی سەرنجی راکێشام سەرو پۆتەڵاکی هەندێکیان بوو کە بەچاوی شین و قژی زەردیانەوە بەئاشکرا هاواریان دەکرد کە خەڵکی ئەوروپای سەروون؛ چونکە چاوی شین و پێستی سپی و قژی زێڕ رەنگ پتر هێمایە بۆ ئەوان.

بەهەرحاڵ منیش وەک رۆژنامەنووسێک لەو مەڕاسیمەدا بەشدار دەبووم، ئەویش قرتاندنی قردێلەی کۆمەڵێک خانووی تازە تەواوبوو بوو کە بەسەر ئاوارەکەدا دابەش دەکرا.

منیش لەنێو خەڵکەکەدا، هەر چۆنێک بێت، جێگەی خۆمم کردەوە، بەجۆرێک کە بتوانم شوێنی بڕینی قردێلەکە ببینم، لەمەودواش ریپۆرتاژێک سەبارەت بەو چالاکییە پێشکێش رۆژنامەکەم بکەم، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام دوو کچۆڵەی جوانکیلە بوون کە لە نزیک قردێلەکەوە راوەستابوون، یەکێکیان سینییەکی بەدەستەوە بوو کە بەسەریەوە مقەستێک دانرابوو، ئەوی تریان سینییەکی پڕ لە شەکۆلاتەی بەدەستەوە بوو.

ماوەیەک هەروا منیش وەک ئەو خەڵکە راوەستابووم، گەرماش تا دەهات تینی بە هێزتر دەبوو. نزیک کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆ کە تیشکی رۆژ شاقوولی دەیدا بەتەوقی سەرماندا و زۆربەمانی گێژو وڕ کردبوو، لە پیاوێکی پۆشتە کە بەجلەکانیدا لە فەرمانبەرێکی دەستڕۆیشتوو دەچوو، پرسیم:

(ئەرێ وا بۆ کاتژمێرێک دەچێ لێرە راوەستاوین کەچی هیچ روو نادات؟)

کابرا ئاوڕێکی سەرسوڕماویی لێ دامەوە وەک چاوەڕێی ئەو پرسیارە نەبووبێ لە وەڵامدا گوتی:

(وەڵڵا منیش نازانم)

هەر بۆیە هەستی ڕۆژنامەوانیم زیاتر بزوا و ڕووە و کارمەندێکی پۆشتە و پەرداختر ملم نا. ئەمیان چاویلکەیەکی زەرەبینی بەسەر چاوەوە بوو. بەویشم گوت:

(ئەرێ زەحمەت نەبێ کەی ئەم مەراسیمە دەست پێ دەکات؟)

چاویلکەکەی داگرت و بەپەنجەی شەهادەتی کەوتە سڕینی عارەقی نێوچەوانی و پاشان گوتی:

(کەی کامێرای تەلەفزێۆنەکان بگات)

لە وەڵامدا گوتم:

(ئەی کەی دەگات؟)

لەوە دەچوو زۆر حەزی لە پرسیارەکانم بێت لەگەڵ ئەوەشدا گوتی:

(وا بۆ دوو کاتژمێر دەچێ تەلەفۆن کراوە. ئێمەش چاوەڕوانین)

ئیتر منیش بێدەنگ بووم. چونکە دەمزانی لەم شارەی لێی دەژیم (٧) کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم:

(ڕەنگە هەر ئێستا سێ چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی بگات، بۆیە پێویستە پێش وەخت بچم شوێنی خۆم لە شوێنێکی گونجاودا بگرم، چونکە هەر بەگەیشتنی کامێرا ئیتر لەبەر حیمایە مۆڵەتی هیچ جۆرە بینینێک نامێنێت. ئەمانەم لە دڵی خۆمدا دەگوت، کە سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، کات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، بۆیە هەر لە دڵی خۆمدا گوتم شار و ئێرە هەر دە دەقیقەیە، کەچی وا سێ کاتژمێرە و کامێرا ناگات.

لە ڕاستیدا خۆشم تەواو گێژ بووبووم، بۆیە ملم بۆ لای گەورەترین بەرپرس نا و گوتم:

(ڕێی تێ دەچێ بە سێ کاتژمێر کامێرایەک نەگات؟)

نازانم پرسیارەکەم رۆژنامە نووسانە بوو یان نا.

لێـــپـــرســـراوەکـــە برێ ســـەرنجی دام، بەڵام هـەر بێـــدەنگ بوو، پاشـــان هەناسەیەکی درێژی دایەوە و گوتی:

(کـوڕە من خـەمی خۆمـانم نیـیـە، ئێـمـە فـێری بێ وەعدین، بـەڵام چی بەم بیانییانە بڵێین؟)

مـاوەیەک منیش بێـدەنگ بووم، سـەیری بیـانیـیـەکانم دەکـرد، پەیتـا پەیتـا عـارەقـەیان دەسـڕی، هەنـدێکیـان خـەریک بوو لە هـۆش خـۆیان بچن. کـە بە تەواوی سەرنجی نێو خەڵکەکەم دا هەر تەنیا بەرپرسەکان مابوون، خـەڵکەکە، جگە لەو دوو منداڵە بەستەزمانە و حیمایەکان کەسی تر بەدی نەدەکرا، بۆیە رووم کردەوە گەورە بەرپرسەکە و گوتم:

(دەڵێی چی لەم قەیرانە نەخوازراوە قوتارت بکەم؟)

بەرپرسەکە بەزمانێکی زۆر سادە گوتی:

(ئەی بەقوربانی دەستت بم)

قـەڵەمـەکـەم دەرهێنا و دەفـتـەرە بچـووکـەکـەم بەدەسـتـمـەوە گـرت و رووە و بیانییەکان ملم نا، لەبەردەمیاندا راوەستام و بەناوی گەورە بەرپرسەکەوە.

گـوتم: (زۆر سـوپاسـتـان دەکـەین، ئەمـە پراوە بوو، سـبـەینێ هەمـان کـات بەکامێراوە لێرە ئامادە دەبین و ئەم مەراسیمە بەڕاستی دەگێڕین!)

نازانم بیانییەکان چەند بڕوایان بەو شانۆگەرییە هەبوو، بەڵام وابزانم لەتاو گـەرمـا ئەوانیش بڕوایان هێنا. کـە ئاوڕم لە سـینیی شـوکـۆڵاتەی منداڵەکـە دایەوە بۆ ئەوەی نوقڵێک هەڵبگرم، شیلەی نوقڵی تلیساوە وەک تاڤگەی گەلی عەلی بەگ سەر بەرەو خوار ملی دەنا.

گوڵان ٣٢٤ لە ٢٠٠١/٤/٥

# نیو بەنیو

لە (پۆتین) ئاواوە بێ (جزمە) بەنێو قوڕ و لیتەدا بەرەو شار دەهاتم، قوڕ و چڵپاو و بێ شەقامی هیچ نیگەرانی نەدەکردم ئەوەم هەر لا گرینگ نەبوو، چونکە ئەو راستییەم دەزانی کە (سەرەی) ئێمە بەپێی بارودۆخی سەقامگیر بوو، بڕێک لە پاشەوە دێ. ئەوە گرینگ نییە و مەبەستی ئەم بەسەرهاتە نییە.

لە شوێنی دیاریکراودا- بۆ نەڵێم چایخانەیەکی پلە دوو- هاوڕێیەکەمم دی کە وەعد و بڕیاری دابوو بمگەیەنێتە بەرپرسێکی باڵا بۆ بڕێک دەستگرتنم لەم تەنگوچەڵەمەیەی ئاوارەبوون و نەبوونیدا.

ئێمەومانان ناگەینە بەرپرسان، هەر بۆیە پەنا دەبەینە بەر ئەم بۆرە دۆستانە، ئەوانیش بەحوکمی ناسیاوی، یان ناسراوی یان لێوەشاوەیی یان دەم پاراوی یان نزیک دۆستی یان... (ئیتر بەسە)... بەڵێ بەهۆی یەکێک لەم هۆکارانەوە، منیش پەنام بردە بەر ئەم دۆستەم کە هاوارم بگەیەنێتە بەرپرسێکی باڵا، بەڵکو لەم نەبوونییەدا چاوی لوتفێک بەرامبەرمان بنوێنێ.

دوای خواردنەوەی چایەکی خەست و زیاد لە پێویست کولاو پارەی- لەو نەبوونییەشمدا- خۆم و هاوەڵەکەمم دا.

هەردووک پێکەوە لە نزیک (قەلاوە) هەر بە پێ رووە و دەزگایەکی گەلێک مەزن- تۆ بڵێ بڕیاردەر- ملمان نا.

لە رێگە من هەر باسی نەبوونی و نەدارییی خۆم و دۆخی پەشێوی منداڵەکان و ئاستی برسێتیی خۆمانم بۆ دەکرد، دیارە ئەویش بەسەر لەقاندنی هەر هەستی هاودەردی و بەزەیی و پشتگیریی نیشان دەدا، بۆیە بەبینینی ئەو هەڵوێستەی، لەو دۆخە دەروونییە سەختەی خۆشمدا، گیانی ئاسوودە و خۆش هیوا و تاڕادەیەکیش بەختەوەریم نیشان دەدا.

بە پێ گەیشتبووینە لای عەریزەنووسەکانی بەردەم دادگا، هەر بۆیە هاوەڵەکەم پێی گوتم:

(بۆ لای ئەمانە کە شارەزایی هۆنینەوەن، عەریزەیەک نانووسی و شەرحی حاڵی پەشێوی خۆتی تێدا بکەی)

رایەکی بەجێ بوو، بەڵام من خۆم ئەوەندەم خوێندەواری هەبوو کە بتوانم بەنووسراوێک باسی دۆخی نالەباری خۆمی تێدا بکەم، بۆیە رووم کردە هاوەڵەکەم و گوتم:

(تۆ بڵێی خۆمان نەتوانین بەلاپەڕەیەک باسی باری ژیان و گوزەرانی خۆمانیان بۆ بکەین؟ ئیتر چ پێویستمان بەعەریزە نووسە؟)

هاوەڵەکەم برێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

(بەڵام ئەمانە وەستای دارشتن، ئینشانووسن، بەقسەم بکە با ئەمانە بۆت بنووسن. حەزدەکەی من پارەکەی دەدەم)

وتەکانی قەناعەت ئاوەر بوون، دەستم برد بۆ گیرفانم، حەوت دینارم پێ بوو، بۆیە بێ سێ و دوو رووم لە عەریزە نووسێکی بەساڵاچوو کرد، شارەزایی لە سەرو پۆتەڵاکیا، سەرەڕای چرچولۆچی بەرگی شڕی و لاوازی و تێک قۆپاویی سەروچاوی، بەئاشکرا بەدی دەکرا.

خەریک بوو بەدووورودرێژی باسی شڕەحاڵی خۆمی بۆ بکەم. بەڵام ئەو زۆر وەستایانە گوتی:

(تکایە ناوی سیانیت، ژمارەی منداڵەکانت، مەبەستی نووسینی عەریزەکەت...)

ئەمەی گوت و ئیتر سەری بەسەر کاغەزەکانیدا شۆڕ کردەوە و پاندانێکی مۆدێل کۆنی لە گیرفانی دەرهێنا. بەکورتی ئەو ئامادەبوو بۆ منیش هەر خێرا شەرحی حاڵی خۆم بۆ کرد و لە مەبەستی داواکەشمدا گوتم:

(بۆ هاوکارییە...)

کابرا سەری بەرز کردەوە، دیاربوو لە مەبەستم نەدەگەیشت بۆیە بۆ زیاتر

رِوونکردنەوە گوتم:

(مەبەستم دەستگرتنە...)

لەمەش نەگەیشت بۆیە یەکسەر گوتم:

(خاڵە گیان نەداری تینی بۆ هێناوین. داوای یارمەتی دەکەین)

ملی شۆڕ کردەوە و بەدەنگی بەرز گوتی:

(دە وا بڵێ )

لە چاوترووکانێکدا لاپەڕەیەکی خورشیدی بۆ هۆنیمەوە. لە راستیدا ئینشا بوو، خۆم دڵم بەخۆم دەسووتا. لە دڵی خۆمدا گوتم:

(ئەم ئینشانووسە، گەر بەختی یار بووایە، دەبووە سەرنووسەری رۆژنامەیەکی سیاسی لەم وڵاتەدا. بەڵام دەڵێی چی...)

بە هەرحاڵ بەخۆشحاڵییەوە عەریزەکەم دایە دەست هاوەڵەکەم و ئەویش خوێندیەوە. لەو کاتەدا سەرنجم دەدا. راستی و راستگۆیی لە سەرو هەیبەتی دەتکا.

بەدەم قسەکردنەوە گەیشتبووینە بەردەم ئەو شوێنەی مەبەستمان بوو. دوای بڕینی سەنگەرەکانی پێشەوە، واتە: پرسگە، گەیشتینە سەختترین سەنگەر، واتە سکرتێر. هەر چۆنێک بێت ئەو قوتاربوو، بەڵام من گێڕدرامەوە بۆ سەنگەری یەکەم، واتە پرسگە و لەوێ دانیشتم هێندەی نەبرد هاوەڵەکەم بەدڵخۆشییەوە هاتەوە، نایلۆنێکی رەشی بەدەستەوە بوو، بەپەلە پەلی گرتم و بۆ دەرەوە کێشی کردم و یەکسەر بەپێکەنینەوە گوتی: (دوو- واتە دوو هەزار-م بۆ پەیدا کردی)

ئەمەی گوت و دەستی بۆ نێو نایلۆنەکە برد و گوتی:

(ئەوە هەزار بۆ تۆ و ئەوەش هەزار بۆ خۆم!)

لە راستیدا و لە خۆشحاڵیمدا هەر سوپاسم پێ بوو پێشکێشی بکەم.

چەند رۆژێک لەوەودوا لە تەماسێکی تەلەفۆنیدا بۆ هەمان دەزگا و بۆ

نیشاندانی سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو گەورە بەرپرسە، بەژمێریارم گوت:

(زۆر سوپاس بۆ ئەو دوو هەزارە)

لە وەڵامدا ژمێریار بە تۆنێکی سەرسوڕمانەوە گوتی:

(دووی چی؟ پێنچ هەزار بوو!!)

ناڵێم لە (پیاوەتی)ی ئەو هاوەڵەم خەریک بوو دڵم راوەستێ بۆیە هیچم نەگوت.

بەڵێ پێنج هەزارم بۆ نێردرابوو، هاوەڵەکەم یەکسەر سێی لێ لادابوو و لەو دووەش یەکێکی بۆ خۆی هەڵگرتبوو.

لە ڕاستیدا- خوێنەری بەڕێز- ئەوە نیوە بەنیو نەبوو، یەک بەپێنج بوو.

گوڵان ٣٢٥ لە ٢٠٠١/٤/١٢

# ئاوارەبوونی هێشوویی

ئەمڕۆ پرۆسـەیەک، بەنهێنی، لە کوردستانـی عێراقدا، بەتایبەتی لە سلێمانی، بەڕێوەیە کـە سـەرئەنجامـێکی گەلێک ترسناک بەدەستـەوە دەدات و زیانێکی گـەورەش لە ئابـڕووی گـەلەکـەمـان دەدات، کـەس لاری لەوە نـیـیـە کـەسـانێک وڵاتەکـەی خـۆیـان، بەهەر هـۆیەکـەوە بێت، بەجـێ بهـێـڵـن- هـەرچەندە هـیچ پاساوێک بـۆ وڵات بەجێ هێشتن نییە- و ڕێگەی نادیاری غوربەت هـەڵبژێرن و لە نیـشـتمـان و زەویی باوباپیـرانیـان دوور بکەونەوە و لەسـەر زەوینێکی نوێ و نامـۆدا بژین. مـرۆڤ دەبـێ مـافی ئەوەی هـەبێ لە کـام گـۆشـەی ئەم زەوییـە دەیەوێ بژی، ئەگەر چی دەبێ وڵاتەکەی خۆی یەکەمین ژینگەی بێ.

وڵاتانی ئەوروپا بەتایبـەتی ڕۆژئاوا- دیارە ئەمریکا و کەنەدا و ئوسـترالیـا- پەنـابەر وەردەگـرن و بەپێـی یاســایەک، کــە لەســەر بڕیـارنامــەی جنێڤ بۆ پاراستنی ژیانی پەنـابەر داڕێژراوە- هەریەکە پەنابەر وەردەگرێ، ئەو کەسەی ناتوانێ لە وڵاتی خۆی بەهۆی بیر و بۆچوونی جیـاوازی، مـەزهـەبی، نەتەوەیی یا کۆمـەڵایەتییـەوە بژی و ڕاودەنرێ یا وەدەر دەنرێ وەکو لێقـەومـاوو پەنـابەر وەربگیرێ، وڵاتێکی بۆ دەستنیشـان بکرێ کە بەئاسوودەیی بتوانێ سـەربەست و ئازاد تێیدا بژی.

هیچ گـومـان لەوەدا نـیـیـە کـە یاسـای وەرگـرتنی پەنابەر یـەکێکە لە یاسـا بەنرخـەکانی پاراسـتنی مـافی مرۆڤ، بەڵام بەداخـەوە ئەو یاسـا و مۆڵەتەی کـە ئەو دەوڵـەتە پێـشـکەوتووانـە، بەهۆش و لە دیـدێکی مـرۆڤـدۆسـتـیـیـەوە، بۆ پاراسـتنی ژیانـی مرۆڤ لە دەسـتـدرێژی و ڕاونان، هێناویانـەتە کایەوە ئەمـڕۆ بەپێـچـەوانەوە لەلایەن هـەندێ قـاچاغـچی و خـەڵکی بەرژەوەندی پەرسـتـەوە، بۆ گـیـرفـان پڕکـردنی خـۆیان، سـوودی لـێ وەردەگـرن و خـەریکن لەو ڕێگەیەوە کوردسـتـانمان چـۆڵ بکەن و ئابڕووی گەلەکەمـانی پـێ ببـەن و خـۆیان- لەسـەر

حیسابی رەش و رووت و خەباتی خوێناویی ئەم گەلە- پێ دەوڵەمەند بکەن.

ئەم پرۆسەی ئاوارەبوونی هێشووییە بەم جۆرەیە:

قاچاخچییەک دەچێتە یەکێ لە وڵاتەکانی رۆژئاوا و ئەمرۆ بەتایبەتی هۆڵەندا و ئەڵمانیا و لەوێ داوای پەنابەری دەکات و خوا دەزانێ چەند درۆ و فیشاڵ و ناڕاستی عەرز دەکات تا بە پەنابەر وەردەگیرێ و هەر لەکاتی لێکۆڵینەوەی لای پۆلیسدا گەر زگورتی بێ- بۆ نموونە- ئەوە ناوی دە دوانزە کەسی تر وەکو ژن و منداڵی خۆی دەنووسێ و کاتێک بڕیاری پەنابەرییەکی بۆ دەردەچێ و دێتەوە کوردستان و بەحیساب (خێزانەکەی) ببات و لێرە دەست دەکات بە فرۆشتنەوەی ئیقامەکان بەمەبلەغی خەیاڵی وکەمرۆڤ سەری لەبێ ویژدانیی سوڕ دەمێنێ.

ئیقامەی بەحیساب (ژنەکەی) دەفرۆشێتەوە بە ژنێک و هی (منداڵەکانیشی) دەفرۆشێتەوە بەمنداڵانی کەسانێکی تر، ئینجا ژنەش کە بەحیساب (ژنی) قاچاغچییەکەیە بەئیقامەیەکی ئوسووڵی دەچێتە دەرێ و لەوێ بەناوێکی ترەوە خۆی وەک (پەنابەر) پێشکێش دەکات و ئەویش خێزانێکی وەهمی بۆ خۆی دروست دەکات و ناوی دە دوانزدە کەسی دی وەک (خێزانی) خۆی دەنووسێ و داوای ئیقامەیان بۆ دەکات و ئەم ژنەش کۆمەڵێ درۆ و هەڵبەستراوی تر پێشکێشی پۆلیسی ئەو وڵاتە دەکات و ئەوەشی بیرناچێ بڵێ کە لەبەر شەڕ و شۆڕی نێو کوردستان بەتەنیا خۆی قوتار بووە و (خێزانەکەی) کە لەڕاستیدا نییەتی، جێی هێشتووە و خۆی بەتەنیا گەیشتووەتە هەندەران! کاتێک بەحیساب ئەم (خێزانە) نوێیە ئیقامەی بۆ دەردەچێ ئەویش بەکۆمەڵێ ئیقامەی ئوسووڵییەوە دەگەڕێتەوە و لە کوردستان ئیقامەکان دیارە بەمەبلەغی یەکجار گەورە - کە تەنیا کەسانی دەوڵەمەند دەتوانن بیکڕن- دەفرۆشێتەوە و (خێزانەکەی) دەباتە وڵاتەکەی و ئەوانیش لەوێ بەناوی نوێ داوای ئیقامە بۆ (برا) و (خوشک) و (مێرد) و (ژنەکانیان) دەکەن، دیارە لەم پرۆسە ناشەریفەدا پیاو ژنی دەکاتە خوشکی و خوشک برای دەکاتە مێردی و دایک کوڕ دەکات بەهاوسەری و باوک کچ دەکات بەژنی

و کەسانی نەناسراو دەبنە خزم و هاوسەر و خوشک و برای یەکتر، کە مرۆڤ هەر بێز لە ڕەوشت و ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەوانە دەکاتەوە کە یاسایەکی وا مرۆڤدۆستانە بەو شێوە ساختەکارییە بەکار دەهێنن و لە پێناو گیرفانیانا یاسا و داوونەریتی ئاسمانییش پێشێل دەکەن.

حکوومەتی هەرێم و بەتایبەتی وەزارەتی مرۆڤایەتی کە سەروکاری مەسەلەی سەفەر دەکات، دەبێ ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم کێشە ناشەریفە بدۆزێتەوە و بە وردی لە مەسەلەی سەفەری ئەو کەسانە و ڕاستی و دروستیی بەڵگەنامە و ناو پەساپۆرت و کارتی ناسنامەییان بکۆڵێتەوە و نەهێڵێ کەسانێک لە پێناو گیرفانی خۆیاندا فێڵ لە حکوومەت و دامودەزگە بەرپرسەکان بکەن و کڵاو بکەنە سەر ئێمە و ئەو دەوڵەتانەی کە وەریان دەگرن، ئەم پرۆسە ئابڕوو بەرە، نانیشتمانی ناشەریفە هەر ئاشکرا دەبێ و ئەوسا سەدان (پەنابەر) ی درۆ و سەدان (خێزان) شاربەدەر دەکرێ و ئەوی سومعەشی لەم مەسەلەیدا دەزڕێ هەر گەلی کوردە و ئەو دامودەزگایەیە کە مووڵەت بەو (چالاکییە) ناشەرعییە دەدات.

لەڕاستیدا ئەرکی ئاشکراکردنی ئەم (کاسبی) یە ناشەرعییە دەکەوێتە سەر شانی بەرپرسەکانی وەزارەتی مرۆڤایەتی بەتایبەتی و داوودەزگای ئاسایش و دەزگا حزبییەکان کە لەڕێی ئەوانەوە تەزکیە دەدرێ بەگشت کەسێک و ئەوان دەبێ بێژنگێک لەم (خێزانە) ئابڕووبەرە بەردەوام بێت و کوردستانیش وردە وردە چۆڵ بکرێ.

گوڵان ١١٣ لە ١٩٩٧/٣/٢٠

# نامەیەکی کراوە بۆ خاتوو چیللەر

تورکی نازانم، گەرنا، ئەم نامەیەم بەتورکی دەنووسی. ڕاستە چەند نیمچە ڕستەیەکی وەکو چۆخ مەمنوون (و چەند وشەیەکی وەکو: گێل گێل وچغ چغ چغ کە وابزانم یانی وەرە برۆ یا برۆ وەرە- یە ئەویش دوای دەیان سەفەری ئەستەمبۆڵ، کە ئێستە بووەتە سەرە ڕێم- بەناچاری فێربووم و ئەو نهێنییەش دەزانم، گەر بێت و کوردی یان عەرەبی بەپێچەوانەوە بنووسێ دەبێتە تورکی! وەکو: کەبابی کەرکووک، دەبێتە کەرکووک کبابی! و (الدينار العراقي) دەبێتە عێراق دیناری و (قس على ذلک).

بەهەرحاڵ ئەوە گرینگ نییە گرینگ:

تورکیا وەک دەوڵەتێک چەندین ساڵە دەیەوێ بچێتە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە و دەخوازێ وەک وڵاتێکی ئەوروپی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، هەوڵەکانی تورکیا، هەموو ساڵێک، بەپاساوی ئەوەی کە تورکیا، مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و کێشەی کورد- کە خەریکە ببێتە کێشەی نیوەی دانیشتووانی تورکیا- چارەسەر ناکات، رووبەڕووی رەفزێکی- پەرلەمانی کوردی گوتەنی: بیل ئیجماع!- دەبێ و تورکیا لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا قبووڵ ناکرێ، چونکە ئەو وڵاتانەی کە تورکیا دەیەوێ ببێ بە بەشێک لێیان، دەمێکە چارەسەری ئەو مەسەلە سەرەتاییانەی مافی مرۆڤ و ئازادی و سەربەستیی هاووڵاتییانیان کردووە و ئەو مەسەلانە قابیلی وتووێژ نین و بڕاوەن، چونکە یەکێک لە کۆڵەگەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی، سەربەستی و ئازادی و مافی مرۆڤە بەهەر دوو تۆخمەکەیەوە.

تورکیای ئێوە، ئێستا، خانم، بەڕاستی و بەواقیعی دوو وڵاتە. وڵاتێک کە رۆژئاوای تورکیایە وڵاتێک کە رۆژهەڵاتی تورکیایە- دیارە ئێمە پێی دەڵێین کوردستانی سەر بە تورکیا- لە یەکەمیاندا مرۆڤ هەست دەکات کە بەرەو

پێشەوەچوونێکی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی، بناغەی داکوتاوە و کۆمەڵ بەرەو رۆژئاوا دەبات و لە رۆژهەلاتیش- دەتوانی خانم سەرێک لە شارەکانی رۆژهەلات بدەیت و بزانی لە چ قۆناغێکدا دەژین- جیهانی سێ، بەهەموو دواکەوتوویی و کەموکووڕی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەیمەنەتی عەسکەر و (هەیبەتی) پۆستاڵ و زەبروزەنگی ئەمن و سیخوڕ و رشوە و رشوەکارییەوە، رۆژانە دەبینرێ کە بەڕاستی مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ و ناچارە لە خۆی بپرسێ: ئەم رۆژهەلات و رۆژئاوایە، یەک دەوڵەت و یەک وڵاتە؟

ئەمڕۆ خاتوو چیللەر، دواین ساڵەکانی سەدەی بیستەمە، ئەمڕۆ چەرخی داتاو سەتەلایت و ئینتەرنێت و دەیان تۆڕی فرە پێشکەوتووی جیهانە و پێوەندیی نێوان ئەم سەرزەوینە بەڕادەیەک ئاسان کراوە- کە خۆتان لێی ئاگەدارن- کە مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ.

کەچی لە وڵاتی ئێوەدا کۆنترین جۆری پێوەندی کە نامەنووسینە، یان ناردنی کاسێتی تەسجیلە یان کاسێتی ڤیدیۆیە قەدەغە دەکەن کە بە وڵاتەکەتاندا بە ترانزێت- تێ پەڕێ!- دەتانەوێ بشچنە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپاوە!!- ئەمە لە کاتێکدا ئەو نامە و کاسێتانە بۆ خودی تورکیا ناچێ و تەنیا پێیدا تێ دەپەڕێ کەچی عەسکەر و پۆلیس و ئەمنی سەر (سنوور) بەتایبەتی لە سنووری ئیبراهیم خەلیل- خاپوور- دەیگرێ یان فڕێی دەدا، یان لە باشترین حاڵدا وەک کالایەکی قاچاغ ناهێڵن هەر داخڵ بێ!.

گەر ئەو نامە و کاسێتانە- بۆنموونە- دژی دەوڵەتی تورکیا بێ، مافی خۆتانە کە نەهێڵن، ئەی ئەگەر کاسێتێکی ڤیدیۆی فیلمی کارتۆنی مندالان بوو پاساوتان چی دەبێ؟؟.

چ وڵاتێک، چ حکوومەتێک لە جیهاندا فیلمی کارتۆنی مندالان قەدەغە دەکات کە تەنیا- بەترانزێت- پێیدا بڕوات؟!

دوور نییە خانم بەڕێزتان بفەرموون کە ئاگەداری ئەو جۆرە دواکەوتووییە نین، بەلام ئەمە راستییەکە رۆژانە لە سنووری ئیبراهیم خەلیل- خاپوور،

روودەدات نە نامە نە کاسێت ناهێڵرێ بەو ڕێگەیەدا ببرێ ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو موسافیرانە تەنیا بەتورکیادا تێ دەپەڕن و بۆ وڵاتانی تر دەچن.

هەرچی مرۆڤ لەگەڵ ئەمن و جەندرمە و پۆلیسێک هەوڵ دەدا تورکییەکەی شەق و شڕ دەڵێ (بو کارتون فلم) یان شتێک لەو بابەتە بەڵام هیچی ناخوات. گەر ئەو فەرمانبەرانەی سەر سنوور گومان دەکەن ئەوە دەتوانن ئەو کاسێتانە لێ بدەن، نامەکان بخوێننەوە، ئەمە کاری نەکردە نییە بەتایبەتی بۆ خەڵکێک کە ساڵی ١٤٥٣ (کوستەنتین پۆل) ی داگیر کرد.

ئەوەی بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە، تەنیا تەلەفزیۆن و ڤیدیۆیەک و ژوورێک و مرۆڤێکی کوردی زانە کە دیارە زۆرتان هەیە لەو بابەتە!.

خاتوو چیللەری بەڕێز... بنیاتنانی کۆمەڵگەی شارستانی لە کاری بچووکەوە دەست پێ دەکات، بۆیە گەر ئەو مەسەلە بچووکانە، کە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، لاتان چارەسەر نەکرێ، بێهوودەیە هەوڵدان بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپا. گەر ئێوە نەهێڵن- لەم سەردەمەدا- نامەیەکی دوعا و سەلام و کاسێتێکی فیلمی کارتۆنی منداڵان بەوڵاتەکاندا تێپەڕ بێ- هەر تێ پەڕی- ئیدی بۆ هەموو ساڵێک ناهەقی دەوڵەتانی ئەوروپا دەگرن، کە نایانەوێ تورکیا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا. ئەو مەسەلە سادانە کێشەی سیاسی نین و داوای گەلێک نییە، کە نەتانەوێ کێشەکەی چارەسەر بکەن، ئەوانە داوا سەرەتاییەکانی مرۆڤە، بۆیە- خانم- دەڵێم تا ئەو مافە بچووک و سادانە- کە زۆر سادەن- چارەسەر نەکەن، هیچ بەتەمای ئەوە مەبن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک کۆمەڵگەیەکی شارستانی حسابتان بۆ بکرێ و لە نێو کۆمەڵگەی شارستانییەکانی ئەم سەردەمەدا قبووڵ بکرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

خانم دەوڵەت هەرچی قەدەغەلەر، قەدەغەلەر ئەمما چوچوق فلم نەقەدەغەلەر!

دیارە بەم تورکییە- گەر ئەوە تورکی بووبێ- دەمەوێ بڵێم:

دەوڵەت هەرچی قەدەغە دەکات با بیکات، بەڵام فلمی کارتۆنی منداڵان بۆ؟؟

تێبینی:

١- ئەم نامەیەم بۆیە نووسی، چونکە لەم رۆژانەدا چەند کاسێتێکی کارتۆنی منداڵانم بەتورکیادا نارد و ڕەت کرایەوە.

٢- بۆیەش ئەم نامەیەم- بۆ ئێوە نووسی، چونکە ئێوە ئافرەتن و ئافرەتی شەرقییش لە مافخوران چاکتر- لە پیاوانی- تێ دەگات.

لەگەڵ ڕێزمدا

سەلام عەبدوڵا

هەولێر - پایتەختی کوردستان

١٩٩٧/٤/٢

گوڵان ١١٥ لە ١٩٩٧/٤/٥

# کورداندن

وا نزیکەی شەش ساڵ بەسەر (ڕاپەڕین) دا تێ دەپەڕێت، کەچی هێشتە لە هەولێر، پایتەختی کوردستان، هەندێک سیما و شوێنەوار و دیاردە ماون، کە هی سەردەمی پێش ڕاپەڕینن.

گەر مرۆڤ پیاسەیەک بەناو شاری هەولێردا بکا و سەرنجی تابلۆی سەر کۆگە و موغازە و دووکانەکان بدات، دەبینێت، کە زۆربەی هەرە زۆریان- گەر مرۆڤ نەڵێ هەموویان- بەزمانی عەرەبی نووسراون و وەکو ئێرە چبایش یان بەسرەو زوبێر بێت! و هەولێریش شارێکی کوردی و پایتەختی کوردستان نەبێت! وابزانم مرۆڤێکی عەرەبیش هەر هەمان هەستی دەبێت، گەر بێت و ببینێت لە بەسرە یان عەمارە، سەر لەوحەی دووکانەکان هەر هەموویان بەکوردی بێت- کە نابێت ببێت- ئیدی وا دەزانێت بەسرە و عەمارە دوو شاری کوردین و گەرن ا بۆ سەرلەوحەی دووکانەکان بەکوردی دەنووسرێن!

جا بڕوا ناکرێت هیچ عەرەبێک ئەوەی پێ قبووڵ بکرێت کە سەر تابلۆی دووکانەکانیان بەکوردی بۆ بنووسرێ و دیارە کەسیش ناهەقیان ناگرێت، چونکە ئەوانە راستیی سادەن و مافی خەڵکەکە خۆیەتی کە دەبێت ئەو ناوانەی بەزمانی خۆی بنووسرێن و گەر هات و بەزمانێکی جیهانیش- وەک ئینگلیزی- لە تەنیشتەوە یان لە ژێرەوە بنووسرێت ئەوە کەس لاری لێ نابێت، بەڵام هەر هەموویان بەزمانی بێگانە بنووسرێن ئەوە قابیلی قبووڵ بێت و هیچ گەلێکی وشیاریش ناهەقیی دەستدرێژی بۆ ئەو مافە سروشتییەی خۆی پێ هەزم ناکرێت. گۆڕینی سەر تابلۆی دووکانەکان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی. یان بەواتایەکی تر، کورداندنی سەر تابلۆکان دەکەوێتە سەرشانی دەزگە بەرپرسەکانی حکوومەتی هەرێم، چ لە وەزارەتی شارەوانی یان رۆشنبیری یان ناوخۆ یان پەروەردە یان هەموو پێکەوە، هەروەک پێویستە دەزگەکانی

راگەیاندن، چ رادیۆ، چ تەلەفزیۆن چ رۆژنامەکان هەڵمەتێکی وشیارکردنەوە قەناعەتیان پێ بکەن کە ئەو تابلۆ و سەرە لەوحانە بکەنە کوردی، بەڕاستی دیاردەیەکی ناقۆڵایە، پیاو لە پایتەختی کوردستاندا بژی کەچی واهەست بکات لە نەجەف و کەربەلایە یان لە خەرتووم و مەسقەت!

دیاردەیەکی تر، کە ئێستا لە کوردستانی عێراق بەگشتی و لە هەولێری پایتەختدا بەتایبەتی، هەستی پێ دەکرێت، ئەویش لێدانی گۆرانیی بێگانەیە، بەتایبەتی تورکی.

راستە مرۆڤ مافی خۆیەتی، گوێ لە چ گۆرانییەک و بەچ زمانێک دەگرێت بگرێت، ئەوە مافی خۆیەتی بەڵام بەمەرجێک لەماڵی خۆیدا بێ و تەنیا بۆ خۆی بێت. بەڵام کاتێک دووکانەکانی شارێک شەربەت فرۆشان و گەسفرۆشان و چەرەز فرۆشان، پێکەوە دەکەن لێدانی گۆرانیی (بورهان چەچان و سبیل جان و مەحسوون خان) ئیتر بەڕاستی مرۆڤ وا هەست دەکات کە لە ئەزمیر یان ئەستەمبوڵ یان ئەنقەرەیە و شەقام دەپێوێت، نە لە هەولێری پایتەختی کوردستان!

بڕواناکەم مرۆڤێکی تورک قبووڵ بکات یان ئەوەی پێ هەزم بکرێت کە لە ئەستەمبوڵ یان ئەزمیر، دووکان و موغازەکان لەباتیی هولیا ئەفشار، ئەحەی خولە سنەیی- خوا لێی خۆش بێ- و لەباتیی سبیل جان، نەسرین شێروانی- هەزار رەحمەتی لێ بێ- لەباتیی بولێنت ئارسۆی، حەسەنی دەرزی- خوا بیهێڵێ بۆ لێفە دروون و گۆرانیی کوردی- بۆ لێ بدرێت. جا بۆیە دەڵێم مافی سروشتیی خەڵکی کوردستانە کە گوێی لە گۆرانییەکانی خۆی بێ و گەر جاروباریش گۆرانییەکی بێگانەی بکرێت بەسەردا، ئەوەندە زیانی نەبێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی بەڕادیۆکانی خۆشمان بگوترێ، کە پێویستە مەسەلەی گۆرانیی بێگانە ئیدی وەکو ئێستا زاڵ نەبێ و بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ گۆرانیی بێگانە دابنرێت و مەسەلەکە کۆتایی پێ بێت. بەڕاستی دیاردەیەکی نائاساییە کە مرۆڤ لە پایتەختی کوردستاندا لەخەو هەڵدەستێت، هایدە و موعینی ئەسفەهانی، خەبەری بکاتەوە وەکو ئەوەی لە تارانی- پێش شۆڕشی

ئیسـلامیدا- لە خـەو هەڵستێت، یان چێشتـەنگاو گوێی لە راغب عـەلامـە و جۆرج وەسـوف بێ، وەکو ئەوەی لـەسـەر بەلاجـەکـانی بەیرووت پاڵ کـەوتبێ و تیشکی رۆژ وەربگرێت یان پاش نیوەڕۆ گوێی لە ئوم کەلسوم بێ وەکو- دوای خواردنی فول مـودەمەس- لە (حي الزماليك) لە قاهیرە سەرخـەو بشکێنێ یان وەکو رادیۆی لقی دوو خـوا خـوای بێ ئاهەنگێکی میللی بێ بۆ ئەوەی (نجـوی کـرم) و(مـیـادە حناوی) مـیـوانـی بێ! کـورداندنی رادیـۆکـانیش ئەرکـێکی نیشتمانییە و پێویستە داوودەزگە بەرپرسەکان ئاگەداری ئەم خاڵەبن. رادیۆ ئامـێـرێکی پێـوەندیی زۆر گـرینگە، چونکە سـەر بـەهـەمـوو کـووچە و کـۆڵان و ماڵێکدا دەکات، نابێت رادیۆ دووکانی تەسجیلات بێت.

دیاردەیەکی تری نا ئاسایی، مەسەلەی ئەڵقە تەلەفزیۆنییەکانە کە بەعەرەبی دۆبلاج کـراون و ئێـواران پێش دەنگوبـاس، نیشـان دەدرێن وەکـو ئەڵقـەکـانی (متي أرى حبيبتي) کە خـۆی لە بنەڕەتدا ئیسـپـانییـە و بەعـەرەبی بۆ مـرۆڤی کورد! دۆبلاج کراوە.

لە ڕاسـتـیـدا کـاتێک ئەو ئەڵقـانە دەبینم، دەقـاودەق وادەزانم لـە یەکـێک لە چایخـانە حـەسیرییـەکانی بەغدا، لە کەرخ، لەتاو گـەرمـا لە سـێبـەردا، لەسـەر کورسـییەکی تێکشکاوی حەیـزەران، بەدیزداشەوە، دانیشـتووم و چای خـەست هەڵدەقـوڕێنم و سـەیری زنجیـرەیەکی تـەلەفـزیۆن بەعـەرەبی، بەدەم نـێـرگـەلەوە دەکەم نەکو لە گەڕەکی (بەسـتـەپـیـازە) بم و بەدەم تەڕەپیازەوە، لە هـەولێـر گوێ لە ئەڵقەیەکی تەلەفزیۆنی کوردی بەکوردی بگرم!.

پـیـشـاندانی ئـەو ئەڵقـانە بەزمـانی عـەرەبی، بـێ توانایی و لێنەوەشـاوەییی تەلەفزیۆنەکان نیشان دەدات، چونکە تەرجومە ناکرێت و بڕوایش ناکرێت هیچ گەلێک- جگە لە کورد- ئـەوە قـبـووڵ بکـات کە فـیلـمـێکی ئیـسـپـانـی بۆ بکرێ بەعەرەبی کـەچی خۆیشـی کورد بێ، ئەمـە وەک ئەوە وایە فیلمـێکی ئەرژەنتینی بۆ پیاوێکی فەرەنسی بکرێت بەهندی!

مـەسـەلەی گـۆڕانی ئـەو فیلمـانە بۆ کوردی یان دۆبلاجـی بەکـوردی کـارێکی هێـندە گـران نیـیــە و بگرە زۆریش ئـاسـانـە، چـونکە بەحــوکـمی پێـوەندیی

دوورودرێژی نووسەرانمانەوە لەگەڵ ئەدیبانی خوارووی عێراقدا و باڵادەست بوونی زمانی عەرەبی، پێش راپەرین لە کوردستاندا ئەو سامانەی بۆ بەجێ هێشتووین کە ئەمڕۆ بتوانین بەئاسانی فلیمێکی عەرەبی بکەین بەکوردی بەتایبەتی ئەو فیلمە سادە و ساکارانەی لە کوردستان نیشان دەدرێن کە زۆربەی هەڵسوکەوتی ژووری مەتبەخ و میوان و رووداوی رۆژانەیە یان چیرۆکێکی خۆشەویستیی دەستکردی- فیلمی هندی ئاسا- نێو چینی باڵاو دەوڵەمەند و بێ لەزەتیی ئەو توێژاڵەیە. تەرجومە و دۆبلاجی ئەو ئەڵقە تەلەفزیۆنییانە بەشێکە لە کوردانندنی بارودۆخی رۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتی، بەڕاستی ئێمەی کوردیش پێویستە ئێواران کە دەگەڕێینەوە ناو ماڵ و منداڵ بتوانین بەشانازییەوە سەیری تەلەفزیۆنەکانمان بکەین و ترسی ئەوەمان نەبێ ئەڵقەیەکی عەرەبی- وەک لە سەماوە بین- یەخەمان بگرێت.

لێرەدا و لە کۆتاییدا دەڵێم: پرۆسەی دۆبلاج و تەرجومە مۆڵەتی کاریش بۆ گەلێک هونەرمەند و تەکنیککار و فەرمانبەری دی پەیدا دەکات کە لەڕێیەوە بتوانن خێزانەکان و خۆیان بەخێو بکەن ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کارە، کاری دۆبلاجی فیلم بەکوردی ئەرکێکی نیشتمانییە.

خوێنەری بەڕێز، ئینتەرناسیونالیزم و کۆسمۆپۆلێتیزم و بێ هەستێنیزم، ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشا، ئیدی لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کاتی (کوردانندن)ە.

گوڵان ١١٧ لە ١٩٩٧/٤/٢١

# ئاڵا (یەک) و سەرۆک (فرە)

لە ژمـــارەیەکی گــوڵاندا ســـەبارەت نە بەکـــەمی، بەڵکو بەنەبوونی (ئـاڵا) لە کۆمەڵگەی کورددا بابەتێکم نووسی. نـووسینەکە هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەخـولْقاند و خـۆشم هیچ (ئاڵا) یەکی (نوێم) بەدی نەکـرد، بارودۆخـەکـە هەر وەک خۆیەتی.

لەوە دەچێ ئەم گەلە زۆر تـامـەزرۆی (ئاڵا) نەبێت یان هەر مـەبەسـتی نەبێت یان لە جـەوهـەری (ئاڵا) تێ نەگـات، بۆیە نووسـینەکە سـەرنجی رانەکێـشا و ئاڵاخوازانی لەدەوری خۆی گرد نەکردەوە.

دیارە لێـرەدا مـەبەسـتم لە (ئـاڵای سـیـاسـی) نیـیـە و دەزانم هەڵکردنی ئەو (ئاڵا) یە بەنـدە بەبارودۆخی سیـاسـیـیـەوە و پێـویسـتی بەدانپێدانـانی نەتەوە یەکگرتـووەکـان و دەوڵەتان هەیـە، دیارە ئەوەش دوای ئەوەی کە گـەلەکـە خۆی لەڕێی پەرلەمانەکەیەوە ئەو بڕیارە دەدات.

من زیاتر مەبەستم لە ئاڵا ئاساییەکانە، کە بـاسم کردن، ئەویش بۆ زەوینە رەخـسـانێک بـۆ گرینگی و بایەخی (ئاڵای) سـیـاسی. لە ڕاسـتـیدا ئەم گـوێ نەدانە (ئاڵا)یە، مـرۆڤ ناچار دەکات کە وابزانێ کورد، بەگشـتی زۆر حەزی لە (ئاڵا) نەبێ، چونکە لە سـەرانسـەری مێـژووشـیـدا تەنیـا دوو جـار ئاڵای بەرز کـردووەتـەوە. کـەچی بـەپێـچـەوانەی ئەو دیـاردەیەوە، دیاردەیەکی دی، هـەر لە کۆمـەڵگەی کورد دا، سـەرنج رادەکێـشێ و تەواو پێچـەوانەی ئەوی ترە، ئەویش بەکارهێنانی زاراوەی (سـەرۆک)ە.

لەم وڵاتەدا، واتـە لە کـۆمـەڵگەی کورددا، بـەکارهـێنانی زاراوەی (سـەرۆک) زۆر بەربڵاوە، کـە خـۆی دەبوو بەپـێـچـەوانەوە بێت، بەکـار دێت (سـەرۆک) واتە بەرزترین دەسـەڵات لـە وڵاتێکدا و ئەو زاراوەیەش دەدرێتە کەسـایـەتییـەک کە چ

لەڕووی مێژوویی و خەباتی و ئاستی وشیارییەوە شایستەی بێت، کەچی لەلای ئێمە ئەو زاراوەیە تەواو ناوەڕۆکی خۆی ون کردووە و لە هەموو بوارێکدا بەکار دێت.

بۆ نموونە سەرۆکی کۆمەڵەی کورتە بالآکان، سەرۆکی نابینایان، سەرۆکی رێکخراوی بێکاران، سەرۆکی یانەی فەرمانبەران، سەرۆکی- رەنگە ئەویش پەیدا ببێت- کۆمیتەی ماسیگران بۆ ئەودیو.

تا... دەگاتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی زاراوەی (سەرۆک) بەو شێوەیە لەئاست و نرخ و ناوەڕۆکی (سەرۆک) کەم دەکاتەوە و دەیکاتە زاراوەیەکی ئاسایی کە هیچ زرنگانەوەیەک لای بیسەر جێ نەهێڵێ.

(سەرۆک) کەبەرامبەر (رئیس الجمهوریة) و (پاشا) و (رابەر) و (پێشەوا)، دێت و دەبێ هەر بۆ ئەو حاڵەتەش بەکار بێت و پێویستە بەبیستنی زاراوەی سەرۆک، سەرۆک لەبەرچاوی بیسەر بەرجەستە بێت و کە گوترا سەرۆک یانی تەنیا مەبەست سەرۆک بێت. جا لەم کۆمەڵگەیەدا و بۆ چارەسەری ئەو تێکەڵبوون و تێنەگەیشتنە لە زاراوەی سەرۆک وا پێشنیار دەکەم کە ئەو زاراوەیە تەنیا بۆ خودی ئەو کەسایەتییە بەکار بێت کە لەڕووی شەرعی و مێژوویییەوە لەڕووی خەبات و تێکۆشان و خوێندانی بنەماڵەیەوە پر بەبالآی بێت و زاراوەی (سەرەک)یش بۆ حاڵەتەکانی دی بەکار بێت وەکو سەرەک یانەی فەرمانبەران. سەرەک کۆمەڵەی وەزیران و سەرەک پەرلەمان و ئیدی بەو پێیە. یەکێک لەو خالآنەی لە مێژووی کورددا، ئەو مێژووە دوورودرێژە پڕ کارەسات و خوێناوییەدا کە سەرنجی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و بەپەرۆشی گەلەکەی ڕادەکیشێ ئەوەیە کە گەلی کورد لە مێژوویدا دووچاری حاڵەتی (فرە سەرۆکی) بووە و بەوپێیەش کەلێنێکی گەورە لە بزووتنەوەکەیدا پەیدا بووە کە دوژمنان و ناحەزانی سوودیان لێ وەرگرتووە و لەو رێگەیەوە جووڵانەوەکەیان دامرکاندووە. گەر مرۆڤ چاوێک بخشێنێ بە(شەرەفنامە)دا و دووتوێی لاپەرەی شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بکات ئەوسا دەزانێ کە

قـوتكردنەوەی (فـرە سـەرۆكی) چ زیانـێكی لە مـێـژووی ئەم گـەلە داوە، كـە تا ئەمـڕۆ ئاسـەواری شـێـوێنـەری بەزەقی– تا ئـەمـڕۆ– دیارە. زەوینە سـازانی سایكۆلۆجیـەتی جـەماوەر، بـۆ قبـووڵكردنی پێویسـتیی بوونی (سـەرۆك) لە كۆمـەڵدا و بایەخی و گرینگی ڕۆڵی لە پرۆسەی بیناسازیی نەتەوە و دەوڵەتدا، لە سـەرەتاوە بـەدیاریكردنی چوارچێوەی بـەكارهێنانی لە كۆمـەڵدا دەست پێ دەكات.

ئیدی بەو شێوەیە زاراوەی (سەرۆك) جێی شیاوی خۆی دەگرێتەوە و مانای ڕەسـەنی خـۆی پێ دەدرێتـەوە و مـرۆڤـیش لە ناوەرۆكی زاراوەی (سـەرۆك) دەگات.

لە وڵاتێكدا دەكـرێ چەندین سـەرەك حـزب و چەندین سـەرەك لـە بوارە جیاجیاكانی كۆمەڵدا هەبێت، بەڵام نابێ لەیەک سەرۆک پتر هەبێت.

وڵاتی دوو سـەرۆک نیـیـە و گـەر هەشـبێ– كـە نابێ ببێ– هـەر پشـێـوی و ئاژاوە و ماڵوێرانی پێشكێش دەكات.

لە كۆتاییدا دەڵێم: دەبێ زاراوەی سەرۆک تەنیا بۆ سەرۆک بەكار بێت.

گوڵان ١٢٩ لە ١٩٩٧/٧/١٢

# کار و پاداشت

هیچ کۆمەڵگەیەک بێ کەموکووڕی نییە و کەموکووڕیی نێوکۆمەڵیش نیشانەی دواکەوتن نییە و دەرخستنی کەموکووڕیی نێو کۆمەڵیش دژایەتیی ئیدارە و سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار نییە، بەڵام چارەسەر نەکردنی کەموکووڕی لاوازی و بێ تواناییی سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار دەگەیەنێت. یەکێک لەو بوارانەی کە سیمای کۆمەڵگەی شارستانی نیشان دەدات، پاکوخاوێنی و ڕێکوپێکیی نێو شەقام و کۆڵانەکانە بەگشتی و لە بواری دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانیشدا خەستەخانەکانە، بۆیە دەبێت بایەخێکی زۆر گەورە بەخەستەخانەکان بدرێت و هەردەم نوێ بکرێنەوە و بەپێی توانا ئامێری نوێیان بۆ پەیدا بکرێ و ژمارەی خەستەخانەکانیش زیاد بکرێت.

لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە، لە هەولێری پایتەختدا تا ئێستا یەک خەستەخانەی فریاگوزاری هەیە کە بۆ ئەمڕۆی هەولێر گەلێک کەمە... ڕاستە پەنجا ساڵ لەمەوبەر کاتێک دانیشتووانی هەولێر لە سەد هەزارێک تێ پەڕی نەکردبوو یەک خەستەخانەی فریاگوزاری جێی خۆی بووە، بەڵام ئەمڕۆ کە ژمارەی دانیشتووانی هەولێر پتر لە ملیۆنێک کەسە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە یەک خەستەخانەی فریاگوزاری بەهیچ شێوەیەک بەشی شارێکی ملیۆنی ناکات و دکتۆر و کارمەندانیشی فریای خزمەتی خەڵکی ناکەون بۆیە ئەمڕۆ پێویستە بەرپرسان بیرێک لەوە بکەنەوە کە خەستەخانەیەکی تر لە شاری هەولێردا کە کاری فریاگوزاری ئەنجام بدات، دروست بکەن بۆ ئەوەی گوشار لەسەر ئەو تاکە خەستەخانەیە کەم ببێتەوە. لە ڕاستیدا گەر مرۆڤ لە ڕۆژانی هەینی یان پشووەکاندا سەر لە خەستەخانەی فریاگوزاری بدات ئەوسا بەچاوی خۆی دەبینێت چەند قەرەباڵغە و چەند ڕووداوی قورس لەو ڕۆژانەدا ڕوودەدات کە پێویستی بەچارەسەری ڕاستەوخۆیە بەتایبەت

رووداوی ئۆتۆمبێل و بریندراری.

جـا تا ئەو خـەسـتـەخـانـە نوێیـەش دەکـرێتـەوە گـەر بەرپـرسـان بـایەخـێکی گەورەتر بدەن بەم خەستەخانەیە ئێستا و هەرچی پێویستییە بۆی دابین بکەن و کـارمــەند و دکــتـۆری تەواوی بـۆ پەیدا بکەن و برێک پتــر بایەخ بەپاک و تەمیزی بدەن و هەندێک وردە پێویستیی تر کە لە راستیدا زۆر گرینگن دابین بکەن- وەکـو (بوخـچــەی) نەشـتـەرگـەری و کــەلوپەلی پێـویـســتی ژووری نەشتەرگەری ئەوە تا خەستەخانەی داهاتوو دەکرێتەوە برێک لە کاری دکتۆر و فەرمانبەران سووک دەکات.

هاوکات پێویستە پتر وەک پێشنیارێکیش دەیخەمە روو کە مانگانەی ئەو کارمەند و دکتۆرانەی فریاگوزاری بەرز بکرێتەوە یان حیسابی رۆژی پشوو، رۆژانی هەینی و بۆنەکان کە هەموو کەسێک ئازادە و لەدەرەوەیە و تەنیا ئەم سـەربازە نەناسـراوانە بەشـەو و رۆژ خـەریکی کارن، دەبێت پاداشـتێکی باش بکرێن هەم وەک قەدر زانین بەهیلاکییان و هەم وەک پاڵپێوەنانیان بۆ کاری باشتر و بەرهەمی چاکتر.

لە راسـتـیدا مرۆڤـێک ٢٤ سـەعات ئێـشکگر بێت و سـەرەڕای ئەوەش هیچ پاداشت و قەدر زانینێک و دەستخۆشانە و دەستگرتنی نەکرێت ناهەقی نییە گەر زۆر بەجدی کارەکانی بەڕێوە نەبات. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێکی تر بدەم کە پێوەندیی بەهەموو خەستەخانەکانەوە هەیە ئەویش مەسەلەی کەمیی دکتۆری (بەنج)ە، کە لە هەولێردا هەر (٥)یان شـەش دکتۆرە و ئەم دکتۆرانەش فـریای هەموو خـەسـتـەخـانەکان ناکـەون و گـەر بشکەون ئەوە تەواو مـاندوو شـەکـەت دەبن، بۆیە پێـویسـتـە ژمـارەی ئەم دکـتـۆرانە زیاد بکرێت و لە هەر خـەسـتـەخـانەیەک دکـتـۆرێکی (بەنج)ی هەمـیشـە ئامـادە وجوودی هەبێت. کە دیارە لەم حاڵەتەدا دەبێ حیسابێکی تایبەتی بۆ ئەو دکتۆری بەنجانە بکرێت و مـانگانەیان زیاد بکرێت بەڕادەیەک پێـویسـتـیـیـان بەکـردنەوەی (عـیـادە)ی تایبـەتی نـەبێت و هاوکات جێ و ڕێیـەکی شیـاویان لە خـەسـتـەخـانەکاندا پێ بدرێت، کـە شـایەنـی کاری قـورس و مـەزنیـان بێت و وا لە دکـتـۆرەکـانی تر و

قوتابییانی کۆلیژی پزیشکی بکات کە رادەیەکی زۆر خۆی بۆ خوێندنی بەنج و خۆ تەرخانکردن وەکو دکتۆری بەنج بکات. گەر ئەم خاڵانەی باس کران جێبەجێ نەکرێن، ئەوە ئیدی دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر نابێت گەر بێت و فەرمانبەری بەدالەی خەستەخانەی خزمەتگوزاری لە سەعات ٧،٥ ی بەیانییەوە تا هەشت وەڵامی تەلەفۆن نەداتەوە و گەر چوار دکتۆر لە ساڵۆنی نەشتەرگەریدا لە قابلەمەی چێشت خواردندا، بەدۆلکەی نایلۆن ئاو بخۆنەوە!

مرۆڤ نابێت سەرسامیش بێت کاتێک لە ژووری تیشکدا دۆشەکێکی ئیسفەنج، چڵکن و پڵکن، بێ بەرگ لە سووچێکی ژوورەکەدا بەدی بکات و نەخۆشیش نابێت ناڕازی بێت، کاتێک لە ژووری نەشتەرگەریدا (بوخچە)(*) پەیدا نابێت و بەناچاری داوا لە خەستەخانەیەکی ئەهلی بکرێت کە سێ چوار بوخچەی بەقەرز بداتێ و دکتۆرەکانیش نابێت لەوە دردۆنگ بن کە (غسالە)ی خەستەخانەکە کار نەکات و کورسییەکانی ژووری دانیشتنی دکتۆرەکان لە ساڵۆنی نەشتەرگەریدا لە کورسییەکانی چاپخانەیەکی لاکۆڵانی شێخەڵا باشتر نەبێت و سەلاجەی ژووری نەشتەرگەری پڕ بێت لە... هیچ.

گوڵان ١٦٦ لە ١٩٩٨/٣/٢٠

---

(*) بوخچە: ئەو جلانەیە کە دکتۆر لە کاتی نەشتەرگەریدا دەیپۆشێت.

# چوارەم قیرتاو

هەرچۆنێک بێت شڕە تەکسییەکمان دەست کەوت، من و هەڤاڵەکەم، کە لەدەرەوەی وڵات بۆ سەردان گەڕابووەوە و حەزی دەکرد بچینە سەر ڕێگای مەسیف. پەیداکردنی تەکسی لە عەسرانی ڕۆژی هەینی، هەروا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە هەر بەوەستانی تەکسییەکە یەکسەر خۆمان خزاندە نێوی و بەرەو ڕێی مەسیف کەوتینە ڕێ، هەرچەندە ئەو ڕاستییەشم دەزانی کە پەیداکردنی جێی دانیشتن لە تەکسی گرتن زەحمەتتر دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا هەر- لەسەرخوا- ملمان نا...

بەهەر شێوەیەک بوو لە قەراغ جادەی مەسیف بستە زەوییەکمان پەیدا کرد و ئەسبابی سەیرانمان داگرت.

شوفێرەکە خەریکی چالێنان بوو کە دیمەنێک سەرنجی هەڤاڵەکەمی ڕاکێشا هەر بۆیەش سیخورمەیەکی تێوە کوتام و بە سەرسوڕمانەوە گوتی: سەیرکە!

لە ڕاستیدا ناهەقی نەبوو سێ ئامێری زەبەللاح، کوتێنەر و هەڵکەنەر و زەمینبڕێک پێکەوە لەسەر جادەکە کاریان دەکرد.

بۆ منیش کە دانیشتووی ئەم وڵاتەم و چاو و گوێم بەنامۆکاری ئاشنابووە، هەر سەرسام بووم، چونکە لەلایەک قیرتاو دەکرا و لەلایەکی تریشەوە- هەر لەسەر هەمان جادە- قیرتاوەکە تێک دەدرایەوە. پتر لەیاری منداڵان دەچوو.

هەڤاڵەکەم چاوی ئەبڵەق بووبوو، لەوە دەچوو بڕوا نەکات، چونکە بێ ئەوەی سەیریشم بکات گوتی: (ئەمانە خەریکی چین!)

پیاو ڕاست بڵێ منیش هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم دەکرد لە نهێنیی ئەم تێکدان و بیناکردنەوەیە بگەم، بۆیە پەلی هەڤاڵەکەم گرت

و نزیک کرێکارەکان کە سەرقاڵی کار بوون کەوتینەوە، کابرایەک لە کەنار جادەکە راوەستا بوو، لەوە دەچوو سەرکاری ئەو کارە بێت، چاویلکە و بۆینباخ و پۆشتە و پەرداخی لەچاو کرێکارەکاندا، هەر ئەوەی دەسەلماند کە کارمەندێکی گەورە بێت، یەکسەر پرسیارم لێ کرد و گوتم:

(زەحمەت نەبێت لە نهێنیی ئەم قیرتاوکردن و قیرتاو هەڵگرتنەمان تێ ناگەیەنیت؟)

کابرا چاویلکەکەی سەرچاوی لابرد و برێک سەیری ئەملا و ئەولای خۆی کرد و پاشان گوتی: (ئەمە جاری چوارەمە...)

هەڤاڵەکەم دەمی داچەقاندبوو وەک بڕوا نەکات گوتی: (چوار جار چی؟)

کابرا زەردەخەنەیەک گرتی، دیاربوو نەشارەزاییمان لێ دەتکا. گوتی: (چوار جار قیرتاو!!)

هەڤاڵەکەم خەریک بوو بکەوێ بەلادا، بۆیە کابرا وەک روونکردنەوەیەک گوتی:

(جاری یەکەم پێی دەڵێن قیرتاوی ئەزموونی... یان ئەزموون یەک!)

یەکسەر منیش گوتم: ( ئەی دووەم جار؟)

کابرا چاوی تێ بڕیم دیاربوو گاڵتەی بەعەقڵم دەهات بۆیە گوتی: (ئەزموونی دوو!) رووم کردە هەڤاڵەکەم. دەموچاوی تەواو سوور هەڵگەڕابوو لێوەکانی دەلەرزین لەوە دەچوو بیەوێ شتێک بڵێت کە کابرا رووی تێ کردینەوە و گوتی: (ئەزموون سێشمان هەبوو و ئەمەی دەشیبینیت ئەزموون چوارە!!)

هەڤاڵەکەم ئەم زانیارییانەی پێ قووت نەدەچوو، چونکە گوتی: (جا بۆ چوار جار؟)

لەوە نەدەچوو کابرا حەز بکات پتر لەسەری بڕوات لەگەڵ ئەوەشدا گوتی:

(کاکی براینە... دیارە ئێوە نەشارەزان ئێمە فەلسەفەیەکمان هەیە ئەویش دەڵێ: بیسازێنە (دای تەپێنە و دیسان بیسازێنە).

هەڤاڵەکەم خوێندەوارییەکی باشی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو هاوکێشەیە نەگەیشت؛ چونکە گوتی: (ئەی فەلسەفە لەمەدا چییە؟)

کابرا هەناسەیەکی توندی دایەوە کە یەکپارچە نارەزایی بوو، چاویلکەکەی نایەوە بان چاوی و گوتی: (کرێکار بەبەردەوامی کار دەکات و ئامێرەکانیش ژەنگ هەڵناهێنن!)

من لە تاوتوێی ئەو هاوکێشەیەدا بووم کە کابرا گوتی: (هاوکێشەیەکی تریش هەیە، هەروەک ئەوەی ئێمە گرینگە)

هەردووکمان، من و هەڤاڵەکەم وەک بڕیارمان دابێ گوتمان: (ئەو چییە؟) چاویلکەکەی داگرتەوە و ئەمجارەیان رووی بەرەو هەولێر وەرگێڕا گوتی: (بیچەقێنە... دەریبێنە... بیچەقێنە!)

راستییەک ناشارمەوە کە قوتابییش بووم زۆر حەزم لە چارەسەری هاوکێشەکان لە ماتماتیک و فیزیادا نەدەکرد، بۆیە من لەلای خۆمەوە چاوەڕوان بووم کە کابرا خۆی ئەم هاوکێشە نوێیەی نێو کۆمەڵی کوردەواریم بۆ شی بکاتەوە.

هاوەڵەکەم وەک شرینقەی بەنجی لێ درابێت سڕ بوو، کابرا گوتی: (هەموو ساڵێک ئێمە، واتە وەزارەتەکەمان لەبەردەم وەزارەتەکاندا نەمام دەچەقێنین و پاش هەفتەیەک دەریاندێنین و خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ساڵی نوێ کە نەمامی نوێ بچەقێنینەوە!)

هاوەڵەکەم بەنج بەری نەدابوو، بۆیە گوتم: (ئەمەیان بۆ؟)

دیاربوو کابرا لە حۆلیی من و سڕبوونی هاوەڵەکەم بێزار بووبوو، چونکە بەنارەزاییەوە گوتی: (گەر وا نەکرێ ساڵی داهاتوو نەمام لە کوێ بچەقێندرێ. پێویستە ئێمە ئەو نەمامە کۆنانە دەربکێشین بۆ ئەوەی نەمامی نوێ بچەقێنینەوە)

تۆزێک وەستا و پاشان دەستی دا بەسەر شانی هەڤاڵەکەمدا هەر بۆ ئەوەی بەنجەکەی بەری دا گوتی: (سەیرم لێ دێ) (ئێوە لەو هاوکێشە سادانە ناگەن!)

ڕۆژ بەرەو ئـاوابوون دەچوو، بـۆیە بۆ لای کـەلوپەلەکـانمان گـەڕاینـەوە و تا سـواری تەکسـییـەکە بووین ڕۆژ بەتەواوی ئـاوا بوو. هێـشـتـا نەگـەیشـتـبووینە سەیتەرەکە کە مەفرەزەیەکی ڕێوانی ڕای گرتین. هەستم کرد ئۆتۆمبێلەکەمان بێ لایت دەڕوا. شـوفێر و ڕێوانەکە کەوتنە مـشـتـومڕ، پاشان شـوفێرەکەمان پارچە کاغەزێکی خستـە مشتی ڕێوانەکەوە، وابزانم هەر ئەو دە دینارە بوو کە ئێمـە بەشوفێرەکەمان دابوو، ئانیشکێکم لە هەڤاڵەکەم دا و گوتم: (پێویسـتە لەم هاوکێشە نوێیەش بگەین).

هەڤـاڵەکـەم تاقـەتی قـسـەکـردنی نەمـابوو، بۆیـە منیش لـەبەر خـۆمـەوە، بەدەنگێک کە ببیستریت گوتم: (پەیدای کە... بەفیڕۆی دە... پەیدای کە)

پەنجەرەکەی لای خۆم کەمێک بۆ هەوا خۆری دابەزاند.

دەنگی کوتێنەر و زەمینبڕ و هەڵکەنەر سنووری هەولێریشی دەبەزاند.

گوڵان ٢١٨ لە ١٩٩٩/٣/٢٠

# میستەر ئێکس X

زۆر باسی نەورۆزم بۆ میستەر ئێکس کردبوو. بۆیە هەرپاش ئاگرکردنەوەی نەورۆز لەسەر قەڵا- کە چرە دووکەڵ ئاسمانی تەی دەکرد- چوومە ئۆفیسەکەی و زۆر بەشانازییەوە گوتم: (سبەینێ، لەسەر دەستووری خۆمان و وەک هەموو خەڵکی، دەچینە دەرەوەی شارو لەوێ نەورۆزی خۆمان دەکەین)

خۆشحاڵیی میستەر ئێکس هەر وەسف نەدەکرا، لەوەڵامدا بەزەردەخەنەیەکی گەورەوە کە دڵخۆشیی لێ دەتکا، گوتی:

(وذ پلێژەر)(*) زۆر لەسەری نەڕۆیشتم و یەکسەر گەڕامەوە ماڵێ و دەستوورم بەخانم دا، کە شیوی سبەینێ ساز بکا. لێتان ناشارمەوە، فەرمانی یاپراخم- وەک عادەت- دا.

بەیانی زوو، میستەر ئێکس بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی هات بە شوێنماندا، من بیرم چوو خۆم بناسێنم: فەرمانبەرێکی بچووکم لە یەکێک لە فەرمانگەکانی شاری هەولێردا و خاوەنی پێنج منداڵیشم و کاتی ئەوەش نییە کە بڵێم مانگانەکەم بەشی هەفتەیەکم ناکا، ئەوە گرینگ نییە. بەهەرحاڵ هەموومان بە خاوخێزانەوە خۆمان کوتایە نێو ئۆتۆمبێلی خاڵە ئێکسەوە- من لەبەر منداڵە بچووکەکان ناوم نا خاڵە، چونکە گوتم نەک لێیان تێک بچێ و لە باتی میستەر بڵێن هێستر.

کەوتینە ڕێ، من و منداڵەکانم زیاد لە پێویست خۆشحاڵ بووین، لە راستیدا ئەمە یەکەمین جار بوو خۆم و منداڵەکانم سواری لەیلا عەلەوییەک بین. ئەوە خۆشحاڵیی خێزانم هەر باس ناکرێ، چونکە ئەو لە (ریم) و (کۆستەر) بەولاوە، پێی تێ نەنابوو.

ڕۆژێکی تەواو خۆش بوو، تیشکی زێڕینی خۆر دەیدا بەسەر گردۆلکەکانی

سەر ڕێی مەسیفدا، سەدان خێزان بەجلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە لە کەنار جادەی مەسیف دەبینران. خاڵە ئێکس لە خۆشیدا بەهەر چوار لای خۆیدا دەیڕوانی، بەڕادەیەک نەشئە گرتبووی کە ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو- هەر لە خۆشیدا- وەرمانگێڕێ، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەو لە کوردستان فێری سایەقی نەبووبوو.

ئێمە- وەک ساڵانی پێشوو- بەرەو (هەنارە) ملمان دەنا و دەیان ئۆتۆمبیل زۆر بەخێرایی بەلاماندا فڕکەی دەهات، بەڕادەیەک کە سەرنجی خاڵە ئێکسی ڕاکێشا و گوتی:

"ئەم شوفێرانە بۆ هێندە پەلەیانە"

لە ڕاستیدا ئەو شوێنەی بۆی دەچووین، هەر بیست دەقیقەیەک دەبوو، بۆیە هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو.

هەرچۆنێک بێت خۆمان گەیاندە لۆفەکانی (خانزاد)، ئیتر هەر مەپرسە. دەیان ئۆتۆمبیل پێش و پاشیان بەیەکەوە نابوو، جادەکە تەنیا مۆڵەتی دوو ئۆتۆمبیلی هەبوو، چوون و هاتن شەش بەتەنیشت یەکەوە ڕاوەستابوون، بۆیە هیچ مۆڵەتی ئۆتۆمبیلی هاتوو نەدەبوو هەر وەک بزووتنیش لەلای ئێمەوە هەر بەتەواوی ڕاگیرابوو، ئێکس کەوتە عارەق سڕین و بەدەستی ڕاستی باوەشێنی خۆی دەکرد. من تەواو بێدەنگ بووم، بەڕاستی حەزم نەدەکرد هیچ پرسیارێکم لێ بکا، چونکە زۆر باسی کورد و پابەندبوونی بەیاسا و گوێڕایەڵیی ئەم گەلە و هێز و توانای حکوومەتی هەرێمم بۆ کردبوو، بۆیە متەقم لە خۆم بڕیبوو.

پاش سێ کاتژمێر، ڕێگە کرایەوە. بێزاریی خاڵە ئێکس لە شڵەژان و عارەق کردنەوەی بەردەوامی بەئاسانی هەستی پێ دەکرا. سەیر ئەوە بوو، ئەو وەک بۆ ئاهەنگێکی ڕەسمی بچێ سمۆکنی پۆشیبوو، هەروەک بۆینباخی پەپوولەشی بەگەرووییەوە چەسپ کردبوو.

هەر چۆنێک بێت، کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ، گەیشتینە ناوچەی هەنارە،

ئینجا پەیداکردنی شوێن، لەڕێ بڕین سەختتر بوو.

بەهەر حاڵ- لەبەر قەرەباڵغی و کورد گوتەنی تفت هەڵدایە نەدەکەوتە زەوی- لە شوێنێکی لێژو دڕکاوی و بڕێک وشکە ریخاوی، بستە جێیەکمان پەیدا کرد. بەتانیمان راخست و یەکسەر خانمم وەک کەیبانوویەکی لێهاتوو، مەنجەڵە یاپراخی رژاندە سەر سینی، خاڵە ئێکس چاوەڕێی کەوچک و چەقۆ و چەتاڵ بوو کە گوتم:

"یابراخ وەک عادەت ئێمە بەدەست دەخۆین"

ئەویش هیچی نەگوت و وەک ئەو خەڵکە بەپەلە کەوتینە یاپراخ خواردن، ئاگام لێ بوو، خاڵە ئێکس هەر لە شوێن خۆی هەڵدەبەزییەوە، دیار بوو هێشتا پاشەڵی فێری دڕک و داڵی تیژی کوردستان، نەبووبوو.

خاڵە ئێکس کە دەستی دەدایە یاپراخێک گورج دەستی- وەک پشیلە- لە گەرمیدا دەگێڕایەوە و پاشان هەر پشیلە ئاسا زۆر بەحەزەرەوە پەنجەی بۆ دەبردەوە. هەرچۆنێک بێت یەک دوو یاپراخ و دوو سێ پلە گۆشتی نەکوڵاوی قووت دا و پاشان سەری بەهەر چوار لادا بادەدا، بۆیە پرسیم:

"خاڵە ئێکس لە چی دەگەڕێیت؟"

بێ سێ و دوو گوتی:

"بەلووعە"

هەر خێرا خاولییەکم دایە دەست و گوتم:

"لێرە بەلووعە نییە"

سەری بادا و لەتاو گەرما بەخاولییەکە کەوتە باوەشێنی سەرو روومەتی.

گەرمای ئەو رۆژە، بۆ ئێمەی هاووڵاتیش، هەر لە ئەندازە بەدەر بوو، چ جای بۆ مرۆڤێکی ئەورووپی.

خێزانێکی نزیکمان ئەوانیش هەروەک ئێمە بەپەلە لە خواردنەکەیان بوونەوە و بەرێکۆردێکی گەورە و بەدەنگی بەرز کەوتنە لێدانی گۆرانییەکی عەرەبی نیو سەدە لەمەوپێش، هەرزەکارێکی نزیکمان تەپڵێکی لەبەردەم خۆیدا دانابوو،

بەئیقاعێکی ناساز ئەویش دەیەویست موشتەری بۆ هەڵپەڕکێیەکی رەشبەڵەک ساز بکات، چەند منداڵێکی عەجوولیش هەر لە نزیکمانەوە خەریکی تۆپ تۆپێن بوون و تەپۆتۆزی ئەو ناوەیان بەسەرماندا دەپرژاند. سەیری (خاڵە ئێکس)م کرد، زۆر شپرزە دەهاتە پێش چاوم، هەلاو لە سەروپۆتەلاکی هەڵدەسا و خێراخێراش عارەقی دەسرِی و زۆر بەنیگەرانییەوە بەدەوروپشتی خۆیدا، وەک بۆ شتێک بگەڕێ، دەیڕوانی بۆیە پرسیم: "لەوە دەچێ بەدوای شتێکداویڵ بی؟"

سەری بەرز کردەوە، بەشپرزەیی و بێ ئارامی بۆ خۆی هاواری دەکرد. گوتی:

"تەوالێت!"

وەک لە بانێک بەرم بدەنەوە خوارەوە منیش گوتم:

"تەوالێت ؟

رەنگی شین و مۆر هەڵگەڕابوو، لەوە دەچوو تووشی گوشاری خوێن بووبێت، بەنارەزاییەوە گوتی:

"بەڵێ... بەڵێ... تەوالێت"

وەک گورزێک بدەن بە تەوقی سەرما، ئاوا وڕبووم. نەم دەزانی بڵێم چی، بۆیە لە تاوا گوتم:

"ئێمە تەوالێت بەکار ناهێنین"

رەنگی ئەوەندەی تر تێک چوو، خۆشم شەرمەزار بووم و نەمدەزانی چۆن لەو هەڵوێستە خۆم قوتار بکەم، بۆیە گوتم:

رۆژەکەی زۆر گەرم و قەرەباڵغیش تا دێ زێتر دەبێ، بۆیە وا چاکە بەرەو هەولێر بگەڕێینەوە"

خاڵە ئێکس هیچی نەگوت و ئێمەش هەر خێرا کەوتینە گردکردنەوەی کەلوپەلەکانمان هێند بەخێرایی، کە سەرنجی خێزانەکانی دەوروبەرمانی رادەکێشا و بەسەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانین و هەندێک بەزەردەخەنەیەکی

تەماوییەوە خواحافیزییەکی بێدەنگیان لێ کردین.

کـەوتینە ڕێ، ئـەمـجـارەیان لـەسـەر پێـشـنیـاری من  بۆ گـەڕانەوە، ڕووەو (دڵۆپە) ملمان نا، ئەویش بەو حسابەی لەوێوە ڕێگە ئەهوەنتر دەبێ، بەڵام هەر زوو دەرکـەوت، کـە بەهەڵەدا چووم، بەڵام تازە چارمـان نەمـابوو، هاتوچۆ و جموجوڵی بێ سـەروبەری شوفێران ئەم ڕێگەیەشیان خراپتر کردبوو، دەنگی قیژەی منداڵان و هۆڕنی بەردەوامی ئۆتۆمبێلەکان و تەپوتۆزی کەنار جادەکە، تابلۆیەکی عەنتیکەی نیشـان دەدا هەر بۆیەش خاڵە ئێکس هەر سـەری خۆی بادەدا.

کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ گەیشتینە سەر جادەی کۆیە، مـاوەیەک ئۆتۆمبێلەکەمان ڕەوتی ئاسایی دەکرد، بەڵام کە گەیشتینە (دڵۆپە) ئیتر هەر مەپرسە. سەدان ئۆتۆمبێل بەپێچەوانەی یەکترەوە ڕاوەستابوون.

شوفێرێک کە بەپێچەوانەی جادەکە ڕاوەستا بوو، وەک مزگێنیم پێ بدا گوتی:

"من پێنج کاتژمێرە لێرە ڕاوەستاوم"!!

ویستم ئەوە هەر بۆ هێورکردنەوە بۆ خاڵە ئێکس بڵێم، بەڵام ئەو سـەری دابوو بەسەر سووکانەکەیدا و پرخەی دەهات.

نازانم چەند بوو ڕاوەستابووین، کە هەستم کرد ناو ئۆتۆمبیلەکەمان تەواو بێدەنگە. ئاوڕم دایەوە، منداڵەکان هەموو خەوتبوون.

دەستی چەپم دەرکێشا و لەبەر ڕۆشناییی مانگەشەو سەیری کاتژمێرەکەمم کرد. دوانزەی شەو بوو.

کورسییەکەم بۆ دواوە ڕاکێشا، ویستم منیش سەرخەوێک بشکێنم، کە خاڵە ئێکس خەبەری بووەوە و یەکسـەر گڵۆپی بنمیچی ئۆتۆمبێلەکەی داگیرساند. بەجوانی سەرنجم دا، هەر نەمدەناسییەوە. سەری کە ساف و لووس بوو، بەتەواوی سـووتابوو، ڕوومەتەکانی وەک تەماتەی شارەزووری لێ هاتبوون، چاوەکانی دەرپۆقی بوون، بۆینباخە پەپوولەییەکەی سەرە و خوار

بوو، چاکەتە ڕەشەکەی لە بەرگی ئاشەوان دەچوو. لەڕاستیدا ئەو خاڵە ئێکسە شـیکپـۆشـەی سـەرلەبەیانی نەبوو، باویشکێکی گـەورەی دا وەک باسـێکی پچڕاوم بۆ تەواو بکات گوتی:

"ئا ئەمەیە سەیرانەکانتان ؟"

دەسـتـەکانی گرمۆڵە کرد و نایە بان سـووکانـەکـە و زۆر بەشـێنەیی سـەری خستە سەر، لەلاوە لە کەروێشکێکی گەورە دەچوو.

یەکسەر کەوتە پرخە پرخ.

............................................

(*) بەخۆشحاڵییەوە

گوڵان ٢١٩ لە ١٩٩٩/٤/٣

# بۆچی نانووسم؟

ماوەیەکە سەلام عەبدوڵا بێدەنگە، ئایا لە نووسین کەوتووە یان سەرقاڵی ئیشە و یا گازاندەی لە راگەیاندن هەیە؟ لە دیدارێکدا ئەو پرسیارەمان لێ کرد، ئەویش بەم نووسینە وەڵامی داینەوە.

لە ڕاستیدا بەپلەی یەکەم هەستکردنە بەنەبوونی ئەو ئازادیی و سەربەستی دەربڕینەی کە من دەمەوێ. ڕەنگە من داوایەکی وا زۆریشم نەبێ لەمەڕ ئازادیی دەربڕین، بەڵام دەبێ هێندە بێت کە مرۆڤ بتوانێ بیروڕای وەک خۆی دەیەوێ، نەک گۆڤار و ڕۆژنامەکان، دەربڕێ. دیارە من لایەنگری ئازادیی بێ سنووریش نیم؛ چونکە دەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو رادەربڕینەش هەبێ، کە لەلایەک بەرژەوەندی باڵای نیشتمان رەچاو بکات و لەلایەکی تریشەوە ئەو ئازادییە نەبێتە هۆی هێرش و پلار و توانجی شەخس و، رەخنەی وەک دەڵێن بێ جێ و بێ سەروبەر، بەڵام وەک گوتم، دەبێ ئەو ئازادی و سەربەستییە هێندە بڕ بکات بۆ نموونە بتوانم بڵێم بۆ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی گەڕەکی خانزاد- کە پێیان دەگوت دۆلار ئاوا- شۆستەی شەقامەکانی ئەو گەڕەکەیان کردووە بە باخچە!! بەڵێ باخچە و مرۆڤ ناچارە لەبەر بێ شۆستەیی بەنێو قەدی شەقامەکاندا ڕەوت بکات، کە دەزانی ئەوە چ مەترسییەک دەخاتە سەر ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی منداڵ. ڕەنگە ئەم باری سەرنجە بنێرم بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکان یان خودی (گوڵان) یان (برایەتی) و ئێوەش و ئەوان نەوێرن بڵاوی بکەنەوە، چونکە ڕەنگە بۆنی ئەوەی لێ بێ، کە ئەو باری سەرنجە، ڕەخنە لە ماڵە بەرپرسێکی حزبی یان حکومی بێت کە ڕەنگە بەهیچ شێوەیەک ئەو مەبەستەش نەبێت. یان جارێک پێشنیارێکی سادەم کرد و ناردم بۆ (برایەتی) کە تێیدا وتبووم با هێزەکانی پۆلیسی خۆمان پاسەوانیی بارەگا حزبییەکان بکەن، هەموو حزبەکان و میلیشیای

تایبەتی حزبەکان پاسەوانی بەردەرگە نەبن، چونکە لە هەندێ بارەگا مرۆڤ وای هەست دەکرد کە لە ئەستەمبۆڵ یان ئەنقەرەیە، کە دیارە ئەویش دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی خەڵکی، چونکە بڕوا ناکەم، بۆ نموونە، لە ئەنقەرە لە گەرمەی پێوەندیی گەرمی نێوان پارتی و حکوومەتی تورکیدا بیهێشتایە، کابرایەک بەجلی کوردی و جامانە و پەستەک و بڕنەوێکەوە، لەبەردەم مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی رابوەستێ و ئەوە، بەوپەڕی سەرپێچی و ئیهانە لەقەڵەم نەدا، ئەویش و دەیان شتی ورد و سادەی لەو بابەتە دەنێردران و بڵاو نەدەکرانەوە کە مرۆڤ ناچار دەبوو ئیدی کۆڵ بدات، چونکە ئەگەر نووسەرێک نەتوانێ باس لەو شتە سادە و ساکارانە و وردیلە باری سەرنجانە بکات، ئیتر چی بنووسێ بەتایبەتی بۆ نووسەرێک، کە کارمەندی کۆوارەکە یان رۆژنامەکە نەبێ.

لە راستیدا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە رۆژنامە کوردییەکان، لێرەدا زیاتر باسی گوڵان دەکەم، ئەو راستییە بدرکێنێ کە هەرچی لەو کۆوارەدا دەنووسرێ و هەر هەمووی بەتەوجیە نییە و دەنگی حزب و دەسەڵاتیش نییە، بەڕاستی لام سەیرە ئێمەیەک کە ئاگامان لەناوەندی بڕیار نییە، شتێک بنووسین و بەڕەئی دەسەڵات و حزب لە قەڵەم بدرێ، بۆ نموونە گەر من بڵێم لە دوا بازگەی تورکەکان لە سنووری ئیبراهیم خەلیل لەسەر ئەوەی گوتم دەچم بۆ هەولێر، سێ رۆژ مەحتەلیان کردم، خۆ ئەگەر بمگوتبایە کوردستان ئەوا سنوورداشی پێچەوانەیان دەکردم! گەر وا بڵێم کارمەندانی ئەو بازگەیە معامەلەیەکی زۆر ناشارستانی لەگەڵ ئەو کوردانەی بەرەو کوردستان دێن دەکەن. ئەمە بۆ نموونە، بۆ نەوێرین لە گوڵاندا لەسەری بنووسین و ئەو باری سەرنجە بۆ بە باری سەرنجی حکوومەتی هەرێم لەقەڵەم بدرێ و بەوپێیەش نەوێردرێ بڵاوبکرێتەوە. کە من بەناوی خۆم و بەوێنەی خۆمەوە بابەتێکم بڵاوکردەوە، ئیتر ئەوە ئیتر رەئی منە، وابزانم ئەو دەوڵەتانەش بەتایبەتی تورکیا لەوە دەگا چونکە- ئەگەرچی تورکیش نازانم - رۆژنامەکانیان پڕە لە نووسەرانێک کە دەتوانن رەئی خۆیان بەئاشکرا بڵێن، کە هەر پێوەندی

بەرەئی حکوومەتەکەیانەوە نەبێ و بگرە زۆر جار دژیشی بێ. هەندێ برادەر کە تورکی دەزانن وادەڵێن. ئیتر ئێمەش با پەیڕەوی ئەو نەریتە بکەین، چونکی ئەو کاتە مرۆڤ هەمیشە چاوەڕێی بابەتێکی نوێ بوو کە خەڵکی دەورووژاند.
بە نیسبەت پۆستی پارێزگاریشەوە بڕوا ناکەم هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر نووسینم هەبووبێت، چونکە چەند کاتژمێرێک کار لە رۆژێکدا هەرگیز ناتوانێ رێگر بێت لە نووسین، بەتایبەتی بۆ ئێمە کە نووسەری (حیرفەیی) نین. رەنگە بتوانم بڵێم بۆ من وەکو نووسەرێک سوود بەخشە، چونکە رۆژانە دەیان کەس دەبینم و لەنزیکەوە لە موعاناتیان دەگەم، کە رەنگە ئەوەم لە کارێکی ئیداری تردا بۆ نەڕەخسایە. گەر ئەم وەزیفەیە نەبووایە لەکوێ بمزانیبایە کە مانگانەی فەرمانبەرێک سێ سەد دینارە و کرێی خانووەکەی شەش سەد دینارە و خاوەن چوار پێنج منداڵیشە و چۆن ئەو پرسیارەم لا دروست ببێ: کە ئەو خەڵکە چۆن دەژی؟

گوڵان ٣٩٦ لە ٢٠٠٢/٨/٢٢

# ئاکامی ملهوڕی

هێرشی ئاسمانی و راکێتی بۆ سەر ئەفغانستان، لەلایەن ئەمریکا و دۆستانییەوە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەموو جیهان درکیان بەو راستییە کردبوو، کە ئەمریکا وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ دەستدرێژیی تیرۆریستانەی یازدەی ئەیلوول هێرشی سەربازی دەکاتە سەر ئەفغانستان، لەگەڵ ئەوەشدا سەرانی تاڵیبان هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بەو هەڕەشانەی ئەمریکا نەدا و لەسەر ملهوڕیی نادووربینانەی خۆیان بەردەوام بوون و داوای ئەمریکا بۆ تەسلیمکردنی ئوسامە بن لادنیان بەتوندی رەت کردەوە. مرۆڤ لەڕاستیدا سەری لەم کارەی تاڵیبانەکان سوڕ دەمێنێت، ئەمانە کە خاوەن وڵاتێکی هەژار و دەوڵەتێکی لاوازن، چ لە رووی عەسکەری و چ لەڕووی ئابوورییەوە، شەڕ و جەنگ پابەندی تەرازووی هێزەو کاتێک دوو هێزی وەک ئەمریکا و دۆستانی لەگەڵ هێزێکی تەقلیدی و ناپەرەسەندووی وەک ئەفغانستان دەکەونە ململانێی سەربازییەوە، لایەک کە خاوەن نوێترین تەکنیک و مۆدێرنترین چەک و بەهێزترین ئابووری و دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیا بێت، لەگەڵ یەکێک لە هەژارترین و دواکەوتووترین وڵاتی دنیا ئیدی مرۆڤ دەبێت چاوەڕێی چ ئاکامێک لەو جەنگە بکات؟

راستە بیروباوەڕ هێز و توانای مەعنەویی خۆی هەیە، بەڵام بەهێزترین بیروباوەڕیش، بێ پشتیوانییەکی بەهێزی ماددی، هیچ چاوەڕێی سەرکەوتنی لێ ناکرێ، جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا سەرانی، تاڵیبان لەم ڕاستییە سادەیە نەدەگەیشتن؟ یان تێ دەگەیشتن و بڕوایان نەدەکرد کە ئەمریکا هێرشی سەربازی بکاتە سەریان.

ئێستا وا زیاتر لە دوو هەفتەیە ئەمریکا و هاوپەیمانانی هێرشی ئاسمانی و راکێتی دەکەنە سەر ئەفغانستان و ئەوەی لە تەلەفزیۆن و لە میدیاکانی

جیهاندا دەبینرێ ئەوەیە کە هێزی سەربازیی تاڵیبان هیچ توانایەکی خۆی نەنواند، کە لەوەش ناچێ بتوانێ بینوێنێ، هەرچەندە تاڵیبانەکان هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە چاوەڕوانی هێرشی زەمینیی ئەمریکان و ئەوسا دەیانەوێ توانای سەربازیی خۆیان نیشان بدەن. لەڕاستیدا لەمەشدا هەر بەهەڵە چوون و ئەوان وا دەزانن ئەو جەنگەی بەرامبەر سۆڤیەتی جاران کردیان دەتوانن، ئەمڕۆ هەمان هەڵوێست و توانا بەرامبەر سوپای ئەمریکی بنوێنن.

ئەوان دیارە لەو ڕاستییە ڕۆشنە ناگەن، کە ئەوسا جیهان دوو جەمسەر بوو هەر بۆیەش کە دژایەتیی جەمسەرێ دەکرا، جەمسەرەکەی تر پشتیوانیی دەکرد و هەموو جۆرە یارمەتییەکی دەدا.

ئەوسا بۆ دژایەتیی سوپای سۆڤیەتی، ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییە نەوتییە دەوڵەمەندەکان، هەموو یارمەتییەک پێشکێش دەوڵەتی ئەفغانستان دەکرا و شەڕەکە لەڕاستیدا شەڕی نادیاری ئەمریکا و سۆڤیەت بوو، جا گەر ئەمڕۆ تاڵیبانەکان هەروا بزانن مێژوو دووپات دەبێتەوە و بۆ دژایەتیی ئەمریکا یارمەتی دەدرێن، ئەوە لەوەدا زۆر بەسەهوو چوون، چونکە ئەمڕۆ سەرتاسەری دەوڵەتانی جیهان و گەلان- تەنانەت ئەوانەی پشتیوانیی تیرۆریستیان دەکرد- ڕای خۆیان بەرامبەر تیرۆر ڕاگەیاندووە و هیچ پشتگیرییەکی تیرۆر ناکەن هەر بۆیەش تاڵیبانەکان، ئەمڕۆ وا بەتەنیا کەوتوونەتە بەر هێرشی سوپای ئەمریکا، کە هیچ هیوا وترووسکەیەکی بۆ تاڵیبانەکان تێدا نابینرێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی تاڵیبانەکان، کە خۆیان خستووەتە بەردەم گەورەترین و بەهێزترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان و کەوتوونەتە بەر هێرشی نوێترین تەکنەلۆجیای جەنگ، هەڵوێستی ئەو عەرەبە دەشتەکییەم دەخاتەوە یاد کە کاتێک ناپلیۆن میسر داگیر دەکات.

هێزی سوپای پڕچەکی فەرەنسای ئەوسا بەرەو وڵاتێک دەڕوا سەیر دەکەن، سوپا دەوەستێ و ناپلیۆنیش هۆی ئەو وەستانە دەپرسێ، بۆیە پێی دەڵێن کە

یەکێک بەشمشێرێکەوە بەرامبەر سوپاکەمان ڕاوەستاوە، داوای موبارەزە دەکات، ناپلیۆنیش دەڵێت: ئەی ئەم هەموو سوپا و سەربازە و تۆپە نابینێت؟ ناپلیۆن لەگەڵ سوپاکەیدا تۆپ، کە ئەوکاتە پێشکەوتووترین چەک بوو، بۆ ئەوێی بردبوو، بۆیە دەڵێ: دە باشە تۆپێک بنێن بەو زەلامەوە.

ئەرێ- خوێنەری بەڕێز- هەڵوێستی تاڵیبانەکان، لە هەڵوێستی ئەو پیاوە دەشتەکییە ناچێ؟ شمشێر و تۆپ؟؟!.

گوڵان ٣٢٥ لە ١٨/١٠/٢٠٠١

# تەلەفۆن و خەنە

لە دەنگە دەنگ و شاتەشاتی (سەبری)ی دراوسێم بەئاگاهاتمەوە، سەبری، ژنی مامە سالەیە، بەڵام دەتوانرێت بەپێچەوانەشەوە بگوترێت. مامە سالە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵەیە و کاسبی سەرپێیی دەکات. خاوەنی پاسکیلێکی مۆدێل کۆنی عەسکەرییە. بەبیچمی پاسکیلەکەیدا، لەوە دەچێت پاشماوەی زەمانی ئینگلیزەکان بێت، چونکە ئەو جۆرە پاسکیلە هەرلای مامە سالە و سوپای ئینگلیز بەدی دەکرا. بەهەرحاڵ مشتومڕیان خەوەکەی لێ تێک دام و منیش بەناچاری هەستام و ملم بەسەر دیوارەکەدا شۆڕکردەوە گوتم: (مامە سالە دیسانەوە!) مامە سالە سەری بەرز کردەوە، وابزانم خۆشحاڵ بوو بەبینینم، چونکە زەردەخەنەیەکی گەورە گرتی و گوتی: (ئیتر (سەبری) نییە)

سەبری کەوتەوە شیرە شیرِ و گوتی: (ئەمەش خەتای منە)

لەڕاستیدا نەمدەزانی هەراکەیان لەسەر چییە، بەڵام بەحوکمی دراوسێتی دەمزانی کە مامە سالە ناسک و بێوەییە و حەزی لەشەڕ نییە و هەمیشە سەبری دەستپێشخەرە، بۆیە گوتم: (باجی سەبری، سەبرکە، حەز دەکەم بزانم شەڕی ئەم بەیانییەتان لەسەر چییە؟)

لە وەڵامدا گوتی: (بەخوا باش بوو باوکم تۆ حەکەم بە)

مامە سالە گوتی: (وەڵلاهی باوکم منیش رازیم)

باجی سەبری، سەرپۆشەکەی کە زوو زوو دەخزایە سەر شانی، نایەوە سەری و بەتووڕەییییەوە دەیڕوانییە مێردەکەی، مامە سالە گوتی: (بۆ وا سەیرم دەکەیت؟)

منیش هەر بۆ هێمنکردنەوەی بارودۆخەکە گوتم: (ئەوە ناهێنێ، بەم بەیانییە زووە، بیکەن بەشەڕ، کێشەکەتان چییە با من... بەڵکو بتوانم

چارەسەری بکەم).

مامە سالە گوتی: (کاکی برا چارەسەری چی. ئێمە کوڕێکمان لە هەندەرانە و بەدوو سێ مانگ جارێک یەک دوو پارچە، واتە (دۆلار) مان بۆ دەنێرێت...)

مامە سالە وەستا و سەیری ژنەکەی دەکرد. پاشان گوتی: (دەزانی خانمیش دەیدات بە چی؟)

یەکسەر گوتم: (بە ئازووقە!)

مامە سالە پێکەنینێکی سەیر گرتی و گوتی: (کوڕە ئازووقەی چی... هەمووی دەدات بەتەلەفۆن و خەنە!!)

لە ڕاستیدا سەرم سوڕما و دەتوانم بڵێم هیچ حاڵی نەبووم بۆیە گوتم: (تەلەفۆن و خەنە؟)

(بەڵێ هەر کە پارچە دۆلارەکەی پێ دەگات، یەکسەر رادەکات بۆ نووسینگەیەکی تەلەفۆن و داوای کوڕەکەی دەکات و ئیتر چی لە گەڕەکدا روو دەدات، ئەم وەکو پەیامنێر بۆی نەقڵ دەکات)

باجی سەبری دانی لێ جیڕ دەکردەوە، وابزانم لە شەرمی من نەبووایە- وەکو عادەت- زرمەی لێ هەڵدەستاند.

مامە سالە بەردەوام بوو: (حەپسەی دراوسێمان لە پرۆسەی جوینی بنێشتێکی بەپەلەدا، ددانی ژیری لەدەست دا، نرخی تەماتە هەڵکشا و (توور)یش دابەزی و (دۆلارە!) سلّق و کەوەر لەبازاڕدا نەما. ئەحەی پۆلیس قەرزی مام عەباس- ی دووکانداری نەداوەتەوە، تەنکی سەربانی ماڵی باجی خورشید کون بووە!...)

ئەگەر چی من لەبەرزاییەوە دەمڕوانییە باجی سەبری، بەڵام هەستم دەکرد کە گوپەکانی سوور هەڵگەڕاون و هەناسەش خێرا خێرا دەکات.

مامە سالە سەری بەرز کردەوە و گوتی: (ئەوەی دەشمێنێت دەیدات بە خەنە)

ئەمەیان هەر تێ نەگەیشتم، دیار بوو مامە سالە هەستی بە سەر سوڕمانم

کردبوو، بۆیە بۆ زیاتر تێ گەیاندنم گوتی: (خەنەی سەر!!) ئاگام لێ بوو باجی سەبری سەر بادەدا و ئەویش سەری هەڵبڕی و ئیشارەتی بۆ کردم و گوتی: (ئەی توخوا شووتی و پاسکیلیان گوتووە؟)

لەو بڕوایەدام گەر دەستم توند بە ستارەی سەربانەکەوە نەگرتایە یەکسەر بکەوتمایە خوارێ، گوتم: (شووتی و پاسکیل؟)

باجی سەبری بزەیەکی سەرکەوتووانە گرتی و گوتی: (بەڵێ ئەم مانگە جەنابی (٥) جار شووتیی بەپاسکیل هێناوەتەوە و هەر (٥) جارەکەش خۆشبەختانە لێی کەوتووەتە خوارێ...)

لەڕاستیدا من نوقومی سەرسوڕمان بوو بووم، خەنە و تەلەفۆن و پاسکیل و شووتی هاوکێشەیەکی سەخت بوون، بۆم چارەسەر نەدەکرا. باجی سەبری بەبێ دەنگیم کەیفدار بوو، چونکە گوتی: (بەڵێ شووتی دەنێتە بن هەنگڵی و وەک هەرزەکار پایدەر لێ دەدا و دەست لە سووکان بەردەدات!!)

سەیری کاتژمێرەکەی مەچەکم کرد، هەشتی تەواو بوو، بۆیە رادیۆکەم بەرزکردەوە و بۆ دەنگوباس دەگەڕام.

هەواڵەکان هەمووی سەبارەت بەجەنگی درێژخایەنی ئەمریکا دژ بەئەفغانستان بوو. بەپەیژەکەدا کە دەهاتمە خوارێ، گوێم لە هاتوهاواری هەردوو تەرەف بوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا گوتم:

(جەنگی درێژخایەنی ئەمریکا و ئەفغانستانیش تەواو دەبێت، بەڵام شەڕی مامە سالە و باجی سەبری، وابزانم هەر بەردەوام دەبێت...)

گوڵان ٣٥٠ لە ٢٠٠١/١٠/٤

# پاساوی کۆچ

هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوا لەمەڕ مەسەلەی پەنابەرانی کورد هاتووەتە قۆناغێکی نوێوە، کە دیارە ئەویش هەر لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانەوە هاتووەتە کایەوە، کە بەدیدی ئەو وڵاتانە، زۆر بەرەو پێشەوە چووە و هەنگاوی بەرچاوی ناوە، کە کەس ناتوانێ بەئاسانی بانگەشەی پێچەوانەی ئەم بارودۆخە بکا، هەر بۆیەش وڵاتانی وەک هۆڵەندا و ئەڵمانیا و ئێستاش خەریکە بەریتانیا و نەرویج و هەندێ وڵاتی تریش هەمان هەڵوێست بەرامبەر بەپەنابەرانی کورد وەربگرن و بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو پەنابەرانە بەرەو کوردستانی عێراق رەوانە بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا خەریکی هەنگاوی جدین لەو بارەیەوە و لە پێوەندیدان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی کوردستان– تەنانەت عێراقیش– کە مۆڵەت، بەو پەنابەرانە، بدات کە لە رێگەیەوە بگەڕێنەوە کوردستان.

راستە ئەو کوردانە پارەیەکی زۆریان سەرف کردووە تا بگەنە ئەو شوێنانە، رەنگە دەیان و بگرە سەدانیش لە رێی گەیشتن بەو (بەهەشتە) لە نێو چووبن، یان ژیانی کولەمەرگی لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەوروپادا بەسەربەرن، بەڵام ئەوانە هیچیان ناتوانن پاساو بن بۆ ئەو وڵاتانە، کە حیسابی پەنابەرییان بۆ بکات، یان بەپەنابەر قبووڵیان بکات، چونکە بەپێی رێککەوتننامەی جنێڤی ساڵی ١٩٥١، پەنابەری تەنیا بەو کەسانە دەدرێ کە لە وڵاتی خۆی لەلایەنی سیاسییەوە یان لەڕووی مەزهەبییەوە یان لە رووی رەگەزییەوە تەعقیب بکرێ و بەو پێیە نەتوانێ لەوڵاتی خۆی ژیانی ئاسایی بەسەر ببات.

لێرەدا دەمەوێ راستییەک بدرکێنم، ئەویش ئەوەیە کە خەریکە حکوومەتی هەرێم و پەرلەمان لەم کێشەیەدا بەهەڵە ببرێ، چونکە وەک دیارە مەیلێک هەیە کە بەشێوەیەک داوا لەو وڵاتانە بکرێ بەپاساوی ئەوەی گوایە ئەوانە پارەیەکی

زۆریان خەرج کردووە، تا گەیشتوونەتە ئەوێ، بەڵکو بەبڕیارەکەیاندا بچنەوە بەواتایەکی تر حکوومەت و پەرلەمانی ئێمە داوای پەنابەرییان بۆ بکات.

لە راستیدا ئەوە دەبێتە هەڵەیەکی گەورە و گازاندەیەک لە بارودۆخی کوردستان و بڕوای خودی حکوومەتی هەرێم بەخۆی؛ چونکە تا ئێستا لە هیچ شوێنێک رووی نەداوە کە وڵاتێک خۆی خۆی بەڕێوە ببات و بانگەشەی سەقامگیربوونی بارودۆخی ئاسایش و ئابووریی نێوخۆی بدات، هاوکات داوا لە دەوڵەتان بکات، کە هاووڵاتییانی خۆی بەپەنابەر قبووڵ بکات.

ئەمڕۆ، هەر لەبەر سومعەی حکوومەتی هەرێم و بارودۆخی کوردستان و نیشاندانی بەرامبەر جیهان کە کوردستان وڵاتێکی ئارامە و هاووڵاتییانی دەتوانن بەڕووسووری لە سێبەریدا بژین، دەبێ ئامادەگیی خۆی نیشان بدات بۆ وەرگرتنەوەی- من ناوی دەنێم- ئەو هەڵخەڵەتێنراوانە- و ئیدی لەمەودوا بەیاسا نەهێڵێ خەڵکی لە هیچەوە وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ ئەم مەبەستەش وەک لە نووسینێکی تردا ئاماژەم پێ دا، پێویستە تەزویرچی و قاچاغچی و باندی کۆچبەر و هەموو ئەو تۆڕ و پێوەندییە ناشەرعییانە بنەبڕ بکات، هاوکات ئامادەگیی حکوومەتی هەرێم نیشان بدات، کە ئامادەیە پێشوازیی هاووڵاتییانی خۆی بکاتەوە، ئەگەرچی هەندێک لەوانە رەنگە هیچی نەمابێ، بەڵام گوناهی ئەوە ناکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێم، چونکە حکوومەت هەمیشە دژی ئەوە بووە کە هاووڵاتییان کوردستان بەجێ بهێڵن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەهەموو ئەو خەڵکانە هەیە، کە لەناویاندا شارەزا و خاوەن شەهادە و خاوەن ئەزموون هەیە کە خزمەتی وڵاتەکەی خۆیان بکەن کە لە قۆناغی بیناکردنەوەدایە.

دیارە گەر ئەو خەڵکانە بگێڕدرێنەوە ئەوەش ئیتر دەبێ بەدەرسێک بۆ خەڵکانی تر کە رۆژانە بەرەو نادیاری مل دەنێن و ماڵ و سەروەت و سامانی خۆیان دەخەنە گیرفانی قاچاغچی و تەزویرچی و دەستبڕ و باندی بۆیان کە ئیتر واز لەو کۆچە بێ پاساوە بێنن و ئیدی لەو راستییەش بگەن کە ئەو وڵاتانە ئامادە نین خەڵکانێک کە بەبێ هۆیەکی گونجاو، وڵاتی خۆیان بەجێ

بهێڵن قبووڵ بكات، ئیتر بەو هیوایەی هەڵوێستی ئەو وڵاتانە لێشاوی كۆچكردووان رابگرێ.

لێرەدا جارێكی تر دووپاتی دەكەمەوە كە حكوومەت پێویستە یاسایەك بۆ قاچاغچی و تەزویرچییەكان دابنێ و نەهێڵێ ئەو جۆرە كەسانە ئەو كارە ناشەرعییانەیان ئەنجام بدەن و سەرپێچیكەران بەتوندی سزا بدرێن.

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، لە وڵاتێكدا كە هەمیشە دەوترێ یاسا سەروەر بێ، ئاوا خەڵكانێك بێ ترس، بەئاشكرا، بێ گوێدانە سزا، كاری وا دژ بەیاسا ئەنجام بدەن و بێ خەمیش بن لەسزا.

گوڵان ٣٢٩ لە ٢٠٠١/٥/١٠

# غوربەت

لەکات و شوێنی دیاریکراودا بەیەک گەیشتین، هەردووکمان، من و هاوەڵەکەم ئاوارەین و دە ساڵە لە سوید دەژین. هاوەڵەکەم هەمیشە دەبۆڵێنێ و دەڵێ:

– چۆن خۆم تووش کرد.

رۆژی یەکشەممە بوو، بۆیە هەردووکمان بێکار بووین و هەربۆ بەسەربردنی کات بەرەو قاوەخانەیەک، ملمان نا.

کە چووینە ژوورەوە، کەسی لێ نەبوو، بۆیە هەردووکمان لەسەر مێزێک دانیشتین و داوای دوو قاوەی تاڵمان کرد.

هاوەڵەکەم نیگەران دەهاتە پێش چاوم، کە سەرنجم دا، هەستم کرد ریشی نەتاشیوە بۆیە گوتم:

– بێ تاقەت دێیتە بەر چاوم؟

قاوەکانمان بۆ هات، فڕێکی لە کووپەکەی بەردەمی دا، لەوە دەچوو زۆر گەرم بێت، چونکە یەکسەر دای نایەوە. سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد و گوتی:

– چۆن بێ تاقەت نەبم. لێرە کەسێک پەیدا نابێت دوو وشەی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکەیت. نازانم کە هێندە رقیان لە پەنابەرە، بۆ قبووڵی دەکەن؟

لەوەڵامیدا گوتم:

– ئەمانە پێویستییان بەکرێکارە، مەبەستم کرێکاری نەشارەزا، هاوەڵەکەم کەوتە ریش خوراندنی و وەک لە مەبەستم نەگات گوتی:

– کرێکاری نەشارەزا؟!

منیش یەکسەر گوتم:

– بەڵێ؛ چونکە ئەمانە نایانەوێ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بەهەندێک کاری وەک گسکدان، قاپ شۆرین و لەو بابەتە مەشغووڵ بکەن.

لە راستیدا هەڵەیەکی گەورەم کرد، هاوەڵەکەم خۆی لە ئوتێلێک قاپ شۆر بوو، بۆیە هەر بەخێرایی و بۆ ئەوەی بابەتی قسەکانمان بگۆڕین، گوتم:

– تۆ راست دەکەیت ئەمانە حەز لە چارەی پەنابەر ناکەن.

هاوەڵەکەم ئاوڕێکی پەلەی دایەوە و گوتی:

– ئەو دووانەی ئەو بەرمان سەرڕەشن، سەیرە کە هاتینە ژوورەوە نەمان دیتن.

من بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە گوتم:

– با خۆمان لەکاری خەڵکی تر هەڵنەقورتێنین.

دەستم دایە کووپی قاوەکەم، وەک دەڵێن بووبوو بەدەمی مردوو، ساردو سڕ بوو. بەلاچاو سەیری تەنیشتی خۆم کرد، راستی دەکرد دووکەسی تر وەک ئێمە بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون، بەڵام زۆر سەیرم نەکرد، هاوەڵەکەم گوتی:

– سەیرە هەر سەیرمان دەکەن بۆ نەچین تۆزێ قسەیان لەگەڵدا بکەین؟

لە وەڵامدا گوتم:

– جا با سەر رەشیش بن، کێ دەڵێ ئەوان حەز دەکەن لەگەڵمانا دانیشن.

هاوەڵەکەم کەوتە سەرخوراندن. بەلاچاو سەیری دوو کەسەکەی تری کرد.سەیر بوو وەک لاساییمان بکەنەوە، ئێمە چیمان دەکرد ئەوانیش هەروا.

هاوەڵەکەم دەستی گرتم و گوتی:

– کوڕە بابچین تۆزێ قسەیان لەگەڵدا بکەین، لە راستیدا ئەوانیش هەستان، کە تەواو نزیک کەوتینەوە وەک جامێ ئاوی سارد بکەیت بەسەرماندا. بەڵێ ئەو دوو کەسەش هەر خۆمان بووین، ئاوێنە بوو.

گوڵان ٣١٧ لە ٢٠٠١/٢/١٥

# تاوان و سزا

هاوەڵەکەم پارێزەرە و زۆربەی ئێواران پێکەوە پیاسەمان دەکرد، خەڵکی زۆر لایان سەیر بوو، مەبەستم لە دۆستایەتیی ئەو و من، چونکە لەڕاستیدا حەزو ئارەزووی هەردووکمان جیاواز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بێ یەک ئیدارەمان نەدەکرد.

بیرم چوو من خۆم بناسێنم، من دکتۆری بەیتەریم، واتە سەروکارم لەگەڵ ئاژەڵ و جیهانی ئاژەڵە و هاوەڵەکەشم کە ناوی سەعید خەمبارە- تۆزێک دەستی شیعریشی هەیە، ئەویش وەک پارێزەرێک سەرقاڵی جیهانی ئەو دیوی کۆمەڵە.

رۆژانە هەردووکمان باسی رووداوەکانی رۆژ بۆ یەکتر دەکەین و چەند من خۆشحاڵ بەبیستنی گرتن و سزادانی تاوانبارێک دەکەم، ئەویش هێند بەبیستنی هەواڵی چاکبوونەوە و تیماری ئاژەڵێک بەختەوەر دەبوو، بەتایبەتی کە نازناوی ئاژەڵەکانم پێ دەوت، لەڕاستیدا من ناو و شوهرەتم بۆ هەموو ئاژەڵێک دادەنا. بۆ نموونە: گای گورون،ماینی مەلا، ئەسپی ئەحمەد، کەری کەریم، عەیب نەبێت، ماکەری مارف و ئیتر بەو پێیە.

ئەویش هەر بەو پێیە وەسفی موشتەرییەکانی- بەتەعبیری خۆی- دەکرد، بۆ نموونە: سالە گادز، مارە کوێر، ئەحەی قۆڵبڕ و لەو بابەتە، بیرم چوو ئەوەش بڵێم کە سەعید خەمبار شیعرەکانی خۆی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو دەکردەوە و دەینووسی: بەختەوەر خەمبار کە منیش سەرزەنشتی دۆستانەم دەکرد کە بۆ بەناوی خۆیەوە نووسین و شیعرەکانی بڵاو ناکاتەوە دەیوت.

(لەم وڵاتەدا کارمەند، بەتایبەتی کارمەندی گەورە بەبڵاوکردنەوەی نووسین سووک دەبێ!)

ئەگەر چی من لەڕاستیدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی نەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەک راستی دەکرد، چونکە زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی- بەداخەوە- هەندێک گەورە پیاو بەهەڵە یان بەپێچەوانەوە لە نووسینەکانی دەگەیشتن.

ئەو ئێوارەیە پیاسەکەمان رووەو (پارکی ئازادی) دەچوو، بەدەم رێگەوە وتی:

(لەم وڵاتەدا خەڵکانێکی زۆر نایاسایی یەکجار دەوڵەمەندبوون، هیچیش بەرامبەریان ناکرێ و تا ئێستا نازانرێ چۆن سزا بدرێن؟)

لە وەڵامدا بەسەر سوڕمانەوە وتم:

(بیاندەن بەدادگا با حوکمیان بدەن، بۆ یاسا لەسەروو هەموو شتێکەوە نییە لەم دەڤەرەدا، ئیدی بۆ نایاندەن)

رێک تێی ڕوانیم و پاشان سەری بادا وتی:

(ئاخر ئەوانە پشتیان هەیە، پشتیان لە دادگا بەهێزترە)

ئەگەرچی من رۆژانە هەشت کاتژمێر لەگەڵ ئاژەڵی لات و لاواز و نەخۆشدا بەسەر دەبەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر مۆڵەتم بۆ بڕەخسێ دەخوێنمەوە.

هاوەڵەکەم چاوەڕێ بوو رایەک بدەم، بەڵام لای من بیرم بۆ شوێنێکی تر سەرچاوەی گرتبوو، هەواڵی رۆژنامەیەکی عەرەبیم کە هەفتەیەک لەمەو پێش خوێندبووەوە، زۆر سەرنجی راکێشابووم، بیرم کەوتەوە هەواڵەکە دەڵێ ئوتێلێک لە (دوبەی) واتە یەکێک لە شێخ نشینەکانی کەنداو، شەوی بە(١٥) هەزار دۆلارە یانی کرێی شەوی نووستن بەپارەی سویسری و نرخی بۆرسەی ئەمڕۆ (٢٧٠) هەزار دینار. بەڵێ دوو سەد و حەفتا هەزار!! ئەمەم دەقاودەق بۆ هاوەڵەکم گێڕایەوە، بۆیە ئەویش بە سەرسوڕمانەوە کە بێزاریی لێ دەتکا و وتی:

(جا ئەوە چ پێوەندیی بە باسەکەمانەوە هەیە، من باسی چیت بۆ دەکەم و تۆش دەڵێی چی).

کەمێک راوەستا، تووڕەیی بەئاشکرا بەسەرو چاویەوە دیار بوو، بەردەوام

بوو وتی:

(دەڵێی ئاژەڵەکانی ئەمڕۆ گێژیان کردوویت).

لە وەڵامدا بەپەلە وتم:

(نەخێر نەخێر، ئەوەی باسم کرد، مەبەستم ئەوەیە بڵێم مادام ئێوە ناتوانن سزای ئەو جۆرە کەسانە بدەن، ئەی بۆ لەسەر حسابی خۆیان بۆ ئەو ئوتێلە لە (دوبەی) ئیفادیان ناکەن هەرکەس بەپێی تاوانی خۆی).

کەمێک بێدەنگ بووم، لەڕاستیدا دەمویست مۆڵەتی هەزمکردنی ئەو بیرۆکەیەی بدەم. پاش ساتێ وتم:

(بۆ نموونە هاوڕێ (ئەلف) دە رۆژ بەئەمر لەسەر حیسابی خۆی بنێرن بۆ ئەو ئوتێلە کە دەکاتە (٢٧٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و حەوسەد هەزار دینار).

تۆزێک راوەستام. هاوەڵەکەم کەوتە سەرخوراندن. خەریک بوو قسە بکات، وتم:

(هاوڕێ (ب) با مانگێک ئیفاد بێت).

ویستی شتێک بڵێت، نەمهێشت، وتم:

(دەکاتە هەشت ملیۆن و سەد هەزار).

رەنگ بوو بە شێتم تێ بگات، لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

(ئەمە دەگەیێنمە دەزگاکانی بالا!).

گوڵان ٢٦٢ لە ٢٠٠٠/١/٢٠

# تەڕبووش

هەڵبژاردنی شـوێنی چاوپێکەوتنـەکەمـان، کـە لە گـەڕەکی (لاتیـنی) لە(پاریس) دانا و مەغزای تایبەتی خۆی هەبوو. ئەو- هـاوەڵەکەم- موسیکژانێکی گەورە و لە وڵات بەپەنجەی دەست ئاماژەی بۆ دەکرا. دیار بوو دەیویست بەهەڵبژاردنی گەڕەکی هونەرمەندان و نووسەران، ئەوەم پیشان بدات، کە ئەویش هیچی لەو گەورە هونەرمەندانە کەمتر نییە، کە لە گەڕەکی (لاتینی) ژیاون.

لە راستیدا خۆشم زۆرم سـەبارەت بەڕۆڵی ئەم گەڕەکە لە ژیانی نووسەراندا خـوێندبـووەوە کـە سـاڵانێکی دوورودرێژی ژیانیـان لە یەکـێک لە ئوتێلە چەپەکەکانی یان ئاپارتمانە گچکەکانی بەسەر بردبوو.

بەدانیشتنم لە قاوەخانەی دیاریکراو و، لە چاوەڕوانیی هاوەڵەکەمدا، ژیانی سەختی (گابریل گارسیا مارکیز)م دەهاتەوە یاد، کە ساڵانێکی دوورودرێژی لەم گەڕەکەدا و لە یەکێک لە ئوتێلە بچووکەکانیدا، ژیانی پڕ بەرهەمی بەسەر بردبوو، تەنانەت لەمـاوەیەکدا هێندە دەستکورت بوو، کـە کـرێی ئوتێلەکـەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ئوتێل هیچ نیگەران و دڵتەنگ نەبووبوو، چونکە ئەو ڕاستـییـەی دەزانی کـە (گـاربریل گـارسیـا) نووسـەرێکی هەڵکەوتووە و پاشەڕۆژیش هەر بۆ ئەو دەبێت، کە لە راستیدا داهاتوو بیرو بۆچوونی خاوەن ئوتێلی دڵفـراوان و ئەدەب دۆسـتی سـەلماند، من بەدیار قـاوەیەکـەوە لە قاوەخانەدا و لە جامخانەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و جاروباریش سەیری کاتژمێرەکەمم دەکرد، کە لەناکاودا دەستێک خرایە سەر شانم و بەهێمنی گوتی: (ئێوارەتان باش)

بڕوام نەکرد، تەواو گۆڕابوو، سەری هەر بەتەواوی سپی بووبوو، ریشێکی هونەرمەندانەی بەردابووەوە و نیوکۆتیکی سپی باوی پۆشیبوو، ملپێچێکی رەشی درێژی لەملیەوە ئاڵاندبوو، تەواوی جەستەی لە هونەرمەندێکی ئەم

ناوەی دەکرد. سێ ساڵ بوو نەمدیبوو، کەچی زۆر پیر دەهاتە پێش چاوم. بەرامبەرم دانیشت و قاوەیەکم بۆ بانگ کرد. زۆر لاواز و زەردبار دەهاتە بەرچاوم، زیاتر لە نەخۆش دەچوو بۆیە پرسیم:

(ببوورن، بەڵام کەمێک لە ناساغ دەچن)

کلۆیەک شەکری خستە نێو کووپی قاوەکەیەوە و بەشێنەیی کەوتە تێکدانی.

کووپەکەی بەرز کردەوە و زۆر بەوردی سەرنجی دەدام، گوتی:

(نەخێر نەخۆش نیم، بەڵام زۆر هیلاکم)

ویستم بابەتەکە بگۆڕم بۆیە گوتم:

(لەگەڵ موسیقادا لە چیدایت؟)

موسیقا؟ ئەمەی زۆر بە سەر سوڕمانەوە گوت، بۆیە منیش گوتم:

(بەڵێ ... بەڵێ... موسیقا)

کووپەکەی دانایەوە، بێ ئەوەی دەمی لێ بدات. بە پەنجەی دەستی کەوتە لێدانی مێزەکە، ئیقاعێکی خەمناک بوو کە باری دەروونیی دەنواند. سەرنجی سەرپەنجەکانم دا، هەموو ئەستوور بووبوون و لە پەنجەی هونەرمەند نەدەچوون. دیاربوو ئەویش هەستی بە سەرنجدانم دەکرد بۆیە گوتی:

(مۆسیقای چی؟ ئێستا لە یەکێک لە کێڵگەکانی دەرەوەی (پاریس) تەماتە دەڕنم)

تەماتە؟! ئەمەم وا بەسەرسوڕمانەوە گوت کە خۆم شەرمم کرد، بەڵام ئەو زۆر بەهێمنی گوتی:

(بەڵێ ئێستا تەماتە دەڕنم. زۆرم لێرە گوت کە موسیکزان و هونەرمەندم، بەڵام نەیخوارد. لە ئیدارەی کار بەڕاشکاوی پێیان گوتم: گەر کارت دەوێ هەر ئەوەیە کە ئەمرۆ دەست بکەوێت)

هەستی بەزەییم بزوا، هونەرمەندێکی وا گەورەی وڵاتی خۆمان لێرە تەماتە بڕنێت. هەناسەیەکی درێژم دایەوە و وەک دڵنەواییەک گوتم:

(ئەی نەتدەتوانی لەڕێی موسیقاوە بژێوی خۆت پەیدا بکەیت؟)

کەوتەوە تێکدانی کووپەکەی. لەوە دەچوو بیر بکاتەوە یان بۆ وەڵامێکی گونجاو بگەڕێ.

ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان گوتی:

(با... بەڵام)

تێ نەدەگەیشتم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بێدەنگ بووم. لە ڕاستیدا نەمدەویست باری دەروونیی تێک بدەم. گوتی:

(لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە ڕێستورانێکی عەرەبی پێویستییان بەموسیکژانێکە ئێواران موسیقای عەرەبی بۆ دانیشتووان لێ بدات...)

وەک بەشدارییەک لە وتووێژەکەدا گوتم:

(دیارە ئێوەش، وەک موسیکژانێکی لێهاتوو، دەتوانن موسیقای عەرەبییش لێ بدەن)

سەری بۆ لەقاندم و گوتی:

(بەڵێ...بەڵێ... هەر بۆیەش دوایی، ڕۆژی دوایی، خۆم چووم و پێوەندیم بەخاوەن ڕێستورانەکەوە کرد. لەڕاستیدا چەند پارچەیەک موسیقای عەرەبیشم بە(کلارنێتە) کەم بۆ لێ دا و زۆر خۆشحاڵیش بوو، لە خۆشیدا پێی زەوی نەدەگرت، هەر بۆیە یەکسەر گوتی: سبەی ئێوارە دەبێ بچم و موسیقا پێشکێشی دانیشتووان بکەم. دیارە مەبلەغێکی گەورەشی بۆ دیاری کردم.)

داوای دوو قاوەی نوێم کرد. لەدڵی خۆمدا گوتم لەم وڵاتە جێی هونەرمەند هەر دەبێتەوە، بۆیە گوتم:

(ئێ دوایی؟)

قاوەکەمان بۆ هات، ئەمجارە شەکری تێ نەکرد و یەکسەر بە تاڵی کردی بەگەروویدا و گوتی:

(شەوی داهاتوو کە چووم، کابرای خاوەن ڕێستۆران دوای بەخێرهاتنم،

ئاماژەی بۆ سەر مێزەکەی خۆی کرد کە تەڕبووشێک و دیزداشەیەکی سپی و جووتێک نەعلی نوێی لەسەر بوو، لەڕاستیدا من هیچ حاڵی نەبووم، بەڵام ئەو گوتی: دەبێ لە کاتی موسیقا لێداندا ئەو بەرگە بپۆشم!

هاوەڵەکەم دایە قاقای پێکەنین، بەجۆرێک سەرنجی هەموو دانیشتووانی ناو قاوەخانەکەی راکێشا، پاشان گوتی:

(دەیویست، بمعەرەبێنێت!)

بەپەنجەکانی کەوتەوە لێدانی مێزەکە. ئەمجارەیان لە مارشی عەسکەری دەچوو گوتی:

(دیارە منیش خۆم نەعەرەباند)

هاوەڵەکەم ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان سەیری کاتژمێرەکەی کرد و هەستایەوە سەر پێ و گوتی:

(داوای لێبووردن دەکەم، بەیانی دەبێ زوو هەستم)

خەریک بوو پرسیار بکەم کە هەر خۆی گوتی:

(بۆ تەماتە رنین دەچم).

گوڵان ٢٩٥ لە ٢٠٠٠/٩/٧

# FAX فاکس

دوای دەردەسەرییەکی زۆر نامەکەم دایە دەست هەڤاڵ گوریس (ڕەنگە لە ئەسڵدا گورگیس و مەسیحی بێ) کە سێ مانگ بوو لە گیرفانمدا بوو. لە ڕاستیدا هەر نەدەخوێندرایەوە؛ چونکە، ئەم و ئەو، هێندەیان لەسەر نووسیبوو. ئەویش دایە دەست هەڤاڵ پەت (ڕەنگە پیتەر بێ و بەپێی لووت بەرزی دەبێ؛ ئەمیش بەڕەچەڵەک ئینگلیز بێ) ئەویش دای بە داود (ڕەنگە ئەمیش دێڤد بێ و بەبنەچە جوو بێ چونکە زۆر زپ و زیت دەهاتە پێش چاو!) ئەویش دای بە مەناف (بەپێی مل باریکی و بەرگی عەسکەریی کوتوکوێری و قەرزاریی هەر دەبێ لە جەماعەتی ئەحمەد چەلەبی بی!) ئەویش دای بەهەڤاڵ تەناف (جگەرەی زلی یەک بەیەک دادەگیرساند هەر دەبێ کورد بێ!) ئەویش دای بەئاگا و ئاگا، حۆلیا و حۆلیا بەدەوری و دەوری بەدەهری و دەهریش بەعومەر – ببوورن نەخێر نەخێر- بەکاکە میقداد، وەکو لەمەو دوا بیستم کاک میقداد هەر زوو- وەک عادەتی وەڵامی نامەکەمی داوەتەوە و داویتی بە دەهری- دەڵێن هەمیشە تووڕەیە دەهرییش بەدەوری (ئەمیش زۆر حەزی لە خواردنە) و دەوریش بەحۆلیا و حۆلیا بەئاگا و ئاگا بەتەناف و تەناف بەمەناف و مەناف بەداود و پەت و پەتیش بەگوریس!! بەڵام ویا للأسف- بەدەست من نەگەیشت.)

زۆرم لەمەو دوا هاتوچۆی حۆلیا و ئاگا و سکرتێرەکانیان کرد، وەڵام نەبوو، نامە نەبوو، کە جێی سەرسوڕمانی بۆ منی زویر (ئەگەرچی لەم چوون و نەچوونە سەری سوڕما کامیلە...)

چونکە لەم گەشتە دوور و درێژەدا- کارەساتی وا هەر دەبێ روو بدات.

لێرەدا- خوێنەری بەڕێز- من بیرم بۆ ئەمە دەچێ:

لەباتی ئەم هەموو ئاگا و بێ ئاگایە حۆلیا و مۆلیا و پەت و گوریس و

سکرتێرەکانی ژێر خۆیان، چاکتر نییە فاکسێک تەنیا یەک فاکس دابنرێ کە ڕاستەوخۆ نامە ببا و بهێنێ کە ئەمەش ئەم سوودانەی خوارەوەی تێدا بەدی دەکرێ:

یەکەم: لە کۆڵ معاشی ئەم هەموو پەت و گوریس و حۆلیا و بێ ئاگایە و حیمایەکانیان و سکرتێرەکانیان و سکرتێری سکرتێرەکانیان و بەنزین و ئازووقە و نەسریە و خۆراکیان دەردی سەریشیان دەبینەوە.

دووەم: هیچ نامەیە کۆن نابێت (مەگەر) فاکسەکە برسی بێ وەک گرووهی چەلەبیها- و لە برسا نامەکە قووت بدا کە بەدەگمەن ڕوودەدا.

سێیەم: تووڕە نابێ (ئەمە یەکجار گرینگە) و لە خەڵک عاجز نابێ و ڕووی تاڵ و ترش نیشان نادا و خەڵکیش ئەوەندە- لە هیچە- لە کاک میقداد و سەرووتری زویر ناکات.

گوڵان ٩١ لە ١٩٩٦/١٠/١٩

# دێپارێز

جانتا قورسەکەم، هەرچۆنێک بوو، ترنجاندە نێو کەلوپەلی ئەو موسافیرانەی لە (دیاربەکر)ەوە دەچوون بۆ (سلۆپی).

من زۆر هیلاکی ڕێگەی نێوان (ئەستەمبۆڵ) و (دیاربەکر) بووم، بۆیە هەر بەدانیشتنم لەسەر کورسییەکە- خۆشبەختانە ئەوەی تەنیشتم چۆڵ بوو- یەکسەر لێی خەوتم.

خەوتن؟ لە ڕاستیدا خەوی نێو پاس، نیوە خەوە یان دۆخێکە لە نێوان ئاگایی و بێ ئاگایی، واتە نەخەوە خەو بێ، نەئاگایشە ئاگایی بێ.

ئەگەرچی بەڕواڵەت خەوتبووم بەڵام بەدڵ هەر بەئاگا بووم. کاتێک پاسەکە ڕاوەستا، چاوم هەڵبڕی. یەکێک لە زاڵگەکانی نێوان (دیاربەکر) و (ماردین) بوو.

جەندرمەیەکی مرچ و مۆن، سەرکەوتە نێو پاسەکە، داوای پێناسەی موسافیرانی دەکرد. داوای لە هەموومان کرد، بەتایبەتی بەوردی دەیڕوانییە پێناسەی گەنجەکان. لای ئەمانە هەرچی گەنجی کوردە دەبێ (پێ کا کا) بێ، بۆیە بەناڕەزاییەوە کارتی پێناسەکانی دەکێشاوە بەسەر و چاویاندا.

کاتێک گەیشتە سەر من بەتورکی تێی خوڕیم، کە دیارە هیچ حاڵی نەبووم و هەر سەرم دەلەقاند، بۆیە بەتووڕەییەوە لێوی هەڵقورتاند و چەند وشەیەکی دەرپەڕاند کە گومانم نییە جنێو بووبێ و دابەزی.

کابرایەک کە تا ئەو کاتە هەستم بەبوونی نەکردبوو؛ چونکە لەپشت جەندرمەکەوە ڕێی دەکرد، بەدابەزینی جەندرمەکە بەتەواوی لەبەرچاوم بەرجەستە بوو. توورەگەیەکی گەورەی خاک ڕەنگی لە باوەشدا بوو. جانتا نەبوو، توورەکە بوو، برێک بەناوماندا ڕوانیی و پاشان کە دیی کورسییەکەی

تەنیشتم چۆڵە، بێ هیچ پرسیارێک توورەگەکەی نایە سەر ڕەفەکەی ژوور سەرم و خۆیشی بێ خواستی هیچ مۆڵەتێک، لەلامەوە دانیشت.

بەلاچاو سەرنجم دا، بەشڵەژاوی گیرفانەکانی دەگەڕا، لە پێشدا بەر باخەڵی، پاشان تەنیشتی، دوایی پانتۆڵەکەی. لەوە دەچوو جزدانی پارەکەی یان بەستەیەک کلیل یان شتێک لەوانە گرینگتری لێ ون بووبێ. تەنانەت کاسکێتە کۆنە چڵکنەکەی سەریشی لادا و دەستێکی پەلەی بەنێودا هێنا. کرێش باری.

هیچی نەدی، گومانم لەوەدا نەما، کە بۆ کەرەسەیەکی شاراوە بگەڕێ، کە نەیویستبێ جەندرمەکان درکی پێ بکەن (بەیان؟)

کابرا بەپەلە سەیرێکی کردم و وەک بیەوێ، لە من بپرسێ، شاراوەکەی بۆ پەیدا بکەم. من خۆم گێل کرد و تەنیا لابەلا، ئەویش بێ جووڵە، سەیرم دەکرد.

وەک کێچ هەڵبەزییەوە و ژێر خۆی گەڕا. هیچی نەدی، بۆیە هەستایە سەرپێ و توورەکەکەی داگرت و بەپەلە بەنەخوێنی ملی توورەکەکەی شل کردەوە و کەوتە دەستێوەردانی. هەوڵدانێکی بێ ئەنجام بوو.

جموجوڵی بێ ئارامی و نیگەرانی خستمیە دەریای بیرکردنەوەوە، وا بەجیدی بۆچی دەگەڕێ؟ تۆ بڵێی دەمانچەیەک یان بەستەیەک بەیانی حزبێکی نهێنیی نەشاردبێتەوە؟ سەر و هەیئەتی لەوە نەدەچوو، ئەی بۆچی بگەڕێ؟ نارەحەتی بەهەموو جموجۆڵێکیەوە دیاربوو. کەوتە لەش خوراندنی. ڕوحم چوو! نەخۆشیی پێستیی نەبێ؟!

بەنەخوێنی ملی توورەگەکەی، بێ هیوایانە شەتەک دایەوە و توورەگەکەی بەتووڕەییەوە فڕێ دایەوە شوێنی خۆی.

لەپی دەستی بەهەموو شوێنێکی لەشیدا، بێ ئارامانە دەکوتا. نازانم بەم ئیقاعە ناسازە، دەیویست میکانیزمی وەستاوی مێشکی ئاڵۆزی بخاتەوە کار، یان هەر ڕەنگدانەوەی نیگەرانی دەروونی شێواوی خۆی بوو.

هەڵسوکەوتی تەواو پەستی کردم، خەریک بوو پرسیاری لێ بکەم، کە ئەو

خۆی نووشتانەوە و کەوتە پشکنینی گۆرەوییەکانی. سەری هەڵبڕی شەبەقێک کەوتە دەموچاوی. (پێ دەکەنی؟) ئەو دانانەی کە مابوون، ئەوانیش لە سەرەمەرگدا بوون.

پاکەتێکی (ئەسپینی) نیشان دام. بەڵێ بۆ پاکەتە جگەرەکەی وا شێواو بوو!.

هەر خێرا- دەستەکانی دەلەرزین- جگەرەیەکی داگیرساند و نەفەسێکی قووڵی لێ دا و پاڵی لێ دایەوە و پاشان ئاوڕی لێ دامەوە و دەمی کردەوە، قەف قەفی دووکەڵ، یەک لە دوای یەک، ئەڵقەی دەبەست و ڕێی ئازادیی دەگرتە بەر، سەرم کێشایە دواترەوە بۆ ئەوەی لە لێشاوی ئەو دووکەڵە خنکێنەرە قوتاربم. کابرا ملی هێنایە پێشەوە و وەک باسێکی پچڕاو تەواو بکات گوتی: (تو... خەڵکی کیدەری؟)

بەچاو پۆشین لە جگەرە و دووکەڵەکەی، پێم خۆش بوو کە پرساری لێ کردم. پێنج کاتژمێر- کە ماوەی نێوان دیاربەکر و سلۆپییە- بە چی دەڕوا؟ بۆیە بەخۆشحاڵییەوە گوتم:

(هەولێر)

بە سەرسوڕمانەوە تێی ڕوانیم و گوتی:

هەولێر؟!

بەجۆریک گوتی هەولێر، کە گومانم لەوە نەما، کە ئەوە یەکەمین جاری بێ ناوی لەو بابەتەی بیستبێ بۆیە گوتم:

(ئەربیل...!)

سەری بادا، گوتم:

(ئەربائیلۆ!)

هیچ. هەر سەری نەشارەزایی بادەدا گوتم:

(گوتم پایتەختی کوردستان)

هیچ. ناچار کەوتمە باسی هەولێر و قەڵاکەی و مێژووی دێرینی، تەنانەت باسی کوشتارەکەی زەمانی مەغۆلەکانیشم بۆ کرد، تا گەیشتە شوێنی رەحیم بۆ لەحیم!

هیچ! عەرەب گوتەنی (أطرش بالزفه)

زۆرم بۆ رست. ئەو هەر سەری دەلەقاند. بەهەر حاڵ تا گوندەکانی نزیک (سلۆپی) هەر باسی کوردستانی عێراق و حکوومەتی هەرێم و شەڕ و شۆڕش و کابینەی یەک و دوو و سێ و پەرلەمان و بڕینی کارەبام بۆ کرد. دەمویست تابلۆیەکی راستەقینەی بارودۆخی کوردستانی خۆمانی- بێ لایەنانە- وەک خۆی پێشکێش بکەم.

ئەو هەر سەری دەلەقاند و منیش هەر بۆ گۆڕینی بابەت گوتم:

(پێم نابێژی تو چ کارەی؟)

دیارە دەمویست بەزاراوەی ئەو دیو بئاخڤم. پرسیارێکی ناکاو و حیساب بۆ نەکراو بوو. بۆ پرسیارم لێ کرد؟ من چ کارم بەسەر کابرایەکی موسافیرەوە هەیە، کە بۆ چەند کاتژمێرێک هاو کورسیم دەبێ؟ لاپرەسیوی(*) ناچاری کردم.

سەیرێکی قووڵی کردم. کاسکێتەکەی بەرز کردەوە و برێ سەری خوراند (دەبێ چەند بێ خۆی نەشتبێ؟) گوتی!

(ئەز)

درێژەم پێ نەدا، وەک وەڵام تەنیا سەرم بۆ لەقاند. گوتی:

(ئەز، دێپارێزم!)(**)

زەردەخەنەیەکی کاتکوژم بۆ گرت و سەری تێگەیشتنم بۆ لەقاند.

بەڵێ دێپارێز بوو. تەلیسمی تێنەگەیشتنی بۆ کردمەوە. لای خۆشمان، پێش راپەڕین لەم بابەتانە، کەم نەبوون، بێدەنگ بووم. لە راستیدا نەمویست زیاتر بیورووژێنم.

پاڵم دایەوە و خۆم خستەوە خەوتن. ئەوەندەی نەبرد پاسەکە راوەستا و

ئەمیش- هاوسەفەرەکەم- هەستایە سەر پێ و ملی توورەکەکەی راکێشا و دای بەکۆڵیدا و ئامادەی دابەزین بوو. ئاورِی لێ دامەوە و کەمێک راوەستاو، برِێک بەوردی سەرنجی دام. شوفێرەکە بەبێ ئارامییەوە لە ئاوێنەکەیەوە سەیری دەکردین، هۆرِنی نارِەزایی لێ دەدا . هاوسەفەرەکەم گوتی: (زەحمەت نەبێ)

دەمزانی داوای ئەدرەسم لێ دەکات! ئەو بەردەوام بوو:

(زەحمەت نەبی، تۆ عەرەبی یا کرمانج؟!!)

عەرەب؟ من بەکوردی پەتی دەئاخاوتم. باسی کوردستان و گۆرِانکارییە گرینگەکانی ناوچەکەم بۆ کردبوو، هەر بەکوردی، تەنانەت تاقە وشەیەکی عەرەبی یا فارسیشم- لەبەر خاتری ئەو- بەکار نەهێنابوو. ئیدی عەرەبی چی؟ شوفێرەکە هەر هۆرِنی توورِەبوونی لێ دەدا . منیش هەستامە سەر پێ و دەستم دا بەکورتانەکەی- ببوورن- توورەگەکەی پشتی دا کوتا و گوتم:

(بەڵێ قوربان. ئەز عەرەبم!!)

ئەو چووە خوارێ منیش دانیشتمەوە. پاسەکە کەوتەوە گەرِ. خەوم زرِا و لە دڵی خۆمدا گوتم:

(جا ئەو دێپارێز بێ، ئیدی بەچیدا بزانێ پایتەختی کوردستان کوێیە و ئەزیش چۆن کوردم.)

گوڵان ١٠٨ لە ١٩٩٧/٢/١٥

---

(*) لاپرەسیو: فزوول. کنجکاو.

(**) دێپارێز: حراس القری. جاش.

# چارەسەری مامناوەندی

وەک ئاوارەکراوێک کە عەسران نازانم چی بکەم، لەبەر گەرما خۆم کرد بەچایخانەی (مەچکۆ) دا. لە سووچێکدا، کە بای پانکەیەک دەیگرتەوە و لە تەنیشت دوو ناسیاوەوە کە سەرگەرمی تاوڵە بوون، جێی خۆم، هەرچۆنێک بێت، کردەوە. گرەی پانکەکە و سەدای ناسازی تێکەڵ بەدەنگی شێتێک کە رۆژانە- وەک عادەت- ئەویش بۆ چەند دەقیقەیەک لە بەر گەرما، زیاتر بۆ نۆشینی ماستاوێکی سارد- سەر لە مەچکۆ دەدا- دەبوو.

دوو ناسیاوەکەم ئەوانیش ئاوارە کراون- تەواو چووبوونە نێو جیهانی تاوڵەکەیانەوە- منیش دوای ئەوەی ماستاوێکم بانگ کرد، بەلاچاو سەیری تاوڵەکەم کرد. یەکێکیان کە پشتی لە دیوارەکە بوو، سەروپۆتەلاکی توندوتیژییەکی نا ئاساییی پێوە دیاربوو، وەک باسێکی پچڕاو باس بکا، گوتی:

(ولیەم کۆهێن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا...) وەک چەکوشێک بدەن بەتەوقی سەرمدا، راچەنیم. هاوەڵەکەی- کە رووی لە من بوو- سەرگەرمی (ماڵ) کردن بوو، دەستی بە(زار)ەکەوە وشک بوو، بە سەر سوڕمانەوە گوتی:

ولیەم کۆهین، وەزیری دەرەوە؟...

ئەوەی پشتی لە دیوارەکە بوو بەدەنگی بەرز، کە دەوروبەرمان بەئاسانی گوێیان لێ بوو، زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی:

(بەڵێ)

لە راستیدا منیش سەرم سوڕما و لە دڵی خۆمدا گوتم:

(تۆ بڵێی بەڕاستی بێ؟...)

هاوەڵەکەی تاوڵەکەی بەهێمنی داخست و جارێکی تر وەکو بڕوا نەکات

گوتی:

(ئەم قسانە بەڕاستی دەکەیت؟ ئەی مادلین ئۆڵبرایت چییە؟ شەربەت فرۆشە؟)

برادەرەکەی کە پشتی لە دیوارەکە بوو، کەوتە سمێڵ خواردن، دیاربوو بەقسەکانی هاوەڵەکەی پەست بوو؛ چونکە گوتی:

(لەوە دەچێ گاڵتەت بەقسەکانم بێت؟ من قسە لە خۆمەوە ناکەم. تا تەواو دڵنیاش نەبم هەر قسەناکەم. من مرۆڤێکی حزبیم)

ویستم منیش قسەیەک بکەم، بەڵام دوودڵ بووم. هێندە ئاشنایەتیمان نەبوو کە لەگەڵیدا بکەومە مشتومڕ، بۆیە، بە بێدەنگی چاوەڕێی ئەنجامی وتوێژەکەیان بووم.

ئەوەی بەرامبەرم کەوتە پشکنینی گیرفانەکانی، نەمدەزانی بۆچی دەگەڕا، خۆشی لەوە نەدەچوو دڵنیا بێ لە چی دەگەڕێ، چونکە پاش دەستێوەردانی هەموو گیرفانەکانی دەستەکانی خستەوە شوێنی خۆی، (لە چی دەگەڕا؟) پاشان کەوتە مل خوراندنی، سەیرێکی منی کرد و گوتی:

(مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوە...)

هاوەڵەکەی جارێکی تر قسەکانی پێ بڕی و ئەویش سەیرێکی منی کرد، دیار بوو دەیانویست منیش رابکێشنە نێو کێشەکەیانەوە، گوتی:

(برام بەبرایەتیمان ئەوە لە (برایەتیدا) نووسراوە)

شێتێکی تر خۆی کرد بەژووردا، بەدەستی عارەقی نێوچەوانی سڕی، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد، لەوە دەچوو بۆ کەسێکی ئاشنای خۆی بگەڕێ یان بۆ شێتێکی هاوەڵی، کە بەجێی هێشتبێ. چەند شەقاوێک هاتە پێشەوە، بەرامبەرمان راوەستا. بەدیقەتەوە سەرنجی منی دەدا، دڵم داخورپا، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابووم کە هیچ کارێکی ناهۆشیارانە ناکات. شێتەکانی هەولێر هێمنن و وەکو شێتەکانی لای خۆمان، سلێمانی شێت نین. ئەمانەی ئێرە دەشێ شێتی گەرمابن، یان گەرما شێتی کردبن. لە راستیدا گەرمای

هاوینی هەولێر، مرۆڤی ساغیش شێت دەکا.

کابرایەکی تر خۆی کرد بەژووردا، ئەوەی سەرنجی راکێشام بەم هاوینە گەرمە ئەوە بوو کە سەری پاک تاشیبوو و کلێتەیەکی خوری باویشی بەم گەرمایە، لەسەر نابوو، دەفتەرێکی ئەستووریشی لەبن هەنگڵدا بوو، ئەویش برێ سەری بەنێوماندا خولانەوە و پاشان بێ ئەوەی هیچ بڵێ، چووە دەرێ.

هاوەڵەکەی تەنیشتم سەیرێکی بەپەلەی کردم و گوتی:

(شاعیرە!)

لە راستیدا نەمزانی مەبەستی کلێتە بەسەرەکە بوو یان شێتەکە. بەهەر حاڵ من تامەزرۆی تەواوکردنی وتووێژی نێوانیان بووم، بۆیە وەک بیرخستنەوەیەک گوتم:

(مادلین ئۆلبرایت وەزیری دە...)

ئەوەی تەنیشتم وەک بیری کەوتبێتەوە، بێ ئەوەی سەیرم بکات گوتی: (رۆژنامەی مەرکەزیی حزب نووسیویەتی)

ئەوەی بەرامبەرم گوتی:

(رەنگە هەڵەی چاپ بێ، گەر نا کێ هەڵەی وا دەکات).

بەلاچاو سەیری ئەوەی تەنیشتم کرد، دیاربوو تا دەهات پلەی تووڕەبوون و بێ ئارامیی بەرزتر دەبووەوە. گوتی:

(هەڵەی چاپی چی؟ وا چوار رۆژە ئەو رۆژنامەیە بڵاو بووەتەوە و وەک بەڕێزتان دەڵێن، گەر هەڵەی چاپ بووایە، یان هەر هەڵە بووایە، ئەوا تا ئێستا روونکردنەوەیەکی دەنووسی یان عوزر خواهییەکی لە خوێنەرانی دەکرد. برام بەبرایەتیمان (برایەتی) راست دەکا!!)

ئەوەی بەرامبەرم ئەویش سوور هەڵگەڕابوو، چاوەکانی بێ ئارامانە دەترووکاند، هەستم دەکرد خەریکە شتێک بقەومێ. گوتی:

(نەخێر مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە...)

ئەوەی تەنیشتم، لە ناکاودا یەک بۆکسی توندی دا بەتاوڵەکەی بەردەمی کە سەرنجی هەموو دانیشتووانی چاخانەکەی بۆ لای ئێمەوە راکێشا. کارەبا کوژایەوە، بەو پێیە پانکەکەش لە گەڕ کەوت.

بەحوکمی تەجرەبە، دەمزانی هەرنا هەر ئێستا، کارەساتێک دەقەومێ، چونکە ئاگادارم شەڕی ناوخۆ زۆر جار لەسەر بابەتێکی ئاوەها روودەدا، بۆیە هەر بۆ هێورکردنەوەیان گوتم:

(براکانم! برایەتی نابێ، برایەتیتان تێک بدات!) هەردووکیان ئاوڕیان لێ دامەوە، بەبێ دەنگی سەیریان دەکردم، دیار بوو هەردووک چاوەڕێی ناوبژیی منیان دەکرد، بۆیە منیش وەک چارەسەرێکی مامناوەندی گوتم:

(هەڤاڵینە ولیەم ئۆلبرایت و مادلین کۆهین بەهەردووکیان وەزیری (دەرەوە) و (بەرگری)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان!

گوڵان ١٢٦ لە ١٩٩٧/٦/٢١

# ڕەخنە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، مۆڵەتی ڕەخنەگرتنە کە هاووڵاتی دەتوانێت لە هەموو بوارێکدا لە داوودەزگاکانی سەرووتری و لە هەموو دیاردەیەکی دزێو و نەشاز و لە هەموو جموجۆڵێکی نائاسایی لەنێو کۆمەڵدا بیگرێت.

ڕەخنە، کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ دەخاتە روو، جا چ لەڕووی سیاسییەوە بێت یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری... تاد ئەوە بەنیشاندان و دەرخستنی ئەو کەموکووڕییانە، لایەنە لاوازەکانی کۆمەڵ دەخاتە روو، ئەو لایەنەی کە پێویستیان بەچاککردن و چارەسەر هەیە، هەر بۆیەش، لەو کۆمەڵگایانەدا، بەچاوی بایەخەوە دەڕواننە ڕەخنە و ڕێزی تایبەتیش بۆ ڕەخنەگران دادەنێن، چونکە بەڕاستی ڕەخنەگری و ڕەخنەگرتن ئاستی وشیاری و پەرەسەندوویی گەلێک نیشان دەدەن.

لە پرۆسەی بیناسازیی کۆمەڵدا، ڕەخنە، کەلێن و دەلاقەکانی ئەو بیناسازییە پڕ دەکاتەوە هەر بۆیەش پێی دەگوترێت ڕەخنەی بیناساز و بەرامبەر ئەوەش جۆرێکی تر ڕەخنە هەیە کە دەقاودەق پێچەوانەی ئەوە، ئەویش لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی یان دواخراوەکانی وەکو کۆمەڵگەی کوردی. کە ڕۆڵی دژی بیناسازی دەگێڕێت و دەچێتە خانەی تێکدان و ڕووخاندنەوە. لەم جۆرە کۆمەڵانەدا، ڕەخنە لە دیاردە ناقۆڵاکان ناگیرێت و لەباتی ڕەخنەگران دەکەونە دژایەتیی پرۆسەی بیناسازی، جا لەژێر هەر ناو و ناتۆرەیەکدا بێت و ڕەخنەگر نەشتەری ڕەخنەی ئاراستەی نوێخوازان و بیناسازان و خەڵکانی پێشکەوتوو دەکەن و بەمەش لەمپەرێکی جیدی دەخەنە بەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵەوە.

جا لێرەدا نموونەی هەر دوو جۆری ڕەخنە لەواقعی پراکتیکدا، لە

کوردستانی ئەمڕۆدا دەخەمە روو. ئێمە هەموو دەڵێین و دووپات و سێ پاتی دەکەینەوە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و کەس ناتوانێت نکۆڵیش لەو هەقیقەتە بکات، هەمووش بەگشتی لایەنگری مافی نیوەی کۆمەڵە، دیارە هەر گرووپەی لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە، لەو مافە دەڕوانێت و چوارچێوە و سنووری بۆ دابنێت. رەخنەگری بیناساز، لەم کۆمەڵگەیەدا، کاتێک دەیەوێت رەخنە لە رۆڵی لاوازی ئافرەت بگرێت، دیارە داوای هاتنە دەرەوەی ئافرەت دەکات لە چوارچێوەی ماڵ و داوای بەشداریی چالاکانەی دەکات لە چالاکییەکانی نێو کۆمەڵدا و داوای ئازادیی مافە رەواکانی بۆ دەکات و پشتیوانی و پشتگیریی خۆی نیشان دەدات و رەخنە لە پیاوانی نێو کۆمەڵ و داوودەزگە حکوومییەکان دەگرێ کە ئەو مۆڵەت و ئازادییە بەنیوەی کۆمەڵ نادەن، کە بەشداریی پرۆسەی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ بکات و رۆڵی مێژوویی خۆی لە پەرەسەندنی کۆمەڵدا بگێڕێت، رەخنەگری بیناساز لەو کەموکوڕییانە دەدوێت و دەیەوێت ئەو لایانە زەق بکاتەوە و چارەسەریان بۆ پەیدا بکات. بەرامبەر ئەوەش رەخنەگری رووخێنەر هەر لە مەسەلەی ئافرەتدا- بۆ نموونە- دێت سەرو پۆتەلاکی ئافرەت بەموناسەبەت و نا موناسەبەتەوە دەکوتێتەوە و دیاردەکان بەپێچەوانەوە دەخاتە روو و کۆمەڵ دژی ئافرەت و ئازادیی ئافرەت بەسیج دەکات، هەر بۆ نموونە لەو ماوەیەی پێشوودا چەندین جار بەشێوازێکی زۆر بازاڕییانە و دوور لە زەوق و سەلیقە لەسەر مەسەلەی (سکرتێرات) نووسرا کە لە بنەڕەتدا مەسەلە (سکرتێرە) نەبوو، بەڵکە لێدانی رۆڵی ئافرەت بوو لە کۆمەڵدا. ئەو بەحیساب رەخنەگرانە، لە دەلاقەی رەخنەیان لە رۆڵی سکرتێرات هێرشێکی زۆر ناڕەوا و رووخێنەریان کردە سەر ئافرەت و وەکو رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەماندا تەنیا بریتی بێت لە کاری سکرتێری و ئەو هەموو لایەنە گرینگانەی تری کۆمەڵیان پشتگوێ خست، کە پێویستی بە بوون و ئامادەییی ئافرەت هەیە. رەخنە کاتێک خەسڵەتی سەرەکیی خۆی، کە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییە، ون دەکات، ئیدی دەچێتە خانەی پڕوپاگەندەی چەواشەکەرانەوە.

نموونەی ئەم جۆرە رەخنەی تریش دەخەینە روو.

لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا، بەتایبەتی لە چایخانە و سەر شۆستەکاندا، کەسانێک هەن بەخۆیان دەڵێن خوێندەوار و رۆشنبیر و کاتێک دەکەونە (رەخنە) گرتن لە حکوومەت و داوودەزگاکانی هەرێم هەر هیچ ناهێڵنەوە و رەخنە لە هەموو شتێک دەگرن و کەمترین کەموکووڕی دەخەنە قەوارەی لۆری! هەندێک جار قسە و پڕوپاگەندەی ناحەزان دووپات دەکەنەوە و بەمەش (رەخنە) کانیان دەچێتە قاڵبی تر و پڕوپاگەندەی چەواشەکەرانەوە و فڕی بەسەر رەخنەوە نامێنێت.

رەخنە هەر تەنیا زلکردنی کەموکووڕی نییە، بەڵکو دەرخستنی ئەو کەموکووڕییانەیە بەشێوازێکی ئیجابی. رەخنەش چوارچێوەی خۆی هەیە و نابێت سنوور بشکێنێت، سنووری کۆمەڵگەی دیموکراتی. رەخنەی بێ سنوور لە نێو کۆمەڵدا. دەرگەی ئاژاوە و پشێوی دەخاتە سەر پشت، رەخنەی بەجێش، کۆمەڵ بەرەو پێشەوە دەبات.

گوڵان ١٣٣ لە ١٩٩٧/٨/٩

# ڕۆژێک پشوو یان دوو

لە زۆربەی وڵاتاندا، لە هەفتەیەکدا، دوو ڕۆژ پشوو هەیە بۆ کارمەند و فەرمانبەران و کرێکاران، کە دیارە ئەویش لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە کە لە سەرروو هەمووییانەوە بایەخدان بەخۆشگوزەرانی و ئیسراحەتی هاووڵاتییانە و دووەمیشیان لە ڕووی ئابوورییەوەیە.

زیادکردنی ڕۆژێک پشوو هیچ کارێک ناکاتە سەر بەڕێوەچوونی حکوومەتەکەمان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، حکوومەت و هاووڵاتییانیش تیا سوودمەند دەبن. چونکە لە ڕاستیدا ڕۆژانی (٥) شەممە سێ یان چوار سەعات دەوام هەیە و گەربێت و ئەو سێ چوار سەعاتە دابەش بکرێت بەسەر ڕۆژەکانی دی هەفتەدا، ئەوا ڕۆژێ سەعاتێک دەوام زیاد دەکات کە هیچ کارناکاتە سەر فەرمانبەر و کارمەندا، چونکە زۆربەی هەر ئەو سەعاتە کار ناکات.

جا لە ڕووی ئابوورییەوە با حیساباتێک بکەین و بزانین تا چەند حکوومەت خۆی سوود لەو ڕۆژە وەردەگرێ بەتایبەتی ئەمڕۆکە بەدەست بێ ئاوی و بێ کارەبایی کەمیی وزەوە دەناڵێنین.

با وای دابنێین هەر بۆ نموونە هەر وەزارەتێک (٢٠) ئۆتۆمبێلی هەیە و هەر ئۆتۆمبێلێک ڕۆژی (٢٠) لیتر کار دەکات و گەر ئەوەش لە (٢٠) وەزارەتی بدەین ئەوا ڕۆژانە دەکاتە (٨٠٠٠) لیتر بەنزین، گەر ڕۆژانی پێنج شەممە دەوام نەبێ کە لە مانگێکدا دەکاتە چوار ڕۆژ ئەوا (٣٢٠٠٠) سی و دوو هەزار لیتر بەنزین تەنیا لە وەزارەتەکاندا کەمتر کار دەکرێت، کە ساڵانە دەکاتە (٤١٦٠٠٠) چوار سەد و شازدە هەزار لیتر بەنزین دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتی هەرێم، کە دەتوانێ لە بواری تردا سوودی لێ وەربگیرێت.

بۆ نموونە بەنزین بەخۆڕایی یان بەنرخێکی زۆر هەرزان بدات بەخاوەن موەلیدەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش بەنرخێکی هەرزان و بەردەوام کارەبا بدەن بەهاووڵاتییان. ئەمە تەنیا لە وەزارەتەکاندا جا گەر حیسابی هەموو ئیداراتی حکوومەتی هەرێم بکرێ- کە لێرەدا ناکرێ- ئەوا دەزانی کە چ سامانێک دەگەڕێتەوە بۆ حکوومەتەکەمان.

ئەمە تەنیا لە بواری بەکارهێنانی بەنزیندا، ئینجا بچۆرە سەر بەکارهێنانی کارەبا و ئاوەکەش ئەویش لە ساڵێکدا (٥٢) ڕۆژ کارەبا و ئاو کەمتر بەکار دێت...و... هتد.

ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە و لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوا دوو رۆژ پشوو مۆڵەتێکی باش دەدا بەکارمەندان کە بتوانن سوود لەو دوو رۆژە وەربگرن، بۆ نموونە بۆ هاتوچۆ، بۆ سەردان، چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە ئێوارەی چوارشەممەوە تا دەگاتە بەیانی رۆژی شەممە دەست بەتاڵ بێت و هەر کارێکی دەوێ بیکا.

ئەمە سەرەڕای ئەوەش سیمایەکی تایبەتی دەدات بەحکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمە وەک پێشنیارێک دەخەینە بەرچاوی پەرلەمان، بەو هیوایەی دوای لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل، بەیارمەتیی پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان، ئەم بڕیارە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

گوڵان ٢٣٠ لە ١٩٩٩/٦/١٩

# ڕیزی پێشەوە

دیاردەیەکی نامـاقـووڵ و نابەجێ و نـاشـارسـتـانی و دوور لە زەوق و نـەریتی کوردی، مـاوەیەکە، لە هـەمـوو ئاهەنگێکدا دووپات دەبێتەوە، ئەویش هـەڵپـەی هەندێکە بۆ دانیشتن لەسەر کورسییەکانی پێشەوە، بەڕادەیەک مرۆڤ ناچار دەکـات کـە بڵێ ئەو زاتانە تووشی نەخـۆشـیی ریزی پێـشـەوە بوونە. ئەم نەخـۆشـیـیـەش لە گـەوهەردا بریتـییـە لە هەست بەکەمـبوونی زات، بۆیە لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێ چارەسـەری بکەن و بۆ تەماشـاکارانی تەلەڤزیۆن بسـەلمێنن کە ئەوانە (شەخسیاتی) ئەم دەڤەرەن!!

هەر بۆیەش بێ سێ و دوو جێگەی میوانەکان- کە بەڕەسمی بەنامە بانگ دەکرێن- دەگرن و میوانەکان ناچار دەکەن کە لە ریزەکانی پشتەوە جێیەک- ئەویش گەر پەیدا بێ بۆ خۆیان پەیدا بکەن، کە لە راستیدا مایەی ئەوپەڕی بێ زەوقی- با شتی پتر نەڵێم و شەرمەزارییە.

ئەم دیاردە ناشیرنە، کە سەددەرسـەد دژی داوونەریتی کۆمەڵگەی کوردییە، لە لای ئەو زاتانە- ناو پێویست ناکات- هەمیشـە دووپات دەبێتـەوە کە وا لە مـرۆڤ دەکات، گـومـانی ئەوە بکات کە ئەو کـەسـانە لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا پەروەردە بووبن، گەر نا هەمـوو مرۆڤێکی کوردی ئەو راستییە رۆشنە دەزانێ، کە کـورد- بەئیعـتـرافی رۆژهەڵاتناسـان- یەکێکە لـەو گـەلانەی کـە زۆر رێز بۆ میـوان دادەنێ و بەتەواوی خزمەتی دەکات و ئەم نەریتە رەسـەنە- کە خـەریکە ئەو زاتانە لێـمـان ون دەکـەن، پێـشـێلی دەکـەن- لە لای جـووتیـارێکی نەخوێندەواری گوندێکی دوور دەست تا دەگاتە ئاغایەکی خوێندەواری بەتوانا و تا دەگاتە خانەوادەیەکی شارنشین، پەیڕەوی دەکرێ و هەمیشـە میـوان بۆ لای- بەتەعـبـیـری کـوردی- سـەروو دەبرێت و باشـترین شـوێنی پێشکێش دەکرێ، کە وا بزانم هەموو گەلانی تری ئەم سـەر زەوینە، ئەو پرەنسیپە پەیڕەو

دەکەن، بەڵام دەتوانرێت بەدڵنیاییەوە بگوترێ کە گەلی کورد لە هەموویان پتر ئەو نەریتە جوانە بەجێ دەهێنن. کە مایەی شانازییە بۆی.

گەر ئەو زاتانەی ئەم نەریتە شارستانییە پێشێل دەکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە (گەورەن) ئەوا بەهەڵەدا چوون و ئەوەی رێز لە میوانی خۆی نەگرێ، یا نەخۆشە و یا خۆی زۆر بەبچووک دادەنێ و لە ریزی پێشەوە دادەنیشێ بۆ ئەوەی پێی (گەورە) بێ کە لە راستیدا گەلێک پێی گچکۆکە دەبن گەر نەڵێم پێی سووک دەبن.

رەنگە ئەو (زاتانە بڵێن) ناو لە کورسییەکان نانووسرێ، کە ئەمە خۆی رەخنەیەکی بەجێیە لە کارگێری ئاهەنگەکانمان و ئەوانە بۆ نایەن دەفتەرێکی بۆ نموونە سی پەڕەیی و پاندانێکی جـــافی لێ بکرن و نـاوی مـــیـــوان و کەسایەتییە بانگکراوەکانی لەسەر بنووسن، جا ئەوانە دەست پیسن یان بێ سەلیقەن لە هەردوو حاڵەتدا هەر تاوانبارن.

جا با بڵێین ئەوا ئەو ناوانەش نەنووسرا، کە لەمەودوا دەبێ بنووسرێ، ئەوا نەریتی کوردی داوا دەکات کە ریزی پێشەوە بۆ میوان بێ کە هیواداریین ئیدی پەیرەوی بکەین، چونکە بەڕاستی ناخۆشە میوان ئەزیەت بدرێ و بانگ بکرێ و پاشانیش شوێنی بۆ دیاری نەکرێت، ئەمە پتر لە سووکایەتی پێکردن دەچێ، وەک لە رێزلێنان و ئەو میوانانەش چەند رەخنە و توانج و پلارمان تێ بگرن هەقی خۆیانە.

لێرەدا رووداوێک دەگێڕمەوە: لەو موناسەبەتە دەگمەنانەی کە ناو لەسەر کورسی دەنووسرا، من لە شوێنی خۆم دانیشتبووم و کورسییەکەی تەنیشتم لێی نووسرابوو، (وەزیری کشتوکاڵ). کاتێکم زانی سووکە لێپرسراوێک هات و بێ ئەوەی گوێ بداتە نووسراوی سەر کورسییەکە یەکسەر دانیشت ویستم بەشێوەیەک تێی بگەیەنم کە بەهەڵە لە شوێنی کەسێکی تر دانیشتووە، هیچ سوودی نەبوو، بۆیە ئاورم لێ دایەوە و پێم گوت بەڕێز... ئەوە شوێنی وەزیری کشتوکاڵە، کەچی ئەو هەر گوێشی نەدایە و گوتی: موشکیلە نییە!!

من دەزانم کورد گەلێکی بەگشتی کەللە رەقە و ئەمەش سیفەتێکی باش نییە، بۆیە کاتێک هەڵەیەک دەکات، لای نەنگە پەشیمان بێتەوە و بەدڵێکی فرەوان هەڵەکەی چارەسەر بکات، لەبەر ئەوە بەعەیبەی دەزانێ کە دانیشت جارێکی تر هەڵسێ. لە ڕاستیدا گەر ئەم دیاردە ناقۆڵایە بەردەوام بێت، پێشنیار دەکەم کە لەمەودوا، دوای ئەوەی هەمووان دادەنیشن و دوای ئەوەی ریزی پێشەوە خوازان لە جێی میوانان- بەنا هەق- دادەنیشن ئەوا کە ئاهەنگ دەستی پێ کرد لە پشتەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی ریزی پێشەوە خوازان لەزەت لەو بێ زەوقییەی خۆیان نەچێژن، بەناچاری ببنە دانیشتووانی دوا ریز و ئەوسا ملیان گێڕ دەبێ یا پەراسوویان وەردەگەڕێ یان دڵیان دەتەقێت ئەوا گوناهی خۆیانە.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

عەیب نییە لەبەر میوان هەڵبسیت، عەیب و عار و نەنگی ئەوەیە هەڵنەسیت.

گوڵان ١٧٥

# پاککردنەوەی شوورەیی

ئەمەم بەرامبەر (غسل العار)ی عەرەبی دانا، نازانم چەند دەگونجێت، ئەوە بۆ زمانەوانەکان بەجێ دەهێڵم، لای من خودی بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان گرینگە، کە هەنگاوێکی مەزنی بەرەو پشتیوانیی مافی ئافرەت ناوە و یاسایەکی کۆنی کات بەسەرچووی سڕیوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەبووە و زیاتر لە عەرەبی بیابان نشینەوە سەرچاوەی گرتووە و مێژووشی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی ئیسلام، کە عەرەبی ئەو کاتە نەک تەنیا پاککردنەوەی شوورەییان لا پەسند بوو، بەڵکو خودی ئافرەتیان زیندە بەچاڵ کردووە، بەهەر حاڵ ئەوەش کاری مێژوونووسانە کە بەدوای ئەو دیاردەیە بگەڕێن و لێی بکۆڵنەوە. گرینگ لێرەدا ئێستا ئەوەیە ئایا بەدەرچوونی یاسایەکی لەو بابەتە، لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئیدی ئەو دیاردەیە کە لە ناو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردیدا چ لە نێو کوردستان چ لە هەندەران دەبینرێ، بنەبڕ دەبێ و ئیتر کەسی دی پەنا ناباتە بەر کوشتن، وەک میتۆدێک بۆ کڕینەوەی شەرەف (ئابڕووی تکاوی) لە نێو کۆمەڵدا؟

خوشکە (نەرمین قەرەداغی) لە کۆڕێکدا وەک یاساناسێک زۆر چاکی بۆ چوو، کە گوتی گەر تەنیا بەیاسا بووایە دەبوو ئیتر دیاردەی دزی و خراپەکاری و دستدرێژی لە کۆمەڵدا نەمایە، بەڵام وەک دەبینین ئەو تاوانانە هەیە، گەرچی هەندێک لەو تاوانانە سزای قورسیشیان هەیە.

باوکی (فادیمە) کە بیست ساڵە لە سویدە و دەشیزانێ لە ژێر هەر پاساوێکدا بێ، مرۆڤ کوشتن تاوانە و سزای قورس دەدرێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ ئەوەی کە بیست ساڵ لە کۆمەڵگەیەکی گەلێک پێشکەوتوودا ژیانی دەبردە سەر، کەچی بۆ (شتنەوەی ئابڕووی) پەنای بردە بەر چەک و کچێکی خۆی بەدەستی خۆی کوشت و خۆی دووچاری زیندانی ئەبەدی کرد،

چیی وای لە باوکی (فادیمە) کرد کە بەو تاوانە هەڵبستێ و لە دادگاشدا پڕ بەدەمی هاوار بکات کە هیچ پەشیمان نییە لەو تاوانەی!

بەڵێ، کاتێک رۆژنامەنووسان لە هۆی ئەو تاوانەی پرسیاری لێ دەکەن، کە بۆچی ئەو کچە بەتوانا و خوێندەوار و لێهاتووەی خۆی کوشت، دەڵێ نەمدەتوانی برادەرەکانم، هاوەڵانی کارم، کوردەکانی دەوروپشتم ببینم، ئەوانە بەچاوێکی سەیر تێیان دەڕوانیم، زۆر بەسووک تەماشایان دەکردم، شەرمم لەخۆم دەکرد بۆیە، ئەو کارەم کرد.

جا مەبەستی من لێرەدا رۆڵی کۆمەڵ و دەوروبەرە، ئایا ئەوانیش بەو دڵفراوانییەی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەڕواننە ئەو دیاردەیە و ئەوانیش، مەبەست کۆمەڵە بەگشتی کوشتنی ئافرەت لەسەر مەسائیلی ئابڕوو بەتاوان دەزانێ و ئیدانە و مەحکوومی دەکات و تاوانکاریش بەمرۆڤێکی تاوانبار و بێزراو لە قەڵەم دەدات یان وەکو باوکی فادیمە دەوروبەری سەرکۆنەی دەکات و بەچاوی سووک و شەرمەزارییەوە سەیری دەکات تا تاوانەکەی پێ ئەنجام دەدات.

گابرێل گارسیا مارکیز لە رۆمانی (کرۆنیکای کوشتنێک) باسی رۆڵی کۆمەڵ دەکات کە چۆن مرۆڤێک تووشی تاوان دەکات.

پاڵەوانی چیرۆکەکە شەوێک بە سەرخۆشی دەڵێ (کەسێکی ئەو شارە) دەکوژم، ڕەنگە لە دەمیشی دەرچوو بێ، یان بەبێ ئاگایی ئەوەی گوتبێت، کەچی خەڵکی شارەکە سبەی ئێوارە لەباتی ئەوەی ئامۆژگاریی بکەن، پێی دەڵێن: ئەوە نەتکوشت؟ کار وای لێ دێ رۆژانە خەڵکی ئەو شارە پێی رادەبوێرن و گاڵتەی پێ دەکەن و هەرچی دەیبینێ دەڵێ: نەتکوشت. کار بەوەشەوە ناوەستێ، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەکە کە دەبێ ئەو خۆی دژی تاوان بێت ئەویش پێی دەڵێ: ئەوە نەتکوشت، کار لەوەی زیاتریش دەڕوا کە قەشەی شارەکە، کە دەبێ وەک پیاوێکی ئاینی دژی هەموو جۆرە کوشتنێک بێت- وەک ئاینی مەسیحی دەڵێ- کەچی ئەویش بە سەرزەنشتەوە پێی دەڵێ: ئەوە نەتکوشت؟

ناچار پاڵەوانی چیرۆکەکە بەناچاری بۆ رزگار بوونی لە شەرمەزاری، تاوانەکەی ئەنجام دەدات، رەنگە ئەوەی مارکیز خەیاڵ بێت، بەڵام نووسەر چاک درکی بەوە کردووە، کە کۆمەڵ چ رۆڵێک دەگێڕێ. مارکیز رەخنەی لە کۆمەڵەکەی خۆی گرتووە و ئەوە نیشان دەدات گەر ئەو کەسە کە تاوانەکەی ئەنجام دەدات، لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا بووایە بێگومان ئەو کاریگەرییەی لەسەر نەدەبوو، بەڵکو کۆمەڵ خۆی نەیدەهێشت ئەو تاوانە ئەنجام بدات، باوکی (فادیمە) گەر تەنیا لە نێو ئەو کۆمەڵگە بچووکەی خۆی و ئەو جیهانە تەسکەی بۆخۆی دروست کردبوو، کە تێکەڵی کۆمەڵگەی سویدی نەدەبوو، بووبووایە رەنگ بوو بەو تاوانە هەڵنەستابایە و ئەویش تێڕوانینی بەرامبەر مافی ئافرەت و رێزی لە یاسا و مافی مرۆڤ بگۆڕایە.

لێرەدا ئیتر مەبەستم ئەوەیە کە ئەو بڕیارەی پەرلەمان بەتەنیا بەس نییە و دەبێ کۆمەڵ بەگشتی، باری سەرنجی، بەرامبەر ئەو جۆرە تاوانانە بگۆڕی و مەسەلەی ئابڕوو نەکاتە پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر نیوەی کۆمەڵ، کە بەداخەوە هەندێ جار، تەنانەت لەسەر تەنیا گومانێک، تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدرێ، تێستاش ئەو رووداوەم لە بیرە کە لە گوڵاندا بڵاو کرایەوە کە کچێک لە سەربانەکەیانەوە قسە لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان دەکات و لەو کاتەدا باوکی دێتەوە ماڵ و کچەش لە ترسا خۆی فڕێ دەداتە سەربانی ماڵی کوڕەکە و لە ماڵی ئەوان لە ترسا خۆی حەشار دەدات و کاتێ باوکی ئەوە دەزانێ ئیتر لەگەڵ خزمانیدا چۆن چۆن پڕ دەداتە چەک و کچ و چەندین کەسی تری تێدا شەلاڵی خوێن دەبێ.

ئیتر دەبێ شانبەشانی ئەو بڕیارەی پەرلەمان، قوتابخانەکان، زانکۆ، رێکخراوی ئافرەتان، لاوان، قوتابییان، راگەیاندنەکان هەر هەمووی خەریکی تێگەیاندنی دەوروبەریان بن، کە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانە ئەوپەڕی شەرمەزارییە بۆ ئەو خانەوادەیەی دەیکات و بەوە ئابڕووی خۆی دەتکێنێ نەک ئابڕووی دەکڕێتەوە.

پێویستە پەرلەمان بۆ کامڵکردنی ئەو یاسایە، یاسایەکی تریش دژی

ورووژێنەرانی ئەو تاوانە، جا، برایە، باوکە، مامە، خزمە یان دراوسێیە، دەربکات، تەنانەت ئەو پیرێژنە سەر ئاسنینانەش بگرێتەوە کە عەیارباشییانە پەنجەی شەهادەتیان دەنێنە سەر لێوی سەرەوەیان و لە گەرەکدا دەچرپێن و دەڵێن: (ئەیەڕۆ حەیامان چوو!).

هەروەک دەبێ هەموو ئەو مرۆڤە مێشک بەستووانەش بگرێتەوە، کە لەبەر سێبەردا، سمێڵی رەشکراوەیان بادەدەن و بەشانازییەوە دەڵێن: ئابڕوو تەنیا بەخوێن دەکرێدرێتەوە.

ئیدی ئەو کاتە، ئەو یاسایە شوێنی شیاوی خۆی دەگرێ و کاریگەری و وەزنی خۆی لە پشتیوانیی ئافرەت، بەتۆکمەیی، نیشان دەدات.

گوڵان ٤٠١ لە ٢٠٠٢/٩/٢٦

# ڕەخنە لە کوردستانی ئەمڕۆدا

لە ڕاستیدا یەکێک، کەموکوورییەکانی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەیە کە دەتوانرێت بگوترێت بەدەگمەن لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەبینرێت.

جا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئاستی ئەدەبی کوردی کە لە قۆناغێکدایە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوەی کە ڕەخنەش شانبەشانی بوارەکانی تری ئەدەب وەک چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و شانۆگەری هەنگاو بنێت یان هەر وەک خەسڵەتێکی تایبەتی ئەدەبی کوردی کە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەڕەخنە نەداوە، ئەو بوارە وەکو پێویست بەرەو پێشەوە نەچووە. ئێستا کاتێک مرۆڤ تاوتوێی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەکات بەدەگمەن ڕەخنەیەک یان هەڵسەنگاندنێک بەدی دەکات و ئەوەی جاروباریش لێرە و لەوێ دەبینرێت ناچێتە قاڵبی ڕاستەقینەی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە.

چونکە ڕەخنە دەبێ هەم لایەنی ئیجابیی دەقەکە و هەم لایەنی سلبیشی دەستنیشان بکات کە بەداخەوە لای ئێمە تەنیا لایەنە سلبییەکانی بەرجەستە دەکرێت و لایەنە باشەکانی پشتگوێ دەخرێن.

ڕەخنە بوارێکی زۆر مەزنە و سەلیقە و توانای ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شارەزایی لە زمان و کەلتوور دەوێت، بەشێوەیەک کە ڕەخنە لێگیراو هەست بکات هەم بەکەموکووڕی دەقەکەی هەم بەلایەنە سەرکەوتووەکانی نووسینەکەی، بەجۆرێک کە بتوانێت لە بەرهەمی داهاتووی سوودی لێ وەربگرێت.

ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانی ڕەخنەگری گەورە رووسی (بلینسکی) دەچنە ئەو قاڵبەوە کە هەر لە یەکەم نووسینی نووسەرێکەوە دەیتوانی ئاینده و سەرکەوتوویی نووسەر دەستنیشان بکات.

ئەگەرچی لای خۆمان- وەک گوتم- رەخنە هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەگرانی وەک حەمە سەعید حەسەن و فوئاد مەجید میسری و عومەر مارف بەرزنجی هەن کە توانیویانە بەقەڵەمی رەنگینیان سەرەتایەکی باش بۆ رەخنەی کوردی دابڕێژن.

کزیی رەخنەش بەگشتی، لای خۆمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا خەڵک لە ناوەڕۆک و ئەرکی رەخنە بەتەواوی نەگەیشتووە و لای وایە رەخنە یانی پلار و توانج و بەجۆرێک بەدەستدرێژی دەدەنە قەڵەم، ئەویش لە راستیدا پێوەندیی بەباری کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی و ئاستی رۆشنبیرییەوە هەیە بەگشتی.

رەخنەگر گەر ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەڵبستێت ئەوا دەلاقەیەکی زۆر گرینگ بەرەو رووی پێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەوە دەکاتەوە، چونکە بەتەنیا رەخنە دەتوانێت کەموکووڕییەکانی نێو کۆمەڵ بەشێوەیەکی ئیجابی بخاتە بەردەم بەرپرس بەتایبەتی و خەڵکی بەگشتی و چارەسەریشی بۆ دابنێت.

لە راستیدا نەبوونی رەخنەش کۆمەڵ دوادەخات و ژیانی رۆشنبیری و کەلتووریی وڵات بەرەو دواوە دەبات و بەو پێیەش کۆمەڵ چ لە باری کۆمەڵایەتی چ لە باری سیاسی و رۆشنبیرییەوە سڕ و بێ توانا دەکات.

ئەمڕۆ لە کوردستان کەشوهەوایەکی زۆر لەبارتر بۆ رەخنەگران هاتووەتە کایەوە و مۆڵەتێکی لەبارتر بۆ رەخنەگران رەخساوە، ئەویش کە خۆی لە ئامادەگی و پێخۆشبوونی سەرکردایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە بەتایبەتی هەڵوێستەکانی سەرۆک مەسعوود بارزانی و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم رێزدار نێچیرڤان بارزانی کە بەسنگێکی فراوانەوە دەڕواننە باری سەرنجی خەڵکی بەگشتی و رەخنەگران بەتایبەتی.

گوڵان ٣٦٤ لە ٢٠٠٢/١/١٠

# یاسا و بوێری، ئیرهاب دەنێتە گۆڕی

چاوپۆشی لە هەندێک زێدەڕەوی لە جیهانە ئیسلامی، بەناوی ڕێز لە مەزهەب و ئاین و لە ڕۆژئاواش بەپابەندبوون بەپرەنسیپەکانی دیموکراتی زەمینەیەکی لەباری بۆ گرووپە توندڕەوەکان لە هەردوو جیهاندا، جیهانی ئیسلامی و جیهانی ڕۆژئاوای بۆ خولقاند کە بتوانن کار و چالاکی بنوێن و پەرە بەخۆیان بدەن وردەوردە میلیشیا بەئاشکرا و بەنهێنی دروست بکەن و کاری تیرۆریستیی پێ ئەنجام بدەن

لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا لە جیهانی ئیسلامیدا نییە کە کاری تیرۆریستی تێدا ئەنجام دەدرێت یان سەرچاوە دەگرێت. لە جیهانی ڕۆژئاوادا دەیان نموونەی کاری تیرۆریستی بەرامبەر هاوولاتییانی کە بەموافەقەت نیشتەجێ، واتە ئیقامە پێدراو، ئەنجام دەدرێت.

هەموو ئەوانەی کە لە ڕۆژئاوا نیشتەجێ بوو بوون، ئاگاداری ئەو هێرشە بەربلاوە بوون کە نازییە تازەکانی ئەڵمانیا- بەتایبەتی نازییەکانی ئەڵمانیای کۆنی ڕۆژهەلات- کردیانە سەر کەمپەکانی پەنابەران و خەڵکانی نا ئەڵمانی، هەروەها لە سویدیش هەندێک گرووپی توندڕەو چ بەناوی (نازیی نوێ) یان (سکین هێد) ئەوانە سەر پاک دەتاشن و بەرگی نیمچە عەسکەری دەپۆشن و پۆستاڵی سەربازی لە پێ دەکەن و هەڵگری بیروڕای ڕەگەز پەرستین، ئەوانیش چەندین هێرشیان کردە سەر پەنابەر و سەر ڕەش بەمەبەستی تۆقاندنیان بۆ بەجێهێشتنی جێی نیشتەجێبوونیان.

ڕاستە ئەمانە لەلایەن ڕای گشتییەوە مەحکووم کران بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی ئەوتۆ نەکرا کە بەیەکجاری و بەیاسا کار و چالاکیی تیرۆرستانەی ئەمانە قەدەغە بکرێت، چونکە تا ئێستا لەو وڵاتانە دەیان ڕێکخراوی ڕەگەزپەرست و شۆڤینی و دژ بەبێگانە کاری نیمچە ئاشکرای

خۆیان ئەنجام دەدەن.

لە وڵاتی خـۆشـمـان- هەرچەندە بارودۆخ جـیـاوازە لە رۆژئاوا- هـەندێک چاوپۆشـی بەرامبـەر ئەو گرووپە توندڕەوانە دەکرێت و هەڵوێسـتێکی زۆر جدی بەرامبەریان نانوێنرێت بۆ نموونە تەقاندنەوەی چەند ئارایشگایەک لە هەولێر و شـەقـڵاوە، دەسـتـدرێژی بۆ سـەر ئازادیی بـەرگ پۆشـین کـاردانەوەیـەکی نە رەسـمـی و نە نارەسـمـیی ئەوتۆی دەرهەق نەنوێنرا کە راسپێراوانی ئەو جـۆرە گرووپە توندڕەوانە ئیدی نەتوانن کاری تیرۆرستییان ئەنجام بدەن و ئەم جۆرە ساردییەش، لەلایەن ئەو گرووپ و خـەڵکانەوە، بەجۆرێکی زۆر هەڵە تەئویل کرا کە وەکو چاوپۆشینێک لە قەڵمیان دا.

جا ئەمڕۆ دوای رووداوی (٩/١١) لە ئەمریکا و ئـەو کۆمەڵکوژییەی دەرهـەق بەخـەڵکی سڤیلْ و بێ تاوان نـوێنرا، پێویست دەکات لێرەش پێداچوونەوەیەک بەهەڵویست لە توندرەوی جـا مـەزهـەبی بێت یان نا مـەزهـەبی زۆر بـەجـیـدیـتـر بنوێنـرێت و نەهێـڵـرێت شـوێنە پیـرۆزەکـان و مـینبـەری ئاینـی بۆ درووژاندنی هەستی خەڵکی بەپێچەوانەوە بەکاربهێنرێت، کە هـەم دژی لایەنی لێبووردووی ئیسلام و پرەنسیپەکانی دیموکراتی بێت. بۆ چەسپاندنی ئەمەش یاسـایەکی روون و ئاشکرا و راشکاوی دەوێت.

گوڵان ٣٤٨ لە ٢٠٠١/٩/٢٠

# سەبارەت بەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان

ڕۆژی (٥/١٠) دوا ڕۆژی هەڵبژاردن بوو، بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە کوردستاندا- بەواتایەکی دەقیقتر ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر دەستەڵاتی کابینەی چوارەمەوە- و ئیدی خۆپاڵێوراوان دەتوانن بکەونە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان، کە دیارە لە سیستەمێکی دیموکراتیدا هەموو پاڵێوراوێک یان خۆپاڵێوێک هەمان مۆڵەتی پڕوپاگەندەیی پێ بدرێ و لە هیچ شوێنێک لەمپەری بۆ دانەنرێ.

دیارە ئەمە یەکەمین جارە لە سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆماندا، بەم کارە دیموکراتییە هەڵدەستین، بۆیە حەز دەکەم بۆ خوێنەری بەڕێز و هاووڵاتییان چەند خاڵێک سەبارەت بەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان بخەمە ڕوو کە لە هەمووی گرینگتر وەڵامی ئەو پرسیارەیە، کە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکرێ. سوودی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە چییە و بۆ چیش پێویستە بکرێ؟

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، لە وڵاتە دیموکراتییەکانەوە سەرچاوەی گرت و ئەو وڵاتانە، لەو ڕاستییە گەیشتن، کە لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی دیموکراتی پیادە دەکەن، بەڵام هەر کۆمەڵێک، توێژاڵێک، ناوچەیەک بەپێی پرەنسیپی دیموکراتی هەر مەحرووم دەبێ، بۆ نموونە حزبێک لە هەڵبژاردنی گشتیدا دەیباتەوە و زۆربەی دەنگەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، بۆیە سیستەمی سیاسی دەبێ خۆی دابینێ و نوێنەرانی ئەو پاڵێوراوانی لە وڵاتدا کاربەدەست بن و ئیدارەی وڵات بەڕێوە ببەن کە ئەمەش هەندێ جار لەگەڵ واقیعی وڵاتدا و خودی پرۆسەی هەڵبژاردن نەدەگونجا، چونکە هەندێک جار لە هەندێک ناوچەدا ئەو حزبەی کە زۆربەی دەنگیشی لەوڵاتدا هێنابوو لە هەندێک ناوچە و هەرێمدا ئەو زۆربەیەیان بەدەست نەهێنابوو، بەڵام چونکە کۆی گشتیی دەنگ حساب دەکرا، بۆیە هەر ئەوان واتە حزبی براوە بۆی

هەبوو، لەو ناوچانەشدا کە زۆربەی دەنگیان نەهێناوە، هەر خۆیان کاربەدەستانی سەربەخۆیان دابنێن، کە ئەمە لە راستیدا لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتیدا نەدەگونجا، بۆیە لەو وڵاتانە هەستیان بەو کەموکوڕییە کرد و لەباتی سیستەمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیان پیادە کرد کە پاش یان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتیدا دەکرا، بۆیە هاووڵاتی دوو دەنگی دەدا، دەنگێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دەنگێک بۆ شارەوانییەکان، بۆیە زۆر جار رووی دەدا کە پەرلەمان خاوەن زۆربەی حزبی براوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ناوچە و هەرێم حزبێکی تر زۆربەی دەهێنا، واتە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، بۆیە ئەو حزبە لەو هەرێمە یان ناوچەیە دەسەڵاتی شارەوانییەکەی دەگرتە دەست و ئەو ناوچە و هەرێمەی کە سیفەتی شارەوانیی وەردەگرت بەڕێوەی دەبرد و بەمەش لایەنی گەشی دیموکراتی دەردەکەوت و خەڵکی ئەو ناوچانەش هەستیان دەکرد کە مافیان پارێزراوە و ئەو کەسانە کاروباریان بەڕێوە دەبەن کە خۆیان دەنگیان بۆ داون و هەڵیان بژاردوون.

جا سوودی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە لەوەدایە، کە کەسانێک ئەو شارەوانییانە بەڕێوە دەبەن کە خەڵکی ناوچەکەن و خەڵکانێکن کە شارەزای پێویستییەکانی ئەو شوێنەن، بۆیە هەم کار لە گەڵیان لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە ئاسانتر دەبێ و هەم هەڵبژێراوانیش خۆیان بەنامۆ نازانن و بەو پێیە دەتوانن خزمەتی بەرچاوی خەڵکەکە بکەن، ئەوەی کە گرینگە لێرەدا بگوترێت مەسەلەی تێگەیشتنە لە پرەنسیپی دیموکراتییەت، کە لە گەوهەردا بریتییە لە بڕیاری زۆرینە، هەر بۆیەش ئەو حزبانەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەکەن، پێویست نییە بەتەمای زۆرینەی موتڵەق بن، بۆ نموونە شارەوانییەک پێویستی بە(٩) ئەندامە، هەر (٩) کەی سەر بەحزبێک بێت، لەم حاڵەتەدا گەر تەنیا (٥) ئەندامیش سەر بەحزبێک بن لەو (٩) ئەندامە هەر بڕیاری کۆتایی بەدەست خۆیەوە دەبێت، چونکە هەر کێشەیەک، هەر چالاکییەک، هەر پرۆژەیەک یان هەر مەسەلەیەک کە دێتە بەرباس و

لێکۆڵینەوە و ئـەندامـان لەسـەری رێک ناکـەون، دیـارە دەخـرێتـەوە دەنگەوە و رەئی زۆرینـە دەخـوات، بەڵام مـافی وتـووێژ و دەرخـسـتنـی بیـروڕا و بـۆچوونی جیـاواز مۆڵەت دەدرێ و مافی ئەندامـانی تر کە نوێنەری خـەڵک و گرووپی ترن نافەوتێت و roویەکی گەشی دیموکراتییانەش بەشارەوانییەکان دەبەخشێ.

گوڵان ٣٣٠ لە ٢٠٠١/٥/١٧

# سەلاحەدینی ئەیوبی

هەمــوو گــەلێک شــانازی بەپیــاوە گــەورە و ناودارەکــانی خــۆیەوە دەکــات و مــێـژوویان دەنووســێـتــەوە و رەفــتــار و ئاکــاریان دەکــات بەنموونــە و جــێگەی شیاوی خـۆیان لە مێژووی گەلەکەدا دەداتێ، ئەمـە سەرەڕای ئەوەی کە دەیان پەیکەر و نـاوی مـەیدان و شـەقام و ئامـۆژگا و ئینیسـتـیـتـۆ بەنـاویەوە دەنێن بەڕادەیەک کە هەردەم لەبەر چاو و گوێ و دەروونی هاووڵاتیانیدا بێت.

ئێمە گەلێکین- بەداخەوە- هێندە بایەخ بەمێژووی خـۆمان و کەسایەتییە ناودارەکان و بلیمـەت و زاناکانی نێـو خـۆمـان نادەین و هەندێ جاریش هەر پشـتگوێیـان دەخـەین، کە دیارە هەندێ کات هۆکاری سیـاسـی و تێڕوانین بۆ مـێـژوو و تێگەیشـتن لە قـۆناغـێکی دیاریکراوی مـێـژوو دەبێـتـە هـۆی ئەو تێڕوانینە.

ئەمـــەی وای لێ کــردم ئەمــڕۆ ئەم بابەتە بنـووسم، ئەوەیە کــە یەکـێک لە کـەسـایەتییـە هـەرە گـەورەکـانی ئەم مـیللەتە (سـەلاحـەدینی ئەیوبی) یە کـە بەداخـــەوە یادی لـەم چەند رۆژانەی پێــشـــوودا بەســـەرمـــاندا تێ پەڕی و لە راگەیاندنەکانماندا هیچ بایەخێکیان بەو کەسایەتییە گەورەیەی مێژووی نە تەنیا کورد، بەڵکو مێژووی جیهانیش نەدا و ئەو بۆنەیە هەروا بە بێدەنگی تێ پەڕی، ئەمـە لە کـاتێکدا کـە مـیدیای جـیـهانی و لـەسـەر لاپەڕەکـانی گـۆڤـاری (تایمز) سـەلاحـەدینی ئەیوبییـان بەگـەورەترین و نـاودارترین کـەسـایەتیی جیهانی بۆ هەزارەی دووەم ناوزەد کرد.

جـا لە راسـتـیدا، مایەی رەخـنەیەکی زۆرە لە گشـت مـیدیاکانی کوردی، کە هیچ سـوودیان لەو بۆنەیە وەرنەگرت و کـەسـایەتیی ناوداری کوردیان، وەکـو خـۆی بەخـەڵکەکە نەناسـاند، ئەمـە لە کـاتێکدا کـە زانکـۆی (تکریت) دوو رۆژ خۆی بۆ یادکردنەوەی ئەو مرۆڤە تەرخان کرد!!

بەهەر حاڵ ئێستاش نەچووە بچێت و بەهۆی مێژووی پڕ چالاکی و بەپیتی سەلاحەدینەوە دەتوانرێ چەندین بۆنەی تر بدۆزرێتەوە و (تەعویزی) ئەم کەمتەرخەمییەی ئەمجارە بکرێتەوە.

لە راستیدا هۆی ئەم بێ بایەخییەی میدیای کوردی، بەڕای من، دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوە، کە تا کۆتاییی هەشتاکان باو بووە، ئەویش یەکەم: دید و بۆچوونی مارکسیستەکان بەتایبەتی و چەپڕەوەکان بەگشتی کە لەدیدی چینایەتییەوە سەیری ئەو کەسایەتییە مێژوویییانەیان دەکرد و لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانەش لە خەباتی چینایەتیدا رۆڵیان نەگێڕابوو- کە نەدەبوو بەحوکمی قۆناغی پەرەسەندنی مێژوو- بۆیە هیچ بایەخیان پێ نەدەدان و پشتگوێیان دەخستن و دووەمیش نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی نێو خۆمان بوون کە لە دیدی خزمەت بەکوردەوە دەیانڕوانییە کەسایەتیی سەلاحەدین و وایان هەڵدەسەنگاند کە هیچی بۆ کورد نەکردووە، ئەمانیش لە ناو هێنانی، خۆیان دوورە پەرێز دەگرت، کە دیارە هەر دوو بۆچوونەکەش هەڵە بوون، چونکە نە ئەو قۆناغە مێژووییەی سەلاحەدین قۆناغی ململانێی چینایەتی بوو، نە ئەو زەمانەش قۆناغی بیری نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، چونکە ئەو کاتە تەنیا گەلێک ناو دەبرا کە گەلی موسڵمان بوو و تەنیا ململانێیەکیش دەکرا ئەویش نێوان موسڵمان و مەسیحی یان نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵمان بوو. بەهەر حاڵ مێژوو ئەو دوو بۆچوونە هەڵەیەی پووچەڵ کردەوە و ئێستا گەلانی زیندوو زۆر بایەخ بەو کەسایەتییە مێژووییانە دەدەن و شانازییان پێوە دەکەن و لە مێژوو و چالاکیی رابردوویان دەکۆڵنەوە و بەپێی ئەو قۆناغەی کە تێیدا ژیاون هەڵی دەسەنگێنن و مێژووی خۆیانی پێ بەپیت دەکەن.

جا هەر لێرەدا، وەکو داوایەک، بۆ زیندوو کردنەوەی یادی ئەو پیاوە گەورەیە، کە لە نێو گەلەکەماندا هەڵکەوتووە، داوا لە بەرپرسان دەکەم جا لەڕێی پەرلەمانەوە بێت، یان وەزارەتی شارەوانی یان هەر دەزگایەکی تری بەرپرس بێت، کەوا پەیکەرێکی گەورە و شیاو لە هەر یەکێک لە شارەکانی

کوردستان دابنێت و هاوکات ناوی چەندین شەقام و مەیدان و قوتابخانە و خەستەخانەو... هتد، بەناوی سەلاحەدینەوە بنرێت بەڕادەیەک کە ئەو کەڵە پیاوە، لە نێو گەلەکەی خۆیدا، هەقی خۆی پێ بدرێت.

هەر بەم موناسەبەتەشەوە دەڵێم، ئێمەی کورد، دوو کەسایەتیی تری گەورەمان هەیە کە مەزاری پیرۆزی، ئەوانیش هەر لە (شامە) کە حەزرەتی (نالی) شاعیری گەورە و رەوانبێژی بێ وێنەی دنیای ئەدەبی کوردییە و ئەوەی تریشیان زانای ئاینی و خاوەن تەریقەتی نەقشبەندی و کەسایەتیی ناوداری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامییە کە حەزرەتی مەولانا خالیدە-گۆڕی پڕ نوور بێت- کە نەتەنیا زانایەکی گەورەی ئاینییە، بەڵکو شاعیرێکی گەورە و نووسەرێکی ئاینیی زۆر مەزنە، کە موریدی نەتەنیا لەنێو گەلی کوردا- بەهەزاران- هەیە بەڵکو موریدی لە ئەندەنوسیا و خۆرهەڵاتی دوور و تا دەگاتە چیچانستانیش هەیە، بەڕاستی گوناهە مرۆڤی وا مەزن لە نێو گەلەکەی خۆیدا ئەو بایەخەی پێ نەدرێ، ستەمە. لە کاتێکدا لە رۆژئاوا سەدان کتێب و نووسین و دەیان تێزی ماستەر و دکتۆرای لەسەرە. بۆیە هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێم هیوادارم کە میدیای کوردی بۆ یادکرنەوەی ئەو دوو کەسایەتییە گەورەیەی مێژووی کوردمان لە کاتی خۆیدا بایەخی شیاوی خۆی پێ بدات و یادێکی مەزنیان بۆ بکاتەوە.

بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ لە مێژووی خۆی و کەسایەتییە مێژووییەکانی خۆی گەیشت، ئەوسا دەتوانێ لەنێو گەلاندا بە سەربەرزی شانازی بەخۆی و گەلەکەی خۆیەوە بکات و ئەوساش مرۆڤی کورد- خاوەنی هەر بیروباوەڕێک بێت و سەر بەهەر حزبێک بێت- مەیدانی (بارزانیی نەمر) ناکاتە مەیدانی (قەزافی) لەگەڵ هەموو رێزێکیشمدا بۆ برای بەڕێز دۆستی راستەقینەی گەلی کورد کاک قەزافی.

گوڵان ٣٠١ لە ٢٠٠٠/١٠/١٩

# فەناتیزم

یەکێک لە بنەما ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە، لە نێوان نەژادی جیاواز، مەزهەبی جیاجیا و چینە جۆراوجۆرەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا.

هەر ئەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانەشە کە سیمای دیموکراتی بوونی کۆمەڵگەیەک دیاری دەکا و هەر ئەوەشە کە ئەوروپای ئەمڕۆ کردوویەتە پێوەرێک بۆ شارستانیەت و دیموکراتیبوونی دەوڵەتێک.

تورکیا –بۆ نموونە– دەوروبەری چڵ ساڵە، هەوڵی ئەوە دەدا کە ببێتە ئەندامێک لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا و هەموو ساڵێکیش داواکەی رەت دەکرێتەوە، بەو پاساوەی کە تورکیا بڕوای بەو بنەما سەرەکییانەی دیموکراتی نییە، ئەگەرچی تورکیا لە هەندێک بواری تردا، رەنگی دیموکراتی لە خۆی سووە، بەڵام چونکە نەیتوانیوە چارەسەری کێشەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەژادە جیاجیاکانی نێو دەوڵەتەکەی بکات و مافی زەوتکراویان دابین بکات و توندڕەوی و دەمارگیری نێو نەتەوەیی نەهێڵێت، دەبێ چەندین ساڵی تریش، هەر خەون بەچوونە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە ببینێت.

ئێمە، ئەمڕۆ لە کوردستان، دوای تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید هەوڵ دەدەین کە قەناعەت بەکۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمریکی و جیهان بکەین کە ئێمە گەلێکین تینووی دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەین، هەر بۆیەش دەبێت بەکردار ئەو ڕاستییە بۆ دیموکراتیخوازانی جیهان بسەلمێنین، کە ئێمە بەڕاستی تامەزرۆی ژیانێکی ئاسوودە و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانەین، لە کوردستاندا، هەر بۆیەش دەبێت هەموومان دیاردەی فەناتیزم رەت بکەینەوە و نەهێڵین تاکە لایەنێک، مەزهەبێک، یان تاکە نەژادێک، بەتەنیا دەستەڵاتدار

بێت لەم دەڤەرەدا.

دیاردەی فـەنـاتیـزم خـزمــەتی هیچ لایەنێک ناکـات و تـەنیـا ناحــەزانی ئەم میللەتە، سوودمـەند دەبن و ئەم ئەزموونە مـێژووییـیەش دەخـەنە مەترسییەوە، هـەرچەندە گـومـان لەوەشـدا نییە، بەپێی ئەو بەڵگەنامـانەی دەست بەرپرسـانی لێکۆڵینـەوەی فــەناتیــزم کــەوتـوون، کــە ئەم دیاردەیـە دوورە لە خــەســڵــەت و تەبیعـەتی کوردەوە، کە هـەمیشـە لـە مێژوودا بەلێبووردەیی ناسراوە و مێژووی سـەدان سـاڵەی پێکەوە ژیانی مـەزهەب و نەژادە جیـا جیـاکـانی کوردسـتـان شایەتی ئەو راستییەن.

هـەر بەپێی ئـەو بەڵگانە، ئەو راسـتـییـەش ئاشکرا بووە، کە وروژێنەری ئەم دیاردەیـە گــرووپ و دەوڵـەتانی ترن، کــە ئامــانجــیـان لەباربردنـی ئەو هـەڵە مێژووییـیەیە.

دیارە لێرەدا دەبێ ئەو راستییەش بدرکێنین کە فەناتیـزم واتە دەمارگیری، دەمــارگـیـری دروست دەکـات و ئەم دەمـارگـیـرییـەش تـوندوتیـژی لـە کۆمــەڵدا دەخوڵقێنێت. جـا بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان نەبێتـە ئەفغانسـتـان و جەزائیرێکی تر، پێویسـتـە لەسـەر ئەو حزبـانەی کە ئەندامـانی فـەناتیـزم و توندوتیـژی پیادە دەکەن بەتوندی دژیان بوەستێتەوە و ئامـۆژگاریی لایـەنگرانی خۆی بکات، کە ئەو دیاردەیـە نە خـزمـەت بـەخـۆیـان و نە حـزبەکـەیان و نە بەکـۆمـەڵگەکـەمـان دەکات و لە کۆمـەڵگەیەکی دیموکـراتیـشـدا، ئەوانە و وروژێنەرانیـان بەرامبـەر یاسا بەرپرس دەبن و دەبێت چاوەڕێی سزای گونجاوی خۆیان بکەن.

لە راسـتـیـدا من حـەزناکـەم لە کـۆمـەڵگەیەکـدا بژیم کـە مـوسـڵـمـانێک- بۆ نموونـە- نەتوانـێ ســەردانی مـزگـەوت بکات، ریش بهـێـڵـێـتـەوە و ئەرکـە ئاینییەکانی خـۆی جێبـەجێ بکات هـەر بۆیە دەبێ ئەوانیش بیروڕای جیاواز، ئاینـی جـیـا جـیـا، مـەزهـەبی جـۆراوجـۆر و ریش تـاشـین و ئازادیی پۆشـینـی جلوبـەرگ و هـەڵبـژاردنی شـێـوەی بـازرگـانی قــبـووڵ بکەن. ئـەمــەیە بنـەمــای کۆمەڵگەیەکی شارستانی و ئاسوودە و دیموکراتی.

گوڵان ٢٦٧ لە ١٩٩٩/٢/٢٤

# پێڕست

پێشـەکی ........ 5
پێشنیـار ........ 7
تـرسی بـەجـێ ........ 10
٤٢ جـەژن و ٢٥ دۆڵ ........ 13
بۆشـاییی دەسـەڵات ........ 16
هـەنگاوێکی درەنگوەخت ........ 18
هـەواڵ ........ 21
نیوەی کـۆمـەڵ! ........ 24
ئـەرشیف ........ 27
با پێکەوە بیکوردێنین ........ 31
لەبەر رۆشنـاییی وتەکەی سەرۆک بارزانی لە دهۆکدا ........ 34
بەداله ........ 38
سـەتڵ ........ 40
زمانپـاکی ........ 43
ئاڵای کـوردی ........ 45
ئـەرک و سـەرمایە ........ 48
پشت سـەیتەره ........ 50
زەنــگ ........ 53
زمان ........ 56
چارەیەک بۆ خەلیفان ........ 59
حیمایە ........ 62
پاساو ........ 65
یەکدەنگی و یەکڕەنگی لێرە دەبێت ........ 68
دراوی کـوردی ........ 72

چاکەت ........ 75
دوو تێڕوانین ........ 78
تەقــینەوە ........ 81
دیموکراتی بەناچاری ........ 84
هـەسـت ........ 87
ئـەدەبی مـندالآن ........ 89
وێڕایەڵی ........ 92
حاجی فیتەر ........ 95
بارزانی و سێ بیرەوەری ........ 98
هەوڵی بەردەوام ........ 102
سـەیتـەرە پارێز ........ 105
کار و کرێ ........ 110
لە کوێ نییە...کەموکووڕی...؟ ........ 113
پەراسوو ........ 115
تەقریرسـتـان ........ 118
فەرمانبەر و هاووڵاتی ........ 121
چەک و جین ........ 123
کورد و ئیسلام ........ 126
بەلەمی رفـیو ........ 128
چەند وردە پێشنیارێک ........ 131
رێپۆرتاژ ........ 133
سنوورداشی پێچەوانە ........ 136
بـــووز ........ 140
سپێر پارت ........ 144
ئـەدرەس ........ 147
هەشتی ئادار و ئافرەتی کورد ........ 154
خانەنشینانی نێو خۆمان ........ 157
پشتگیرییەک لەنیوەی کۆمەڵ ........ 159

چرای سوور و خەسوو ........ 162
عەقڵیەتی ئێکسپایەر ........ 165
ئەشکەنجەی مرۆڤدۆستانە ........ 168
دوا ڕۆژی تاڵیبانەکان ........ 171
نووسینگەی کار (وەک پێشنیارێک) ........ 174
ماسقالە ........ 176
بۆ بێ دەنگی؟ ........ 179
لە چاوەڕوانیی کارەساتێکی مەزندا ........ 182
لووتکە ........ 185
پـراوە ........ 187
نیو بەنیو ........ 190
ئاوارەبوونی هێشوویی ........ 194
نامەیەکی کراوە بۆ خاتوو چیللەر ........ 197
کورداندن ........ 201
ئالا (یەک) و سەرۆک (فرە) ........ 205
کار و پاداشت ........ 208
چوارەم قیرتاو ........ 211
میستەر ئێکس ........ 215
بۆچی نانووسم؟ ........ 221
ئاکامی ملهوڕی ........ 224
تەلەفۆن و خەنە ........ 227
پاساوی کۆچ ........ 230
غوربەت ........ 233
تاوان و سزا ........ 235
تەڕبووش ........ 238
فاکس ........ 242
دێپارێز ........ 244
چارەسەری مامناوەندی ........ 249

رەخنە ........ 253
ڕۆژێک پشوو یان دوو ........ 256
ڕیزی پێشەوە ........ 258
پاککردنەوەی شووورەیی ........ 261
رەخنە لە کوردستانی ئەمڕۆدا ........ 265
یاسا و بوێری ئیرهاب دەنێتە گۆڕی ........ 267
سەبارەت بەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان ........ 269
سەلاحەدینی ئەیوبی ........ 272
فەناتیزم ........ 275